دکتۆر یاسین سەردەشتی

ژیان و تێکۆشانی سیاسیی

# ئەحمەد تۆفیق "عەبدوڵڵای ئیسحاقی"

( ١٩٣١-١٩٧٣ )

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە

سلێمانی ٢٠٠٧

ناوی کتێب: ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق
"عەبدوڵڵای ئیسحاقی "(١٩٣١-١٩٧٣)
نووسەر: دکتۆر یاسین سەردەشتی
تیراژ: ١٠٠٠
ژمارەی سپاردن: ٤١٥ی ساڵی ٢٠٠٧
چاپخانە: شڤان- سلێمانی

ئەم هەوڵە پێشکەشە بە:

– یادی رابەرو سکرتێری شوێنبزرکراوی پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان ( ئەحمەد تۆفیق)و هاوڕێیانی.

– ئەو سەرکردە بێ ریاو جوامێرو ئازادەستپاکو داوێنپاکانەی لەنێو ئازاری گەلەکانیان دەژینو دڵسۆزانە بۆ نەهێشتنی تێدەکۆشن.

– (سۆزان)ی هاوسەرو (ئارین)ی کچم.

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| **بەشی یەکەم:** | |
| **ژیان و تێکۆشانی سیاسیی پێش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول** | ٩ |
| باسی یەکەم: ئەحمەد تۆفیق کێیە؟ | ٩ |
| باسی دووەم: ئەحمەد تۆفیق و دامەزراندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان | ١٦ |
| باسی سێهەم: ئەحمەد تۆفیق و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق | ٣٠ |
| **بەشی دووەم:** | |
| **ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول تا شەهیدکردنی** | ١٠٢ |
| باسی چوارەم: ئەحمەد تۆفیق و شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان | ١٠٢ |
| باسی پێنجەم: ئەحمەد تۆفیق و حیزبی دیموکراتی کوردستان و چەند سەرنجێکی مێژوویی | ١٢٦ |
| باسی شەشەم: ژیانی پەنابەریی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق لە بەغداو مەرگەساتێکی مێژوویی | ١٥٦ |
| پاشبەند | ١٧١ |
| نموونەی بەڵگەنامەکان | ٢١٩ |
| وێنە | ٢٣٥ |

# پێشەکی

ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵای ئیسحاقی)، رابەروسکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تێکۆشەرێکی ناسراوو سەرکردەیەکی ئازا و سەربازێکی‌ونی جولأنەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستانە. ئەم کەسایەتییە رۆڵێکی مەزنی له مێژووی خەباتی گەلی کورد لە پێناوی ئازادیی و سەربەخۆییدا هەبووە. ئەو مێژووەی تا ئێستا زۆی ماوە لە رێگای لێکۆڵینەوەی بابەتییانەو کاری ئەکادیمییەوە راستیو دروستییەکەی بۆ خەڵکی بخرێتە پێش چاوو چەواشەکارییەکانی لە رووداوە راستەقینەکانی جیابکرێتەوە.

ئەحمەد تۆفیق یەکێکە لە گەورەترین غەدرلێکراوانی مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردمان. مێژووی پرشنگدارو خەباتی سیاسیی ئەم کەسایەتییە بەدەستی نەیارانی تووشی شێواندنو فەوتاندن بووە. بەقەولی مامۆستا (عومەری عەسری)"دەساڵ رێبەرایەتێکەشی بەتەواوی کوژاوەتەوە ! و لە کوولەکەی تەریشدا نێوی ناهێندرێ !".

ئەحمەد تۆفیق تەنانەت بە دانپێدانانی نەیارە سەرسەختەکانیشی سەرکردەیەکی ئازاو قارەمانو رابەرێکی دەستپاکو داوێنپاك بوو. دیارە ئەحمەد بێ بەرامبەر هەموو ژیانی لە ریزی پێشەوەی بەرگرییو تێکۆشان لە رێگای رزگاریی کوردستاندا بەختکردو گرتنو شکەنجەکێشانو کوشتنیشی لەلایەن جەلادەکانی رژێمی فاشیستی بەعس هەر لەو رێگاو پێناوەدا بوو. هەربۆیە گەر هەلو مەرجەکەی مێژووی خەباتو تێکۆشانی ئەو سەردەمە لەبەرچاو بگیرێت، دەتوانرێت ئەحمەد تۆفیق بە یەکێك لە تێکۆشەرە مەزنەکانو سەرکردە قارەمانەکانو رابەرە دڵسۆزو دەستپاکو داوێنپاکەکانی جولأنەوەی نەتەوایەتیی کورد دابنرێن، کە بەداخەوە نموونەیان زۆر نین.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست ئامانجی خوێندنەوەیەکی مێژوویی ژیانو تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیقە، بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی جۆراو جۆرو بەڵگەنامەی مێژوویی‌و لە بنەڕەتدا لە پێشەکییەك دوو بەش‌و شەش باس‌و لیستی سەرچاوەو پاشبەندووێنەکان پێکدێت.

بەشی یەکەم سێ باسی لە خۆ گرتووە. لە باسی یەکەمدا هەوڵدراوە سەرنجێکی کورت لە هەل‌ومەرجی مێژوویی سەردەمی لاوێتی ئەحمەد تۆفیق‌و هێندێك زانیاری لەسەر بنەماڵی ئیسحاقی بخرێتە بەرچاو. لە باسی دووەمدا رۆڵی ئەحمەد تۆفیق لە زیندووکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و رووداوەکانی دەیەی پەنجاکان‌و تێکۆشانی سیاسیی لە کوردستانی رۆژهەڵات روونکراوەتەوە. پاشان لە باسی سێهەمدا باس لەو هەل‌و مەرجە نوێیە کراوە کە لە ئەنجامی رووخاندنی رژێمی پاشایەتی لە عێراق هاتە کایەوەو فشاری رژێمی شاهەنشاهیی بۆ سەر کوردەکانی‌و پەلاماری دەزگای سازمانی ئەمنییەت(ساواك) بۆ سەر ئەندامان‌و تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و هاتنی لێشاوی پەنابەرانی کوردی رۆژهەڵات بۆ شاری سلێمانی خراونەتە بەرچاو. شایەنی باسە لە بارە ئاڵۆزو ناهەموارەدا ئەحمەد تۆفیق‌و هاوڕێیانی رۆڵێکی مەزنیان دیت تا ئاڵای حیزبی دیموکرات‌و تێکۆشانی سیاسیی‌و نەتەوەیی کوردی رۆژهەڵات شەکاوە راگرن‌و بتوانن لە مەیداندا پێبچەقێنن.

بەشی دووەم ئەویش لە سێ بەش پێکهاتووە. باسی چوارەم لە رۆڵی ئەحمەد تۆفیق‌و هاوبیرانی لە شۆڕشی باشووری کوردستان دەئاخفێت کە رۆڵێکە دەتوانرێت بە رۆڵی مەلا مستەفای بارزانی لە کۆماری کوردستاندا لەزۆر رووەوە بشوبهێنرێت. ئەوەی هەیە رۆڵی بارزانی لە ئەزموونی کۆماردا تەواو چەکداریی‌و پێشمەرگانەبوو، لە کاتێکدا رۆڵی ئەحمەد تۆفیق لەشۆڕشی ئەیلولدا هەمەلایەنە بوو: سیاسیی، چەکداریی، تەبلیغاتیی، دبلۆماسیی، پشتگیری ماددیی. . هتد.

لە باسی پێنجەمدا هەوڵدراوە سەبارەت بەو قۆناغە سەخت‌و ئاڵوزەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سایەی رێبەرایەتی "ئەحمەد تۆفیق"دا

قسەبکرێتو ئەو ناکۆکییو ناتەباییانە بخرێنە بەر چاو، کە ریزەکانی ئەو حیزبەی پێوە گرفتار ببوو. هەروەها باس لە بەستنی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتو دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی لە نێوخۆیوڵات کراوەو پیلانەکانی ساواکو فشاری رژێمی شاهەنشاهییبۆ پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی ئەحمەد تۆفیقو دەرپەڕاندنی لە مەیدان خراونەتە بەرباس.

دوا باسی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژیانی کورتی پەنابەریی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق لە بەغداو پاشتر گرتنو لە ناوبردنی دەکۆڵێتەوە. دیارە تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا لە هەلو مەرجێکی سەختدا بوو. لە هەموو لایەکەوە دوژمنانی بۆی لە کەمیندا بوون. بۆخۆشی هەستی بەو مەترسییە راستەقینەیە لە سەرخۆی کردبوو، هەوڵێکی درەنگوەختیدا بۆ دەرچوون، بۆی نەچووەسەر. چونکە لە لایەن جەلادەکانی بەعسو بە فەرمانی ناظم گوزاری بەڕیوەبەری دەزگای ئەمنی عێراق دەستبەسەرکراو لە زیندانی (ئەبوغرێب)لە ژێر شکەنجەدا کوشتیان.

لە کۆتاییدا ئومێد دەکەم ئەم لێکۆڵینەوەیە توانیبێتی بەشێك لە راستییەکانو چەردەیەك لە خەباتو تێکۆشانی مێژووی سیاسیی ئەو کەسایەتییەی روونکردبێتەوە. داواش لە خوێنەرانی ئازیزو بایەخدار دەکەم بە سەرنجو تێبینییو بۆچوونو رەخنەی زانستییان، نێوەرۆکی بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکەن. چونکە تەنیا ئامانجی پشت ئەم نووسینە لابردنی ناهەقییەکی مێژووییو دەرخستنی راستییە بێ ئەوەی ئیدعای نەبوونی کەموکورتیی لە کارەکەماندا بکەینو دەرکەوتنی راستیی زێدەترمان لە ئایندەدا لە بەرچاو نەبێت . لە کۆتاییدا سوپاسێکی گەرمی برایانی ئازیزم: جەمیل مەردۆخ، رەئوف مەلا حەسەن، حەمەی عەزیز، مستەفا ئیسحاقی، سەلاحەدین ئاشتی، عەبدوڵڵا ئەژدەر، حەمە غەریب قادر تەگەرانی، بەرزان عارف قەرەچەتانی دەکەم کە هەریەکەو بەجۆرێك رۆڵیان لە هاتنە دی ئەم بەرهەمەدا دیتووە. بە قەولی (سەعدی شیرازی):

چوخواهی که نامت بود جاودان          مکن نام نیك بزرگان نهان

لەگەڵ هیوای سەربەرزیی و بەختەوەرییتان.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر یاسین سەردەشتی

گەلاوێژی۲٦۰۷/ سلێمانی

## بەشی یەکەم:
## ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق
## پێش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول

### باسی یەکەم: ئەحمەد تۆفیق کێ یە؟

ئەحمەد تۆفیق، ناوەراستەقینەکەی (عەبدوڵڵا)یە، کوڕی سەید حەمەدمینی ئیسحاقی یە. لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٣١ زاینی، لە گەڕەکی هەرمەنیانی شاری مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ئەو خاوەنی سێ براو دوو خوشك بوو. کە بە پێی تەمەنیان بریتیبوون لە: محەمەد، حوسێن، خودی عەبدوڵڵا، مستەفا، سەیزادەخونچەو سەیزادە کەلثوم. دایکی لە مەنگوڕەکانی مەهابادبوو، باوکی ماوەیەك لە مەهاباد کاری قەسابی دەکردو پاشتر بە کاری چێودارییەوە خەریك‌و لەو ریگایەوە بژێوی خێزانەکەی دابین دەکرد.

ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٨ لە خوێندنگای سەرەتایی پەهلەوی لە مەهاباد، خرایە بەرخوێندن. پتر لە ساڵێکی نەبرد، کە هەل‌و مەرجی جیهان‌و ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی توند ڕۆیی. هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهان‌و بەهێزبوونی خێرای پەیوەندییەکانی ئێرانی شاهەنشاهی‌و ئەڵمانیای نازیی‌و زیادبوونی فشاری رژێمی رەزاشا لە نێوخۆی‌ولات، تا دەهات دۆخی سیاسی ئێران‌و ناوچەکەی ئاڵۆزتر دەکرد. بە تایبەت پەلامارو داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی شورەوی‌و بەریتانیاوە لە ٢٥ی ئابی ١٩٤١دا، کە ئاکامەکانی بە روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری بیست ساڵەی رەزاشاو لەبەریەك هەڵوەشاندنی لەشکری شاهەنشاهی کۆتایی هات. بەوەش ئاڵ‌و گۆڕێکی نوێ لە هەل‌و مەرجی گشتی ئێران‌و تایبەتی کوردستان‌و هەرێمی موکریان دەستی پێکرد.

ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٦ی شاری مەهاباد، کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر لاوانی ئەو شارە بە گشتی‌و لە سەر رۆحییەت‌و کەسایەتی

ئەحمەد تۆفیق بە تایبەتی هەبوو. هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی نیزامی لەو شارە، دەستپێکردنەوەی چالاکی سیاسیی، بوژاندنەوەی هۆشی نەتەوایەتی، دامەزراندنو تێکۆشانی چەند ڕێکخراوی ئازادیخوازانەو ناسیەنالیستی کوردیی، وەك (حیزبی ئازادی کوردستان)و (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان/ ژ. ك)و پاشتر (حیزبی دیموکراتی کوردستان)و پەرەسەندنی شەپۆلی خەباتی نەتەوایەتی کورد لە پێناویوەدیهێنانی ئازادیو مافە نەتەوایەتییەکاندا[1]، هەلو مەرجێکی تایبەتی لە مەهاباد هێنابووە ئارا. ئەو هەلو مەرجەی بە خێرایی لاوانی خوێن گەرمی مەهابادی بۆ کۆڕی بەشداریو تێکۆشان رادەکێشا.

ئەحمەد کە ئەو کات لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو، بە زوویی تێکەڵاویی چالاکییە خوێندکارییەکانی لاوانی مەهاباد بوو. بە تایبەتی لەدوای دامەزراندنی (سازمانی جەوانانی کورد)، لەلایەن ژمارەیەك لە خوێندکارانی (دەبیرستانی پەهلەوی) وەك: غەنی بلوریان، عەلی مەولەوی، سەدیقی سیاسەری ... هتد، لە ناوەڕاستی شوباتی ساڵی ١٩٤٢دا. ئەو ڕێکخراوە، یانەیەکیان بۆخۆیان پێکهێنابوو، خەریکی چالاکی ڕۆشنبیریی و کۆڕی شیعر خوێندنەوەبوونو لەپاش دامەزراندنی کۆمەڵی ژ. ك لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دا، بوونە بەشێك لە(ڕێکخراوی لاوانی ژ. ك)و پاشتریش (ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات)[2].

پاش ئەوەی کۆمەڵی ژ. ك، بەمەبەستی فێرکردنی منداڵانی کورد بە نووسینو خوێندنەوەی زمانی زگماکیان و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی، هەستا بەدامەزراندنی دوو خوێندنگای شەوانە لە شاری مەهاباد. یەکێکیان بە ناوی (گەلاوێژ)و ئەوی دیکەیان بەناوی (ئازادی). ئەحمەد خۆی لە خوێندنگای گەلاوێژ ناونووس کردو شەوانە بۆ فێربوونی نووسینو خوێندنەوە بە زمانی کوردی رووی لەو خوێندنگایە دەکرد، کە لە گەرەکی (قولە قەبرانی) شاری مەهابادو سەرەتا لە ماڵی (حاجی

[1] بۆ زیاتر: سەردەشتی، د. یاسین، کوردستانی ئێران. لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩)، سلێمانی، ٢٠٠٣.

[2] غەنی بلوریان، ئاڵەکۆك: بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستوکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ٢١-٢٢.

ئەحمەدی گادانی)و پاشتریش بۆ ماڵی (سەید عەبدوڵڵای تەها زادە) گوێزرایەوە. ئەو خوێندنگایە لەلایەن (مەلا عەبدوڵڵای داودی) کە ناسراوە بە (مەلای حەجۆکی)و بەرپرسی کۆمیتەی کۆمەڵەی (ژ. ك) ی شاری مەهاباد بوو[3] دەبرا بە ڕێوە. لە ڕاستیدا ئەو خوێندنگایە جگە لە فێربوونی زمانی کوردی، شوێنی خوێندنەوەی شیعرو وتاری حەماسی نەتەوەیی بوونو لە رووی پەروەردەییەوە نەخشی لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی خوێندکارانیدا هەبوو.

پێویستە بگوترێت، وێڕای ئەو نائارامییەی کە لەدوای داگیرکردنی ئێرانو هەڵوەشاندنەوەی دابودەزگا سەربازییەکانی رژێمی شاهەنشاهی، سەراسەریوڵاتی تێوە گلابوو، شاری مەهاباد بە درێژایی ساڵکانی جەنگی دووەمی جیهانی، نموونەیەکی ئاسایشو ئارامی بوو. کە بەشێکی ئەو ئارامییە بە هۆی هەڵوێستی دڵسۆزی گەورە پیاوانی شارەوە بوو. ئەوانەی لە ترسی پەلاماری تالأنخوازی عەشیرەتە چەکدارەکانی دەوروبەری شار،وەك بەشێك لە پاشماوەکانی رۆژانی کێشەی (کۆچەرو نیشتەجێکان)، هەڵسان بە پێکهێنانی دەستەی چەکداری کێشکچی، کە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی شەووڕۆژی شاریان گرتە ئەستۆو ئامادەبوون بەرپەرچی هەر پێشهاتێکی لەناکاو بدەنەوە هێمنی شارەکە تێکبدات. ئەم هەوڵأنەش لە ژێر چاودێری و ڕێنیشاندەری کەسایەتی ڕێزدارو دڵسۆزی شار(محەمەدی قازی) کە دواتر بە پێشەوا (قازی محەمەد) ناوبانگی دەرکرد. دەچوو بەڕێوە[4]. شایەنی باسە ئەحمەدوەك لاوێکی خوێن گەرمو ئەندامێکی سازمانی جەوانان بە پەرۆشەوە لە گەڵ هاورێکانیدا، شەوو رۆژ بە نێو کۆڵأنو شەقامەکانی ناو شاردا دەسوڕانووەك پاسەوانێکی هەمیشە ئامادە رۆڵیان لە ئارامی شاردا دەبینی. بۆ ئەو مەبەستەش سازمانی جەوانان، تفەنگێکیان بە ئەحمەد بەخشیبوو[5]، کە دەگونجێت ئەوە یەکەمین دەرفەتو ئەزموون بێت بۆئەحمەد لە گەڵ چەكو کاری چەکدارییدا.

---

[3] جەلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات: کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپخانەیوەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، ب، م. ، ل٢١.

[4] بلوریان، سەرچوەی ناوبراو، ل٢٧.

[5] اسحاقی، مستەفا، خلاصە بیوگرافی سید عبدالله اسحاقی (احمد تۆفیق)، دست نوشت، ص١.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، جولأنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێرانوەرچەرخانێکی گەورەی بە خۆوە دیو پێی خستە قۆناغێکی گرنگو نوێی مێژووییەوە، بە چەشنێك زەمینەی گونجاوی بۆ رەخسا کە دەسەلأتی سیاسیی بگرێتە دەست. ئەویش بە دامەزراندنی (جەمهوورییەتی کوردستان) بە رێبەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد، کە پایتەختەکەی شاری مەهاباد بوو لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦دا[٦]. لە راستیدا ئەو ئەزموونەنەك هەر مۆرێکی قووڵی لە جولأنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا، بەڵکو کاریگەرییەکی قووڵیشی لەسەر رۆحییەتی لاوانی ئەو دەمی کوردستان بەگشتیو شاری مەهاباد بە تایبەتی هەبوو. ئەو رۆحییەتەی کە بە داگیرکردنەوەی مەهاباد لە لایەن لەشکری شاهەنشاهیو لەسێدارەدانی پێشەوا قازیو هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهابادداو روخاندنی کۆمارە ساواکە تووشی شۆكو هوروژانێکی توند هات.

(دانا ئادەمز شمدت)ی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمەریکایی، لەوبارەیەوە سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق نووسیویە "ئەحمەد لاو بوو کاتێك لە ساڵی ١٩٤٧دا هەڵواسینی تەرمی (قازی محەمەد)و خزمەکانی لە مەیدانی شارەکەدا دیتبوو، ئەو دیمەنە بە شێوەیەکیوا تەزاندبووی کە بەدرێژایی تەمەنی لە بەرچاوی‌ون نەدەبوو، قازی محەمەد پاڵەوانی ئەو بوو، کاری ئەو لەو کاتەدا گەیاندنی نامەبوو بۆ سەرۆك کۆمار، زۆر شانازیشی بەوەوە دەکرد کە دووجار لە لایەن سەرۆك کۆمارەوە ستایش کراوە، جارێکیان بە هۆی ئەوەی کە نەیهێشتووە کابرایەکی نەناسراوی بێ پێناس بچێتە نێو بارەگای حیزب،و ئەوی دیکەشی بە هۆی هاوکاریکردنی لە دانانو دیزایینی ئارمی نیشتمانی کوردی دا"[٧].

---

[٦] بۆ زیاتر: سەردەشتی، سەرچاوەی ناوبراو، بەشی دووەم.

[٧] شمدت، دانا ادمز، رحلة الى رجال الشجعان في كوردستان، ترجمة وتعليق جرجيس فتح الله، الطبعة الثانية، اربيل، ١٩٩٩، ص١٧٨.

بە پێچەوانەی ئەوەی جرجیس فتح اللە دەڵێت گوایە تەرمی پێشەواو هاوڕێیانی دوور بوون لە چاوی خەڵکی، حکومەتی شاهەنشای ئێران بۆ چاوترساندنی خەڵکی تەرمی لە سێدارادراوەکانیان لە مەیدانی چوارچرادا هێشتەوە تا خەڵکی لە نزیکەوە بیانبینن.

لە ڕاستیدا چوارده ساڵ پاش ئەو ڕووداوە، خودی ئەحمەد تۆفیق لە دەقێکی ئەدەبی هەستبزوێندا، کاریگەری ئەو تاوانانەی رژێمی شاهەنشاهیو لەسێدارەدانی گەورەپیاوانی کورد، لە سەر هەستی ناسکی خۆی نیشان دەداتو دەنووسێت: "لە بەرەبەیانی رۆژیکی بەهارا سالی ١٩٤٧ی زایینی، ١١ سیدارە لە شاری سەقز لەلای دەرمانگە لە پەنایەك هەڵخرابوون ١١ تەرمی پیوە بوو.

سامو بی دەنگی نەك هەر تەرمەکان نەك هەر دەوروبەر بەلکو ئەرزو ئاسمانیشی داگرتبوو، کەس دەگەل کەس نەدەدووا، چاو بوو بوو بە زمان.

لەناو ئەم سامو بیدەنگی یەدا دایکیکی بە ژنو بالا بەرزی رەش پوشوەستابوو دوو تەرمی لەو تەرمی شەهیدانە دابووەبەر رامان، رامان؟ رامان نا، بەلام لەووشەی رامان بەو لاوە هیچووشەیەکی تر نازانم بووەسفی ئەو هەلویستە.

کاتی کە سەرنجی ئەو دایکە جگەر سووتاوە کوست کەوتووەم ئەدا، سەرنجی دایکی دوو ئەفسەری کۆماری کوردستان دایکی دوو دوستی مصطفی بەرزانی، دوو قوتابی ی بەوەفای پێشەوای نەمر. . . میشکم پەیتا پەیتا تەزوی پیا ئەهات بەجۆریك کاسەی سەرم داغ بوو خەریك بووم بە مشت پیا مالم بەلام بی دەنگی مەچەکی گرتم.

لەپرر ئاگام لە دایکی شەهیدان برا. . تەرمیان داگرت، بەرچاوم تاریك داهات، پەردەیەکی بەسەرا کشا، رەش رەش هەروەك رووی دوژمن رووی کوردستانی کوژان. وای کویر بووم ! ئای ئەوە چی بوو؟!

دوای ئەوە زۆرم لەخۆم کرد توانم کە هەرچۆنیك ئەبی چاوم ببرمە ئەو دیمەنە (سویند، پەیمان، تۆڵە، رزگاریی کوردو کوردستان) کە ویستم بجولیم تا بە پیی سویندو تۆڵەو پەیمان ریگە بگرمە بەر، لە پرر بی هەست پەنجەم بۆ چاوم برد دلوپ دلوپ ئەسرین لە پیلووما قەتیس مابوون نەجوولام، نەبزووتم، تا دیمەنەکە بەچاوی فرمیسکاوی خوم ببینم ئەوسا ریگەی پەیمانو تۆڵە بگرمە بەر. . ."[٨].

---

[٨] سوارە، أ، ت، تۆلەسەندن، رۆژی نویّ: گۆڤاریّکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەلأیەتیە، سالّی یەکەم، ژمارە١٠، ١ی کانونی دووەم ١٩٦١، ل ١١٤-١١٥.

هەر لێرەدا راستییەك هەیەکە دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە بنەماڵەی ئیسحاقی بۆ کوردایەتی قوربانیدەر بوون، سەید محەمەدی ئیسحاقی برا گەورەی ئەحمەد، ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ك و دۆستو هاوڕێی حوسێنی فروهەری دامەزرێنەرو سەرۆکی کۆمەڵە بوو. سەید محەمەد لە دەورانی جەمهوری کوردستاندا ئەفسەری سوپای دیموکراتی کوردستانو سەرکردەیی ستادی (میاندواو)ی لە ئەستۆدا بوو. پاش روخاندنی حکومەتی کوردستانو شالاّوی سەرکوتکەرانەی رژێمی شاهەنشاهی، سەید محەمەدیش وەبەر ئەو پەلامارە کەوتو پێنج ساڵ زیندانیو دوو ساڵ دوورخستنەوەی پیّ برا. پاش ئازادبوونی دووبارە کەوتەوە بەر راوەدوونانی هێزە سەرکوتکەرەکانی رژێم، هەربۆیە چەند ساڵ لە ناوچەی مەنگوڕایەتی خۆی شاردبوەوە، تا دواتر لە پەلامارەکانی ساڵی ١٩٥٩دا، لە گەڵ سەید حوسێنی برایو سەید رەحمانی برازای راپێچی زیندانە تاریکەکانی ساواك کران، سەید محەمەد حەوت ساڵی دیکە لە زیندان راگیراو بەهۆی شکەنجەو لێدانەوە پێیەکانی فەلەج بوون، پاش دەرکردنی لە زیندان شەش ساڵی دیکە دوورخرایەوە، تا سەرئەنجام لەساڵی ١٩٧٨دا بەدەم ئازارو نەخۆشییەوە گیانی سپارد[٩].

هەروەها سەید مستەفا ئیسحاقی برابچوکی ئەحمەد، لە ژێر کاریگەرییو بە رێنمایی ئەحمەدی برای، لە گەڵ چەند خوێندکاری دیکەی زانکۆی تاراندا وەك: عەزیز ژیان، حەسەن باباتاهیری، ئەمیر قازی، حەمەدمینی سیراجی، فاتیحی شێخولئیسلامیو سەلاحودینی موهتەدی، (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد) یان دامەزراند، ئەو کۆمەڵەیەی رۆڵێکی باشی گێڕا لە کۆکردنەوەی خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران لە دەوری خۆیو پەروەردەکردنیان بە گیانوشێوەیەکی کوردانە، جگە لەو هاوکارییو پشتگیرییەی کە کۆمەڵەی ناوبراو بە قازانجی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان پێشکەشی دەکرد، مەسەلەیەکیوا کە پاشتر لە بارەیەوە دەدوێین. هەربۆیە سەید مستەفاو هاوڕێیانی کەوتنە بەر

---

[٩] اسحاقی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣.

پەلاماری دەزگای سازمانی ئەمنییەت‌و لەساڵی ١٩٦١دا راپێچی زیندانی (قزل قلعه) تاران کران[١٠].

شایەنی باسە، پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بە سەرکردایەتی مەلامستەفابارزانی‌و پەیوەستبوونی ئەحمەدتۆفیق بەو شۆڕشە، نابراو داوای لە خزمانی کرد بۆ بۆشداریکردن لە شۆڕش خۆ بگەیێننە باشووری کوردستان، ئەوەبوو سەید حەسەنی کوڕی سەیدحوسێنی برای‌و دووخوشکەزای دیکەی بەناوەکانی مەلاغەفورو حەسەن ئیبراهیمیبۆ پێشمەرگایەتی روویان لە باشووری کوردستان کرد.

(هەژار) بەم چەشنە باس لە گەیشتنی سەیدحەسەنی ئیسحاقی بۆ باشووری کوردستان دەکات: "رۆژێ لەسەر جادەی کۆیە میرانی ساڵح بەگ لە میرانی شەقلاوە بانگی کرد:

– هەژار وەرە !گەنجێك هاتی یە دەرێ سابراغیمە، هیچ دەزمانی ناگەم، هەردەرێ"مەزورم!مەزورم". ئەتو بزانە دەرێ چی؟

بەڵێ گەنج ناوی حەسەنە، برازای ئەحمەد تۆفیقە، لە مامی خۆی دەپرسێ. خۆشناوێك‌و سابلاغییەکی دەق نەشکاو تێك نەگەیشتوون. حەسەن‌وشەی (مەنزورم)بەکاردەبا، ئەو لای‌وایە مەزورم دەبێ چبێ!"[١١].

**باسی دووەم:**

**ئەحمەد تۆفیق‌و دامەزراندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

ئاشکرایە، پاش روخاندنی حکومەتی کوردستان‌و داگیر کردنەوەی شاری مەهابادو لە سێدارەدانی پێشەواو بەشێکی بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی

---

[١٠] هەمان سەرچاوە.

[١١] هەژار(عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی)، چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ل٣٦٨.

کوردستان‌و گرتن‌و دوورخستنه‌وه‌ی زۆرینه‌ی ئه‌ندامه چالاکه‌کانی، ئه‌و حیزبه تووشی هه‌ڵوه‌شان هات‌و نزیکه‌ی ته‌واوی نه‌سلی یه‌که‌می دامه‌زرێنه‌رانی له کارو تێکۆشانی سیاسی دابڕان.

توندوتیژبوونی سیاسه‌تی سه‌رکوتکه‌رانه‌ی رژێمی شاهه‌نشاهی‌و زۆرداری نه‌ته‌وه‌یی‌و ئاڵۆزبوونی ناکۆکییه چینایه‌تییه‌کان، کاریگه‌ری به‌هێزی له‌سه‌ر لاوانی شاری مه‌هاباد هه‌بوو. ئه‌وانه‌ی ساڵانی ئازادیی‌و رۆژانی ده‌ورانی کۆماریان هیچ کات له یاد نه‌کردبوو. هه‌ربۆیه پتر له ساڵێکی به‌سه‌ر روخاندنی کۆماردا تێپه‌ڕ نه‌کردبوو، که جمووجۆڵی لاوانی ئه‌و شاره بۆ زیندووکردنه‌وه‌ی حیزبی دیموکرات‌و ده‌ستپێکردنه‌وه‌ی تێکۆشانی سیاسیی هه‌ستی پێده‌کرا.

(گادانی) ده‌ڵێت: "که‌م که‌م شانه‌کانی حیزبی له تاکه‌که‌سی بوونه دووکه‌سی‌و تا سێ که‌سی‌و بنه‌ماڵه‌ییش پیك هاتن... کارگێڕانی ئه‌م چاخه به پله‌ی یه‌که‌م ره‌حیم سلگانیان، عزیز یوسفی، عبدالله اسحاقی‌و عبیدالله ایوبیان بوون"[١٢]. شایه‌نی باسه هه‌ر ئه‌م ده‌سته لاوه بوون که پاشترو دوای ئازادکرنی غه‌نی بلوریان‌و که‌ریمی‌وه‌یسی، له‌گه‌ڵ ره‌حیمی خه‌رازی‌و عه‌زیز حیسامی، کۆمیته‌ی مه‌هابادی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بوژانده‌وه، ئه‌و کۆمیته‌یه‌ی‌وێڕای به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌رکی خۆی، رێبه‌رایه‌تی گشتی کۆمیته‌کانی دیکه‌ی حیزبی به ئه‌ستۆوه بوو[١٣].

ئه‌حمه‌د، ئه‌و کاته لاوێکی تازه پێگه‌یشتوو بوو. خوێندکاری ناوه‌ندی بوو له (ده‌بیرستانی محه‌مه‌د ره‌زا شا)،وێڕای ئه‌وه‌ی‌وه‌رزشکارێکی چالاك بوو، له‌زۆربه‌ی پێشبڕکێیه‌کانی‌وه‌رزشی یارییه‌کانی فوتباڵ‌وو‌الیباڵی نێوان شارۆچکه‌و شاره‌کانی کوردستان به‌شداریی به‌رچاوی هه‌بوو، له نێو ده‌بیرستانیش، رۆڵیکی به‌رچاوی ده‌بینی له هاندانی خوێندکاران بۆ ئه‌وه‌ی به زمانی کوردی بدوێن‌و خۆ به‌دوور بگرن له گوتنی سروودی شاهه‌نشاهی که

[١٢] گادانی ، سه‌رچاوه‌ی ناوبراو، ل ٦٥.
[١٣] بلوریان ، سه‌رچاوه‌ی ناوبراو، ل ١٥٧.

داسەپاوی ئەو سەردەمە بوو[14]. دیارە ئەمەش بە هاوکاریی‌و ڕێنمایی چەند مامۆستای دڵسۆزی کوردپەروەربوو، مەسەلەیەکی‌وا کەسەرنجی کارمەندانی ئەمنییەتی ڕژێمی شاهەنشاهی لە شاری مەهاباد ڕاکێشابوو.

لە یەکێك لەو ڕاپۆرتە هەواڵگرییانەی دەزگا ئەمنییەتەکانی ڕژێم کە باس لە دەستپێکردنەوەی جموجۆڵی خوێندکاران‌و مامۆستایانی خوێندنگاکانی شاری مەهابادە، هاتووە: "ئەوەی سەرنج ڕاکێشە بارودۆخی فەرهەنگی کوردستانە، چونکە مامۆستای خوێندنگاکانی مەهاباد، سەردەشت، بۆکان کە پێشتر لایەنگری قازی محەمەد بوون، حاڵی حازر لە نێو خوێندکاراندا هەر خەریك تەبلیغات‌و قسەکردنن، تەنانەت بە زمانی کوردی لە پۆلداوانەکانیان دەڵێنەوە‌و بەگشتی لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون بەزمانی فارسی نەپەیڤن. مەسەلەیەکی‌وا بۆتە کەوتنەوەی قسەو قسەڵۆکێکی زۆر لە شاری مەهاباددا‌و ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە لە ناوچەکە دوور نەخرێنەوە زیانێکی‌وا بەر دەوڵەت دەکەوێت کە قەرەبوو ناکرێتەوە"[15].

لە ڕاستیدا، پەرەگرتنی جوڵانەوەی دیموکراتی سەرتاسەری‌و بزووتنەوەی میللیی کردنی نەوتی ئێران بەڕێبەرایەتی بەرەی نیشتمانی‌و دکتۆر موسەددەق‌و هەنگاوەکانی ناوبراو بۆ کزکردنی دەربارو پاشەکشێی کاتی شاپەرستەکان، هەل‌و مەرجێکی ئاوەڵەی لە کوردستان **پێکهێنا**. بەچەشنێك زۆری نەخایاند بووە یەکێك لە شۆڕشگێڕترین هەرێمەکانی‌وڵات‌و چالاکییە سیاسییەکان تێیدا بە خێرایی پەرەیان سەند‌و بە شێوەیەکی نیوە نهێنی‌و نیوە ئاشکرا دەچوو بەڕێوە.

لێرەدا، دەتوانرێت ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەی کە کۆمیتەی مەهابادی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بۆنەی دەرچوونی بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتدا

---

[14] اسحاقی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣.

[15] شماره: ١٦٧٠، موضوع: ءضعیت ادارات دولتی مهاباد، تأریخ ٣٠/٥/٢٨ در: چپ در ایران. به روایت اسناد ساواك. حزب دموکرات کردستان، جلد أول، مرکز بررسی اسناد تأریخی، چاپ أول، تهران، ١٣٧٨ ، ص٨-٩.

له ١ی ئایاری ١٩٥١داو له مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ئەنجامیاندا، به یەکەمین خۆپیشاندانی سیاسییو جەماوەریی ئاشکرای حیزبی دیموکرات له قەڵەم بدرێت له دوای روخاندنی کۆمارەوە. شایەنی باسه، ئەحمەد تۆفیق چ له ئامادەکردنو چ له رێبەرایەتییکردنی خۆپیشاندانەکە که زیاتر له سیٚ هەزار لاوی شاری مەهاباد بوون، رۆڵی سەرەکی هەبوو. ناوبراو بۆوەرگرتنی مۆڵەتی خۆپیشاندانەکە، سەرەتا لەگەڵ غەنی بلوریان چونه لای (سەرگورد پەنبه بەگوش) ی سەرۆکی شارەوانیو دواتریش له گەڵ عەزیزی حیسامی چووبونه لای فەرماندەی تیپی مەهاباد (سرهنگ‌وەفا)و توانیبوویان چاوپۆشی لێپرسراوان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە مسۆگەر بکەن. پاش ئەوەی خۆپیشاندان دەستی پێکرد، ئەحمەد تۆفیق له ریزی پێشەوەی خۆپیشلندەران بوو. ئەو خۆپیشاندانەی که به بیٚ گیروگرفت کۆتایی هات[١٦]. وەك بلوریان دەڵێت: "حیزبی توده زانی حیزبی دیموکرات له نێو خەڵکدا ریشەی هەیەو ئەندامانی به نهێنی خۆیان رێکخستۆتەوە، داوای پێوەندی لێکردین"[١٧].

له راستیدا، حیزبی توده مەبەستی لەو خۆنزیك کرنەوەیه بریتیبوو لەوەدیهێنانی خەونی کۆنی، که خۆی له پەیداکردنی نفوزی جەماوەریو کۆنترۆڵکردنی جولاٚنەوەی سیاسی له کوردستان دەبینییەوە، ئەوەشی له رێگای (صارمەددینی صادق‌وەزیری ) خەڵکی سنەو دانیشتووی تارانو به هۆی(سەدیقی هەنجیری)یەوە، که کارمەندی بالاٚی ئیدارەی فەرهەنگ بوو له تاران، بۆ چووه سەر[١٨]. تا دواتر له بەهاری ساڵی ١٩٥٣دا حیزبی توده چوار کادری پله دووی خۆی نارده کوردستان به ناوی( عبدالرحمن قاسملو، بهنام، ئیحسانوڵلاٚ، جەوهەری) بەمەبەستی بارهێنانی رێبەره لاوو کەم ئەزموونەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان به بیری چەپی تودەییو ئێرانچێتییو شورەوییپەرستیی.

---

[١٦] بلوریان ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٠٧-١١٠.

[١٧] هەمان سەرچاوه، ل١١١.

[١٨] گادانی ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٦٧.

لێرەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رووی سیاسی و رێکخراوەییەوە سەربەخۆیی خۆی لە دەستداو بە پراکتیك بوو بە شاخەی حیزبی تودە لە کوردستان بەناوی (حیزبی دیموکرات ). لە رووی ئیدۆلۆژیشەوە رێبەرانی حیزبی دیموکرات پشتیان لە کوردایەتی کردو بوونە هەڵگری ئاڵای ئینترناسیونالیزم بە رێبەرایەتیو شێوازە تودەییەکەی، مەسەلەیەکیوا کە تەسلیمکردنی ئاڵایجولانەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردبوو بە ژمارەیەك مارکسیستی شۆڤێنیستی فارس لە تاران، ئەوانەی لە بەر زۆر هۆ لە رەهەندە راستەقینە سیاسییو مێژووییەکانی کێشەی کورد لە ئێران نەدەگەیشتنو نە دیانتوانیو نە مەبەستیشیان بوولە پێناو ئامانجو ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا تێبکۆشن. جگەلەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵ تەواوی ماندووبوونو تێکۆشانی خەڵکی کوردستانیان کردە قوربانی سیاسەتە هەلپەرستو ناجێگیرو دژبەیەکەکانی رێبەرە فارسەکانی حیزبی تودە لە تاران[١٩].

بێ زیان نابێت، کە لەو بارەیەوە چەند نموونەیەکی مێژوویی بخەینە بەر چاو. (کەریمی حیسامی) سەبارەت بە هەوڵدانی لاوانی ئەو کاتەی مەهاباد بۆ یادکردنەوەی ٢ی رێبەندان کە دامەزراندنی کۆماری کوردستانە، نووسیویە "هاوری یانی کومیتەم بانگ کرد کە لەسەر چونیەتی چالاکی دووی رێبەندان قسە بکەین. پاش باسێکی زۆر هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە ئاڵای کوردستان ساز بکەینو شەوی دووی رێ بەندان لەسەر داشانمەجیدو قولقولاخو کیوەکانی دەوروبەری مەهاباد بیچەقێنین. لە دیوارەکانی نیو شاریش شوعار بنووسین.

برادەری کرماشانی کە حیزبی تودە بۆ کاری رێکخراوی لاوان ناردبوو،وەدەنگ هاتو گوتی: دووی رێبەندان فیکرەیەکی ناسیونالیستی یە. ئیمە گشتمان ئیرانینو نابێ بیری جیاوازی خوازی بلأوبکەینەوە، لەم بارەیەوە لە لایەن حیزبی تودەوە شتیك بۆ من نەنووسراوە. زۆرمان قسە لەگەڵ کرد فایدەی نەبوو، گوتم:

---

[١٩] بۆ زیاتر: د. سەردەشتی، یاسین، هەڵوێستی حیزبی تودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەئێران (١٩٤١–١٩٨٣)، بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٥.

- تۆ وەك یارمەتی دەر بە ڕێكخراوی لاوان هاتوویە ئێرە، لێرە كومیتەی حیزبی دیموكرات بریار دەدا.

- حیزبی دیموكرات چەس ؟من هەوەل جارە ئەم قسەیە ئەبیسم، من تەنیا حیزبی تودە ئەناسم"[20].

هەروەها سەبارەت بە عبدالرحمن قاسملوش نووسیویە"كە جولآنەوەی دژی ئیمپریالیستی لە ئێران دا پەرەی گرت قاسملو هاتبووە ئێرانو لە تاران لە حیزبی تودەدا كاری دەكردو هەتا ئەو دەم كەوەك كادرێكی حیزبی تودە نەهاتبووە مەهاباد هیچ پەیوەندییەكی بە كوردستانەوە نەبوو. . . دیارە قاسملو باشتر لە كاروباری حیزبی دەزانیو لە شانەكانی حیزبی تودەدا كاری كردبوو. بەلآم ئەوەی باسی نەكرایە مەسەلەی كورد یا نەتەوایەتی بوو"[21].

(سەید عەلی ڕەحمانی) یش دەڵێت: "گشتمان باش دەزانین كە ئێران بە گشتیو كوردستان بە تایبەتی خاوەنی پیاوانی بلیمەتو بەناوبانگی زۆرە. تا ئەو كاتە فێر نەكرابووین كە ئەوانەكێ بوونو چییان كردووە ! بەلآم دەمانزانی كە دایكی "ماتیاس راگووشی"سەرۆكی ئەو كاتەی مەجارستان لیباس شۆری دێ یەكەی خۆیان بووە!... بەچاكی دەمانزانی "مۆریس تۆرێز" سكرتێری حیزبی كۆمۆنیستی فەرانسە كرێكاری شیرینی پەزی بووە!! بەلآم نەماندەزانی ئەمارەتە كوردیەكان چیو كێ بوون!؟ یان "شێخ سەعیدی پیران" كێ بووو چی كردوە؟ یان كۆماری ئازەربایجانو كوردستان ریشەو ماهیەتیان چ بووە؟ چونكە ئەو كاتە لایانوابوو ئەوانە قسەی ناسیونالیستین نابێ باسیان لێ بكرێ"[22].

(ئەحمەد قازی) یش لە دیدارێكیدا دەڵێت: "حیزب دەقیقەن تابعی حیزبی تودە بووو چەپ دەڕۆیشت، مەفاخیری میللی مەترەح نەبوو نەتدەوێرا باسی

---

[20] حیسامی، كەریم، لە بیرەوەرییەكانم، بەرگی یەكەم، سوید، ١٩٨٦، ل ٢٤٨.

[21] هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٥.

[22] ڕەحمانی، سەید عەلی، بەشێك لە بیرەوەرییە تاڵو شیرینەكانی ژیانم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٨٩-١٩٠.

یەکێکی وەك هەمزە ئاغای یان سمایل ئاغای بکەی، کە بە بیانووی دەرەبەگو ئاغا سەرکوت دەکرای"[23].

سەبارەت بەکاروچالاکی سیاسییش لەو قۆناغەدا دەڵێت: "لە دەورانی موسەددیق حیزبی دیموکرات زۆر بە عەلەنی دەستی بە چالاکی کردەوە، متینگو خۆپیشاندان هەبوو، ئەو دەم ١٧ ساڵانە بووم تەماسێکمان بە حیزب گرتو دەعوەت کراینە کۆڕو جەلەسەکانی حیزب، مەرحومی ئەحمەد تۆفیق لە دەبیرستانی بووو دوو سێ ساڵ لە من گەورەتر بوو. هەڵسورینەری ئەو مەسایلانە بوو، زۆر چالاكو بە غیرەت بوو. وەبیرم دێ دەهاتنە ماڵی ئێمەو لە سەر پارچە کاغەز دروشمیان دەنووسی و دەچوونە سەر شەقامەکان. . . ئەو دەم حیزبی دیمۆکرات بڵێم وەك لقێکی حیزبی تودەوابوو، زۆرتر ئێمە دەماندیت وێنەی ئیستالین و شوعاراتی چەپی بە دەستانەوە بوو، بیرەوەرییەکی کە لەو ساڵانەدا لە بیرمە ئەوەبوو کە لە ئەنجومەنی ئەدەبی دەبیرستانی محەمەد رەزاشا کە کاك ئەحمەد تۆفیقیش لەوێ بوو لە جەلەسەیەك دا ئەمن ئەوەلین شیعری میللیم بە زبانی کوردی کوتبووو باسی پێشەواو بارزانی و شتی وام کردبوو، ئیزنیان پێنەدابووم بیخوێنمەوە. . . ئەحمەد تۆفیق بابەتەکانی دەدیت هەر ئەویش ئیزنی نەدام، ئەوە باون نەبێت کە حیزب ئەو دەم تەواو موستەقیل نەبوو"[24].

دیارە ئەحمەد تۆفیق کە لاوترین و ئازاترین ئەندامی کۆمیتەی مەهابادی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، پێدەچێت بە هۆی رێنماییە حیزبییەکانەوە، یاخود هەر هۆیەکی دیك بێت رێگەی بە خوێندنەوەی شیعرەکەی ئەحمەد قازی نەدابێت، چونکەوەك بلوریان ئاماژەی بۆ دەکات، ئەحمەد تۆفیق لە رووی

---

[23] پیام کردستان. هفته نامه اجتماعی، فرهنگی، سیاسی، اقتصادی و هنری (فارسی، کردی)، سال اول، شماره دهم، ٨ ژانویه ٢٠٠٦.
[24] هەمان سەرچاوە.

ئیدۆلۆژییەوە ئەوەندە پابەند نەبوو بە بیری تودەیی، ناوبراو هیچ سەروکارێکی لە گەڵ ئەو کلاس‌و بارهێنانەی کادیرەکانی حیزبی تودەلە کوردستان نەبوو .

لەو رووەوە بلوریان نووسیویە"دوای گەڕانەوەی قاسملو بۆ تاران، حیزبی تودە کادیرێکی بۆ ناردین بەناوی"ئیحسانوڵلا" ئەو کتێبی بۆ دیاری دەکردین کە بیخوێنینەوە... لە نێو هەمووی ئێمەدا تەنیا عەبدوڵلای ئیسحاقی ئامادە نەبوو کتێب بخوێنێتەوەو هەمیشەوەبەر رەخنەی ئیحسانوڵلا دەکەوت .... بەڵام بەو حاڵش ئینسانێکی کاری بوو، و هەمیشە لە خۆپیشاندانەکاندا نەخشی بەرچاوی هەبوو. هەمیشە خەریکی دروشم نووسین‌و بڵاوکردنەوەی راگەیەنراوەکانی حیزبی بوو. ئێمە گەلێك جاران رەخنەمان لێدەگرت‌و دەمانگوت: بڵاوکردنەوەی راگەیەنراوەکانی حیزبی ئەرکی تۆ نیەو برپرسی خۆی هەیە، بەڵام گوتنی ئێمە هیچ فایدەی نەبوو. ئەو کە دەیدیت ئەندامێکی حیزب خەریکە دروشمێك لەسەر دیوار دەنووسێ، خامەکەی لێ وەردەگرت‌و بۆ خۆی دروشمەکەی بۆ دەنووسی، عەبدوڵلای ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" بەڕاستی ئاشقی کار بوو. زۆر ئازاو نەترس بوو، لە هیچ خەتەرێك نەدەپرینگایەوەو لە کارەکانیدا سادق‌و سالم بوو"[٢٥].

کاتێکیش مەسەلەی ریفراندۆم سەبارەت بە هێشتنەوە یاخود هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی شازدە، لە سەرەتای ئابی ١٩٥٣دا لە ئێران دا هاتە گۆڕێ، حیزبی تودەو شاخەکەی لە کوردستان بڕیاریاندا هانی خەڵك بدەن بە قازانجی موسەددیق بە (بەڵێ ) بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس دەنگ بدەن. شایەنی باسە، ئەحمەد تۆفیق یەکێك لە کەسانە بوو کە حیزبی دیموکرات لە شاری مەهاباددا دەستنیشانی کردبوون تا کۆبوونەوە بە خەڵکی شار بکەن‌و دەربارەی ریفراندۆم پێویستی دەنگدان بە بەڵێ لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس، بۆ خەڵك قسان بکەن. ئەحمەد لە رۆژی ریفراندۆمداو لە نێزیك

---

[٢٥] بلوریان ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١١٤.

سندوقی دەنگدانو لە بەر مزگەوتی هەباس ئاغای مەهاباد خەڵکێکی زۆری کۆکردبۆوەو هانی دەدان لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی شاپەرستەکان دەنگ بدەن[٢٦]. دیارە زۆرینەی دەنگەکانی مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسو بە قازانجی موسەددیق کۆتایی هات.

لەراستیدا، ئەحمەد تۆفیق بە هۆی چەند تایبەتمەندییەکەوە لە بوێریو چاونەترسیو زمان پاراویی توانەیەکی مەزنی هەبوو لە دانیوتاری ئاگرینو کۆکردنەوەی خەڵكو سەرنج راکێشانیان، ئەو توانایەی کە سەرنجی (شمدت) ی ئەمەریکایی راکێشاوە. هەر بۆیە لە کتێبەکەیدا ئەحمەد بە "وتاربێژو قسەزانی مەزن. . .و جارجارە بە نێوی "وەزیری راگەیاندن" ناودەبات[٢٧].

لە هەڵبژاردنەکانی خولی حەڤدەهەمی مەجلیس دا، لە لایەن دەربارەوە (ئیمام خۆیی) کە مەلایەکی عەجەم بوو،وەك نوێنەری مەهاباد دەستنیشان کرابوو، کە لە لایەن (سەرتیپ موزەفەری)و فەرماندەی تیپی مەهابادو ئاغا شاپەرستەکانەوە بە توندی پشتگیری لێدەکرا. حیزبی تودەش (صارمەددینی صادقوەزیری) کە کوردێکی سنەیی بوو،وەك نوێنەری خۆی دەستنیشان کردبوو. داواشی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کردبوو دەنگی بۆ کۆکەنەوە.

بلوریان، سەبارەت بە رۆڵی ئەحمەد تۆفیق لە رۆژی هەڵبژاردنەکەدا دەڵێت: "دوای تەواو بوونی هەڵبژاردن دەرکەوت کە خەڵکی مەهاباد بە تێکڕایی دەنگیان بە سادقوەزیری دابوو. لە نێو مەنگوڕان، سندووقی دەنگیان لە کن پاسگای ژاندارمەری "گوێچکە دەری "دانابوو، هەرچەندە سندووقەکە لێپرسراوی خۆی هەبوو، بەلاّم بە پێی ژمارەیەكوێنە کە عەبدوڵڵای ئیسحاقی لەو جێ یە گرتبوونی، دەرکەوت کە ژاندارمو ئاغاکانوەرزێرەکانیان ناچار کردبوو، دەنگ بە سادقوەزیری نەدەن... عەبدوڵڵای ئیسحاقی چەندوێنەی هێنابۆوە، کە پێشانیان دەدا ئاغاو ژاندارمان لەوەرزێرەکانیان داوەو تەنانەت بە زۆری ریخ یان

---

[٢٦] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٥– ١٢٦.

[٢٧] شمدت، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣٢٨.

پێدەرخوارد داون. ئەو هەروەها چەند پێناسی منداڵی تەمەن ١٢-١٣ ساڵەشی وەچنگ کەوتبوو کە مۆری دەنگدانیان پێوە بوو... عەبدوڵڵای ئیسحاقی گشت ئەو بەڵگانەی کردبۆ سوڕت مەجلیس و بە دانی بەرتیل ئەوانی بە ئیمزای پاسگای "گوێچکە دەریٚ" گەیاندبوو... سادق وەزیریش ئەو بەڵگانەی لە گەڵخۆی بردەوە بۆ تاران کە عەبدوڵڵای ئیسحاقی کۆی کردبوونەوەو لە رۆژنامەکاندا چاپی کردن... بەمجۆرە ئەگەر ئەو بەڵگانە روون نەکرابایەن لەوانەبوو حکومەت "ئیمام خۆیی " بکات بە نوێنەری خەڵکی مەهاباد"[٢٨].

هەروەها بە لێپرسراوێتی ئەحمەد تۆفیق ئەندامی کۆمیتەی رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە مەبەستی بەشداریکردنی لاوانی سەرتاسەری ئێران و پێشوازیکردن لە ڤیستیڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهان، لاوان و خوێنکارانی شاری مەهاباد لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٥٣ دا لە باخی میکایل، دەستیان بەئاهەنگ گێڕان کرد. (سەرتیپ زەنگەنە) فەرماندەی تیپی مەهاباد بە بیستنی ئەو هەواڵە هێزێك بە رابەری (سەرگورد رادپور) دەنێرێتە سەر ئاهەنگ گێڕەکان، هێزەکە بە گەیشتنی بۆ ناو باخی میکایل پەلاماری لاوان دەدات و رەهێڵەی گوللە بە ناویاندا دەکات، سەرئەنجام لاوێك بەناوی (حەسەنی رەمەزانی ) دەکوژرێت و ژمارەیەکی دیکەشیان لیٚ بریندار دەکرێت و هێندێکیشیان لێدەگیرێت.

(حیسامی) لەو بارەیەوە نووسیویە"ئیمە لە کوبوونەوەدا بووین تەقە هات. گوتمان تەقە لە لاوان کرا. من و رەحیمی سوڵتانیان وەدەرکەوتین. لە پێش ستادی لەشکر گە یشتینە تەرمەکان لە سەر شانی لاوان بوون و خەڵك هەلەشکوت بوو، من و عەولای ئیسحاقی و رەحیمی سوڵتانیان کەوتینە پێش خۆپیشاندان و دروشمەکە بوو بەوە (موجازاتی قاتلین) بجاریك خەلك دەیگوتەوە... لەبەر مزگەوتی هەباساغا بە جارێك ئاژان و سەرباز خۆپیشاندانیان پەلاماردا... بوو بە راکردن و بلاوە"[٢٩].

---

[٢٨] بلوریان ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٣١-١٣٤.

[٢٩] حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٢٦.

پێویسته بگوترێت که خۆپیشاندەرانو‌ێڕای لاشەکەی حەسەنی ڕەمەزانی، وەك نارەزایی تابوتێکی بەتاڵیشیان خستبووە سەرشانیان. لەم ڕووەوە (مام هۆمەر) دەڵێت: "کاتی خۆی لە ڕووداوێکدا هێزە سەرکوتکەرەکانی شای ئێران لاوێکی مەهابادی شەهید دەکەن، بەرپرسانی حدکا بە ڕێنوێنی کاك عەولای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) لە شاری مەهاباد خۆپیشاندانێك دژی هێزەکانی شاوەڕێدەخەنو تابووتێك ئامادە دەکەنو لەسەر شانی خۆیانی دادەنێن کە گۆیا ئەوە جەنازەی شەهیدی تێدایە، بەڵام بەتاڵ بوو. یەك لەو کەسانەی تابووتی لە سەرشان دەبێ کاك ئەحمەد بووە. هێزەکانی دوژمن دەرژێنە شەقامەکانو تەقە لە خەڵك دەکەنو خۆپیشاندەران لە ترسی گیانی خۆیان هەڵدێنو بڵاوەی دەکەن. بەڵام کاك ئەحمەد بەتەنێ لە تەنیشت تابووتەکە ڕادەوەستێو هەڵنایەو دەمێنێتەوە. کاتێك لێی دەپرسن تۆ دەتزانی تابووتەکە بەتاڵە بۆ لە بەرامبەر ڕێژنەی گوللە باراندا ڕاوەستایو هەڵنەهاتی !؟ لەوەڵامدا دەڵێ من چۆن لەبەر دوژمنی خوێڕی هەڵدێم! پاشان چۆن من کارێك دەکەم خەڵکورەیان دابەزێ؟"[30].

ئەم تێکۆشانو هەڵسوڕانە بوێرانەو ئاشکرایەی ئەحمەد تۆفیق وای کرد لە لایەن پیاوانی ڕژێمی شاهەنشاهییەوە بە باشی شناسایی بکرێت. هەربۆیە پاش سەرکەوتنی کودەتای شاپەرستەکان بە هاوکاری دەزگا سیخوڕییەکانی بەریتانیاو ئەمەریکا، مەئمورەئەمنییەکانی حکومەتی لە شاری مەهابادچوون ئەحمەد تۆفیقو حوسێنی فروهەرو چەندین ئەندامی ناسراوو هەڵسوڕی چالاکییە سیاسییەکانی حیزبی دیموکراتیان گرت[31]. شایەنی باسەئەحمەد دوو مانگ لە زیندانی مەهاباد بوو. پاشان لە ڕێگای بەرتیلو دەمچەورکردنی لێپرسراوانەوە هەلومەرجی ئازادبوونی ڕەخساو پاش دەرچوونی لە زیندان،

---

[30] مام هۆمەر، دوو کۆنگرەو دوو ڕێبەری حیزب، ٢٠٠٥/١٢/٨، لە: سایتی: www. dimane. com

[31] بلوریان ، سەرچاوەی ناوبراو، ل١٣٨.

خۆی گەیاندە ناوچەی مەنگوڕان کە شوێنی خۆحەشاردانی زۆربەی ئەندامو کادرە راوەدونراوەکانی حیزب بوو.

لەراستیدا، سەرکردایەتی حیزبی تودە کە رۆڵێکی دیارو ئاشکرای لە شکستی جولاْنەوەی دیموکراتی ئێرانیدا هەبوو، پاش سەرکەوتنی کودەتاکە هیچ هەڵوێستێکیان لە خۆیان نیشان نەداو هەلپەرستانە لە هەوڵی تیۆر داتاشیندا بوو تا ئۆباڵی شکستی جولاْنەوەکە بخەنە سەر شانی بەرەی نیشتمانی. لە لایەکی ترەوە، شالاْوی بەرفراوانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمی شاهەنشاهی بۆ سەر رێکخراوو بارەگاو ئەندامەکانی حیزبی تودە لە تاران‌و گرتنی بەشێکی بەرچاوی رێبەرایەتی ئەو حیزبەو بلاْوکردنەوەی پەشیماننامەکانیان لە رۆژنامەکاندا، هەروەها سەرقاڵبوونی رژێم بە سەرکوتکردنی تاقم‌و هێزە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییەکان لە پایتەخت‌و شارە گەورەکاندا، هەل‌و مەرجێکی بۆ رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێنایەپێش کە بڕیاربدەن بە مەبەستی پاراستنی رێکخستنەکانیانی خۆیان‌و بە کەڵك‌وەرگرتن لە فەزای تارادەیەك ئاوەلاْی گوندەکانی کوردستان، سەربەخۆ لە حیزبی تودە، لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیان بەردەوام بن.

شایەنی باسە، دووبارە چاپکردن‌و بلاْوکردنەوەی پێنج ژمارە لە (کوردستان) ی ئۆرگانی حیزبی دیموکرات لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٤ داو لە شاری تەورێزو بەهاوکاری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، یەکەمین بەرهەمی ئەو سەربەخۆییە بوو. بلوریان کە ئەو دەمە بە مەبەستی یارمەتیی کۆکردنەوە هاتبووە باشووری کوردستان، لەو رووەوە نووسیویە"بەیارمەتی پارتی نزیکەی بیست هەزار تمەنم کۆکردەوەو ئەوم بە ئەسعەددا ناردەوە بۆ حیزب، ئەسعەد پارەکانی تەسلیمی "عەبدوڵلاْی ئیسحاقی" کردبوو، عەبدوڵلاْ نامەیەکی بە ئەسعەددا بۆ ناردبووم کە بە پەلە بگەڕێمەوە بۆ ناوچەی مەنگوڕان، ئەو

نووسیبووی حیزب بڕیاری داوە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزب دەربکات"[٣٢].

سەبارەت بە بڕیاری سەربەخۆیی حیزبی دیموکراتیش، ڕێبەرایەتی حیزب لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥ دا لە تاران کۆبوونەوەو بەگشتی بڕیاریاندا پەیوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودەدا بپچڕێنن‌و نامەیەکی ڕەخنەئامێزیش سەبارەت بە بیّ هەڵوێستی حیزبی تودە لەمەڕ کودەتای ١٩ ی ئاب بنووسن‌و حیزبی کۆمۆنیستی شورەوی لیّ ئاگاداربکەنەوە، ئەو بڕیارەی لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا لە ناوچەی (لاجان)و لە مایسی ١٩٥٥ دا جەختی لەسەر کرایەوەو هەنگاوی بۆنرا[٣٣].

ئەحمەد تۆفیق کە ئەو کات بەنهێنی لە شاری سنەو لە ماڵی "عوبێدی خالقی" کاری حیزبی دەکرد. پاش مەترسی ئاشکرابوونی بە بڕیاری حیزبی گەڕایەوە مەهابادو ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمیتەی مەهابادی پیّ سپێردرا[٣٤]. ناوبراوەك ئەندامێکی ڕێبەرایەتی حیزب بە توندی پشتگیریی لە سەربەخۆیی حیزب‌و گەڕانەوە بۆ سەر خەتی ڕەسەنی نەتەوایەتیی دەکرد لە بەرامبەر ئەندامە تودەیی‌و کۆسمۆپۆلیتییەکان. هەروەك (سەعید کاوە) لە بیرەوەرییەکانییدا کاتێك باس لە کۆبوونەوەیەکی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەکات لە گوندی (ئالیاویّ) دەنووسێت: "بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە: کاك عەبدوڵڵای ئیسحاقی، کاك سولەیمانی موعینی، کاك هاشمی حەق تەڵەب، کاك حەمەدەمینی ڕاتبی، کاك محمەدی بحرالعلوم. . . چوار پێنج ڕۆژی هەوەڵ زۆر بە گەرم‌و گوڕی‌و خۆشی‌و پێکەنین، کۆبوونەوەکەیان بەڕێوە دەچوو، کاتێك گەیشتە سەر بەشی ڕەخنەو پێشنیار، دوو ڕۆژی تەواو چەقەو هەڵڵاو لێك سوور هەڵگەڕان بوو. . . ناتەبایی دوو بیری جیاواز بە ئاشکرا لە کۆبوونەوەکەدا خۆی دەنواند.

---

[٣٢] هەمان سەرچاوە، ل١٤٢.

[٣٣] سەردەشتی، هەڵوێستس حیزبی تودە. . . ، ل ٧٧.

[٣٤] بلوریان ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٥٩.

یەکێ بە کوردو کوردستانی سوێند دەخوارد، یەکێ بە مارکسو لینینی دەقۆستەوە"[35].

شایەنی باسە، لەم قۆناغەدا پەیوەندیو هاتووچۆکردنی کادێرەکانی حیزبی بە نهێنی لە نێوان رۆژهەلاتو باشووری کوردستاندا ئەنجام دەدرا. ناوی (ئەحمەد تۆفیق) یش هەر لەم ماوەیەدا بوووەك ناوێکی خوازراو بە سەر عەبدوڵلای ئیسحاقی دا برا. (عیزەدین مستەفا رەسول) لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "دکتۆر قاسملو ئەوکات کە ئەمن مەسئولی حیزبی شیوعی لە قەلادزێ بووم ساڵی ١٩٥٤ هات، ئەوو ئەحمەد تۆفیق و کاك غەنی"[36].

لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٣٦ ی هەتاوی/تەمووزی ١٩٥٧ کۆمیتەی رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا بۆوەرگرتنی نەزەری گشتی جیهانییو بەشداریکردن لە ڤیستیڤاڵی لاوان لە مۆسکۆ، ئەحمەد تۆفیق بە نێوی مەسئولو رەحمانی قاسملو بە ناوی مشاویر رەوانە بکرێن[37]. ئەحمەد تۆفیق لە رێگای باشووری کوردستانەوە چووە شامو لەوێ بەناوی(موراد) ماوەیەك ماوەتەوە، پاشتر چۆتە (پراگ)و بێ ئەوەی زەمینەی سەفەری بۆ مۆسکۆ بۆ بڕەخسێت.

---

[35] کاوە، سەعید، ئاورێك لە بەسەرهاتەکانی خۆمو رووداوەکانی نێو حیزبی دیوکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، ١٩٩٦، ل ٢٧.

[36] ءتووێژ لە گەڵ دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، ١٩٩٥/١٠/١١. لە کەریمی، عەلی، ژیانو بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٤٩.

شایەنی باسە د. قاسملو لە کورتەی راپۆرتی دەفتەری سیاسی کە لە ١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ دا پێشکەشی کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کردووە، دەڵێت: "من نزیکەی هەموو شارەکانی عێراقم دیوە "قەلادزێ" نەبێ !! جا نازانرێت لەقسەی ئەم دوو دکتۆرە بەڕێزە کامیان راستە !.

[37] بەیاننامەی کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٤٣.

(عیزەدین مستەفا رەسولْ) لەو بارەیەوە دەڵێت: "دکتۆر قاسملو هەوڵێکی زۆری بۆ دابوو لە پراگ بەس نازانم چۆن بوو ئەویش نەچوو! دوایە ئەحمەد تۆفیق گەڕاوەو چۆوە کوردستان"[٣٨].

وێڕایوازهێنانی بەشێکی ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣ لە کاری سیاسییوەك: رەحیمی سوڵتانیانو کەریمیوەیسی، هەروەها گرتنو حوکمدانی بەشێکی دیکەی کادیرانوەك: غەنی بلوریانو سولەیمانی موعینیو ئەسعەدی خودایاری. چالاکیو تێکۆشانی حیزبی دیموکرات تووشی راوەستان نەهات. ئەوەش لە ئەنجامی ئەوە بوو کە ڕێکخراوەکانی خوارەوەی حیزب هێشتا بەر پەلامار نەکەوتبوونو ئەندامانی دڵسۆزانە هەڵدەسوڕان.

لە نامەیەکی عبدالرحمن قاسملودا کە بۆ مەلا مستەفای بارزانی نووسیوە لەو بارەیەوە هاتووە: "کاری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی پاش کودەتای ساڵی ١٩٥٣ پەرەی گرت چونکو حیزب دەستی پی کرد بەوە کە سەربەخۆ کاربکاتو کاری کوردستان هەر خۆی بەرێتە پێش.

ئەو ناوچەیانە کە بزوتنەوەی نەتەوایەتی زۆر تێدا بەهێزە ئەوانەن، ناوچەی جەلالیو شکاکان، مەرگەوەرو تەرگەوەر، ناوچەی مەنگورانو پیرانو لاجان، دییەکانی دەوروبەری شنۆو مهابادو ناوچەی پشدەریان تا حدودی عراق. ناوچەی بانەو دەوروبەری ناوچەی جوانروییانو هەورامان. بزوتنەوە لە حدودی عراقو ایران لە شنۆوە هەتا کرماشان زۆر بەهێزەو حیزبی دیموکراتی کوردستان لە زوربەی ئەو دییانە سازمانی "منظمة"ی هەیە. . .

ئەو سیٚ نەفەرەی کە ئێستا لە کوردستانی ایران کاری حزبایەتی بە دەستەوەیەو ئەفرادی کۆمیتەی مەرکەزین ئەوانەن:

١-عبدالله اسحاقی

٢-عزیز یوسفی

---

[٣٨] کەریمی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٢٤٩.

٣- رحمت اله شريعتى

ژمارەی ئەندامانی حزب بە چاكی ليم مەعلووم نيە، چونكو ئێمە جاری لە بەر نهينی بوونی كارەكە أمارمان كەمە. لە پاشا ئەوەساڵك زياترە من لە كوردستان دورم لە حاليك دا لەو يەك ساڵدا زۆر گورانی گەورە لە ژيانی سياسی كوردستان دا هاتوتە پيش كە بە قازانجی بزوتنەوەی حزب بووە"[٣٩].

## باسی سێهەم:
## ئەحمەد تۆفيق و گۆڕانكارييەكانی ناوچەكە پاش روخاندنی رژێمی پاشايەتی لە عێراق

ئاشكرايە، روخاندنی رژێمی پاشايەتی لە عێراق و ئەو ئاڵ و گۆڕانەی بەدوايدا هاتن، بووە مايەی پەژارەی رژێمی شاشەنشاهی لە ئێران. لە سەرێكەوە دامەزراندنی رژێمێكی كۆماریو دەرچوونی دەوڵەتی عێراق لە پاكتی بەغداو بوژانەوەی چالاكی سياسيی و رێكخراوەيی پارتە سياسيی ديموكراتیی و چەپەكان، لەسەرێكی تريشەوە گەڕانەوەی بارزانييەكان و مەلامستەفا بۆ عێراق و پەرەسەندنی چالاكييە نەتەوايەتييەكانی گەلی كورد بەڕابەری پارتیی و هەروەها پەرەسەندنی ئازاديی رۆژنامەگەريی لە باشووری كوردستان، تێكڕای ئەوانە كە دەسەلاتدارانی تاران وەك هەرەشەيەكی راستەقينە چاويان لیّ دەكرد. هەربۆيە بە چەندين شێوە هەوڵی بەرەنگاريی ئەو هەرەشەيەی دەستپێكرد. لەلايەكەوە هێرشێكی سياسيی و دپلۆماسيی و راگەياندنی دژی كۆماری عێراق و رابەرەكەی

---

[٣٩] بڕوانە: البارزانی، مسعود، البارزانیءالحركة التحررية الكردية. الكوردءثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، كردستان، ١٩٩١، ص ٢٥٣-٢٥٤.

(کەریم قاسم) دەستپێکردو ئەرتەشی شاهەنشاهی لەسەر سنوری هەردوووڵات خستە ئامادەباشی گشتییەوە[٤٠]. لە لایەکی تریشەوە هەوڵی ئاژاوەنانەوەو هاندانی نەیارەکانی رژێمی نوێو تێکدانی پەیوەندییەکانی کوردو حکومەتو چەندین کاری دیکەی تێکدەرانەی لە نێوخۆی عێراقدا دەدا[٤١].

سەبارەت بەو تەقەلایانەی رژێمی شاهەنشاهی بۆ ئاژاوەنانەوە لەناو ریزەکانی جولانەوەی نەتەوایەتی کورد حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی لە رۆژنامەی (خەبات) ژمارە( ٤٩ -٥٢) لە ٧-١٠ئەیلولی ١٩٥٩ دا بڵاوکردۆتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان
دوو تەقەلا لەلایەن حکومەتی تارانی داگیرکەرو ئیمپریالیستەکان بۆ پەشیوی وە گیرەشیوینی دەریزی خەباتی نەتەوەکەماندا

لەو کاتەدا کە حزبی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغی تیپەربونی تەمەنی پڕ لە شانازیوە تیکۆشانی ١٤ سالەی دایە. دوژمنانی ئازادی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاوە ئینگلیزەوە دابودەزگای حکومەتی تاران کەوتونە پەلەقاژەی گیرەشیوینانە دەریزی خەباتی ییکگرتویی نەتەوەکەماندا.

بە دریژی ١٤سال تەمەنی حزب دوژمنانی ئازادی نەتەوەکەمان بەدایم دەتەقەلای پەشیویو تیکدانی ریزەکانی خەباتی نەتەوەی کورد بە پیشەوایییوە سەرکردەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بوون.

لە سالی ١٩٣٤(١٣٢٤ راستە/ ن) (١٩٤٥) "غەفوری مەحمودیان" جاسوسی هیئەتی حاکمەیی تاران بەناوی (حزبی تودەی ئیران) بەماوەی چەند مانگ دەست بەکاری پروپاگندە بوو تاکو بەو بۆنەوە بەناوی (حزبی تودەی ئیران) دوبەرەکی

---

[٤٠] العلاقات العربية- الأيرانية: الأتجاهات الراهنة وآفاق المستقبل، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٦، ص ٤٦٧-٤٧٥.

[٤١] بڕوانە: شەمێرانی، احمد، گەلی کورد بە پرو پاغندە هەل ناخەلەتێ، ژین- رۆژنامە،ساڵی ٣٤، ژمارە ١٤٤٩، ١٩٥٩/٥/٢٨.

بخاته ناو سەرۆكایەتی سیاسی خەباتی نەتەوەكەمان. وەكی لە پاشان دەركەوت ناوبراو تەماسیشی لەگەل حزبی تودەی ئیران نەبوو بەلام خوشەویستی حزبەكەمان لەناو خەلكدا ئەو حزبەی دەست بەچەك سەنگەر بە سەنگەروە شار بەشار هیزی چەوسانەوەووە داگیركەری بەرەو تاران رامالی بوو ماوەی بە ناوبراو نەدا، زۆری پی نەچو بەلگەی جاسوسی‌وە خەیانەتی لیگیرا. بەڵام پیش ئەوەی جەمهوری دیموكراتی كوردستان ئەو تاوانبارە یە جەزا بگەییەنی خەلك بۆ خۆیان ئەو خائینەیان بە جەزای خۆی گەیاند. بەو جۆرە دووكانی مەحمودیان‌وە حزبەكەی داخرا.

لە مانگی ری بەندای ۱۳۳۱ (۱۹۵۲) تا مانگی جوزەردانی ۱۳۳۳ روكنی ۲ی جاسوسی لەشكری تاران لە مهاباد بو بەرگری لە پەرەساندنی حزبی دیموكراتی كوردستان دەست بەكاری دروستكردنی (۳) حزب بووە.

(حزب موسلمین) لە ژیر چاوەدیری روكنی ۲ی لەشكروە (سالحی شاتری) بە سەرۆكایەتی (عەزیزی موشیری) بەدعەمەل لە مهابادوە بۆكان دامەزراویرای‌وەی كە بە ناوی دینەوە خەریكی هەلخەلەتاندنی خەلك بوون بەلام بە ئەژمار نەفەراتیان لە ۲۷كەس‌وە عومری حزبەكەیان لە مانگو نیویك زیاتر تی نەپەری‌وە بەدەستی خەلك پرش‌و بلاو كرا.

"حزبی پان ئیرانست ئوەش بە ئەمری روكنی ۲ لەلایەن جاسوسی ناسراو"رەحمانی مدرەسی" لە مهاباد دامەزرا باشە بزانریت كە ئەو دەستەیە هیچ نیوان‌و پەیوەندیكی دەگەل"حزبی میللەتی ئیران لە سەر پایەی پای ئیرانیست"نەبوو. تەقەلاوە جولانەوەی ئەو دەستەیەویرای‌وەی كە حكومەت‌وە دەزگای جاسوس لە پشتەوە بوو لە ترسی خەلك بە نهینی كاری دەكرد. تەمەنی ئەو حزبەش ! لە مانگیك زیاتر تی نەپەری.

ئاوجار روكنی ۲ی لەشكری تاران لە مهاباد زۆر بە تورەیی بو بەر بەرەكانی ناوەندی بزوتنەوەی نەتەوەكەمان هاتە میدانەوە. هۆی پەشۆكاوی‌و چاوسوور بونی دوژمنان زۆرتر ناكامی روكنی ۲ بو پیكەوەنانی دەستەیەكی چوماخ

بەدەست بە ناوی حزب بوو تاکووەکو زۆربەی ناوچەکانی تری ئیران بەهۆی ئەو چوماخ و چەقۆ بەدەستانەی سەر بەبارەگای شا ناوچەی کوردستانیش هەروەکی ناوچەکانی تر لەدەرەوەی دەولەتی "دوکتور مسەدق" دا پەشیوبکەن و بە بۆنەوە پیشگیری بزوتنەوەی زیدی ئیمپریالیستی نەتەوەکانی ئیران بکەن. لەشکری تاران ئەوجار دەست بەداوینی سەید "علی حسینی" بوو کە تەواوی خەلکی ناوچەی مهاباد ناوبراو بە پیاویکی سەردانەوین‌وە دراوپەرست دەناسن. سەرهەنگ "مزەفەری" کە قولە چوماخی تایبەتی بارەگای شا بۆ دوژمنایەتی لە گەل نەتەوەکەمانە لەگەل حسینی ناوبراو دەست بەکاری بە قەولی خۆیان "حزبی سادات" !بوون، بۆ دەوامی تەمەنی دەستەکەیان چەنگورکی خۆیان لە رۆژی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٣٢ لە کاتی گیرانی هەلپەرکی و زەماوەند بە بۆنەی فستیوالی لاوان بە خوینی لاوی کورد "حەسەنی رەمەزانی" لایەنگری "ییکەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان "سوور کرد. زیاتر لە ١٠ نەفەریان خستە گرتوخانەوە، ئیرادەو ییکگرتویی ریزەکانی خەلك و مانگرتنی خاوخیزانی گرتوکان بە سەرکردەیی ییکەتی یایانی دیموکراتی کوردستان "لە بروسکەخانە "تلگرافخانە" چۆکیان بە دوژمن داوە گرتوکانیان لە گرتوخانە هینا دەرەوە. دووابە دووای ئەو سەرکەوتنە کە ئافرەتان دەوریکی زۆر گرنگی میژویان لە خۆنیشاندا ئنجا قۆناغی لەناوبردنی ماکەی ئەو گیرەشیوینیانە کە حزبەکەی "مزەفەری"وە "حسین"بوو دەستی پیکرد. تەمەنی ئەو حزبە دریژتر لە حزبەکانی تر بوو پاشی (٣) مانگ دووکان و بازاری ساداتی "مزەفەری"ش داخرا.

لە سالی ١٣٣٢ حزبیکی تر بە ناوی "حزبی سعادت میللی" کە مەرکەزی لە شاری سنە بوو دامەزرا. ئەو حزبەش لە چیر هەلخەلەتاندنی ئەرکانی تاران و دارو دەستەی "شا" بەریوە دەچو بەلام بۆ هەلخەلەتاندنی خەلك بە تایبەتی جوتیاران بە ناوی جەبهەی میللی یەوە کەوتبوە پرو پاگندە مەسلەحەتی ناپاکی سەرۆکی ئەو حزبە کە سەربەستراوی بارەگای "شا"بوو، دەوەدا بو توندو نالەبار بۆ هەلکەوتی خەباتی ئەوی رۆژی بهیتە گوری‌وە بەو بۆنەوە هەراو گرمەییەك لە دەوری حکومەتی "دکتور مصدق"دا بخولقینی، دەوامی عومری ئەو حزبە بە

بۆنەی پرۆپاگندە هەلخەلەتانەکەی بەقەد دوو سال دەوامی کرد. بەڵام زۆری پی نەچوو کە ناوەرۆکی بیروباوەری رەشی بەریوەبەری ئەو حزبە بۆ خەلك ئاشکرا بوو بە تایبەتی پاش کودەتای "شاو زاهیدی"لە ٢٨ی گولاویژی ١٣٣٢ دا بە تەواوی بۆ خەلك دەرکەوت کە سەرۆکی ئەو حزبە نۆکەری شایە، پاش ٢٨ی گەلاویژ بە ماوەی سالیك بیجگە لە قلبلوی سەر کانگای حزبەکە چی لی باقی نەمابوو.

بەو جۆرە ئەو "حزبانە" هاتنە مەیدانەوە بەلام خەباتی گەل بە سەرکردەیی حزبەکەمان بە عومریکی کورتو روویکی رەش لە مەیدانی بەدەرکردن‌وە لەناوچوون. تەنیاحزبی دیموکراتی کوردستان وەك تاقە حزبی کوردستان لەگەل گەلی تیکۆشەر ئالای خەباتو بەربەرەکانی دانەناوەو تا سەرکەوتن بەسەربەرزی بۆ پیشەوەی دەبات.

حزبی دیموکراتی کوردستان بە پەیوەندیەکی نزیكو زانایانە دەگەل کریکاران، جوتیاران، پیشەوەران، روناك بیران، عەشیرەتەکانی نیشتمان پەروەری کوردستان‌وەك قەلایەکی نەروخو دارژاو بەرەنگارین هیی دوژمن بوو —وەك بەردی سماتە بەرەنگاری هورووژمەکانی درندانەی دابو دەزگای لەشکری تارانی گرت، پاش کودەتای ٢٨ی گەلاویژ بەسەدها هاوری‌وە لایەنگری بەشەرەڤ حزبی ئیمەیان هاویشتە بە داخی سوورەوە بو—چورکی گۆشتی ئەندامانی حزبی ئیمە بەدەستی داگیرکەرانی تارانی لە دژبانی مەهاباد شەقامی بداغ سولتانی پرر کردبوو. گرتووخانەکانی شاری مەهاباد لە تیکۆشەران‌وە نیشتمان پەروەرانی لادی‌و شاری نەغەدە، سەردەشت، سایینقەلا، مەحموود جغ، مەهاباد،وە میاندواووە بۆکان ئاخندرا بوو هەروەها گرتووخانەکانی‌وورمی، سەقز، بانە،وە سنەش لە تیکۆشەران پرر کرابوو.

نەبەزیو کولنەدانی بی‌ووچانی حزب‌وە ریگا بە هەلەنەکرنی جولانەوەی حزب‌وە نەتەوەکەمان بە سەرکردەیی تاقەری نوسنی سیاسی خەباتمان حزبی دیموکراتی کوردستان هەیئەتی حاکمەی تارانی بە یارمەتی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاو ئینگلیز خستۆتە دوو تەقەلا بۆ پەشیوی‌و گیرەشیوینی دەریزی خەباتی

گەلی کوردا، ئەو تەقەلایانە ییکیان بە ناوی ناسیونالیزمی کویرو تیناوی ئەوی تر بەناوی دەسەلاتی شووینیزمی مەزن خواز بۆ دووبەرەکی خەباتی نەتەوەکەمان هاتوونە مەیدانەوە.

١- سازمانی ئەمنیەت

دەزگای جاسووسی حکومەتی مەرکەزی کەوا ئیستا لە ژێر چاوەدیری ئەمەریکایەکانە بە ریوەدەچی بەهۆی چەند نەفەری خاین بە ناوی "ئەمانوللای قورەیشی" دەبیری کۆمیتەی ئەیالەتی تارانوە "علی متقی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، (عەزیمی عەسکەری)وە. . . هەتد. . چەند کوماییکی فریوخوراو هەلخەلەتاویان لە شاری تاران لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە. ئەوانە بۆ فریوی خەلك بە قەولی خۆیان زۆر بە نهینی کار بەریوە دەبەن تا ئیستا بە زۆر بۆنانەوە بەیان نامەو نەشرەی سرریان بە ناوی"حزبی تودەی ئیران" دەرهیناوە، رۆژنامەی "صبحی امید" لە ژمارەی ٢٦ی ٨ی بانە مەرری ١٣٣٨ دا لە ژێر عنوانی "وەرەقەی پۆلیسی"لە مەرر ئەو بەیان نامانە کە لە لایەن ئەو ریکخراوە پۆلیسیانەوە دەردەکەویوورییایی دەدا بە خەلکەکانی ئیران، هیندی لە کریکارەکانی کورەپەزخانەی تاران بە هۆی"سولتانی"ناویكوە چەند کریکاری هەلخەلەتاو تاچەند لەمەوبەر دەگەل کومیتەی ٥ نەفەری "متقی"و سازمانی ئەمنیەت دابوون.

سازمانی ئەمنیەت دەخوازی داوینی ئەو ریکخراوە پولیسیەی بە ناوی حزبی توودەی ئیران بکیشیتە ناو کوردستان مەبەستی بنچینەیی دابودەزگای حکومەتی زالمی تاران بە زوربەیی دووبیرەییکیان بۆ بەدەستەوەگرتنی رەهبەری سیاسی خەلك لە ریگای حزبەوە. وە بەو بۆنەوە بۆ ماوەییك دووبەرەکیو ناتەبایی بخاتە ریزەکانی خەباتی یەکگرتوویی نەتەوەکەمان.

دووهەم پاش بەستنی پەیمانی شەرهەلایسیین لە نیوان حکوومەتی مەرکەزیوە دەولەتی دەست دیژکەری ئەمریکاوە هەروەها پاش شۆرشە پیرۆزەکەی ١٤ی گەلاویژی نەمری عیراق بە سەرکردەیی نیشتمان پەروەری مەزن

**عبدالکریم قاسم، حکومەتی تاران بە زۆر پیلانانەوە کەوتوتە سەر باری خولقاندنی پەشویو گیرەشیوینی لە ناو جەمهوری عیراقداوە بەسەرکردەنی ئەمریکایەکان کەوەك مارومیرو بە کوردستانوەربوون دەتەقەلان کیشانی نەخشەی هرووژم بۆ سەر جەمهوری عیراقدان.**

**٢- سەروکی سازمانی ئەمنیەت لە شاری مەهاباد"کەنزی" دەگەل دوو جاسووسی سازمانی ئەمنیەت بە ناوی "سەروان مجتهدی"و"سالحی سقزی" بەقەد دوو سال دەبی خەریکی پیکەوەنانی حزبیکن بۆ فریودانو بە هەلەبردنی خەلکی کوردستان.**

**لە سالی ١٣٣٤ روکنی ٢ ی ئەرکانی سوپای مەهاباد بە هۆی "سالحی شاتری "دوو نەفەری بە ناوی"وەهابی بلوریان"وە حەمەدەینی شەرەفی" بە بیانووی زیارەت بەلام بۆ کاری جاسووسی بۆ عیراق ناردبوونو لەوی لەگەل چەند نەفەرێكووتوویژیان ببوو.**

**لە مانگی خاکەلیوەی ١٣٣٦ دا جاسووسی ناسراو سەروان"مجتهدی" بە ناوی "عیسی پژمان" سەفەری بۆ سوریە کردو لە شاری دمشق پاش دیتنی هیندیك تیکۆشەری کورد کە هەستیان بە ناپاکی ناوبراویش کردبوو گەرابو-وە عیراقوە بۆ شارەکانی کەرکووك، هەولیر، سلیمانی، کوی، بەغدا چوو بوو. تەواوی باسووتوویژەکانی ئەو جاسووسانەی سەرەوە لەسەر بناخەی دوژمنایەتیو زیدایەتی لە گەل حزبی دیموکراتی کوردستانوە جیگا خۆش کردن بۆ دامەزراندنی حزبیکی سەر بە سازمانی ئەمنیەتو ئیمپریالیستەکان بوو. پاش دوو سال تەقەلا گەلالەی پەلە قاژەکانیان لەو شوینەدا بەوە گەیشتوە کە جاری بەناوی "کومیتەی ئینتقاد" جیگا بۆ حیزبیك بەناوی "فیرقەی کوردستانی ئازاد"خۆش بکەنوە تا ئیستا لە چەند جیگایان بە ناوی ئەو حزبەوە بۆ هاوکاری لە خەلکیان گیراوەتەوە بەلام لە هەموو لاییکەوە ناهومیدو بەخۆداشکاووە دەست بەتالیان هیشتوونەوە، باشە بزانریت کە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە رەشە ئەوانەی ژیرەوەیان لیکی کۆکردوونەوە: ١- سەید محمدی تەها زادە ٢- وەهابی بلوریان**

٣- حەمەدەمنی شیخ الاسلامی ٤- حەمەدەمینی شەرەفی ٥- جەعفەری کەریمی ناوبراوان بەلای خەلکی کوردستانەوە بە تایبەتی ناوچەی مەهاباد بە سەردانەوینو ترسەنوکو جەبوون ناسراون بە تایبەتی دوو نەفەری هەوول راستەقینە هاتوچویان دەگەل سازمانی ئەمنیەتە ئەوانی بە هەلخەلەتاو رەگەلیلن کەوتوون. بەلام ئیمپریالیستەکمانوە حکوومەتی مەرکەزی باشە لە میژوو لە رابردوو لە فەوتانی حزبە داتاشراوەکانیان دەرسو پەندوەربگرن.

نەتەوەی کورد ١٤ سالە تاقە حزبی خوی لە باوەش گرتووەو پاراستوویەتیو لە پیناوی سەربەرزی ئالای خەباتی نەتەوەی کورد بە سەرکردەیی حزبی دیموکراتی کوردستان خوینیکی زۆری رژاوە لە پیناوی پاراستنی ماڤ مەرکەزی سیاسی بزووتنەوەی کورد بە سەدەها نەفەری چۆتە گرتووخانەکانەوەوە هەروەها زۆر ئەندامی چۆتە بەر دەست ریژی گوللە بارانو بن سیدارە. تەواوی ئەوانە نەیتوانی خەباتی نەتەوەکەمان لە پیناوی ژیانیکی خۆشو بەختیار بوەستینی.

حزبی دیموکراتی کوردستان بە سونەتی ١٤ سالەی تەمەنی پرر لە تیکۆشانوە خەباتی نەبەزانەی بەرزکردنەوەی ئالای سیٚ رەنگی تاقە جمهوری نەتەوی کورد لە میژوودا بە تایبەتی بە پشت ئەستووری ئەو پەیوەندە بەردەوامەی کە لەگەل نەتەوەکەمان هەیەتیوەك قەلاییکی نەروخ بۆ ئازادیو رزگاریو سەربەستیو دیموکراتی تا سەرکەوتن بە خەباتی خۆی ئیدامە ئەدات.

هاوری یان! دوژمن هەست بە حالی سەرەمەرگی خۆی دەکات تەموتارمایی تەفروتونابوونی فەسیەلو نوری سەعیدی خاینی هاوپەیمانیانوە ژیر داوینی خۆی داون. بەهانی ئیمپریالیستەکان کەوتۆتە پەلەقاژەو لینگە فرتە جابۆیە دوژمن بە هەموو هیزیکەوە بە دراو، رۆژنامە، رادیو جاسوسیو پروپاگندە بۆ تیکدانی ریزی خەباتی حیزبەکەمان دەست بەکار بوە.

کومیتەی سەرکردەیی لەو کاتە باریکو ناسکەدا لە تەواوی ئەندامانی حزب دەگیریتەوە کە پەیوەندی خۆتان زۆر زیاتر لە پیشوو لەگەل خەلك نزیکتر

بکەن‌وە بەم چەشنە حورمەتی ئەو هەتو زپکەی کە نەتەوەکەمان بۆ سەرکردەیی بە حزبی ئیمەی داوە بەبەرزی رابگرن.

هاونیشتمانانی خۆشەویست ! لەو کاتەدا کە هەلیکی هەرە لەبار بۆ ئازادی‌و رزگاری بالی بەسەرووڵاتە داگیرکراوەکەمان دا کیشاوەوە بە میلیون هاونەتەوەمان چاوەروانی بزووتنەوەی ئازایانەی ئیمەن.

حزبی دیموکراتی کوردستان لە تەواوی هیزەکانی ئازادی خوازی کورد دەگیریتەوە کە یەکگرتنوتەبایی خۆتان دەتاقە ریزی خەباتی نەتەوەکەمانداوەك گلینەی چاو بپاریزن‌وە بە هیزی خەباتی یەکگرتووی ریزەکانی ئازادیخواز پیلانی فێڵاوی حکومەتی مەرکەزی‌وە ئیمپریالیستەکان کە دەیانەوی خەباتی ریك‌و پیکی نەتەوەکەمان لە کوردستان بشیوینن هەر بە ساوایی لەناوبەرن.

× بۆ پیشەوە بۆ خەبات لە ریگای ئازادی، رزگاری‌و دیموکراتی.

× پتەوتربی تیکوشانی یەکگرتوو–وتیك بەزیوی نەتەوەکەمان بۆ ژیانیکی خۆش‌و بەختیار.

× سەرکەوی خەباتی تیکرایی نەتەوەکانی فارس ئازربایجان‌و کورد بۆ تیکشکانی ئیمپریالیزم‌و نۆکەرانی لە ئیرانی.

٤-٨-١٩٥٩ کومیتەی سەرکردەیی
حزبی دیموکراتی کوردستان

وێڕای ئەوانەش، رژێمی شاهەنشاهی پاش ئەوەی توانی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا لقەکانی دەزگای سازمانی ئەمنییەت بکاتەوە، پاش کۆکردنەوەی زانیاری‌ورد گورزێکی کەمەرشکێنی لە حیزبی دیموکراتی کوردوەشاندو لە ئەنجامی پەلامارێکی سەرتاسەری‌و بەربڵاوی هێزە ئەمنییەتەکانی رژێم بە سەرپەرشتی چەند سەرهەنگی شاپەرستی دڕی‌وەك: (زیبایی، ئەمجەدی،

ئەردەڵانیو مودەریسی)و لە شارەکانی:  مەهاباد، سەقز، بۆکان، سەردەشت، خانیٚ، شنۆ،ورمیٚو شاپور، لە شەوی ٣/٢ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ دا زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە ئەندامو لایەنگرانی حیزبی دیموکرات قۆڵبەست کرانو ڕەوانەی زیندانە تاریكو شگەنجەگاکانی ساواك کران، کە دواتر بەشێکی زۆریان بە ئیعدامو زیندانی هەتاهەتاییو قورس حوکمدران[٤٢] .

ناکرێت لێرەدا ڕۆڵی زانیارییدانودانپیانانەکانی (سمایلی قاسملو) لەو پەلامارەو ریشەکێشکردنی کۆمیتەو شانەی رێکخستنەکانی حیزبی دیموکرات باسی لێوە نەکرێت.  ناوبراو ئامۆزای عبدالرحمن قاسملو بوو. پێشتر بە هۆی هەڵەو پابەند نەبوونی عبدالرحمن بە بڕیارەکانی حیزب سەبارەت بە پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ حیزبی تودە دا، لە تاران دەکەونە داوی (سەرهەنگ زیبایی) ساواکییەوەو پاش ٤٨ سەعات لە گرتنو لێکۆڵینەوە، پەیمانی هاوکارییان لێوەردەگرنو بەردەدرێن. پاش بەردانیان عبدالرحمن گەڕابۆوە بۆ ئەوروپا. سمایلیش کە لە زانکۆی هونەری تاران بوو هەڵاتبووە کوردستانو بەناوی (حوسێن) بە کاروباری حیزبی ناوچەی بانەدا ڕادەگەیشتو چاوەڕێی ئەوە بوو عبدالرحمن ی ئامۆزای کاری بۆ بکاتو بۆ خوێندنەکەی ڕەوانەی دەرەوەی بکات.

عبدالرحمن قاسملو ماوەیەك پاش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لەگەل ٚتودەییەکاندا گەڕاوە بەغدا بیٚ ئەوەی شتێکی بۆ سمایل کردبیٚ. هەر لە ئاداری ١٩٥٨ دا سمایل لە گوندی (نێزەڕۆ) ی بانە دەکەوێتە داوی ساواکەوە، ناوبراو لە داخی بیٚ بەڵێنی ئامۆزاکەی، هەروەها لە ژێر کاریگەرییو سەرکردنەسەری تودەییە زیندانییەکان، ئەوانەی دەیانویست تۆڵەی بڕیاری خۆجیاکردنەوە لە تودەو سەربەخۆیی ڕاگەیاندن لە حیزبی دیموکرات بکەنەوە، هەرچی هەیەو نییە بۆ ساواکی درکاندبوو. ئەو زانیارییانەی خزمەتێکی گەورەیان بە ساواك کرد بۆ

---

[٤٢] کاوە، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٩-٣٠؛ ریپۆرتاجی هێرشی فاشستی حکومەتی تاران بۆ سەر تێکۆشەرانی کوردستان، ژین، ژمارە ١٤٩٠، ١١/٢٦/ ١٩٥٩.

ئەنجامدانی پەلامارەکەی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ کە هێندێك کەس ئەو ساڵەیان بە (ساڵی حیزب قڕان) ناو برووە[٤٣] .

شایەنی باسە، ئەحمەد تۆفیق کە ئەو کاتە تاقە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی بوو، پاش ١٤ ی تەمووز چووبووە باشووری کوردستانو نەکەوتە دەست ساواك. ئەو کادیرو ئەندامانەی دیکەی حیزبیش کەوەبەر شالاوەکە نەکەوتبوون وەك: سولەیمانی موعینی (فایەق ئەمین)، هاشم حەق تەڵەب(قادر شریف)، کەریمی حیسامی(ساڵح تۆفیق)، قاسمی سوڵتانیان(کەمال ئەحمەد)، مەلاباقی، هاشمی حوسێن زادە(قادرحسن). . هتد، ئەوانیش روویان لە باشووری کوردستان کردو لە شاری سلێمانی گیرسابوونەوەو تا دەهات ژمارەیان زیاتر دەبوو، کە سەرەتا بەشێکیان لە بارەگای (خەبات) بوون[٤٤]. دواتر کۆکرانەوەو کران بە دوو بەشەوە و لە دوو ماڵی حیزبیدا کە پێیان دەگوت (کۆمۆنە) دانران. هەرچی ئەندامە ئاساییەکانە لە گەڕەکی (ئەسحابە سپی)و لە ماڵی (سەعەی مارف)، کە ماڵێکی گەورەو چۆڵ بوو نیشتەجێ کران. بەشەکەی دیکەشیان کە کادیرەکان بوو لە خانووەکانی سەرچنار جێگایان بۆ کردنەوە. سەبارەت بە ژیانو گوزەرانیشیان، پەنابەرەکان لە حاڵو باڵێکی زۆر ناهەمواردا دەژیان. سەرەتا شارەوانی سلێمانی پەنجا دیناری بۆ تەرخانکردن، دواتر لیژنەیەکی پیتاك کۆکردنەوە کەلە: مامۆستا عبدالله ئەژدەر، عوسمان سەعید و جەمال شاڵی پێکهات، کەوتە کۆکردنەوەی یارمەتیو هاوکاری خەڵکی کوردپەروەری شاری سلێمانی[٤٥].

هەروەها لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٩٥٩/١٢/٧، موتەسەریفی لیوای سلێمانی (عبدالمطلب امین)و بەڕێوەبەری پۆلیس (حسێن علی موختار) لەگەڵ یارمەتیدەری بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆ، چوونە دیدەنی پەنابەرەکان. دوای دڵدانەوە

---

[٤٣] بلوریان، سەرچاوەی ناوبراو، ل١٩١-١٩٦؛ جەلیل گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردو، ب. ش، ٢٠٠٠، ل ١٨١.

[٤٤] ژین، ژمارە ١٤٤٨، ١٩٥٩/١١/١٩.

[٤٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عبدالله ئەژدەر، سلێمانی، ٢٠٠٦/٣/١٥.

پێی گوتن"ئێوه له ماڵی خۆتاندان، ئەمولاّتەولاّتی خۆتانه". جگه لەوەی بەڵێنی ئەوەی پێدان که کارئاسانییان بۆ بکات تاکووەك پەنابەری سیاسی وەربگیرێن[٤٦].

هەر لەم ماوەیەدا بوو، یەکێك لەو پەنابەرانه بەناوی(عبدالله مارف)، بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردو کۆبوونەوەیەکی گەوره به بۆنەی چلەکەیەوه له سلێمانی بەسترا. سەبارەت بەو کۆبوونەوەیه (ژین) نووسیویه "له رۆژی ٥-١-١٩٦٠ له شوێنی پەناهینەره سیاسیەکانی کوردستانی ئێران کوبونەوەیەك کرا به بونەی رابوردنی چل رۆژ بەسەر کۆچی دوایی هەڤاڵ عبدالله مارف ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ایران، شوێنەکه بەوێنەی پێشەوای مەزن کاکه کەریمو تێکۆشەر مصطفی بارزانی و شەهیدانی نەمر شێخ مەحمودو قاضی محمدو چوار ئەفسەرەکەو هەڤاڵ (عبدالله مارف) رازابووەو گەلیك دروشمی بەنرخ هەڵواسرابو وەکو بژی تۆڵەسێنی شەهیدان کاکه کەریم (پیی ناوی بۆ شەهیدانی وەتەن شیوەنو گرین نامرن ئەوانەوا له دلی میلەتا ئەژین) (بژی تیکۆشانی گەلی کورد له پێناو أشتیو دیمکراسیو سەربەخۆیی دا) هتد.

له سەعات ٣و نیوی پاش نیوەرو بەڕیوەبەری کۆبونەوەکه کاك جەمال شالی پاریزەر به دانیشتوانی راگەیان که دەقیقەیەك بوەستن به پیوه بۆ گیانی پاکی "هەڤال" عبدالله مارف و شەهیدەکانی ریگەی رزگاری... نوینەری ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ایران هەڤال احمد تۆفیق هاته بەر میکروفونەکەوه به دورو دریژ باسی تیکوشانی گەلی کوردی کرد له کوردستانی به زۆر به ایران بەستراوه وه بۆ خەلکەکەی روون کردەوه که کورد زۆر جار له ایران خەڵەتاوەو کاربەدەستانی ایران گەلیك جار تەفرەی داون هەر لەکاتی قاجارەوه تا رەزاشاو تا هەتیوەکەیووتی زۆر جار رەزاشا پەیمانی داوه به سەردارەکانی کوردستان که خۆیان بدەن به دەستەوەو هیچیان لی ناکەنوه ئەم پەیمانەی لای سەرەوەی قورئانی پیرۆز نوسیوه بەلاّم کاتیك ئەو سەرداره کورده

[٤٦] ژین، ژماره ١٤٩٣، ١٩٥٩/١٢/١٠.

هاتوته همایونی شاهەنشای گەندەل لەوی لەسەر بەرەکەی رەزا شا ئەو سەردارەیان بە نامەردیو ناپیاوی کوشتووە یەکە یەکە باسی شەهیدەکانی ریگەی ئازادی کوردستانی کرد لە ایران دا لە کونەوە تا ئەمرۆ باسی کوردستانی ایرانی کرد، ئەمجا هاتە سەرباسی ایستگەی تارانو شارەکانی تلر کەوا فرمیسك هەلئەرێژن بۆ کوردی عیراقو باش بۆ دانیشتوانی روون کردەوە کە ئەم فرمیسك هەلرشتنە فروفیلو تەلەکەبازیو دروو دەلەسەی هەیئەتی حاکمەی ایرانە،وە ئەبیت زۆر باش بزانن کە گەلی کورد ئیتر هەرگیزاوهەرگیز بەو قسە پروپوچو درویانە ناخەلەتیو گەلی کورد ریگای رزگاری خۆی دوزیوەتەوە. لە پاشا هەڤال احمد تۆفیق هاتە سەر باسی کۆماری عیراق کۆماری کوردو عەرەبوتی ئەمرو کۆماری عیراق بۆتە مولگەو بنکەی ئازادی خوازانی کوردو بۆتە قەلأیەکی سەختو پتەوی دیموکراسیو آشتیو آزادی...

ئەمجا بەرپوەبەری کۆبونەوەکەوینەی ئەو بروسکەیەی خوێندەوە کە بۆ کۆمەڵی نەتەوە یەککگرتووەکانو لیژنەی ماڧ مرۆڤو پێشەوا عبدالکریم نیراوە لەبارەی ئەو چەرمەسەریو ئازارو چەوسانەوەیەی کە ئەکرێتە سەر کۆمەلأنی خەلکی کوردستان لە ایران دا لە لایەن کاربەدەستانی کۆنەپەرستی ایرانەوە"[٤٧].

هەروەها لە ٢٩ ی نیسانی ١٩٦٠ دا، ئەحمەد تۆفیق لە سلێمانی پێشوازی لەوەفدێکی عیلمی چیکۆسلۆڤاکی کرد کە لە پرۆفیسۆر (میرۆسلاڤ زیکمانە)و پرۆفیسۆر (بیری هاتزلکاد) پێکهاتبووو سەردانی کۆمۆنی پەنابەری سیاسیان کرد. لەویٚ "باس لە چۆنیەتی نەتەوایەتیو مێژو ئاکاری میللی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانو هەروەها رابوردوی میژوی تیکۆشانو خەبات بۆ بەدەست هێنانی عادیلانەترین ماڧ نەتەوەیی کە رزگاریو ئازادیو حاکمیەتی میللەتە هاتە گۆریٚ، بە تایبەتی خصوصیەتی بزوتنەوەی کورد کە جەوهەرێکی شۆرشیو پیشکەوتوی هەیە کەوا لە سەرویستی ژیانی چینی

[٤٧] ژین، ژمارە ١٥٠١، ١٩٦٠/١/١١ .

چەوساوەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە تیکەڵاوە لە بەرهێنانی چارەنوسی نەتەوایەتی و حاکمیەتی سەربەست بەبەرینی باسکرا. . . لەووتوویژەدا گەڵێ ئاکارو کردەوەی جوانی نەتەوەکەمان هەروەها میژووی خەباتی ١٤ سالەی (حیزبی دیموکراتی کوردستان)وە یەکەم جمهوری میللی و دیموکراتی کوردستان بۆ نیازیوەفدەکە باسکرا،وە نیشان درا کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی پاكو دوستی هەمو نەتەوەیەکی سەر زەویە"[٤٨] .

هەر لەم ماوەیەدا بە بۆنەی یادی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەك بڵاوکرایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**بەیان نامە**

**بەبۆنەی (٢٥)ی گەلاویژی رۆژی تیوەرسورانی تەمەنی چواردەسالەی**

**حزبی دیموکراتی کوردستان**

**گەلاویژی (١٣٣٨) ١٩٥٩**

رۆژی (٢٥)ی گەلاویژی ئیمسال چوارده سالی رەبەق بەسەر تەمەنی"حزبی دیموکراتی کوردستان)تیپەرر دەبیت. (١٤) سال پیش لە (٢٥)ی گەلاویژی ١٣٣٤ (١٩٤٥) نوینەرانی چینەکانی زەحمەتکیشو نیشتمان پەروەری خەلکی کوردستان لە شاری "مهاباد" کوبوونەوە بریاریان دا لەسەر دامەزراندنی "حزبی دیموکراتی کوردستان" بەو جورە سەرکردەو پیشەوای خەباتی رزگاری خوازانەی خۆیان هەلبژارد.

زور بەسەر تەمەنی حزبەکەماندا تیپەرر نەبو کە حزب ریزەکانی خەلکی هاندا بو رامالینو رەپیچەکدانی هیزی داگیرکەری تاران لە کوردستان. هەر لە پیناوی ئەو بریارە شار بەشارو دی بە دیو سەنگەر بە سەنگەر وولات لە تالان

[٤٨] ژین، ژمارە ١٥٢٧، ١٩٦٠/٥/٥ .

کەران خاوین کراوە. نەتەوەکەمان بو چەندەم جار بە هیزی چەك‌و کوتەك‌و داسی جوتیاری کورد بە چاوی بی ئیمانی‌و بی جەوهەری سوپای غەدرو زورداری داگیرکەرانی دیت. بە دوای ئەو سەرکەوتنەدا لە(٢ی ریبەندانی-١٣٢٤)کونگرەی هەوەلی حزبی دیموکراتی کوردستان لە نوینەرانی حزبی شارەکان لە ماکوو ورمیە-تا- کرماشان‌وە بە حزوری نوینەرانی سیاسی پارچەکانی تری کوردستان (تورکیا‌و عیراق‌و سوریا) لە شاری مەهاباد کوبوەوە بە تیکرایی دەنگیان دا بۆ دامەزراندنی جەمهووری میللی دیموکراتی کوردستان"وە لە ٢٦- سەرماوەرزی -١٣٢٤ ئالای جەمهورریەتی کورد لە شاری "مهاباد" بە حزوری نوینەرانی حزبی تودەی ئیران‌و فرقەی دیموکراتی ئازربایجان‌وە پارچەکانی تری کوردستان هەلکرا. وەبەو جورە نەتەوەکەمان لە میژووی ژیانی سیاسیدا بو هەوەل جار ئالای جەمهوریەتی خۆی بە سەرکردەیی‌وە پیشەوایی(حزبی دیموکراتی کوردستان) بەرزکردەو. ئەو جەمهوریەتە تەنیا سالیکی دەوام کرد حکومەتی تاران بە پشت ئەستوری ئیمپریالیستەکان‌وە بەتەدبیری پیشو هروژمی پروپاگندەو کەلەکوفیلیان بۆ لەناوبردنی "حکوموتی میللی دیموکراتی کوردستان" دەست پی کرد.

حکومەتی تاران بەلای عالەم‌و سازمانی نەتەوە یکگرتووەکان بە هەزاران عەهدو پەیمان‌و قەولدان‌وای نواند کەبو چاوەدیری کردنی هەلبژاردنی خەلك بەرەو ئازربایجان‌و کوردستان دەچیت.

بەلام دیسان نەتەوەکەمان بۆ چەندەم جار فیل‌و کەلەك‌و بەدقەولی دابوو دەزگای گەندەلی حکومەتی تارانیان بە چاو دیت کە چلۆن بەناوی هەلبژاردن‌وەك درندەو سوپای مەغولی یەکان بەربوونە کوشتن‌و بررین‌و حەپس‌و دوورخستنەوەی رولەکانی بەشەرەف ئازربایجان‌و کوردوە چەنگورکی خۆیان تابن پیلان بە خوینی شەهیدانی کوردو ئازربایجان سورکرد.

کوچك‌و کەلەکی دابوو دەزگای پاشایەتی لە ئیران هەر لە زووەوە لەسەر بناغەی فیڵ‌و هەلخەلەتاندن‌و بەدقەولی راوەستاوە.

مەگەر نوینەرانی حکومەتی تاران پشتی قورئانیان بۆ سەرداری کورد "سمکۆ"وە هەروەها بۆ مەزنەکانی عەشیرەتی نیشتمان پەروەری مەنگور "باپیراغا"ی گەورەو "هەمزاغا"وە عەشیرەتی هەورامی مۆرو ئیمزا نەکرد؟ وە بە قەولی خۆیان ئاشت نەبونەوە؟بەلام دیتمان چلۆن لەناکاووە بەدزی دەستریژیان کردن ووە زۆر بە نامەردی کوشتیانن. بەلام نەتەوەکەمان نە بەو کوشتو کوستارە نە بە حەپسو سیدارەو دوورخستنەوە، کولی نەداوەو کولیش نادات، هەروا پیش مانگیك حکومەتی تاران پاش ماوەیەك کوردلاواندنەوە خوحەشاردان، دەستی بە رەش بگیری کردوە لە قازیو مەلا بگرە تا رەیس عەشیرەتی نیشتمان پەروەر بە جوتیارو زەحمەتکیشی شارستانیەوەخستۆتە ناو گرتوخانەوە.

حکومەتی گەندەلی ئیران باشە لە میژوو لە رابردوو دەرسو پەندوەرگری ئایا کوشتو کوشتارەکانی کردیوە یا سیدارەکانی هەلی خست خەباتی ئیمەیوەستاند ؟هاریو پەشۆکاوی حکومەتی تارانو ئەو چەند سوپایەی کە لە کوردستان رایگرتووەوەلامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە.

ئیستا لە شارەکانی مەهابادو سەردەشتو بانەووورمیو ماکوو قەسری شیرینو ناوچەی خانی بە قەد نیوەی خەلکی ئەو ناوچانە سەربازو سوپای پرچەکی بە سەرکردەیی ئەمەریکایی یەکان تیدا راگیراوە.وەرهرام لە مەهاباد دەولەتیکی لە پەنا دەولەتی تاران دامەزراندوە ئەوەی پی خۆش بی دەیکاوە لە زۆر جیگایان بە شانازیەوە دەلی ئەوەی من بیلیم قانونە. جاری بەکردەوەشوای لی کردوە. پیاوکوژان لە گرتوخانەکان ئازاد دەکا، دەرکی بەندیخانەکانی بە روی قازیو مەلاو رەئیس عەشیرەتی نیشتمان پەروەرو جوتیاری بی تاوان بەشەرەف ئاوالە کردوە. تەواوی ئەو حەولو تەقەلاو بی عەدالەتی بووەیە کە نەتەوەکەمان لە خەبات بوەستینن وە یان لانی کەم بە هەلخەلەتاندن لە ریگای لابدەن بەلام ئەو ئاواتە ناپاکە نایەتەدیو دەبی بنیژری.

نەتەوەکەمان تاقە ڕێگای ڕزگاریو خۆشیو بەختیاری دوارۆژی دەیەکگرتنو تەبایی ریزەکانی خۆی لە ناو حزبی دیموکراتی کوردستانوە هاوکاری دەگەل نەتەوەکانی فارسو ئازربایجان دۆزیوەتەوە.

خەباتی تیکرایی ئیمە دەگەل نەتەوەکانی فارسو ئازربایجانو ئازادی نەتەوەکانی ئیران لە خەباتب نەتەوەکەمان بۆ ڕزگاریوسەربەخۆیی وە حاکمیەتی نەتەوایەتی کورد جیا نابیتەوە.

وەوەدیهاتنو سەلماندنی ئازادی نەتەوەکانی ئیران بە دوژمن بە تیکرایی لە ژیر شیعاری زیدی ئیمپریالیستی خۆی هەنگاویکی بەرچاوە بۆ نزیك بوونەوە لە قۆناغی ئاواتی گەورەی نەتەوەکەمان کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەتی.

هەر بەم جۆرەش ئەگەر نەتەوەکەمان لەو هەولو دەورە لەبارەی کەوا بۆ ڕزگاریو سەربەخۆییولاتەکەی لە پیشیەتی ببزویوەدەست بەکار بی بۆ خاوین کردنەوەیولاتی لە هیزەکانی داگیرکەری تاران کە بە پشت ئەستوری ئیمپریالیستەکانو کۆنەپەرستان خۆی بەسەرولاتی ئیمەدا بریوە هەنگاویکی بەحەقو پیرۆزە بۆ هەموو نەتەوەکانی عالەموە بە تایبەتی دەس کەوتو سەرکەوتنیکە بۆ نزیکی لە قۆناغی ئازادی نەتەوەکانی فارسو ئازربایجانوە هەروەها هەنگاویکی بەرچاوە بۆ روخاندنی دابودەزگای زۆرداری حکومەتی تارانوە دەسەلاتی ئیمپریالیستەکان.

لەو هەلوکاتە باریکە لەبارەیوا بۆ بزوتنەوەو ڕاپەرین بالی بەسەر نەتەوەکانی ئاسیاو ئەفریقادا کیشاوەوە دواین بروسکەی ئەو بزوتنەوانە خۆی کیشاوەتە قارەکانی ئەمریکاوە تەمو تارمایی سەرەمەرگی ئسیتعماروە داگیرکەری لیان بۆتە بەلای مەرگ ئەو هەولو دەورە ئەرکیکی میژوییو گرنگی خستۆتە بەر هەنگاوی هیزەکانو حزبەکانی پیشکەوتووە شورشگیری ئیران.

لەووەختەدا کە نیشتمانی ئیمەوە نەتەوەکانی فارسو ئازربایجان لەلاەین حکومەتی تارانەوە لە دوو لاوە بە هۆی پەیمانی نیزامی (عەسکەری) بەغدای

کۆن‌وه پەیمانی نیزامی ئیران‌وه ئەمریکا به ئیمپریالیستەکانەوه سەربەست کراوه.

لەو کاتەدا که شۆرشی (٢٣)ی پوشپەری (١٤ی تەمووزی) سالی رابردوو به سەرۆکایەتی قارەمانی نیشتمان پەروەر کاك عەبدولکەریم قاسم‌وه هیزی سوپاو گەل بربرەی پشتی پەیمانی بەغدای تیك شکاندوه لەق‌و لوقی‌ویی زیاتر کردوه له پەناو جیرانی ئیمه ئالای جەمهوریەتی عیراقی ئازادو دیموکرات دەلەرێتەوه. . . هاونیشتمانانی خۆشەویست!!

رەورەوەی میژووی نەتەوەکەمان ئەرکیکی پرر ئۆبال بۆ تیکۆشان‌وه ئازایەتی خستۆتە ئەستۆی رۆلەکانی دەوری نوی کورد.

نرکەی ئەو جوانمیرانەی کەوا (٥) ساله له "جەزایری" له ناو سنگەردان بروسکەی شۆرشی کوباوه تریشقەی بەرەبەیانی شۆرشی ١٤ی تەمووزی عیراق که پەیمان‌وکۆشکی شایەتی روخاند، کاپەو بلیسەی ئەو راپەرینانه ئاسۆی رزگاری نەتەوه زۆر لیکراوەکەمانی زۆر زیاتر له پیشو رووناك‌وه درەوشان کردەوەوه به جوریکی هەست پی کراو بانگمان دەکا بۆ خەبات‌و ئازایەتی‌و یەکگرتن بۆ ریکەوتن تا سەرکەوتن.

حزبی دیموکراتی کوردستان به پەیرەوی شیعاری نەتەوایەتی‌وه ئەستاندنی لانی کەمی مافەکانی نەتەوایەتی له تەواوی چینەکانی نیشتمان پەروەری کورد، کریکاران، جوتیاران، پیشەسازان، رووناك بیران‌وه عەشیرەتەکانی نیشتمان پەروەر دەگیریتەوه که به هەموو ئازایەتیەکەوه تیبکوشن بۆ:

١-ناساندنی نەتەوەکەمان له قانونی ئەساسی ئیران دا به ناوی "میلەتی کورد"وه خویندن به زمانی کوردی له مەدرەسەکان.

٢-سەلماندنی حاکمیەتی نەتەوایەتی له رۆلەکانی بەشەرەفی کورد له چوارچیوی‌ەی ئیران داوه سەریەك کردنەوەی نیشتمەنگای کوردان له ئەستانەکانی "ئازربایجان، کوردستان، کرمانشا، لورستان،‌وه ناوچەکانی تری

کوردنشین له خواروی رۆژئاوای ئیران بەناوی "کوردستان"وه دامەزراندنی مەرکەزی یەتیك بۆ ئیدارەو چاودیری ناوچەی کوردستان.

سەرخستنی ئەو شیعارانە هەنگاویکی گرنگە بۆ رزگاری لە برسیەتیو ناتەواویوویرانیوولاتەکەمان تاکوو خۆمان بەسەر خۆمان رانەگەینوولاتمان هەروەکی کاولکراوە کاول تر دەبیت.

بۆ پیشەوەبۆ خەبات بۆوەدی هینانی ئاواتی جوانو عادیلانەی نەتەوەکەمان لە پیناوی ژیانیکی خۆشو بەختیارو سەربەستدا.

پیرۆز بی رۆژی ٢٥ی گەلاویژ رۆژی دامەزراندنی "حزبی دیموکراتی کوردستان".

بەرقەرارو پرر توانا بیت هیزەکانی شۆرشگیرو نیشتمانی نەتەوەکانی ئیران لە پیناوی بەرەیەکی یەکگرتووی زیدی ئیستیعماری دا.

بژی حیزبی تودەی ئیران.

بژی فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان

بژی حیزبی ئیرانو حیزبەکانی تری نیشتمان پەروەرو زیدی ئیستیعمار.

سلاو بۆ پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان رەهبەری خەباتی نەتەوەکەمان لە کوردستانی عیراق.

سلاو بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان رەهبەری خەباتی نەتەوەکەمان لە کوردستانی بە تورکیا بەستراو.

سلاو لە "پارتی دیموکراتی کوردستان" لە کوردستانی بە سوریا بەستراو.

پتەوترو بەرینتربیت بەرەی ئاشتیو دیموکراتی بەسەرۆکایەتی یەکیتی سۆڤیەت.

دەوامو بەقا بۆ جمهوری بەتی عیراق دەپیناوی ئاشتیو برایەتیو دیموکراتی دا.

سلاو بۆ نەتەوەی چەك بەدەستی جەزایر کە دە پیناوی رزگاریولاتیان کول نادەن تا سەرکەوتن.

**سلاو بۆ کوبای ئازادو رزگار.**

**بژی ئاشتی بەلردەوام ئاواتی گەلان.**

**کۆمیتەی سەرکردەیی حزبی دیموکراتی کوردستان**

**پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکرێت، کە ژیانی پەنابەرانی کوردی رۆژهەلأت، رۆژ بەدوای رۆژ ناهەموارتر دەبوو، بەتایبەت ژمارەیەکی کەم لەوانەوەك پەناهەندەی سیاسی‌وەرگیران‌و ژمارەیەکیشیان لە کوردستان دوورخرانەوە بۆ باشووری عێراق. یەك لەو دوورخراوانە کە رەوانەی شاری (ناسرییە) کرابوو، ناوی(عبدالقادر محمد) بوو کە لە سکالأ نامەیەکیدا بۆ رۆژنامەی (دەنگی کورد) ی ناردووە، بەتوندی ناڕەزایی دژی دوورخستنەوەی خۆی دەربڕیوەو دەڵێت: "ئەو بەندیخانەیەی لەدەستی رای کردوە خۆشترە تا ئەم ژیانی رزگاری یەی"[٤٩]. مەسەلەیەکی‌وا کە بەشێکی زۆری ئەو پەنابەرانەی ناچار کرد بۆ رزگاربوون لەو ژیانە سەختە، خۆیان تەسلیم بە رژێمی شاهەنشاهی بکەنەوە[٥٠].**

**ئەحمەد تۆفیق، خەمخۆری یەکەمی باری نالەباری پەناهێنەران‌و بارودۆخی شێواوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە نامەیەکیدا کە لە بەرواری ٥ ی ئایاری ١٩٦٠ دا بۆ مەلا مستەفای بارزانی نووسیوە، سەبارەت بەوەزعی پڕ ئێش‌و ئازاری پەناهێنەرەکان دەنووسێت: "بەراستی گەیشتوتە حالیکی لەلەگە چون بەقەد سەری دەرزی کەرامەتی سیاسی‌و ئینسانیان پی‌وە نەهیشتوین حالیکی پر پەرۆش‌و سوتینەر بالی بەسەردا کیشاوین هەر ئەوەندە بەس کە**

---

[٤٩] دەنگی کورد، رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆیە، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٦، ١٩٦٠/٨/١٥ .

[٥٠] هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٢، ١٩٦٠/٨/٢٩

بزانن براكانی جگەرە خۆرەن چونكو قادر بە كرینی جگەرەو توتون بۆیان نین لە بەر سەرئیشەی نەكیشانی جگەرە بەدایم لۆچی دەستیان پررە لە حەبی سەرئیشەو ئاسپرینو پاراسیت كە دەرمان خانەی سەرچنار بە خۆرایی دەیان دەنی.

بۆخۆشم كەلینم لە خۆم بریوە هەتا ایستا لە شاری سلیمانی زیاتر لە /١٥٠٠ دینار قەرزدارم لە بەغدایەكە/٦٠٠ دینار نازانین چی بكەین نایەلن بلاویان بكەمەوە لە دیهات،و شاروكەكانی دەوروبەری سلیمانیە فەلاحەتو كاربكەن. . . لیرەش هیچ كەس ناپرسی لە حالمان تا ایستا دوو جار بە دریژی رۆژ چوم اسكان تا ئیستاش هەر دیداری كاك عەونی نەبوو. لە برادەرانی پارتیش گەریَ.

مامۆستا گیان نەك بە پی خۆش بوونی خۆم بەڵكو بەواجبیكی قەومی و حزبی ئەموەزعە دەخەمە بەر نەزەری ئیوە دەزانم دەردو نارەحەتی ناوچە زۆر دەورەی داون بەلام سەرەرای ئەوەش داخوازم ریگایەكمان بۆ كیشە تا تیدا هەنگاو هەلینین چونكو ئەگەروەزع بەوە لە كە ئیستا هەیە بروات وابزانم شتی وا بخوڵقیت كە ببێتە هۆی نارەحەتی هەر كوردیكی دڵسۆز"[51].

(حیسامی) لە بیرەوەرییەكانیدا نووسیویە"لەو بەینەدا هاتینە سەر ئەو فیكرە كە یارمەتییەك بۆ حیزب كۆبكەینەوە. ئەحمەد تۆفیق پرسی بە مەلا مستەفا كردبوو. كارتێكی سازكردبووویێنەی مەلامستەفاو قازی محمەدو شێخ رەزاو شێخ سەعیدو شێخ مەحمودی لە دیویك چاپ كرابوو. . . پاشان كارتەكەی بردبوە لای مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق. ئەو دەم هەمزە عەبدولا، نیژاد ئەحمەد عەزیز، خسرەو تۆفیق، ساڵح حەیدەری ئەو دەستەیە ریبەری پارتی بوون. ئەگەر بە جۆرێكی دیكە بیڵێن باڵی چەپی پارتی لە سەر كاربوو. هەمزە عەبدولاو مەكتبی سیتسی ئەو كارەیان بە كردەوەیەكی

[51] وەرگیراوە لە: البارزانی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٢٦٤-٢٦٥ .

ناسیونالیستی دانابوو پەسەندیان نەکردبوو. تەنانەت نامەیەکیشیان نەدابویە کە لە کوردستان رێکخراوەکانی پارتی یاریدەمان بدەن"[٥٢].

شایەنی باسە، فەزای سیاسیو کۆمەڵایەتی باشووری کوردستانو عێراق تا دەهات بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشت. بە تایبەتی دوای توندو تیژ بوونی ململانێی نادیموکراتیکیو ئیدۆلۆژی دەمارگیرانەی نێوان رێکخراوە سیاسییەکانو هەوڵکانی قاسم بۆ قۆزتنەوەیان بە مەبەستی تۆکمەکردنی حوکمی دیکتاتۆرییانەی خۆیو خۆدزینەوەی لە بەڵێنو بڕیارە رەسمییەکانو جێ بەجێکردنی ناوەرۆکی دەستوور سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی کورد.

ئەوەی لەسەرەتادا لە باشووری کوردستان کاریگەری هەبوو بریتیبوو لە ناکۆکی نێوان پارتیو شیوعی، شیوعییەکان کە لە پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتی کوردو بەرینبوونەوەی رێکخراوەیی پارتی لە کوردستان دەسڵەمینەوە، گەلێك رێگای چەوتو ناشایستەیان گرتەبەر بەمەبەستی رێگرتن لەو پەرەگرتنە، هەرلە پرۆپاگەندەی ناشرینو ناوو ناتۆرە دۆزینەوەو بریندارکردنی هەستی نەتەوەیی کورد تا پەلاماردانو هێرشکردنەسەرو لێدانی ئەندامە چالاکەکانی پارتی لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی کوردستان، ئەوەشی سەنگی پارتی لە ململانێکەدا سووکتر دەکردو سیاسەتی شیوعییەکانیوەپێش دەخست، باڵی چەپی رێبەرایەتی پارتی بوو کەوەك شیوعییەکان بیریان دەکردەوەو تێکڕا بە گەزوجاوی تیۆرەکەی (ستالین) نەتەوایەتیی بوونی نەتەوەی کوردیان دەپێواو لە هەوڵی ئەوەدا بوون تەواوی رێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی بکەنەوە بەنێو شیوعیدا. مەسەلەیەکیوا کە تەواو دڵسۆزانی کوردی نەتەوەیی دڵگران کردبوو[٥٣] .

لەوسەروبەندەدا، حیزبی تودەی ئێرانیش بەمەبەستی ماسی گیریی لە ئاوی لێڵ دا هاتبوونە بەغداو پارەوپولێکی باشیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

---

[٥٢] حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٧، ل ٥٨-٥٩.

[٥٣] نبز، جمال، حول المشكلة الكردية، المانيا، ١٩٦٩، ص ٤٧-٥٥.

(حیسامی) لەوبارەیەوە نووسیویە"لەم بەینەدا دکتۆر رادەمنیش سکرتێری حیزبی تودەی ئێران چەند ئەندامێکی حیزبی تودەی هێنابووە بەغدا بەونیازە بەڵکو بتوانن لە ئێراندا تەشکیلاتی حیزبی زیندوکەنەوە، هەر لە کاتەشدا هەوڵیان دەدا کەلەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بگەنە یەك، بەو مانایە بە بیروباوەڕی ئەوان دەبوایە حیزبی دیموکرات ببێتە رێکخراوی حیزبی تودە لەکوردستان. یەك دوو کەسیان لە باکۆوە هاتبوون بە داخەوە بە هیچ جۆر لە مەسەلەی نەتەوایەتی تێ نەدەگەیشتن. بەڵام پیاو حەق بڵێ لە چێشت لێنان و میوانداری هاوتایان نەبوو. زۆر جار ئێمەیان بانگ دەکرد بۆ نان خواردن بەو هیوایەش مەسەلەی حیزبی دیموکرات یا مەسەلەی کورد لە ئێران هەر بەو کۆبونەوانە چارەسەر دەکرێ. نێوانی ئەحمەد تۆفیق و قاسملۆ تا دەهات ناخۆشتر دەبوو ئەحمەد تۆفیق دەیگوت رەحمان لەگەڵ حیزبی تودەیەو دەیەوێ حیزبی دیموکرات لەبەین بەرێ. دیارە هێندێك هەڵوێستی قاسملۆ ئەو فیکرەی لە نێو برادەرانی دیکەدا بەهێز کردبوو. قاسملۆ زۆر کەم دەهاتە لای ئێمە. پتر لەگەڵ تودەییەکان یا لەگەڵ نیژادو هەمزە عەبدوڵلا بوو. . . لە راستیدا پەیوەندی بە حیزب و تێکۆشانەوە نەبوو. بەڵام هەر لەو کاتەشدا دەیگوت بڕیارمان داوە(دیار نەبوو کێ بڕیاری داوە) کە ئەحمەد تۆفیق بچێتەوە بۆ ئێران لە ناوچەی سنە کاری حیزبی بکا. بەڵام یاخی بووەو ناگەڕێتەوە"[٥٤] .

هەروەها (تاڵەبانی) لەوتووێژێکیدا دەڵێت: "ئەووەختە خیلاف هەبوو لە بەینی ئەحمەد تۆفیق و قاسملو، یەکتریان ئیتهام دەکرد، ئەحمەد تۆفیق قاسملوی بە خائین و جاسوس ئیتهام دەکرد، دەیگوت چۆکی داداوەو ساواکییەو لە بەرامبەر تەیمور بەختیار بەرائەتی داوەو لەوشتانە، ئەویش ئەحمەد تۆفیقی ئیتهام دەکرد بە کابرایەکی سەرکەشی سەرلێشیواوی هەڵەشەو ئەوانە. . . قاسملو لە گەڵ ئێمە هیچ بەینی نەبوو، کە قاسملو دەرکرا حیزبی شیوعی پەنای دابوو، قاسملو ئەووەختەش تودەیی بوو. . . حیزبی تودە لە بەغدا بوون، ئەو

---

[٥٤] حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی دووەم، ل ٦٥ .

لەگەڵ حیزبی تودە بووو یەکێك لە توهمەتەکانی کە ئەحمەد تۆفیق لەسەری بوو دەیگوت قاسملو تودەییەو ئەووەخت دکتور قاسملو لەگەڵ تودەییەکان بوو جگە لەوە لەگەڵ تودەییەکان بوو لەگەڵ حیزبی شیوعی بوو، یەعنی لەگەڵ ئێمە ئەسڵەن مەرحەباشی نەبوو" [٥٥].

لەراستیدا، مەسەلەکانی پابەند نەبوون بە بڕیاری حیزبیو پەیوەندیکردنەوە بە تودە، گیرانەکەی تارانو پەیمانی هاوکاری بە ساواك، ناکۆکی سەفەرەکەی ئەوروپاو رێگری لەبەردەم چوونی ئەحمەد بۆ ڤیستڤاڵی لاوان لە مۆسکۆ،وەك(حیسامی ) لە دەمی ناوبراوەوە نەقڵی کردووە "رەحمانی قاسملو. . . بە فێڵ منی بردبووە ئوروپا کە بە حیزبی تودەم بفرۆشێ" [٥٦]. ، هەروەها شالأوەکەی ساواكو خیانەتی سمایلی قاسملو، گەڕانەوەی قاسملوو هەڵسوکەوتی هەمیشەیی لەگەڵ (د. رادمنیش)و شیوعییەکانو نێوان گەرمی لەگەڵ باڵی کۆمۆنیستی پارتی. تێکڕای ئەوانە ئەحمەد تۆفیقی لەبەرامبەر رەحمانی قاسملودا زیاتر تیژ دەکرد. وەك (بلوریان) دەڵێت: " کە ئەحمەد تۆفیقو قاسملو لە باشووری کوردستان ناکۆکیان لێ پەیدابوو، ئەحمەد تۆفیق بەچاوی قاسملۆی دا دابۆوەو گوتبووی"غەنی راستی دەکردو ئێمە لە بارەی تۆدا بە هەڵە چووین" [٥٧].

لەکتێبی (نیو سەدە تێکۆشان)، مامۆستا(عبدالله حسن زادە) هەوڵیداوە لە ژێر سەردێڕی( راستو چەپ، یان سەربەخۆوبەستراوە)، جەوهەری ناکۆکی ئەو دەمی نێوان ئەحمەد تۆفیقو قاسملۆ روون بکاتەوە، بەرێزی بە پێچەوانەی داڕشتنی سەردێڕەکە، کە دەبێت راست سەربەخۆ بێتو چەپ بەستراوە بێت، قاسملۆی بە لایەنگری سەرسەختی سەربەخۆیی سیاسیو سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو ئەحمەد تۆفیقیشی بە کلکایەتی بۆ

---

[٥٥] ء تووێژ لەگەڵ مام جەلال تاڵەبانی، لە: کەریمی، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٣١٤-٣١٦ .

[٥٦] حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی دووەم، ل ٢٧ .

[٥٧] بلوریان ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٥٦ .

پارتیو مەلامستەفا ی بارزانی لەقەڵەم داوە [٥٨] کەلەبنەڕەتداوانییە. چونکە نە قاسملۆی تودەیی سەربەخۆخوازبوو، نە ئەحمەد تۆفیقیش ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ.

(فاتح رەسوڵ) یش، لەوبارەیەوە کەوتۆتە هەڵەوە کە نووسیویەتی گوایە ئەحمەد تۆفیق لەو رۆژگارانەدا "بەیاننامەیەك بە ناوی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە گۆڤاری (هیوا) دا کە لەبەغدا دەردەچوو بڵاو دەکاتەوە ووایپێشان دەدات کە سەنتەری سەرکردایەتی کارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایە"[٥٩].

لەراستیدا، نووسراوەکەی ئەحمەد تۆفیق نە بەیاننامەیەو نە بەناوی خۆشی ناردوویەتی نەباسی خۆشی تێدایە، بەڵکو نووسراوەکە ناوی نووسەری بەسەرەوە نییەو لەژێر ناونیشانی (نامەیەك لە کوردستانی ئێرانەوە) یە، کەباسی خەباتو تێکۆشانی کڵپەسەندووی گەلانی ستەمدیدەو ژێردەستی جیهانی سێهەم دەکات لەپێناوی ئازادییو سەربەخۆیی دا. پاشان دێتە سەر گۆڕانکارییەکانی عێراقو روخاندنی رژێمی پاشایەتیو باس لە قازانجی هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب دەکات لەو گۆڕانکارییانەو هەڵوێستی جولانەوەی نەتەوەیی کورد لە جولانەوەی نەتەوەیی عەرەب روون دەکاتەوە. ئەو مەسەلەیەی کە عبدالرحمن قاسملووەك مارکسیستێکی تودەیی دابوویە بەر رەخنە [٦٠].

ئەحمەد تۆفیق لە نامەکەیدا دەڵێت: "تیشکی رۆژی رزگاری گەلانوا دەمیکە رووناکترو بەتین تر لەپیش خۆی دەنوینی. بەدریژی میژوی ژیانی ئینسانو بە پی ی یاسای تەبیعی کۆمەلایەتی چینەکانو نتەوەکانی عالەم هەردەم لەخەباتو تیکۆشاندا بوون. . .

---

[٥٨] حسن زادە، عبداللە، نیو سەدە تێکۆشان، ئاوڕێك لە خەباتو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، گەلاوێژی ١٣٧٤ی هەتاوی، ل ٢٧-٢٨ .

[٥٩] رەسوڵ، فاتح، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٠٥ .

[٦٠] حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی دووەم، ل ٥٨ .

وابەقەد نیوقەرن دەبی کە بەرینی ئەو تیکۆشانە دەوری گۆڕاندوەوە بەبۆنەی بلاوبونەوەو پەرەی بیروباوەری ئینسان دۆستانەو مەرامو ئامانجی ئازادیخوازانە لە عالەم دا ئەو نەتەوانەی رزگاربوونو یان لەسەر پلەی دوایی رزگاربوونن پاش ئەوەی کە سەربەست بوونو دەسەلاتیان بە دەستەوەگرت ئتر بیجگە لەوەی هیزی داگیرکەری لەناو ئەو نەتەوانەدا ناتوانی خۆی دەرخات، بەڵکو بەشی زۆری ئەو نەتەوە رزگاربوانە دەبنە پشتو پەنای نەتەوەکانی یەخسیرو یاریدەو بەو بۆنەوە بۆ پساندنی زنجیری دیلی هانیان دەدەن. . .

وا ئیستا نەتەوەکانی رزگاربوی عیراقو میسرو زۆر نەتەوەی تریش یاریدەی گەلی تیکۆشەرو دەست بەچەکی جەزائر دەدەن کە قارەمانانە بۆ رزگاریو سەربەخۆیی نیشتمانیان قۆڵیان لە ئیستیعمارگەرانی فەرانسە هەل مالیوە وە دەخوازن بە سەربەستی بژین.

وەیان لەکاتێکدا کە کاگیرکەرانی انگلیزو فەرانسە لەگەڵ ئیسرائیل هارکراوی رۆژهەلاتی ناوەراستی ئیمپریالیزم کە هروژمی خۆیان بردە سەر نەتەوەی رزگاربووو ئازادیخوازی میسر دیمان چۆن نەتەوەکانی چینو سۆڤیەت پیاوانە لەگەڵ نەتەوەکانی تروەکو سوریا، هیندو ئەندەنیزیا. . . دەنگی پشتیوانی خۆیان لە بەرهەڵستی نەتەوەی میسر بە ئیمپریالیزمو هیرش بەران راگەیاند. . .

جا کەوابو لەئەنجامدا بەوە دەگەین کە ئیمرۆ لەعالەم دا بەرەیەکی بەرینو بەهێز لە نەتەوەکای رزگاربوو پیك هاتوەوە لە بەرامبەر داگیرکەراندا بۆ یاریدەو هاندانی نەتەوەکانی ژێرچەپۆكوەك قەلایەکی نەروخ راوەستاون.

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە میژووی گۆرران (تحول) لەو چەند سالەی دوایی دا ئەبینین لافاوی شۆڕشو هروژمی رزگارکوری لە قەراغ گۆمەکانی ئەندونیزیاو ڤیتنام دا تاکو قەراغ گومی میدیتەرانەو لەوێوە لە لبنانو قبرس رابگرە تاکو رۆژاوای مەراکشو نیجیریان داگرتوەوە لەویدا خۆی کیشاوەتە ناو جەرگی بازاری ئیمپریالیزم یانی ئەمەریکای خوارو. بەکورتی قارەکانی ئاسیاو

ئەفەریقا تێکڕا راست بوونەوەووا خەریکە کەلاکی پیس‌و بۆگەنی ئیستیعمار کە دیاری ئەوروپای شارستانی بۆ خەڵکی قارەمانی ئاسیاو ئەفەریقایە بە یەك جاری بینیژن. "[61].

هەروەها سەبارەت بە روخاندنی رژێمی پاشایەتی‌و جولاّنەوەیی ناسیونالیستی عەرەب دەڵێت: "شۆرشی پیرۆزو سەرکەوتوی عیراق کە لاپەرەی رەشی دەورو زەمانی فیصل‌و عبدالاله داداشی ئاغاکانی قەراغی چۆمی تایمزو لندن‌و نوری سعید خائنی ژمارەیەکی رۆژهەلاّتی ناوەراستی ئیستعماری دراندوە ئالاّی بەرزو پر شانازی جمهوری عیراقی لەسەر کوشکی شاهی کە مولگەی کۆبونەوەکانی پەیمانی کۆنی بەغدا بو داکوتا. وەبەشیك لە نەتەوە پچرپچرکراوەکەمان کە کەوتۆتە عیراقەوە لەژیر سیبەری ئالاّی جمهوری عیراق دا هێندێ ماف نەتەوایەتی ستاندوە جمهوری لە قانونی اساسی نەتەوەی کورد لە گەڵ نەتەوەی عەرەب لەولاّتی عیراق دا بە شەریك دەزانی ئەو کردەوەو کردەوەکانی تر دەری دەخا کە ناسیونالیزمی عەرەب کەوتۆتە سەرباری ناسینی ماف کوردو باریدەی نەتەوەی کورد بو رزگاری‌و سەربەخۆیی کوردو کوردستان.

دیارە کاربەدەستان‌و بەڕیوەبەرەکانی ناسیونالیزمی عەرەب لە گرتنەبەری یاریدەی نەتەوەی کورد بۆ رزگاری‌و سەربەخۆیی باشترین رێگای سەرپانکردنەوەی ئیستیعمارو نۆکەرانی ئیستیعماریان هەڵبژاردوە. ئەو رێگایە هەر ئەوەندە کە بەقازانجی گەلی کوردە قازانجی نەتەوەی عەرەبیشی بەبەرچاوی تێدایە. رووناکە کە نەتەوەکەمان لە هەر چوارپارچە دابچرراوەکاندا بەچاوێکی زۆر حورمەتاویەوە دەروانێتە جولاّنەوەی نەتەوایەتی عەرەب کەوا کەوتۆتە سەر باو پەیتا پەیتا ولاّتەکانی عەرەب رزگار دەکات‌و تارمایی ئیستیعمار لە رۆژهەلاّتی ناوەراستدا دەخاتە گۆمەوە"[62].

---

[61] هیوا. گۆڤارێکە بۆ بەختیاری‌و بەرزکردنەوەی پلەی زانیاریت تەرخان کراوە، ساڵی ٢، ژمارە ٦-٧، کامونی دوەم ١٩٥٩، ل٣٧-٤٠ .

[62] هەمان سەرچاوە، ل ٤٠-٤١ .

لەمەڕ هەل‌و مەرجی نەتەوەیی کوردو ئەرکە سەرەکییەکانی لەو قۆناغەدا، ئەحمەد تۆفیق نووسیویە"کاربەدەستانی دەزگای دەوڵەتەکانی تاران‌و ئەنقەرەو بەغدای کۆن بەتایبەت هی ئەنقەرەو تاران زۆریان تەقەلادا کە کورد لەناو نەتەوەکانیاندا بتویننەوەو زمان‌و کارو کردەوەی تایبەتی کوردایەتیان لەناو هەڵگرن. هەر بۆیەیشە زۆر بەتوندی بەرهەڵستی زۆر داخوازی نەتەوەکەمان لە تورکیاو ئیراندا بۆ خویندن بەزمانی کوردی دەکرا کەوا ئیستەش هەر بەردەوامە لە کاتیکدا هەر لە زوەوە نەتەوەکەمان بە خەباتی خۆی ئەو مافەی لە دەزگای دەوڵەتەکانی سەر بە ئیستیعماری پیشووی عیراقی ئەستاندوە لە ئەنجامدا کورد لە هەر چوار پارچە داپچڕاوەکاندا زمان، کردەوە، ئاکارو هونەری خۆی پاراستوەووەك میللەتیك ماوە. نەتەوەی عەرەب زۆر بە برایەتی‌و دۆستایەتی لەگەڵ نەتەوەکەماندا بەریوە دەچوو بەتایبەتی ئیستە بەبوونی حکومەتیکی میللی ئەو حورمەتو برایەتیە زۆر بەهێزتر بوە. تەقەلای دەزگای دەولەتەکانی تورکیاو ئیران بۆ تواندنەوەو پەرش‌و بڵاوکردنەوەی نەتەوەکەمان‌و هەروەها تەقەلا بۆ لەبەین بردنی ماف نەتەوایەتی میللەتی کورد گەورەترین خیانەتە بە ئامانجی دۆستایەتی نەتەوەکانی فارس‌و تورك لەگەڵ نەتەوەی کوردو قەت لەلایەن نەتەوەکانی تورك‌و فارسەوە پشتیوانی نەکراوە بەڵکو بەدایم بیری نەتەوەکانی فارس‌و تورك بە پێچەوانەی تەقەلای دەزگای دەوڵەتەکانی سەر بە ئیمپریالیزمی تورکیاو ئیران بوە"[٦٣].

سەبارەت بە حیزبی دیموکراتی کوردستان یش، ئەحمەد تۆفیق لە نامەکەیدا دەڵێت: "هاونیشتمانی خۆشەویست: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەتەواوی چینەکانی میللەت لە کریکاران‌و لادییەکان‌و پیشەوەران‌و رووناك بیران‌و عەشیرەتەکانی نیشتمانپەروەر دەگیرریتەوە زۆر لەپێشو زیاتر کوزیلەی خۆیان لەدەوری ئالاهەڵگری نەتەوەکەمان حیزبی دیموکراتی کوردستان پتەوترو نزیکتر کەنەوە.

---

[٦٣] هەمان سەرچاوە، ل ٤١-٤٣ .

حیزبەکەمان بەوریاییەکی بەرینەوە بە هاونیشتمانی خۆشەویست رائەگەیەنێ کە هەروەکو تا ئیستا فریوی فیل‌و درو دەلەسەکانی ئیستیعمارو چلکاوخۆرەکانی ئیستیعمارتان نەخواردوە پێویستە زیاتر لە پێشوو ئاگاداری جولانەوەی گیرەشیوینی نۆکەرانی ئیستیعمارو ئیمپریالیزم بن.

حیزبەکەمان دڵنیایە تا ئەو دەم خۆی لەباوەشی نەتەوەکەماندا ببینێ، ئیستیعمارو نۆکەرانی زەفەری پەرش‌و بلاوی پێ نایەنن هەروەکو بەدرێژی چواردەساڵ تەمەنی حیزبەکەمان تەقەلای دوژمن بۆ جیاکردنەوەی ئەو لە میللەت نەیتوانی سەرکەوێ.

حیزبەکەمان زۆر بەشانازییەوە هیزی بەتین ترکردنی خەباتی رزگاریخوازانەی خۆی لەو پشتیوانیە پرر جەوهەرەی‌وەردەگری کە نەتەوەکەمان پاش کارەساتەکەی کودەتاکەی ٢٨ ی گەلاوێژی ٣٢ لەوی کردو لەباوەشی خۆیدا پاراستی.

حیزبەکەمان هەروەك قەلایەکی نەروخ بەپشت ئەستووری نەتەوەکەمان بەرامبەر بەدوژمن راوەستاوەو بەیاری کاری هاونەتەوەکانمان لە عیراق‌و تورکیاو سوریا دا بۆ پێکهێنانی ئاواتی پیرۆزی گەلی کوردو هەروەها لە ئیران بە خەباتی پتەوو یەکگرتووی لەگەڵ نەتەوەکانی فارس‌و ئازەربایجاندا بۆ پێکهێنانی ژیانێکی خۆش‌و بەختیار بەرەو پێش دەروات.

حیزبەکەمان بە پتەوبوونی خەباتی گەلمان ئاسۆی ئازادی‌و رزگاری زۆر رووناك دەبینێ.

بە یەکەوە لە ریزیکی تیك پەسیوو پتەودا بە ژیری‌ووریایی یەکی ئازایانەوە بەرەو گزنگی روناکی ئازادی‌و سەربەخۆیی گەلان بۆ پێشەوە.

بژی ئاشتی بەردەوام ئامانجی پیرۆزی گەلان.

سەرکوێ ئامانجی گەلانی یەخسیر بۆ ئازادی‌و رزگاری.

پیرۆزبێ ئاواتی جوانی پێك هاتوی نەتەوەکانی کوردو عەرەب لە عێراقدا.

سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادیو رزگاری "[٦٤].

هەروەها(فاتح رەسوڵ) کەوتۆتە هەڵەیەکی دیکەوە کاتێك باس لە لایەنگری مەلامستەفا بۆ ئەحمەد تۆفیق دەکاتو دێتە سەر ئیبراهیم ئەحمەدو دەنووسێت: "ئیبراهیم ئەحمەد هەڵوێستو راو بۆچوونەکانی بەرامبەر ئەحمەد تۆفیق نیگەتیڤ دەبن "[٦٥].

راستییەکەی عبدالرحمن قاسملو کە ئەو دەم تودەییو سەربە باڵی میانڕەوی ئەو حیزبە بوو کە (د. رادمنیش) رێبەرایەتی دەکرد، خوازیاربوون لە رێگای چەند ئەندامێکی کۆمۆنیستیوەك(کەریم حیسامی)و بە هاوکاری باڵی کۆمۆنیستی پارتیواتە هەمزە عەبدوڵڵا، کودەتایەکی سپی بەسەر ئەحمەد تۆفیق دا بکەنو حیزبی دیموکراتی کوردستان بگێڕنەوە ژێر فەرمانو رێبەرایەتی تودەو رێبازی تودەیی کۆسمۆپۆلیتی بەسەردا بسەپێننەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بەنیازبوون بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەیاننامەیەك دەربکەنو تێیدا ئەحمەد تۆفیق بەکەسێکی دەرکراو لەحیزب بە خەڵکی بناسێنن[٦٦].

مەلامستەفابارزانی کە لەسەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٥٩ دا هەمزە عەبدوڵڵاو لایەنگرانی لە رێبەرایەتی پارتیوەدەرنا، ئامادەنەبوو لەبەرامبەر هەوڵی کودەتاچییەکانی ناو حیزبی دیموکرات بێ لایەن بوەستێ. هەر بۆیە هەڕەشەی لێکردنو پێی گوتن: "ئەو کارە بکەن بەیانتان لەسەر دەردەکەم، بەخاینی کوردتان دەناسێنم، لەعێراقوەدەرتان دەنێم"[٦٧].

---

[٦٤] هەمان سەرچاوە، ل٤٣-٤٤ .

[٦٥] رەسوڵ ، سەرچاوەی ناوبراو، ، ل ٢٠٦ .

[٦٦] لەهەمان کاتدا کەریمی حیسامی خۆی بە دۆستو هاوکاری دڵسۆزی ئەحمەد تۆفیق لە قەڵەم دەدا، بە نهێنی نامەیەکی لە سەر نووسیبوو، ناردبوویەوە بۆ غەنی بلوریان بۆ ئەوەی ئەحمەد بۆ ماوەی ساڵێك تەجمەید بکرێتو کتێبی مارکسی پێ بخوێننەوە،و بەیاننامەیەکیش دەرکەن کە بیروباوەڕی نەتەوەیی ئەحمەد تۆفیق مەحکوم بکەن. بڕوانە:

حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی دووەم، ل ٧٠ .

[٦٧] هەمان سەرچاوە، ل ٧٩ .

سەبارەت بە ئیبراهیم ئەحمەدیش، (حیسامی) دەڵێت: "رۆژیك رەحمانی قاسملو بانگی کردم گوتی بابچینە لای برایم ئەحمەد، ئەودەم مامۆستا برایم ئیتر کرابوو بە سکرتێری پارتیو لەبارەگای خەبات حوکماتی دەکرد. لە گەڵ کاك رەحمان چووینەلای مامۆستا برایم. پاش چاكو خۆشیکی سارد رەحمان گوتی: کاك برایم ئێمە خەبەرمان داوە چەند برادەرێکمان لە ئێرانەوە بێن هەتا ئەوان دێن کەس حەقی نییە بەناوی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان قسەبکات. . .

مامۆستا برایم ئەحمەد لەوڵام دا گوتی: ئێمە ئەحمەد تۆفیق بە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان دەناسین، ئێوە شەوو رۆژ لەگەڵ هەمزەو نیژاد دژی پارتی کاردەکەن، ئێوە لەگەڵ شیوعیەکانن، بێجگە لەئەحمەد تۆفیق ئێمە هیچ کەسی تر بەنوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان ناناسین "[٦٨].

سەرئەنجام، ناکۆکییەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم قۆناغەدا بەقازانجی باڵی کوردستانییو ئەحمەد تۆفیق کۆتایی هات، پاش ئەوەیوەك (تاڵەبانی) دەڵێت: "مەلامستەفا لەگەڵ دکتۆر مراد هەستان چوون بۆلایوەزیری داخلییەی عێراقیو قاسملویان دەرکرد! لە عێراقیان دەرکرد، شکایەتیان لێکردو دەریان کرد"[٦٩].

پاش ئەوەی عبدالرحمن قاسملو لە ١٩٦٠/٣/١ لەعێراق دەرکرا، (کەمال) ناوێك، ، لەهەفتەنامەی (ژین) داوتارێکی بەناونیشانی (بۆ. . . ؟!) نووسیوەو بێ ئەوەی ناوی (قاسملو)بهێنێ، باسی ئەوە دەکات کە گەنجێکی کورد هەر لەمنداڵییەوە هەستی بەئازاری میللەتەکەی کردووەو تێکەڵاوی مەیدانی تێکۆشان بووەو لەسەردەمی حوکمی (نوری سەعید) دا چەند مانگێك لە سلێمانی خۆی حەشارداوە، چونکە دژی کۆنەپەرستو ئاغا تێکۆشانی هەبووە. ئەو گەنجە بەقەولی نووسەر بۆ خوێندن رووی لەپاریس کردووەو ئنجا"کاتێ زانی کەسەرچاوەی خاوێنی زانیاری ئابوری بە شێوەیەکی راستوپاك لەوێ دەست

---

[٦٨] هەمان سەرچاوە، ل ٧٦-٧٧ .
[٦٩] کەریمی ، سەرچاوەی ناوبراو، ، ل ٣١٥ .

**ناکەوێ رووی کردە(چیکوسلوڤاکیا)، بۆ خوێندنی(ئابوری سیاسی-الاقتصاد السیاسی). پاش شۆڕشی گولاویژ هاتۆتە ئێراق بۆ نزیك بونەوەی لەووڵاتەی لێ بێ بەری کراوە. . . "[٧٠].**

**کەمال دەڵێت: "بەڵام هاتنەوەی چەند دڵێکی داخورپان! جا بەسەر گەرانەوەیدا رانەبورد تا بەزۆر لە عیراق دوورخرایەوە. . . لەبەر نەگونجانی بیروباوەڕی لەگەڵ رێبازی شۆڕش(مەبەستی شۆڕشی گەلاوێژە- ل) نەخیر. .وە بەدەیان جاری تریش هەر دەڵێمەوە نەخیر. . . نەخیر. . کەوابو؟! هەڵبەت ئەوەی دڵ داخورپێنێ ئەنجامی خۆی ئاوا ئەبینێ"[٧١].**

**هەردوو هەفتە دوای ئەوە (قاسمی سوڵتانیان ) کە بەرپرسی پەناهێنەرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو لەعێراق و ناوی (کەمال احمد) ی لەخۆی نابوو، لە رونکردنەوەیەکدا بۆ (ژین) ی نووسیوە رای دەگەیەنێت کەوتارەکەی پێشوو بەناوی (بۆ. . . ؟!) لە ژمارە ١٥٢٢ی دا "نە من نوسیومەو نە نوسەرەکەی دەناسم و نازانم داخۆ ئەو کەمالە دەبێ چ کمالیك بێ!"[٧٢].**

**ئەحمەد تۆفیق، بڕوایەکی پتەوەی بە پێشڕەوەی حیزبی دیموکرات و خەباتی شۆڕشگێڕانە هەبوو. رژێمی شاهەنشاهی پێ رژێمێکی داگیرکەرو کوردکوژبوو. دەگرێت بگوترێت کە ناوبراوەك کەسایەتییەکی نەتەوەیی چەپی شۆڕشگێڕ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کوردی لە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی سەرتاسەری بۆ روخاندنی رژێمی شاهەنشاهی و تێکڕا رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا دەدیتەوە. بەم پێیە ئەحمەد تۆفیق یەکەمین کەسێك بووە لە سەردەمەکەی خۆیدا مەسەلەکانی سەربەخۆیی کوردستان و خەباتی شۆڕشگێڕانەو روخاندنی رژیمی شاهەنشاهی پێکەوە گرێدابێ. ئەو بیروبۆچونەی لە تودەییەکانی جودا دەکردەوە.**

---

[٧٠] ژین، ژمارە ١٥٢٢، ١٩٦٠/٤/١٤ .

[٧١] هەمان سەرچاوە .

[٧٢] هەمان سەرچاوە، ژمارە ١٥٢٤، ١٩٦٠/٤/٢١ .

ئەحمەد تۆفیق، لەوتارێکیدا بە ناونیشانی (ڕێگای رزگاری کوردستانی بە ئیران بەسراو) دا دەڵێت: " کلپەو بلیسەی بزوتنەوەکانی گەلانی رۆژهەلات لەم چەند ساڵەی دواییدا تێن‌و تاشی داوەتە جوڵانەوەی نەتەوەی کوردمان،و ناوی نەتەوەکەمان هاتۆتە کۆری سیاسەتی عالەمیەوە،وە باسی نەتەوەی کورد لە ناو رۆژنامەکان‌و شوینەکانی سیاسی عالەم دا جیگای تایبەتی‌و بەرچاوی خۆی بۆ کراوەتەوە.

نەتەوەکەمان لەکوردستانی داگیرکراوی بە ئیرانەوە بەستراوا باش هەستی بەوە کردوە کە هیندی لەو باس‌و تەقەلایانەی کەوا بۆ کورد هاتونە گوری لە سەرچاوەیەکی شلوی بڵاو دەکرێنەوە. ئیمپریالیستەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بە دەست بزوتنەوەکانی نەتەوەکان‌وە بەتایبەتی دوارۆژی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد لە دوو پارچەی لیك داپچراوی کوردستانی بە ئیران‌و تورکیا بەسراوداوەتەنگ هەلاتوون،وە بۆ فریودان‌و هەلخەلەتاندنی نەتەوەکەمان بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی رۆژانەیان دەستیان بە کورد لاوانەوە کردوە.وە سەفەرو هاتووچوی‌وەزیرو سەرەك‌وەزیرو کاربەدەستانی داگیرکەر بۆ کوردستان ئیستەش نەپساوەتەوە.

شۆرشی سەرکەوتوی -١٤-تەمووزی پیرۆز بە سەرکردەیی رۆلەی بەجەرگی گەلی عیراق کاك-عبدالکریم قاسم-وە دامەزراندنی رژیمی جمهوری،وەبە شەریك ناسینی کورد لە عیراق دا، خوین گەرمی‌و ئازایەتیەکی زیاتر لە پیشوی داوەتە خەباتی نەتەوەکەمان لە کوردستانی بە ئیران بەسراودا،و بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەکەمانی هینایە جوش‌و خرۆش. شۆرشی ١٤ ی تەموزی عیراق سەری لە دوژمنانی نەتەوەکەمان شیواندوە،وە بە دریژی تیپەڕبوونی جەمهوریەتی عراقی دەستەی کاربەدەستانی تاران هەمیشە لە سەر سنورەکانی جەمهوریەتی عیراق پیلانی گیرەشیوینی‌و پەشیوی گرتووە بەدەستەوە.

بەڵام نەتەوەی کورد لە کوردستانی بە ئیران بەسراودا، بەرابەری پیشرەوەکەی –حیزبی دیموکراتی کوردستان –بۆ پاراستنی جەمهوری دیموکراتی عیراق زۆر بەچالاکیو بەکردەوە بەرهەڵستی تەقەلاکانی تارانی کردوە.

دەوری حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەربەستکردنی پیلانی هیرشو گیرەشیوینی کە تارانو ئەنکارا بەدەستیانەوە بو، زۆر بەرچاوە.

تاقی کردنەوەی خەباتی سەختی گەلی کورد بەگشتیو هی خەلکی کوردستانی ئیران بەتایبەتی، بۆ گەلەکەمانی روون کردۆتەوە کە تاقە ریگای رزگاریو بەختیاری مان هەر ریگەی تیکۆشانی ریكو پیکی شۆرشگیرانەی خەلکی کوردستانە، بە سەرۆکایەتی حیزبی پیشڕەوی خۆیان، حیزبی دیموکراتی کوردستان کە سالەهای سالە رابەری خەباتی خەلکی کردوە، لە پیناو رزگاریو بەختیاری خەلکی کوردستان بە ئیران بەسراو، وە سەندنەوی ماڤ نەتەوایەتی مان.

خەڵکی کوردستانی بە ئیران بەسراو، چاوی برایانەی بڕیوەتە برا کوردەکانیان لە جەمهوریەتی عراق، وە لەبر تیشکی شۆڕشی چواردەی تەمووز، شۆرشی کوردو عەرەب دریژە دەدەن بە خەباتی سەختی خۆیان، تا ئەگەنە ئامانج.

جوتیارانو کریکارانو لاوانو ئافرەتانی کوردستانی ئیمەشوەك براو خوشکەکانیان لە کوردستانی عیراق، قوولو بازووی تیکۆشانو هیمەتیان لی هەلکردوە، وە لەژێر ئالاّی حیزبەکەیاندا، دریژە دەدەن بە خەباتی رزگاری نەتەوایەتی خۆیان.

نەتەوەکەمان ریگای خۆی لەمێژە هەل بژاردوەو باش دەزانێ کە ریگای ژیانی خۆشو بەختیاریو ئازادیوی، هەر ریگەی شەهیدەکانیەتی ریگای جەمهوریەتە دیموکراتیەکەیەتی، ریگەی رۆڵە نەبەزو بەجەرگەکانیەتی کە تا سەرەمەرگ لە ژێر سێدارەشدا سەریان بۆ داگیرکەران دانەنەواندوە.

خەڵکی کوردستانی ئێمە، لە ژیر ئالاّی حیزبی دیموکراتی کوردستانی پیشرەوی خۆی دا، خەباتی سەختی خۆی دریژە پی ئەدا، زیدی ئیمپریالیزمی ئەنگلو –ئەمەریکیو نوکەرانیان کە ئیرانیان کردۆتە بنکەی شەڕو هەلکوتانە سەر

دوستی دیرین مان –یکگرتنی جەمهوریەتەکانی سوسیالستی سوفیاتی –وە سەر جەمهوریەتی عیراقی پاڵەوان، جەمهوریەتی کوردو عەرەب،وە گەلانی دەوڵەتی ئێران یان دیلو ژێر ستەم کردوە،وە تا ئیمپریالستەکانوەدەردەنیتوە رژیمی بۆگەنی نۆکەرانیان دەروخینیو مافەکانی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانوەدەست دێنێت، هیچ ساتێ ناسرەوێو پشو ناداوە خەباتی خۆی زیاتر دێنێتە جۆش.

بەردەوام بێ جەمهوریەتی عیراق، جەمهوریەتی کوردو عەرەب، بۆ پێشەوە لە ژێر شعارەکانی تاقە رینوینی خەباتی نەتەوەکەمان لە کوردستانی بە ئێران بەسراوا"[٧٣].

هەروەها ئەحمەد تۆفیق لەوتارێکی دیکەیدا کە لە گۆڤاری (رۆژی نوێ) دا بلاویکردۆتەوە، ناوی زۆربەی قوربانیانی رێگای رزگاری کوردستانی کۆکردۆتەوە. ئەوانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە باکوورو رۆژهەلاتی کوردستان بە دەستی داگیرکەران لە نێوبراون. ئەحمەد تۆفیق لەووتارەیدا رووی دەمی دەکاتە داگیرکەرانو دەڵێت: "ئەی کورد کوژینە، داگیرکەرینە، چنگ خویناوینە، ئەی دڵ رەقی روورەشینە، زۆتان لە کورد سەربرری، زۆرتان زیندە بەچاڵ کرد، زۆر منالتان گۆشتاگۆشتوەك بەرخ سەر برری.

سەدان سالە بێوچان سامانو پیتی کوردستان بە تالأن دەبەن نەك بەدزی بە ئاشکرا، بە ئاشکرا بە ژێر سیبەری سەرەنیزەکانی تك تك خوێن لێ تکاومان.

ئەی دوژمنینە: ئێمە هەمیشە لەبەر چاومانە:

ستەمی ئیوە...، گوللەو قورقوشمی داخی بە خوینی دلی کورد سارد کراوتان.

فرتو فێڵی زۆر نزمو سەرشۆرانەتان.

زیندانو گرتووخانەکانتان.

هەموو.. هەموو کردەوەکانتان لیمان بوتە تاوتین، کڵو کۆ، هەستی گەرمو سووریوەك پشکۆ.

[٧٣] خەبات، رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٦، ١٩٥٩/٧/٢٢.

هەموو نەتەوەی کورد بێجگە لەو چەند نۆکەرانەت ئەی دوژمن لە ریزێکدا تێك پەسیو، نەبەزیو، زۆرجار بە دەستی تۆ تەزیو، بوونە بەردی سماتە. سەرسەختو بەسام، هەموو کەوتوونە رێ خرۆشاو بەرەو جیهانی رووناكو درەوشاو.

ریگەمان زۆر خۆشکراوو پتەوە، بە پای پەتی کورد کوتراوە... وا بەسەر ئەو ریگەوە ری رەوین، بۆ تۆڵە بۆ خوێن خوازی، خوێن رشتن.

دوژمن دەزانین خەریکی پیمانوەبەر پی ی دەیو دیسان دیسان سەرەنگریمان کەی، تاکەی گێل بین !

نا... نا کوردکوژ ئیتر بەسمانە.

نۆرەمانە، کاتو سەرو دەمی چاوکرانەوەمانە.

تۆلەمان لی نابیتە ژیانی لەش کوشتنت، تۆلەمان کوشتنی رژیمتە، رماننی قەلاّی داگیرکەریتە، تەفروتوناکردنی دابودەزگای کوردکوژیتە.

ئەدی، ئیتر دەبی بمریو نەمینی.

چونکە ئیتر بەسمانە، کاتو دەوری بزوتنمانە.

وەرە گوی گرە، لوکەت لەگویت دەرینە: گیت بۆ ئەو دەنگە پررسامو بە گوررە هەلخە لە ئارارات دا بانگ دەکات تۆ هەر لە پالەوە گوێ بۆ ساسۆن- قەندیل- پیرەمەگروون- هەلگوردوە کەوەرکو هەڵخە دەنگ دەدەنەوە بزانە ئەو دەنگە دەڵێ چی! دەڵێ:

هۆی کوردینە، پالە، جوتیار، کریکار، پیشەساز، رووناك بیر، بازرگان، عەشیرەتی نیشتمان پەروەر، لە ریزیك دا بەری یەك دا. (یەکگرن)... نۆرەمانە"[٧٤].

هەر بەم گورە، ئەحمەد تۆفیق،وێرای تێکڕای ئەو گورزانەی بەر حیزب کەوتبوونو ئەو ئاستەنگانەی هاتبوونە رێی، خوازیاری ئەوەبوو سەرلەنوێ حیزبی دیموکراتی کوردستان بخاتەوە سەرپێو تێکۆشانی نەتەوەییو چالاکی نەك هەر نەوەستێو بەردەوام بێت، بەڵکو پەرەشی پێبدات.

---

[٧٤] أ. ت. سوارە، کاروانی شەهیدان، رۆژی نوێ، ساڵی ٢، ژمارە ٤، تەموزی ١٩٦١، ل٩٢-٩٣.

مەسەلەیەکی گرنگ کە دەبێت ئاماژەی پیٚ بدرێت، بریتییە لەو هەڵمەتە تەبلیغاتییەی کە حیزبی دیموکرات لەم قۆناغەدا کردی لە پێناویوەستاندنی حوکمی ئیعدامی ئەو ئەندامو کادیرانەی کە پاش شاڵاوەکەی تشرینی دووەمی ١٩٥٩، لەلایلان دادگا سەربازییەکانی رژێمی شاهەنشاهییەوە فەرمانی لە سێدرەدانیان درابوو. لەو رووەوە حیزبی دیموکراتو پەنابەرە سیاسییەکان پەنایان بردە بەر سەرجەم هێزە سیاسییو خاوەن نفوزەکانی دەرەوەو ناوەوە، بۆوەستاندنی ئەو حوکمانە. هەر لە (کەریم قاسم) سەرۆك کۆمارەوە تا بارەگای (انصار السلام)و عەزیز شەریفو هەتا (حزب وطني ديمقراطي)ی کامل چادرچیو هتد، بەچەشنێك مەسەلەی ناڕەزایی دەربڕینووەستان دژی ئیعدامکردنی ئەو ئەندامانە، ببووە مۆدێلێکی رۆژو تەنانەت خوێندنگا سەرەتاییەکانی کچانیشی گرتبۆوە. دیارە چاوخشانێك بەسەر رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی عێراق ئەم راستییە دەسەلمێنێت. مەسەلەیەکیوا کە رۆڵێکی مەزنی هەبوو لە راگرتنی ئەو حوکمانەو رزگارکردنی گیانی ئەو ئەندامانە. [٧٥]

زیندوکردنەوەی یادە نەتەوایەتییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەرکێکی دیکەی رێبەرایەتی ئەوکاتی حیزب بوو. لەم بارەیەوە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حیزب بە بۆنەی ٢١ی رێبەندانی رۆژی دامەزراندنی هەوەڵ جمهوری دیموکراتی کوردستان، دەتوانرێت بە دەستپێکی ئەو هەوڵە دابنرێت. لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "

چواردە سال پیش ئەمرو هەوەل کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبەشداربوونی نوینەرانی لادیەیو شارەکانی کوردستانوە نوینەرایەتی سیٚ پارچەی تری کوردستان لە شاری "مەهاباد" پیك هات.

لەو رۆژەدا شاری "مەهاباد" شاهیدی گورەترین کۆبونەوەیەك بوو کە رەتو ریگاو چارەنوس وە حاکمیەتی نەتەوەکەمانی تیدا دایاری کرا.

تەواوی خەلکی کوردستان بەبیٚ سەبری چاوەنۆری گۆرانیکی گرینگو مەزنوەلەبار دەژیانی سیاسی خۆیان دا بوون.

---

[٧٥] بروانە: ژین، ژمارە ١٤٩١، ١٩٥٩/١١/٣٠و ١٥٣٧، ١٩٦٠/٦/٢٠.

کۆنگرە لەسەر پێشنیاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەنگی دا بۆ دامەزراندنی هەوەل "جەمهوری میللی دیمکراتی کوردستان"وە بەو جۆرەش گەشترین ئەستێرەی دەسەڵاتی نەتەوەی کورد تەمو تارمایی دیلی و کۆیلیتی لە ئاسمانی بەشیك لە کوردستان دا رەواندوە ئاڵای سێ رەنگی کوردستان لەسەر لوتکەی چیاکانوە شارو لادیکان دەستی بە لەرینەوە کرد.

لەو رۆژەدا یەکیك لە گەورەترینو عادلانەترینویستو ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کە سالەهای سال لە پیناوی دا تیدەکۆشی وە خوێن دەریژی هاتەدی.

بەهۆی بریاری کۆنگرەی حیزب "قازی محمد" بە سەرکۆماری جەمهوری کوردستان بەناوی پێشەوای نەتەوەی کورد هەلبژیردرا. بۆ هەوەل جار لە میژووی نەتەوەکاماندادەزگای جەمهوری کوردستان دەستی کرد بە حوکمداری کوردو کوردستان.

"مەجلیسی میللی کوردستان"لە نوینەرانی هەموو ناوچەکانی ئازادکراو پیك هاتوەدەستی کرد بە قانون بۆ پەیرەوی رەتو ریگای جەمهوریەت.

"کابینەی حکومەت" لە ١١ نەفەر وەزیری: دەرەوە ناوخۆ جەنگ اقتصاد کار فەرهەنگ بهداری کشتوکال عدلیە پوستەو تیلگراف پیك هات.

"فەرهەنگ" زمانی کوردی بوو زمانی رەسمی، تەواوی مندالەکانی هەژارو نەدارەکان لە شاران کۆکرانەوەوە خرانە بەر خویندنی ئیجباری‌وە تەواوی خویندکاران بە داراو نەداراوەوە بەبی جیاوازی دوو دەست جلکی هاوینو زستانیان درایە. بۆ بردنەسەری مستوای زانیاری میللی دەستەیەك خویندکار کە بەقەت ٨٠ کەس بوون بۆ خویندنی بەرز لە زانستگاکانی نیزامی‌وە پزیشکی ناردرانە یەکیەتی سۆڤیەتوە هەروەها ١٢٠ کەسیش ناردرانە زانستگاکانی سیاسی‌وە نیزامی جەمهوری ئازەربایجان. دوو چاپخانە لە مەهابادوە چاپخانەیەك لە "بۆکان" دامەزراوە بێ‌وچان خەریکی چاپی رۆژنامە گۆڤاروە کتیب بوون وە کتیبی هەر شەش پۆلی سەرەتایی بە لی کۆڵینەوەیەکی زۆر نووسرابوون کە بەداخەوە بی‌ەچاپکردنی‌وانوە حکومەتی گەندەڵی تاران سوتاندنی.

"لەش ساخیوە ئاوەدانی شار" بەشاهیدی تەواوی خەلکی کوردستانی ئازادکراو لە ماوەی یەك سالەی تەمەنی جەمهوری دا کۆلانو شەقامەکانی شارەکان زۆر پاكو خاوینو دەرمانو خەستەخانە بەبەرینی بە خۆرایی خزمەتی دەکرد.

"هیزی کوردستان" لەسەر ریکخراوەیەکی ریكوپیك دامەزرا. وە ریزەکانی ئەو سوپایە تیکەڵاو بوو لە جوتیاران براکانی بارزانیو زەحمەتکیشانی ناو شارەکان. لە مەرر کشتوکالەوە کوردستان بۆ هەوەل جار تراکتۆرو کۆمباینی بە خۆیەوە دیوە زۆر یاسا لەمەرر کشتوکالو ئەرزەوە بەدەستەوە بوو بەلام دەوام کەمی جەمهوری ماوەی بەوەدیهینانی نەدا.

دیسان بۆ هەوەل جار لە ناوچەی کوردستانی ئازادکراودا کارخانەی سیغار دامەزراوەبەرهەمی خۆی بەناوی "سیغاری کوردستان" بردە ناو بازارەوە. پرۆژەیکی بەرین بۆ سنعەتی کردنی کوردستان بەدەستەوە بوو تەنانەت معامەلە بۆ کرینی ٢ کارخانەی خوری شۆریو سمینت لەگەڵ ییکەتی سۆڤیتوە دامەزراندنیان لە کوردستان لە گورری دا بوو. پیمانی ئالوگۆری توجارەتی لەنیوان ییکەتی سۆڤیەتو جەمهوری دیموکراتی کوردستان بەستراوە"شیرکەتی تەرەقی" کە ئالوگۆرری توتنوە پیتو بەرەکەتەکانی کوردستان لەگەڵ تراکتۆروە کوتالو شتی تر بوو کرایەوە، پەیمانی ئابوری لە نیوان حکومەتی کوردستانوە ئازربایجان بە ئیمزا گەیشت.

لە ١٢ ی بانەمەری ١٣٢٥ پەیمانی دۆستایەتی لە نیوانی ئەو دوو حکومەتە بەسترا کەئەو دۆستایەتیە تائیستاش لە نیوانی دوو نەتەوەی دراوسێوە حیزبی دیموکراتی کوردستانو فرقەی ئازەربایجان هەر بەردەوامە.

پەیمانی دووقۆلی نیزامی (کۆمسیۆنی دفاعی موشتەرەکی ئازەربایجانو کوردستان ) لە نیوان نوینەرانی (هیزی کوردستانوە هۆردووی ئازەربایجان)دا بەستراوە. ژەنەرال مستەفابارزانی سەرداری مەزنی بەناوی فرماندەری ناوکۆیی (موشتەرەکی) هەل بژیردرا، بۆ پتەوکردنی تەواوی ریزەکانی خەباتی نەتەوەکانی

ئیران‌و کوردستان‌وه ئازەربایجان وە تیك شكاندنی هێزی كۆنەپەرستی پاشایەتی له مانگی پوشپەڕی ١٣٢٥ بەرەی یێكگرتووی نیشتمانی له نیوان حیزبی دیموكراتی كوردستان‌وه (فرقەی دیموكراتی ئازەربایجان)وه (حیزبی تودەی ئیران)وه (حیزبی ئیران)وه دوو حیزبی نیشتمانی تردا بەسترا، هەروەها پرۆگرامیكی لەبار بۆ بەختیاری‌وه خۆشی ژیانی خەڵكی كوردستانی ئازادكراو به دەستەوه بوو به تایبەتی بۆ ئازادكردنی تەواوی كوردستانی داگیر كراوی ئیران‌وه پتەوبوونی حاكمیەت‌وه دەسەڵاتی نەتەوەی كورد بەسەروولاّت‌و چارەنووسی خۆیداوه هەر لەسەر ئەو ئامانجه گەورەیه له ٥–٦ جەبهەوه له شەڕی رزگاری‌وه ئازادی خوازانەدابوو. (هیزی كوردستان) به فەرماندەرو پیشمەرگەكانییەوەویرای زۆر كەم‌و كوری دیسان به دایم‌وەله تەواوی جەبهەكانەوه هەر سەركەوتووه دوژمن تیكشكین بوون. بیرەوەری یادی قارەمانەكانی ئەم شەڕه رزگاریخوازانه باشتره كه له لاپەڕەی رۆژنامەكانی دوژمن‌وه كتیبەكانی سوپای تاران دا بخویننەوه باشه بزانین كه هاوری یان (خەلیل خۆشەوی محەمەدی نانەوازادەوەستا برایمی بەنا)وه زۆر پیشمەرگەی تر نمونەی قارەمانیەتی هیزی جەمهوری میللی كوردستان بوون.

ئیمپریالیزم بەووەزع‌و حاله هاتبووه هاربوون. ئیستیعمارچیەكانی تالاّن بەری پیت‌و بەرەكەتی رۆژهەلاّتی ناوەراست دەیان دیت كەوا بەرەبەره نەتەوەی كورد خاوەنی زنجیره كیوەكانی زاگروس كه له ئارارات‌وه جنوبی ئەرمەنستان‌وه قەفقاز را بەسەر سنوره دەستكردەكانی كوردستان دا خۆ دەكیشیته سەر(پاشاوی فارس)بیجگه له هەلكەوتی ئیستراتیژیكی بۆ رۆژی شەرر نەوتیكی زۆروه كانی جۆربەجۆری دەناو خۆی دا جیگا كردۆتەوەوا له ژیر ئالای جەمهوری كوردستان ریگتی سەربەستی حاكمیەت‌وه چارەنووسی‌وولاتی خۆی گرتۆته بەروه چوو كه ببێته بربرەی پشتی بزوتنەوەی نەتەوەكانی رۆژهەلاتی ناوەراست وه چرای رووناكی بزوتنەوەی نەتەوەی فارس له ئیراندا.

جا بۆیە ئیمپریالیزم‌وە حکومەتی گەندەلی تاران بە هەموو هیزو توانایانەوە بۆ خاپورکردنی دەستکەوتو دەسەلاتی نەتەوەی کورد بەسەر بەشیك لەکوردستاندا لە بەرەبەیانی ساردو سری ٢٦ی سەرماوەرزی ١٣٢٥ تەم‌و تارمایی ئاسمانی شاری قارەمانی مەهابادی داگرتبووەوە حالیکی خەمباری خۆی بەسەروردو درشتی خەلکی ناوچەی مەهاباد داکیشابووەوە لەناو غوبارو تاریکییەوە دیسان سەرو کەللەی سوپای داگیرکەر دەرکەوت. هەیئەتی حاکمەی تاران جاریکی تر بە چشت ئەستوری ئیستعمارو ئیمپریالیزمی ئامریکاو ئینگلیزو ولاتی ئازادبووی لی داگیرکردینەوە. سوپای داگیرکەری تاران خراپتر لە فاشیستەکان دەستیان کرد بە تۆلە ئەستاندنەوە بە راو رووت‌و حەپس‌و کوشتن‌و دوورخستنەوە. دەست بکاربوو بو هەلدانی سی دارەو هەلواسینی رۆلەکانی ئازاو بەنرخی کوردوەك پیشەوا قازی محمدوە هاوریکانی. حکومەتی گەندەلی تاران بە پشتیوانی ئیمپریالیستەکان حاکمیەت‌و دەسەلاتی نەتەوەکەمانی بە خوین‌وە گوللەباران کردن دەژیر چۆك نا. مەدرەسەکانی کوردی لی تیك داین‌و نووسینی بو زمانی کوردی بە توندی یاساخ کرد کتیب گۆڤاروە رۆژنامەکانی سوتاند چاپخانەو کوباین‌و تراکتۆرەکانی لە کوردستان نەهیشت‌وە بە تالان برد.

بەقەت ١٤ سال بەسەر ئەو ئاکارە فاشستییەوە هەلدانی سیدارەکان تیپەر دەبیت. حکومەتی گەندەلی تاران پاش ئەو هەموو کوشت‌و کوشتارەوای دەزانی کە ئاوی بە ئاوردا کردوەوەخەبات‌و هەستی نیشتمان پەروەری‌وە تیکۆشانی نەتەوەکەمانی خاپوور کردوە، بەلام حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرینەری جەمهوری دیموکراتی کوردستان لە ناوجەنگی کوشت‌و کوشتارو لیدان و دوورخستنەوە رازانەوەیەکی تایبەتی بە باری کاری نەهینی دا بە ریزەکانی حیزب بۆ خەبات‌و تیکۆشان.

حیزب کە بە لە سیدارەدانی دەها رۆلەی تیکۆشەروە حەپسی سەدەها ئەندامی لە لایەن حکومەتی تاران‌وە حیزب قەوارەیەکی گەورەی کەوتبوە گیانەوە

به خەباتی بیووچانوە نەبەزانەی خۆی رازانەوەیەکی پوختەتری دا بە ئەندامانی حیزبوە بەرهەمی ئەو تیکۆشانە بە بەشداربوونی خەڵك لە هەلبژاردنی نوینەری مەجلیسی دەوری ١٧ لە تاران خۆی نواند دەرخست کە حیزبی دیموکراتی کوردستان سونەتی حاکمیەتوە دەسەڵاتی یەك سالەی جەمهوری ئیدارەیولاتی هەر لە خۆی دا پاراستوە.

لەو دەمەوە تا بە ئیمرۆخەلکی کورستان بە ئەندامانی حزبیوە غەیرە حزبیوە زۆرجار گیروگرفتوە ئیختلاف مولکیوە مالی خۆیان بەدەستی حزب دەسپیرنوە شکایەت بۆ حزب دینن. حکومەتی گەندەلی تاران پاش ئەوەی هەستی بەردەوامی خەباتو تیکۆشانی ریزەکانی حیزبوە لا یەنگیری خەلك لە بزووتنەوەی ناو نەتەوەکەمان کردووە بە زۆر جار هیرشو گرتنو حەپسو دوورخستنەوەویستوویەتی پیش بە خەباتی نەتەوەکەمان بگریوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تیکۆشان بوەستینی کەوا ئیستا ناو گرتوخانەکانی (تەورین) وە (قزل قەلای) تارانی داگرتوەوە (بەختیار)وە سەرهەنگ (ئەمجەدی)نۆکەرانی شاوە ئیمپریالیزمی ئامریکا بە حزوری پسپۆرەکانی ئامریکائی هاوری یانوە ئاشتیخوازانی ئیمە ئەشکەنجەو ئازاردەدەنوە ئەو ئازارو داخو شەلاق کاریە هەل لە رۆژیهەوول تا بە ئیمرۆ بەردەوامەوە تەواویوانە بە نیەتی گلاوی پرشو بلاوکردنی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانوە هەروەها بە نیەتی ناپاکی گیرەشیوینیوە دەست دریژی ناراستەوخۆ بە هۆی هیندی دەرەبەگی هەلخەلەتاو لەناو جەمهوری عیراق دان کە بەو هۆیەوە پیش بە گەشەی بزوتنەوەی رۆژهەلاتی ناوەراست بگرن. بەلام شای خاینو دارو دەستەکەی بە پشت ئەستوری ئیمپریالیزمی ئامریکا کەوتۆتە چەوساندنەوەو تالان کردنی ئیرانو کوردستان، ئازەربایجان باشە لە میژوو لە رابردوو دەرسوەرگرن ئایا کوشتوکوشتاری سالی ١٣٢٦ کەوا بە دەها هاوریی ئازاو قارەمانی ئیمەی بە پەتدا هەلواسی توانی پیش بە رەورەوەی خەباتی رزگاری خوازانەی ئیمە بگرێ؟

دیسان حکومەتی گەندەلی تاران باشە زیاتر لە ئاکاری گیرەشیوینی خۆی بەهۆی هەلخەلەتاندنی تاوان بارەکان لە ناو کۆماری عیراق داورد بیتەوە هیزی بەرینی جوتیاری کوردوەك سوپایەکی پرر تاقەت دەگەل تەواوی خەلکی کوردستانی داگیرکراوی ئیران بە شارستانیو عەشیرەتەکانی نیشتمان پەروەر حازرو ئامادەی فەرمانی حیزبی دیموکراتی کوردستانن.

حزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە رەوتو ریگای دیموکراتیوە ئازادیخوازی جەمهوری عیراقوە دانی زروفو هەل لەو مافانەی کە نوری سەعید و فەیسەلی خائینوە بن چۆکیان دابوو. بە تەواوی تواناو پشت گیری مانو بەردەوامی جەمهوری دیموکراتی عیراق بە سەرۆکایەتی کاك عەبدول کەریم قاسم دەکات. لەو کاتەدا کە ئیمە بە رەورەوەیوەدیهینانی سەرلەنوی ئەو ئاواتە پیرۆزە. دیارە پتەو بوونی بەرەی ئاشتیو دیموکراتی وە بزوتنەوەی زیدی ئیستعماری لە سەرتاسەری گیتیوە هەروەها کزیو نالەباری ژیانی ئابوریوە کۆمەلایەتی کەوا بەرەی ئیمپریالیزمووولاتانی چەوساوەو داگیرکراو داگرتووە گۆشەی ئەو هیواو هومیدە زیاتر دەخاتە ناو دلمانەوەوە ئەرکی میژوویی رۆژی بزوتنەوەی نەتەوەکەمان بەیەکگرتنی ریزەکانی بە ئیمانوە ئازەیەتی تەواوی خەلکی کوردستانی داگیرکراوی ئیران لە ژیر رابەری تاقە حزبی پیشرەوی خەباتی گەلی گورد لە کوردستانی ئیران (حیزبی دیموکراتی کوردستان) وە جەبهەی نیشتمانی نیوان حزبە تیکۆشەرەکانی ئیرانو ئازەربایجانوە کوردستان بۆ خاپوورکردنی نیزامی پاشایەتیو دەرەبەگی وە بررینی رەگو ریشەی ئیمپریالیزمی ئامریکاو ئینگلیزوا لە پیشمانە.

بژی یادی ۲ی ری بەندان رۆژی دامەزراندنی (جەمهوری دیموکراتی کوردستان).

سەرکەوتوو پتەوتربی ریزەکانی خەباتی (حزبی دیموکراتی کوردستان) دامەزرینەری جەمهوری کوردستان.

یەك گرتووبێ ریزەكانی خەباتی تیگرایی نەتەوەكانی ئازەربایجانو فارسو كوردستان بۆ ئازادی ئیران.

سلاوی یادی ٢ی ری بەندان بۆ كۆماری دیموكراتی عیراق جەمهوری عەرەبو كورد.

سڵاوی رۆڵەكانی قازی محەمەد پیشەوای شەهیدی كوردستان بۆ سەرۆكی عیراق كاكە كەریم قاسم.

سڵاوی كۆمیتەی سەركردەیی تەواوی ئەندامانی حزب بۆ سەرۆكی خەباتی گەلی كورد قارەمانی كۆڵ نەدەر مستەفا بارزانی.

پتر سەركەوێ بەرەی ئاشتیو دیموكراتی بۆ پشتیوانی خەباتی نەتەوەكانی چەوساوەوولات داگیركراو.

برروخێ دابو دەزگای پاشایەتیوە حكومەتی گەندەڵی تاران نۆكەری بەكری گیراوی ئیمپریالیزمی ئامریكا وە ئینگلیز.

٢ی ری بەندان ی ١٣٣٨

كۆمیتەی سەركردەیی حزبی دیموكراتی كوردستان"[٧٦]

هەروەها بە بۆنەی ١٠ی خاكەلێوەی رۆژی شەهیدانی جەمهوری دیموكراتی كوردستان، حیزبی دیموكراتی كوردستان بەیاننامەیەكی بلاوكردەوە كەئەمە دەقەكەیەتی:

"بەرەبەیانی رۆژی ١٠ی خاكەلیوەی سالی ١٣٢٦ سەربازو پۆلیسو ژاندارمی سوپای داگیركەری تارانوەك مارو میرو بە كۆلانو شەقامو سەربانەكانی شاری "مەهاباد"وەربوون. بەستینی چۆمی مەهاباد هەمو سەنگەربەندی كراوە. چەند تۆپو گالیبری ١٠٥و ٧٥ ملم لەسەر تەپكی "تابانی" بەرەو مەهاباد دابەسراون. قوللەی سەرلوتكی كیوەكانی "خەزایی" "عەلیاوا" "كراوان"و "داشا مەجید" كەوا شاری مەهابادیان دەبەر خۆیان گرتووە لە

[٧٦] رۆژی نوێ، ساڵی ١، ژمارە ١، نیسانی ١٩٦٠.

سەربازانی داگیرکەری تاران ئاخندراون. تانك‌و عارەبەی جەنگیکی زۆر بەوینەی ئالقەیەکی ئاسن دەوری شاری مەهابادیان پی تەنیوە. سەرەرای‌وان تارمایی‌و بوخ‌و مژیکی گران ناو شاری داگرتووە. شاری قارەمانی "مەهاباد" بەم ساز و رازاوەیە دیسان لە گۆرران‌و بەسەرهاتیکی تازەو گرینگی تردایە.

واتە بەسەر ئاسۆی مژاوی سەرلوتکی کێوی خەزایی دروشمی سێ تەرمی پر سام‌و هەست راکێش لە حالیکدا بە سێدارو بە پەت خنکاون. دیارە تەرمی ناوەراستیان کە بە سامیکەوە لەنگەریکی کول هین‌وە قین هەلچوینی بۆ تۆڵە گرتبو هاوریێ پیشەوا "قازی محمد" هەوەڵ رەئیس کۆماری جەمهوری دیموکراتی کوردستان بوو. ئەوانی تر هاوریێ محمد حسین سیفی قازی‌وەزیری دیفاعی میللی جەمهوری کوردستان‌و صدرول اسلام بوون.

کەوابوو دەرکەوت ئەم هەمو سازو چەك‌و سوپاو لەشکرکیشی ناو شاری مەهاباد بۆچی بوو. بەلاَم سەرەرای‌وانەش شاری مەهاباد هاتە جۆش‌و کولەوە، تەم‌و خەمباری تیکەلاَو بە قین‌و کلوکو دروشمی خەلك‌و شاری مەهابادی داگرتبو. مندالاَن بە دەنگی بەرز دەگریان بە جۆریك نزیك بو سەریان بە هەنسکیانەوە هەلکەندری قوتابیکان بەبی‌وەی لە قولپی گریان دەن فرمسیك رایەڵەی لە چاویان دەبەست پیاوان پیشیان دەخواردەوە ئافرەتانی ئازاو رەشیدی"یەکیتی یایانی دیموکراتی کوردستان" لە حالیکدا چارشیویان لی قیلەوقاچ گری دەکرد بەرە بەرە بەناو ریزی تەنیوی سوپای داگیرکەری تاران‌و پۆلیس‌و ژاندارم خۆیان گەیاندە عاستی "چوارچرا" ئەو جیگایەی کە پیشەواو هاوریکانی لی شەهید کرابوو. بەبی‌وەی کە لە ناوەندیك را الهام‌وەیان دەستوریك بلاَوبکریتەوە تەواوی مەکتەبەکانی سەرەتایی‌و دەبیرستانەکان‌و ئیدارەکانی مەهاباد لەخۆوە بەویستی خەلك بوو بە تەعتیلی عام دوکان‌و بازار داخران. تا سێ رۆژ پاشیش ئیدارەو بازار بەتایبەتی مەکتەبەکان‌و دەبیرستانەکان حلی عادیان پەیدا نەکردەوە.

دەستەی ئافرەتانی رەش پۆش لە پیشەوە لاوان‌و پیاوان بەدواوە تەرمی شەهیدانی کوردستانیان بە شعاردان‌و دەربرینی کلوکۆی تۆلە ئی‌ستینانە کەژاوەی شەهیدانی ریگەی ئازادیان بردە سەر گۆرستان‌و بە خاکی کوردستانیان ئەسپارد. هەر بۆ حەوت رۆژ پاش (١٧-١-٢٦) دیسان کاربەدەستانی تاران دوژمنانی لە میژینەی نەتەوەکەمان چەنگورکی خۆیان بە خوینی چوار ئەفسەری رەشیدو ئازاو بەوەفای جەمهوری کوردستانهاوری یان: "محەمەدی نازمی" "رەسول نەغەدەیی" "عەبدوللای رەوشەنفکر" "حەمید مازوچی" رەنگاند هیئەتی حاکمەی تاران ئەوجار کوشتارو خنکاندنی کوسیتەوە بەری سەقزو بانەو بۆکان‌و لە شاری سەقز لە یەك شەودا "١١" سیدارەیان بۆ نیشتمان پەروەران‌و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ریزکردو هاوری‌یان: " احمد فاروقی" "علی جوانمەردی" "ئەمینی ئەسعەدی" سدیق اسعدی " "علی فاتحی" قەلەندەر " عبداله متین" "محمد دانشور" "احمد شجیعی" " حسین کانی نیاز" " رسول محمودی" و "محمد امین فیزاله بگی"و هەر لەو شەوەدا کە ئەو "١١" کەس ئەفسەرو نیشتمان پەروەی کورد لە سەقز بە دەستوری کاربەدەستانی تارانی خنکاندران لە شاری بۆکانیش هاوری "علی شیرزاد" رۆلەی شیردلی نەتەوەکەمانیشیان بە پەتی سیدارە خنکاند هەر لە سالی ٢٦ دا هاوپەیمانەکانی حکومەتی تاران نوری سعیدو فەیسل کاسەلیسانی ئیستعماری انگلو ساکسۆن ٤ ئەفسەری تری کول نەدەرو بەنرخی جەمهوری کوردستان هاوری یان: "مستەفا خۆشناو" "عزت عبدالعزیز" "محمد قدسی" "خیر الە عبدالکریم" یان شەهید کرد. لە نەغەدە لەژیر پردی قاسمی هاوری "احمدوەستا حسن" یان سەربرری‌و لەشیان پیش سەربررین بە کیردو قەمە ئەنجن ئەنجن کردبوو. هەروەها شەهیدانی تری ریگای ئازادی‌و جەمهوری دیموکراتی کوردستان هاوری یان "محمد نانوازادە" (ئەفسەر) "خلیل خۆشەوی" "وەستا برایمی بەننا" "عبداله مینە خالندی". "مارق پورە زەریفی" "هاشمی هەمزەوی"و بە کورتی دەها رۆلەی تری نەبەزی نەتەوەی کورد لە گرتوخانەکان

زەجر کوش کران یان بەئازارو ئەزیەتەوە لە گرتوخانەکان لەشیان لە تاقەتو کەوتو بوون بە قوربانی ریگای ئازادیو سەربەستی کوردوکوردستان.

ئەو رۆلە بەوەفاو تیکۆشەرانەی مەکتەبی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" کە سەبارەت بەدەسەلاتو حاکمیەتی نەتەوەی کورد (جەمهوری دیموکراتی کوردستان) پایە بەرزو پرلە لە شانازی شەهید ریگای ئازادی کوردو کوردستان یان بە نسیب بوو هەریەك لەوانەوەك بلیسەیەکی پر تین تەنانەت لە ژیر پەتی سیدارەش دا تینو هەستی پر جۆشی خۆیان بەرامبەر بەوەفاداریان بە نەتەوەی کوردو نیشتمانیان کوردستانو هاودەردی دەگەل نەتەوەکانی ترو هەروەها قینو کلو کوی تیکۆشەرانەی خۆیان بەرامبەر بە دابو دەزگای حکومەتی گەندەلی تارانیو خۆفرۆش دەربرریوە.

پیشەوا قازی محەمەد هەر کە لە نویژی ئیعدام بووە بۆخۆی سەرچوار پایە کەوتو بە بانگی بەرزەوە کوتی: ئەی ئەفسەرانو سەربازانی سوپای داگیرکەری تاران برۆن بۆ شاو ئاغاکانی بگیرینەوە بە اعدامو کوشتنو برینو پیشتان بەرەوی تیکۆشانی کە ئیرادەی کردووە سەربەخۆ بیت ناگیری ئەگەر ئیوە ئیستا قازی محمد پیش مەرگەیەکی ریگای رزگاری کوردستان دەخنکینن لە دوارۆژیکی نزیك دا بەسەدانو هەزاران پیشمەرگەی گورجوگولتر لە قازی محمد نەك هەر لەوبەشەی کوردستانەی کە ئیوە بۆ تالان داگیروکردوە بەلکو لە هەموو پارچەکانی تریش لە داگیرکەران راست دەبنەوە ئەم تەقەلایانە سەر لەبەرد دانە کورد بۆ رزگاریولاتەکەی هەر سەردەکەوی. هەر بژین پیش مەرگەکانی ریگای رزگاری کوردستان. بژی کوردو کوردستان.

شەهیدانی تریش هەریەکە پاچەیەك گررو کلپە بوون کە لەژیر پەتی سیدارە روناکیو هەستی شۆرشگیریان بلاوکردۆتەوە هاووریان: محمد حسین سیفی قازی. قدسیو خۆشناو. علی شیرزاد. علی جوانمەردی. احمد فاروقی. سدیق اسعدی. رەوشەنفکرو نەغەدەیی. هەریەك بە نۆرەی خۆیان پارچەیەك

پۆلای دارژاوی داخ‌و سوور بوون که پته‌وی هه‌ستی پڕ تینی میلله‌ت په‌روه‌ریان له ده‌ست نه‌داوه.

زستانی پڕر به‌فرو ساردوسڕی سالی ۱۳۲۵ مه‌هاباد شاهیدی ڕژانی خوینی سوورو گه‌شی ۲۳ که‌س له ڕۆله‌کانی "ستار خان"و "باقر خان" ئه‌فسه‌رانی ره‌شیدی حکومه‌تی میللی دیموکراتی ئازه‌ربایجان بوو که خوینی سینگ‌و میشکی پڕر له هیواو هومیدی ئه‌و قاره‌مانانه‌بوو ژیانی خۆش‌و پڕ سه‌ربه‌ستی نه‌ته‌وی ئازه‌ر به شیست تیری ده‌ستی ناپاکی سه‌ربازانی ده‌ستی داگیرکه‌ری تاران ڕژایه سه‌ر به‌فرو بوو بو گوڵی سووری په‌یوه‌ندی له پس نه‌هاتوو دو نه‌ته‌وه‌ی ماف‌وولات داگیرکراوی کوردو ئازه‌ر بۆ یه‌کیتی‌و خه‌باتی تیکڕایی بۆ ئازادی‌و سه‌ربه‌خۆیی.

با لاپه‌ره‌ی میژو ته‌ماشاکه‌ین سه‌رتاسه‌ری پڕره له دڕرندایه‌تی‌و کوشتن‌و بڕرین‌و سوتان‌و تالانی کوردو کوردستان به ده‌ستی داگیرکه‌رانی تارانه‌وه. جا بۆیه ئه‌و هیرش‌و کوشت‌و کوشتاره‌ی چه‌ند مانگ له‌وه‌وپیشی هه‌یئه‌تی حاکمه‌ی تاران بۆ سه‌ر خه‌لکی کوردستان به‌لای هیچ کوردیك‌و میژوزانیکه‌وه سه‌یر نیه.

هه‌روا پیش ٦ مانگ دیسان ده‌هاونه‌ته‌وه‌کانی نیشتمان په‌روه‌مان ڕونه‌هاتن. دیسان به‌سه‌دان ڕۆله‌ی کورد جوتیارو کریکار. مه‌لاو عه‌شیره‌تی نیشتمان په‌روه‌رو کاسب‌و دکتۆرو مه‌کته‌بی‌و معلم‌و... تان بۆ گرتوخانه‌کان ره‌پیچه‌ك نه‌دان به نیوه‌شه‌و له ناوجیگادا نه‌تان دزین ئه‌وه‌ی جاسوسانی سازمانی ئه‌منییه‌ت‌و اطلاعات له ژیر چاودیری پسپۆره‌کانی ئه‌مریکای به‌سه‌ر ئاشتیخوازان‌و نیشتمانپه‌روه‌رانی کوردستان دا دینن ته‌نانه‌ت هیتلیریکانیش ناگه‌نه پایه‌ی "پیشه‌وه‌چوونی" !! جۆری ئه‌شکه‌نجه‌و ئازاری سازمانی ئه‌منیه‌ت که له سه‌ر دروشم‌و ته‌علیماتی ئه‌مریکا ئازاریان ده‌ده‌ن. به‌لام نه کوشت‌و کوشتاره‌کان نه تالان‌و دورخستنه‌وه‌کانی پیشوو نه ئه‌م ره‌شبگیری‌و گرتوخانه‌ی "قزل قه‌لای" ی تاران‌و نه ئه‌م ئازارو ئه‌شکه‌نجه‌یه‌ده‌رمانی ده‌ردی بی ده‌رمانی گه‌نده‌لی‌و ڕزیوی ڕژیمی بۆگه‌نی پاشایه‌تی‌و حکومه‌تی تاران ناکات. تاقه چاره‌ی

هەر نابودیو مەرگە هەروەکی لە پەنامان لە عیراقی ئازادیش ئەم نەخۆشیە بەو دەرمانە رزگاربوو.

واسیزدەسال بەسەر بیرەوەری رۆژی خنکاندراوەکانو شەهیدانی دەستی حکومەتی گەندەڵی تاران تی دەپەرریووتەی پیشەوا قاچی محمدوەدیورِوناك بۆتەوە کە رژانی خوێنی ئەم شەهیدانە بەسەر خاکی کوردستان دا زۆر نەمامی پاراو کردووەو بەرهەمی ئەم شەهیدانە بزوتنەوەی بەرینی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە خۆی کیشاوەتە هەموو کەلێنو قوژبنو کویرە دی یەکی کوردستانوا بەسەدان تیکۆشەر لە گرتوخانەکاندان بەسەدانیان نەهینیو پەنابردوون. بەڵام تێکۆشانی میللەت نابریتەوە. هیئەتی حاکمەی تارانوادەزانێ تەنیا هەر لەوی قەوماوە تەنیا هەر زنجیرەکەیوی ژەنگاوی بوەوە هاتۆتە پسان جابۆیە کەوتۆتە هارییو ئەوپەرری درندایەتی بەڵام ئەوانە بیخودو بە خۆرایە هەر لە سەرچاوەوە لییان لیڵ بوو، نەمانی چەوسانەوەو ئیستیعمارو ئازادی گەلان لە دونیادا نەك هەر لە ئاسیاو ئەفریقا بەلکو لە قارەی ئەمریکاش بۆتە شیعارییوەختی رەورەوەی تیکۆشانو خەباتی نەتەوەکەمان.

نەتەوەی کورد بە پیشرەوی حزبی دیموکراتی کوردستان لەناو کۆری خەباتی رۆژانەی بۆ رزگاری ئیرانو کوردستان لە پشت ئەم درِندایەتی کوشتو کوشتارەو بە تایبەتی ئەم پەلەقاژانەی دوایی حکومەتی گەندەڵی تاران ئیمانی ئێمە تێکۆشەرانی کوردستانی بەوەدیهاتنی ئاواتی شەهیدەکانمان کە حاکمیەتو سەربەرستی نەتەوەی کوردە زۆر زیاتر لە پێشو کردوە. وە بەرەو ئاسۆی روناكو درەوشانی ئازادیو رزگاری نەتەوەی کورد تارمایی مەرگو لەناوچونی داگیرکەران دەبینن.

ئەندامانی "حزبی دیموکراتی کوردستان" لە رۆژی بیرەوەری ١٣ ساڵ تێپەربوون بە سەر یادی شەهیدانی جەمهوری دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەر ئەرکی میژوییو نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی ئازادیخوازو دلسۆزی جیهان. لە بەرامبەر تیشکی درەوشانی رزگاری نەتەوەکانی جیهان کە شەبەقی داوەتە

حوینی گەشی شەهیدانی کورد بە سەر خاکی نیشتمانی خۆشەویستی کوردستان قەول‌و پەیمان‌و سوێندی خۆمان تازە دەکەینەوە کە تا:

وەدی هینانی ئاواتی جوان‌و ئینسانی شەهیدانی کوردستان کە حاکمیەت‌و سەربەستی نەتەوەی کوردو ئازادی خاکی کوردستان بێت لە تێکۆشان نەوەستین‌و هەروەك تا ئیستا بەکردەوە نیشانمان داوە نە بە لێدان‌و بڕین نە دورخستنەوەو گرتوخانە نە برسێتی‌و داماوی نە ئازارو ئەشکەنجەوو بە کورتی نە پەتی سێدارەو گوللەباران لە ریگای ئازادی‌و رزگاری کورد کە تۆڵەی شەهیدانی کوردستانەلامان نادات. سەرێکەو هیناومانە بۆ قوربانی دە ریگای ئازادی‌و سەربەستی دا. نەگەراوینەوەو ناش گەرینەوە هەر دەرۆین بۆ پیشەوە بۆوەدیهینانی ئاواتی شەهیدانی گەلی کوردی کۆڵ نەدەر

سلاو. سلاوی کوردی تیکۆشەر. سلاوی ئەندامانی "حزبی دیموکراتی کوردستان" سلاوی تیکۆشەرانی ریگای ئازادی‌و رزگاری نەتەوەکانی جیهان بۆ ئیوە ئەی شەهیدانی نەمری جەمهوری دیموکراتی کوردستان.

شادبی گیانی پاکی هەمووشەهیدانی کوردستان.

شادبی گیانی پامی شەهیدانی ریگای ئازادی‌و سەربەستی گشت نەتەوەکانی جیهان.

بمرێ شای خائین بروخێ دابو دەزگای دەولەتی سەر بە ئیمپریایزمی تاران قاتلی شەهیدانی ئازەربایجان‌و کوردستان.

نەمان بۆ ئیستیعمارو ئیمپریالیزم دوژمنی چەنگورك خویناوی گەلان.

سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە ژیر رابەری "حزبی دیموکراتی کوردستان".

سەرکەوێ تیکۆشانی تیکرایی نەتەوەکانی فارس‌و ئازەربایجان‌و کوردستان بۆ ئازادی ئیران.

بەرقەرار بیتەوە بەرەی ییکگرتو لە نیوان "حیزبی دیموکراتی کوردستان "و "حیزبی تودەی ئیران"و "فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان"و "حزبی ئیران"و حیزبەکانی تری پیشکەوتو بۆ ئازادی ئیران.

(١٠ ی خاکەلیوەی ١٣٣٩)

کۆمیتەی سەرکردەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان"[٧٧].

هەروەها حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی بە بۆنەی تیرەبارانکردنی پێنج ئەندامی (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان )بە دەستی جەلادەکانی رژێمی شاهەنشاهی لە ٤ی ئایاری ١٩٦٠ دا، بڵاوکردۆتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

"بەرەبەیانی رۆژی ١٤ ی بانەمەری ساڵی ١٣٣٩-١٩٦٠ پینج نەفەر لە ئەندامانی (فرقەی دیموکراتی آزربایجان) بە گوللەی دوژمنانی نەتەوەکانی فارس‌و کوردو ئَزربایجان شەهید کران. حکومەتی گەندەڵ‌و فاشیستی ایران لە پیناوی راگرتنی تەختی دارزیوی پاشایەتی (حەمە رەزاشا)و رژیمی کۆنەپەرستی فئودال بورژوازی سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا دیسان دەستی بە خوینی رۆلەکانی بەوەفای ئَزربایجان رۆلەکانی (سەتارخان‌و باقر خان‌و شیخ محمدی خیابانی )سوورکرد رۆلەکانی ریگای خەباتی رزگاری‌و ئازادی خوازی ئَزەر لە پیناو تیکۆشان‌و خزمەت بەچینی چەوساوەو زەحمەتکیشی نەتەوەی آزربایجان لە پاڵ قارەمانان‌و شەهیدانی تر سەریان نایەوە سەر خاکی خۆشەویستی نیشتمانیان آزربایجان. حکومەتی فلشستی‌و سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە شەرا**یطیك** دا پینج نەفەری تیکۆشەری آزەری شەهید کرد کە لە سەرتاسەری آسیاو ئەفریقا نەتەوەکانی ژیر چەپۆك‌و چەوساوە راپەریون‌و لە پیناو دەست هینانی مرۆڤایەتی‌و نەتەوایەتی‌و ژیانی پر آسایش دا گیانیان بەخت ئەکەن.

---

[٧٧] بەیان نامەی "حزبی دیموکراتی کوردستان" بە بونەی: ١٠ی خاکە لێوە رۆژی شەهیدانی جەمهوری دیموکراتی کوردستان، ١٠ی خاکە لیوەی ١٣٣٩.

راپەرینی خەلکی (کۆریای خوارو) بۆ تیکشکاندنی تەوقی دیکتاتۆری دوازدە ساڵەی (سینگمان ری)و دەرکردنی سوپای بیگانەی ئەمەریکایی لە کۆریاو هێنانەدی ئازادیەکانی دیموکراتی لە تورکیە میتنگو دیموستراسیۆنی خوینەوارانی زانستگای (استامبول)و هەروەها پشتگیری‌و هاوبەشی بەینی خەڵکی (آنکارا)و (ازمیر) بۆ زیندوکردنەوەی ئازادیەکانی دیموکراتی‌و هەلبژاردنی نوینەرانی میللەت بۆ (مەجلیسی میللی)و هەروەها دەربرینی دەنگی نارەزایی بەرامبەر سیاسەتی ماڵویران کەرانەی حکومەتی میلیتاریستی (بایارو مندرس) کەوا چارەنوسی سیاسی‌و ئابوری تورکیەیان راستەوخۆ بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا فرۆشتوە دەستی پیکردوە لەو خۆپیشاندانەدا نەتەوەکانی تورکیە دەریان خست کە چیدی حازر بە ژیر دەستی‌و ماڵویرانی‌و چارە رەشی نابن، نیشانیان دا کە لەهەڵکەوتی ئیمرۆدا حکومەتی دیکتاتۆری‌و زولم ناتوانێ حوکم بەسەر ژیان‌و چارەنوسی خەلك دا بدا. بگرە لە(ویتنامی خواروش)کۆمەڵانی خەلك بە پێچەوانەی سیاسەتی زدی میللی (نگودین دیم) ی خائین هاتونەتە خرۆش‌و راپەرین بۆ رزگاری لە دەست ئیستعمارو ئیمپریالیزم.

حکومەتی خۆفرۆش‌و خائینی "شا-اقبال" کە خۆیان لە گیژاوی لەناوچوون‌وا دەبینن بۆ پیشگیرەوی تەئسیری لافاوی شۆرش‌و بزوتنەوەی نەتەوەکانی (کۆریای سوور -تورکیە- ڤیتنام )لە ایران بۆ ئەوەی کە ئاگری شۆرش‌و بزوتنەوەی ناو نەتەوەکانی ئیران دابمرکینین بەبێ شەرمیەوە پینج نەفەری ئەندامی نەبەزو تیکۆشەری "فرقەی دیموکراتی ئازربایجان "یان شەهید کرد.

نەتەوەی قارەمانی ئازەر بە دریژایی دەها سالە لە زدی حکومەتی گەندەڵو کۆنەپەرستی پاشایەتی ایران راپەرین‌و شۆرشی بوەو سەدان رۆلەی خەباتکەرو بەوەفای قوربانی داوە: راپەرینی "سەتارخان‌و باقرخان بۆ سەرکەوتنی مشروطیت‌و شۆرشی شیخ محمدی خەیابانی‌و بەرین تروو لەبارتر لەو هەموی تیکۆشانە پیك هینانی حکومەتی میللی‌و دیموکراتی ئازەربایجان" بە

رابەری پیشرەوی خەباتی نەتەوەی ئازەر (فرقەی دیموکراتی ئازربایجان) کە لاپەڕەی هەرە سورو گەشی خەباتی رزگاری خوازانەی میللەتی ئازەربایجانە.

حکومەتی پاشایەتی ایران بە پشتیوانی راستەوخۆی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو ئینگلیز لە سەرماوەرزی ساڵی ١٣٢٥ دا هروژمی هینایە سەر گەورەترین ئاواتو ئارەزوی میللەتی ئازەرو کورد کەوا دوو حکومەتی دیموکراتیکوشۆرشی بوونو بە سەدانو هەزاران رۆڵەی تیکۆشەرو ئازادیخوازیان لەوینەی (سەرهەنگ قولی صبحی و فریدون ابراهیمیو ژنرال عظیمی و ئازادوطن) بە گوللەی زۆرداری شەهید کردو تا ئیستاش کە چواردە سال بەسەر ئەو روداوە خویناویە تیپەری یادی کوشتنو کوشتاری سالی ١٣٢٥ لە شارەکانی (تەوریزو مراغەومیانەو زەنگانو ئاردەویلوسەراب)لەبیر کەس ناچیتەوەو دلی هەزاران دایكو خوشكو کاریان داغدارکرد. بەڵام نەتەوەی رەشیدو قارەمانی ئازەربایجان. نەتەوەی گری ئاگری ئازادی نەتەوەی "بابکی خورەم دین" تا ئیستاش لە خەبات رانەوەستاوەو راناوەستی. نەتەوەی ئازەربایجان ئیرادەی کردوە کە تا بەدەست هینانیوسیتو ئامانجی کە حاکمیەتی میللیو ێشتیو ئازادیە لە خەباتو تێکۆشان راناوەستێ، نەتەوەی زولم لی کراوی ئازەر دلنیایە کە رژانی خوینی سوورو گەشی رۆڵەکانی بەوەفای پەیوەندی قایمی تەواوی چینی زەحمەت کیشو دۆستەکانی میللی ئازەربایجانو هەروەها یاری کاری نەتەوەی کوردو فارس لە پیناوی سەرکەوتن. سەرکەوتنی حەقیقەت بەسەر زولمو سەرکەوتنی ئازادی بەسەر چەوسانەوەدا پتەو ترو چەسپاوتر ئەکا.

نەتەوەی کوردیش لە پال نەتەوەی ئازر زولم لی کراووولات داگیرکراوە بە پی ی بریاری پیشەوای شەهید (قازی محمد)و (حیزبی دیموکراتی کوردستان) کەوا پەیمانو دۆستایەتیو خەباتی تیکراییو هاوکاری لەگەڵ نەتەوەی رەشیدو قارەمانی آزربایجان بەستوە هاودەردیو ماتەمینی خۆی بەرامبەر بەو پینج رۆڵەی قارەمانو شەهیدانەی آزربایجان دەردەبڕیو لەسەر پیوەندیو هاوکاریو خەباتمانو دۆستایەتی نیوان دوو نەتەوەی کوردو ئازەر پەیمانی خۆمان تازە دەکەینەوە کە بە خەباتی بێووچانو کۆلنەدەرانەمان تۆڵەی تەواوی فارسو ئازەرو کورد لەوینەی (فریدون ابراهیمیو قلی صبحیو ژنرال عظیمي و أزادوطن

و ایوب ابراهیم و جواد حیدرو حسن ابو لطفي و خسرو باقر و علي حسن و دکتور آراني و سەرهەنگ سیامەك‌و سەرهەنگ موبوشری‌و خسرو روزبەو آرسن آواسیان و حسین فاطمي و قازي محمەدو سیف قازی‌و روشن فکرو نەغەدەی‌و مازوچو و ناظمي) لە دوژمنانی هەرسێ نەتەوە چەوساوەکەوە حکومەتی کۆنەپەرستی پاشایەتی ئیران بستینیتەوە.

جاریکی تریش لەسەر گورری تەواوی شەهیدانی ریگای ێ زادی نەتەوەکانی فارس‌و کوردو ئازەر سویندی خۆمان تازە دەکەینەوە کە تا رزگاری‌و سەرکەوتن بەسەر زولم‌و زۆرداری حکومەتی ترۆرو فاشیستی اقبال‌و تیکشکاندنی تەخت‌و تاراجی پاشایەتی (حمە رەزاشا) کە بە هۆی بەستنی پەیمانی دووقۆڵی‌و پەیمانی سەنتۆ خۆی هاویشتۆتە ژیر سیبەری سەر قیژەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە لە خەبات‌و هاوکاری برایانە نەوەستین.

بژی یادی ١٤ ی بانەمەر رۆژی شەهیدبوونی پینج رۆلەی قارەمانی نەتەوەی رەشیدی آزربایجان.

سلاو لە گۆرری شەهیدانی ریگای نەتەوەکانی فارس‌و کوردو آزربایجان.

سلاو لە رۆلەکانی قازی محمدو شەهیدانی تری کوردستان.

لە گیانی پاکی شەهیدانی ئازەربایجان‌و فارس.

سلاوی حزبی دیموکراتی کوردستان لە حیزبی تودەو فیرقەی دیموکراتی آزربایجان‌و مەکتەب‌و تەعلیم دەری شەهیدانی ریگای سەربەستی آزادی.

سلاو لە کاروانی شەهیدانی ریگای ێشتی‌و دیموکراتی‌و ئیستقلالی نەتەوەی گشت نەتەوەکانی جیهان.

پتەوتر بی خەباتی تیکرایی نەتەوەکانی فارس‌و کوردو ئازەربایجان بۆ روخاندنی رژیمی پاشایەتی‌و فئودال بۆرژوازی ایران.

بەرەی یەیکگرتوی نیشتمانی نیوان حیزبەکانی میللی زدی ئیستعماری ایران **ضامنی** سەرکەوتن‌و تۆلەئەستینی شەهیدانە.

بۆ پیشەوە بەرەو رزگاری‌و ئازادی هەر سێ نەتەوەکانی فارس‌و ئازربایجان‌و کورد.

کۆمیتەی سەرکردەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان"[78].

شایەنی باسە، کۆمیتەی سەرکردەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئەوکات لە خودی ئەحمەد تۆفیق، سولێمانی موعینی قاسمی سوڵتانیانو هاشمی حەق تەڵەب پێکهاتبوو کەوتبوونە خۆ بۆ دەرکردنو بڵاوکردنەوەی (کوردستان) ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. لە راستیدا، چ نووسەرانی مێژووی حیزبی دیموکراتو چ شارەزایانی بواری رۆژنامەگەری کوردی، تانوکە، لەبێ ئاگاییانەوە بێت، یاخود بەئەنقەست، ئاماژەیان بەم دەورەیەی کوردستان نەداوەو بەخانەی فەرامۆشییان سپاردووە، لەکاتێکدا هەوڵدراوە ئەو چەند ژمارەیەی کە لەناوەراستی شەستەکاندا تودەییە کوردەکان لەئەوروپای رۆژهەلاتو لەسایەی حیزبی تودەی ئێراندا چاپیان کردووە،وەك ئۆرگانی حیزبو لەلایەن ئۆرگانی حیزبەوە چاوی لێبکرێتو زەق بکرێتەوە و تێکۆشانی باڵی کوردستانیش بەرەهایی پشت گوێ بخرێت.

لە لاپەرە ٢٢ی راپۆرتی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، لە رەزبەری ١٣٥٢ی هەتاوی بەرامبەر بە سیپتامبری ١٩٧٣دا هاتووە" لەگەڵ ئەو هەموو ئیمکاناتە مادی یەی کە لە ژێر دەستی سەرۆکایەتی حیزب دابوو، تەنیا بۆ جارێکیش ئۆرگانی ناوەندی حیزب دەرنەچوو. جارێ هەر ناوی رۆژنامەی "کوردستان" کە میراتی کۆماری دیموکراتی کوردستانەو حیزبی ئێمە شانازی پێوە دەکا،وەلانرابوو".

(عەبدوڵا حەسەن زادە) لەکتێبی (نیو سەدە تێکۆشان)دا لاپەرە ٢٨ نووسیویە: ((تەنیا بڵاوکراوەی حیزبی دیموکرات کەئیسحاقی دەری دەکرد، ناوی (دیسان بارزانی)بوو)).

لەو نێوەدا تەنیا (کەریمی حیسامی) بەدوو سێ دێر باس لەو هەوڵەی ئەحمەد تۆفیق دەکاتو خۆشی دەنێو دەهاوێت کاتێك دەڵێت ("هەوەڵی زستانی

---

[78] ژین، ژمارە ١٥٣٨-١٥٣٩، ٢٣-١٩٦٠/٦/٢٧.

١٩٥٩ منو ئەحمەد تۆفیقو قادر شەریفو سمایلی قاسملۆ چووینە سلێمانی لەماڵی قالە تەگەرانی میوان بووین. . . هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەژمارەیەك رۆژنامەی کوردستان دەر بکەین. وتارەکانمان نووسیو بەرۆنیۆ چاپمان کرد. ئەحمەد تۆفیق) دەیبردە نێو شار دەیدا بەخەڵکی دەیگوت لەکوردستانی ئێرانەوە هاتووە" [٧٩].

لەڕاستیدا ئەموتەیەی حیسامی لەرووی مێژووو کاتەوە هەڵەی تێدایە، چونکە سمایلی قاسملۆ لەئازاری (١٩٥٩)دا گیراو کەوتە داوی خیانەتەوە،واتە هەوەڵی زستانی (١٩٥٩) سمایل نزیکەی نۆ مانگ بوو لەزیندان راگیرابوو، هەروەها خودی حیسامی لە (٣٠)ی نیسانی ساڵی (١٩٦٠) لەفڕۆکەخانەی بەغداوە عێراقی بەرەو چیکسلۆڤاکیا بەجێهێشت لەکاتێکدا یەکەمین ژمارەی ئەم دەورەیەی (کوردستان) لەرۆژی (١)ی گەلاوێژی (١٣٣٩)ی هەتاوی بەرامبەر (٢٣)ی تەموزی (١٩٦٠) بڵاوکراوەتەوە،واتە سێ مانگ دە رۆژ کەم بەسەر رۆیشتنی حیسامیدا.

هەرحاڵ، لەسەرەوەی رۆژنامەکە بەگەورەیی نووسراوە (کوردستان)، لەژێری (ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، لەلای راستی نووسراوە (بەرەی یەکگرتووی نیشتیمانی، نێوان حیزبەکانی شۆڕشیو نیشتیمانی بەرامبەر ئیمپریالیزمو داگیرکەری ئالای خەباتمانە. ئازادی ئێرانو پێکهێنانی کۆمەڵێکی نیشتیمانیو دیموکراتو دیاری کردنی لانی کەمی مافی نەتەوایەتیو بەرەی ئاشتیو ئاسایش لەجیهان). لەلای چەپی رۆژنامەکە نوسراوە: حاکمیەتی میللیو دیموکراتی ژیانی خۆشو بەختیاری نەتەوەی کورد ئامانجو دروشمی خەباتمانە. خەباتو سەرکەوتنمان بوو قایم بوونی دۆستایەتی نێوان نەتەوەکانی ئازادیخوازو پشتگری بزوتنەوەی گەلانیووڵات داگیرکراو زیدی ئیمپریالیستی لەسەرانسەری جیهانە. دواتر لەژێر ناونیشانی رۆژنامەکەدا نوسراوە (بەروار- ١ی گەلاوێژی ١٣٣٩)ی لەژێریدا (بروار ٢٣ی ژوئیەی ١٩٦٠)، لەلای راستی

[٧٩] حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی دووەم، ل٥٩.

نوسراوە (ژمارە -١-) لەژێریدا (دەورەی سێهەم). لەلای چەپیشی (لەشار دانەی ٥ قران) لەژێری (لەلادێ دانەی ٣ قران)[٨٠] .

(دەنگی کورد) لەلاپەڕە یەکەمیدا، لەژێر ناونیشانی (دیمەنت بەخێر ڕۆژنامەی کوردستان)دا نوسیویە" (کوردستان)... ! لە ٢٥ی بەفرانباری ساڵی (١٩٤٦) لەئاسمانی شاری مەهابادی خوێناویەوە هەڵهات، ئەو سەردەمە کوردستانی موکریان بنکەی بزوتنەوەی هێزی گەلی کورد بوو... لەپاش ماوەیەکی مام ناوەندی توانی کە (١٦٠) جار تیشکی بیروباوەڕی کوردایەتی بەناوچەی کوردەواریدا بڵاوبکاتەوە...

بەڵام نۆکەرو داردەستەکانی ئیمپریالیزمی ئەنگلو ئەمەریکی بەهاوکاری حکومەتە خوێن مژەکەی رەزاخان (محەمەد رەزا راستە- ل) توانیان کەهەورێکی چڵکن بخەنە رووی ئاسمانی کوردەواری لەناوچەی موکریان بۆ ئەوەی ئەو ئەستێرە گەشەمان لێ بشارنەوە.

سەرەڕای کوشتن و دەس‌وەشاندنێکی جانەوەرانەی پرر لەبێ بەزەیی بەڵام بۆ جاری دووەم لەساڵی (١٩٥٤)دا کەوتەوە پرشنگدان بەئاسمانی نەتەوەکەمانەوە.. دووبارە تەنگو چەلەمەی رۆژگاری ناپاکی پرر لەوەیشومە ماوەی نەدا کە لەپێنج ژمارەی تر بەنیشتیمانە بەش بەش کراوەکە مانا پرشنگ بوەشێنێ.. بەڵاموائێستا کە لەسەرەتای جاری سێ ٣ هەما لەڕۆژی ١ی گەلاوێژی ساڵی (١٩٦٠)دا قارەمانانە بازووی خەباتی لێ هەڵ کردۆتەوە بۆ خرۆشاندنی هەموو چینەکانی گەلی کورد بۆ هەڵسان و خۆ راتەکاندن لەدەس دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان جالەم رۆژەدا (دەنگی کورد) سڵاوی پڕ لەشۆڕشی خۆی ناو زنجیرەی رەشی ئیمپریالیست سڵاو لەڕۆڵەکانی شێخ مەحمودی نەمرەوە بۆ رۆڵەکانی قازی محەمەد"[٨١].

---

[٨٠] دەنگی کورد، رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆیە، ژمارە ٢٣، ٣١ی ئاب ١٩٦٠.

[٨١] هەمان سەرچاوە.

هەروەها لەبەشی خوارەوەی لای چەپی هەمان لاپەڕەدا، (دەنگی کورد) لەژێر ناونیشانی (پیرۆزبایی) نوسیویە" (دەنگی کورد) پیرۆزبایی پێشکەش بە (حیزبی دیموکراتی کوردستان) ئەکات بەبۆنەی دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان)ەوە کەزمانی چینی چەوساوەو رەنجبەرانی گەلی کوردە لەکوردستانی بەزۆر بەئێران بەستراوەوە لەژێر ئاگرو چەپە دوکەڵی بێدادی شاهانەی ئێرانا... وەهەروەها پیرۆزبایی لەهەموو گەلی کورد ئەکەین هەر لەکوردستانی رزگاری عێراقەوە هەتا ناو کونجی تاریکی بەندیخانە سامناکەکانی ئێرانو سوریاو تورکیا ئیتر باهەر بژی خەباتی سەختی نەتەوەکەمان (نەتەوەی کورد) لەپێناوی رزگاری کوردو کوردستانا [٨٢].

وێڕای ئەوە (دەنگی کورد) لەژمارەیەکی دیکەیدا لەژێر ناونیشانی (لەرۆژنامەی کوردستانەوە) سلاوی گەرمو پیرۆزبایی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی (کوردستان) ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەبۆنەی کۆنگرەی پێنجەمی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا) کە لە٢٢ی ئابی (١٩٦٠) لەبەرلینی رۆژئاوا بەستیان بلاوکردۆتەوە[٨٣].

لەڕاستیدا نازانرێت (کوردستان)ی ئورگانی حیزبی دیموکرات لەم قۆناغەدا چەند ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە، ئەوەندە هەیە لەژمارە ١ی رۆژنامەی (کوردستان)دا، کەئیبراهیم ئەحمەد خاوەن ئیمتیازو جەلال تاڵەبانی سەرنووسەری بووە، بابەتێکیان لەژمارە (٤)ی (کوردستان) ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە٢٣ی ئەیلولی (١٩٦٠) بلاوکراوەتەوە بەناونیشانی (هەستی تێکۆشەرێکی ئازربایجانی بەرامبەر نەتەوەی کورد)وەرگرتووەو بلاویان کردۆتەوە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە (کوردستان)ی ئورگانی حیزبی دیموکرات دوو هەفتەنامە بووەو چوار ژمارە یان زیاتری دەرچووە. لەو بابەتەدا کە (کوردستان) لە (کوردستان)یئۆرگانی حیزبی دیموکراتی وەرگرتووە،

---

[٨٢] هەمان سەرچاوە.

[٨٣] هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٨، ١٤ ایلول ١٩٦٠.

هاتووه: "

(نوسراوێکی وەڵامی لەهاوڕێیەکی تێکۆشەری بەرزی (فرقەی دیموکراتی ئازربایجان) بۆ (حیزبی دیموکراتی کوردستان)

هاوڕێیانی بەڕێز:

نوسراوەی پرر هەستی ئێوە کە بەهۆی منەوە بۆ ئەندامانی (فرقەی دیموکراتی ئازربایجان) برایانی ئازەرتان ناردبوو بوو بەهۆی شادیو پیّ خۆشێکی زۆری ئێمە، مەسەلێکی مەشورە دەڵێت: خۆشبەخت ئەو کەسەیە کە لەڕۆژەکانی رەشدا گەل پشتیوانی بیّ، دۆستایەتیو برایەتی نەتەوەی قارەمانی کوردو ئازربایینجان لەمەیدانی تەقەلای ژیانو رێگای پڕ هەورازو نشیوی تێکۆشانو خەبات بەجۆرێکی پتەو یەکگرتوو بووەو بەسەر زۆر قۆناغی سەختدا تێپەڕیوە کەهیچ پێویستی بەبەڵگەو سوورکردنەوە نییە. ئەگەر ئەو حەقیقەتە لەزار بوێژی سەرناسی کورد (هەژار) بگێڕنەوە باشترە، هەژار لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی ئەدەبی ئێمەدا گوتی: کوردو ئازربایجان گیانێکن لەدوو لەشدا. لەسەر ئەو بنچینەیە کەئێمە لەشادیو خەمدا باشترین شەریکی یەکترین.

لەپاش ساڵی (١٩٤٦) زۆر برینی ناسور بەدەست کۆنەپەرستی ئێرانوەگیانی نەتەوەی ئازەر کەوت. لەو ساڵانەی پرر لەمەترسیو تیرۆردا نەتەوەی کوردیش زۆر قوربانی داوە. لەو برینانەی کەدوژمنی زۆردار دەگیانی نەتەوەکانی ئێمەی کردووە ئێستاش خوێنی لیّ دەتکێتەوە. بەجۆرێك کەئێمە شەهیدبوونی (قازی محەمەد)و قارەمانانی کوردمان لەبیر نەکردووە. ئێوە خۆبەخت کردنو لەخۆبوردنی (ئیبراهیمی)و (کبیری)تان لەبیرە. هێشتا برینی جەرگی پرر لەئاواتی ئێمە سارێژ نەبووە کە بەئیعدامی (٥) کەس لەهاوڕێیانی قارەمانو رەشیدی ئازەری ئێمەی داخدار کرد، لەو رۆژە ماتەمینەدا هاودەردی ئێوەی برایانی کورد لەگەڵ برایانی ئازەر جارێکی تر ئاڵقەی دۆستایەتی ئێمەی پتەوتر کردو برینی سارێژ کردین.

وائێستاش ئێمە بەدایکی پرر لەنیگەرانی لەمەترسی ئیعدام کەوا باڵی بەسەر

چوار تێکۆشەری نیشتیمان- پەروەری کوردا کێشاوە دەپەرۆشی داین.

لەو کاتە پڕ ئازارو نارەحەتیدا ئێمە ئازربایەنجانیەکان هیچ کات برایانی کوردی خۆمان لەبیر نەکردووە. دەمانەوێ بڵێین کەئێمە لەڕژێمی پاشایەتی هەر ئەو کردەوانە چاوەڕوان دەکەین چونکو دیوارەکانی ئەو رژێمە رەشە لەسەر ئێسکی لەشی شەهیدان‌و نیشتیمان پەروەرانی قارەمانی ئێمە داندراوە. تەنانەت شاو نۆکەرەکانی دڵنیان کەڕۆژانی دوایی عومری خۆیان رادەبوێرن.

ئێستا ئێرانیش‌وەك تەواوی جیهان لەزستانی بەدبەخت بەرەو بەهاری بەختیاری دەچێتە پێش ئەو بەهارەی کەتروسکی رۆژی ئازادی لەکێوی (سەهەند) هەتا کێوەکانی بەرزی کوردستان هیوای کامەرانی‌و خۆشی دەداو سەهۆڵی زوڵم‌و ئەسیری بەیەك جار دەتوێنێتەوە.

ئەو بەهارەی کەکوزی تاریکی جوتیاری بەدبەختو چەوساوەی کوردو ئازربایەنجانی بەنوری خۆشبەختی روناك دەکاتەوە. دەسەڵاتی فیوداڵی مفتەخور تێك دەڕوخێنن ئەو بەهارەی کە بەخۆشییەوە ئەندامانی (حیزبی دیموکراتی کوردستان)و (فرقەی دیموکراتی ئازربایجان) لەمەهابادو تەورێز یەکتر لەباوەش دەگرن‌و بەشانازی‌و خۆشیکی بێ هاوتا لاپەڕەی نوێ لەمێژووی پرر شانازیان هەڵدەدەنەوە. ئێمە لەو رۆژەدا بەگوشینی دەستی برایانەی ئێوە دڵنیایی تەواومان هەیە.

سلاوی گەرم‌و برایانەی ئەندامانی (فرقەی دیموکراتی ئازربایجان) بۆ ئەندامانی (حیزبی دیموکراتی کوردستان)

تیکوشان هەر بەردەوامە.

هاوڕێتان (ئا- ١)"[٨٤]

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی پێکهێنانی پەیوەندی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە گەڵ(پارتی کۆمۆنسیتی شورەوی ) لە ١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ دا نامەیەکی بە ئیمزای ئەحمەد تۆفیق‌و ناوی

---

[٨٤] کوردستان، رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە، ژمارە ١، ١٩٦٠/٣/٤.

خوازراوی" زاگرۆس" ەو ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندی ئەو پارتە کردووە کە ئەمەوەرگێڕدراوی کوردی دەقە فاسیەکەیەتی: "

هەڤاڵانی ئازیز

کۆمیتەی نێوەندی "حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی شورەوی"

دوای پێشکەشکردنی سڵاوی دۆستانە.

بەبۆنەی جەژنی ئۆکتۆبەری مەزن، سەرەتایوەرزێکی نوێی ژیانی زەحمەتکێشانی جیهان، دەرکەوتنی دەسەڵاتی شوراکانو سەرکەوتنی بەسەر دامو دەزگاکانی تزارییو بۆرجوازی داڕزاودا، حزبی دیموکراتی کوردستان باشترین پیرۆزبایتان ئاڕاستە دەکاتو لە ڕێگای ئێوەشەوە بۆ تێکڕای گەلانی یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستەکانی شورەوی پێشکەش دەکات.

میللەتی کورد کە میللەتێکی ستەمدیدەو بەشخوراوە، زۆربەباشی مەزنیو بایەخی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ئازادیو ڕزگاربونی گەلانی شورەوی قارەمان درك پێدەکاتو هەر بەم بۆنەیەوە بە پێویستی دەزانین خۆشیوشادمانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هاتنی جەژنی مەزنی شۆرشی ئۆکتۆبەرتان ڕاگەیەنینو پێشکەشتانی بکەین.

شادین بەوەی رابەری خەباتی میللەتی کورد هەڤاڵ مستەفا بارزانی بەناوی میللەتی کوردەوە لە جەژنی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبەردا بەشداری دەکات

موبارەك بێت جەژنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

سەرکەوتو بێت یەکێتی گەلانی شورەوی سۆشیالیستی قەڵای خۆڕاگری لەشکان نەهاتوو.

سڵاو لەگەڵی کوردەوە بۆ گەلانی یەکێتی شورەوی دۆستووەفاداری هەموو گەلان.

بژی ئاشتی پایەدار

دووبارە پیرۆزبایی و ڕێز: لەلایەن

کۆمیتەی نێوەندی "حزبی دیموکراتی کوردستان" "زاگرۆس"

س ٩١/١٠/١١/١٩٦٠[٨٥]

لەسەر ئاستی نەتەوەییش حیزبی دیموکراتی کوردستان بانگەوازێکی بڵاوکردەوە داوای لە تێکڕای هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کرد، کە لە پێناوی رزگاریی و یەکخستنی کوردستان لە کۆمسیۆنێکی سەراسەرییدا کۆببنەوە. لەوەڵامی ئەم بانگەوازەدا پارتی دیموکراتی کوردستان/سوریا، نوێنەرێکی خۆیان بەناوی (حەمید دەرویش) ناردە باشووری کوردستان. ناوبراو لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆبۆوەو هەردەولا لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦١ دا رێکەوتنێکیان مۆر کرد کە لەبنەڕتدا بە زمانی عەرەبی نووسراوەو ئەمەش وەرگێڕدراوە کوردییەکەیەتی: "

لەمەڕ دیدو بۆچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان سوریا لەو کۆبوونەوەیەی لە نێوان نوێنەری هەردوولا لە کوردستانی عێراق بەسترا لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦١ دا.

بەوەڵام دانەوەی ئەو بانگەوازەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاراستەی پارتە کوردستانییەکانی کرد، سەبارەت بە پێشنیازی بۆ دامەزراندنی کۆمسیۆنیك بۆ سەراسەریی کوردستان، کە نوێنەری پارتە کوردستانییەکان لەخۆبگرێت بەمەبەستی یەکخستنی تواناکان و رێکخستنی بەرنامەکان لە تەواوی کوردستان دا. کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی –سوریا– لە کۆبوونەوەی خۆیدا لەسەرەتای ئایاری ١٩٦١وەڵامی ئەو بانگەوازەی دایەوەو بڕیاری ناردنی نوێنەرێکی خۆی لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بۆ کوردستانی عێراق دا، بەمەبەستی بە نوێنەری هەردوو حیزبی برا لەپێناو لێك گەیشتن بۆ دامەزراندنی کۆمسیۆنی پێشنیازکراو.

لەو کۆبوونەوەیە کە لە نێوان نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان/ سوریا ئەنجامدرا، هەردوولا

---

[٨٥] وەرگیراوە لە: البارزاني، سەرچاوەی ناوبراو، ل٢٧٣ .

زانیارییەکانیان سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسیی کوردستان بەگشتیو کوردستانی ئێرانو سوریا بە تایبەتی گۆڕییەوە. هەروەها هەریەك لە هەردوولا لە گیروگرفتی پارتە براکەی بەرامبەری تێگەیشت، جا ئەو گرفتانە سیاسیی بن یان ڕێکخراوەیی.

دیدو بۆچوونەکان سەبارەت بەو خالانەی جێگای بایەخی هەردوولابوون یەکیان گرت. ئەویش:

١- ئامانجی بەرزی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بریتییە لە-رزگارکردنو یەکخستنی کوردستان- خەباتو تێکۆشانی هەرپارچەیەکی کوردستانیش دەبێت لەم پێناوەدا بێت. هەر تاکتیکێکیش کە حیزبە کوردستانییەکان بیگرنەبەر پێویستە لەگەڵوەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا بگونجێت.

٢- هەردوولا وادەبینن کە دامەزراندنی کۆمسیۆنێك بۆ تەواوی کوردستان ئەرکێکی نیشتمانییە، بەو پێیەی ئەو سنوورە دەستکردەی کوردستان دابەش دەکات لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە دانی پێدا نانرێتو خەبات لە کوردستان دا یەکەیەکی دانەپچڕاوە.

٣- هەردوولا ڕێکەوتن کۆمسیۆنێك لە نێوان دوو حیزبەکەیانداوەکو هەنگاوی یەکەمو ناوکێك بۆ کۆمسیۆنە گشتییەکە دابمەزرێنن، کە هەردوولا بە پێویستیان زانی ئەو مەسەلەیەی دوایی دوابخرێت هەتاکو پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق هەڵوێستی کۆتایی خۆی لەو کۆمسیۆنە روون دەکاتەوە.

٤- هەردوولا ڕێکەوتن کە نەبوونی کاروانی چالاکی ڕێکخراوەیی بەو شێوەیەی کەلەگەڵ بەرژەوەندییە بالاکانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیادا بگونجێت، بۆ نەبوونی ڕێکخستنی توانای پاتە کوردستانییەکان سەبارەت بە چۆنێتی کارکردن لە کوردستان بەگشتیو لە کوردستانی تورکیا بەتایبەتی دەگەڕێتەوە. هەربۆیە ئەوان بانگی هەموو دڵسۆزانی کێشەی کورد دەکەن بەپەلە بن بۆ یەکخستنی هەوڵەکانو ئەو کۆمسیۆنە پێشنیازکراوە بهێننە بواری

کارکردنەوە  بۆ ئەوەی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد بتوانێت بە تەواوی‌و بێ کەم‌وکورتی بەئەرکەکانی خۆی هەستێت.

٥- نوێنەرانی هەردوو حیزب پێشوازی لە رێبەرایەتی خەباتگێڕ مستەفا بارزانی دەکەن بۆ هەر کۆمسیۆنێك یان سەرکردایەتییەك کە کاروباری خەبات لە تێکڕای کوردستان، یاخود لەو دوو پارچەیەی ئێران‌و سوریا بگرێتە ئەستۆ.

٦- سەبارەت بە چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمسیۆنەکە، ناوەندەکەی، کاروباری، چۆنێتی بڕیارەکانی‌و دیاریکردنی جۆری خەبات لە هەریەك لە پارچەکانی کوردستان دا، تێکڕای ئەوانەلە نێوان نوێنەرانی ئەو حیزبانە رێکەوتنی لەسەر دەکرێت کە بەشداری لە کۆمسیۆنەکەدا دەکەن.

٧- نوێنەری هەردوو حیزب هەڵدەسن بە پێشکەشکردنی کۆپییەك لەم بڕیاران بە هەڤاڵی خەباتگێڕ مستەفا بارزانی، بۆ ئەوەی ناوبراووەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق ئەو ساردییە نەهێڵێت کە پارتی دیموکراتی کوردستانی برا لە عێراق لە بەرامبەر دامەزراندنی ئەم کۆمسیۆنە پێشنیازکراوەدا دەینوێنێت. چونکە هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا هەڵدەستن بە پراکتیزەکردنی دامەزراندنی ئەم کۆمسیۆنە لە نێوان هەردوو حیزبەکەیان دا لەپاش سێ مانگ تێپەڕبوون بەسەر ئەم بەروارەدا.

تێبینی١: سێ‌کۆپی‌وەرگیراوە، بۆ هەر حیزبەو دانەیەك، بۆ خەباتگێڕ مستەفا بارزانی دانەیەك.

تێبینی٢: ئەم بڕیارانە دەبوایە بە کوردی نووسرابا، بەڵام لە رووی ناچارییەوە بە زمانی عەرەبی نووسرا.

نوێنەری هەیئەتی سکرتارییەتی حیزبی دیموکراتی

کوردستان- ایران    نوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی- سوریا- عبدالله اسحاقی    عبدالحمید سلیمان درویش"[٨٦].

ئیمزا ١٩٦١/٦/٣٠.

---

[٨٦] هەمان سەرچاوە، ل٢٩١-٢٩٢ .

شایەنی باسە سەرقاڵبوونی ڕێبەرایەتی پارتی (ئیبراهیم ئەحمەدو هاوەڵانی) بە هەڵو مەرجە ئاڵۆزو پڕ ڕوداوەکەی عێراقو باشووری کوردستانو بێ بایەخییان بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ باری نالەباری پەناهێنەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو خۆبەدوور گرتن لە پەیوەندی ڕەسمیو مامەڵەی بەرابەر لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان، جۆرێك لە ساردیو دڕدۆنگی لە نێوان هەردوو لا پێك هێنابوو. لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکرێت کە پەناهێنەرەکانی ڕۆژهەڵاتو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نامەیەکی ڕەسمی خۆشحاڵیو پیرۆزبایی خۆیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ماوەدانی یاسایی پارتی لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠ دا دەربڕیوەو بەو هیوایەی کە "ڕوناکی ئاگری پرر نوری شۆرشی پیرۆزی چواردەی تەموز ڕۆشنایی خۆی دەداتە ئەو دیوی کێوەکانی زاگرۆسو سەرچاوەکانی دجلەو فرات"[٨٧]. بەڵام ئەو هیوایەی حیزبی دیموکراتی کوردستان تا دەهات کاڵتر دەبۆوە. وەك لە نامەیەکی ئەحمەد تۆفیق دا دەردەکەوێت کە بۆ مەلامستەفای نووسیوەو دەڵێت: "

مامۆستای بەڕێزو خۆشەویست

بارزانی

دەگەڵ سڵاوو حورمەت

وا پاش ٣ ڕۆژ مانەوە بۆ دیتنو دانیشتن لەگەڵ هاوری یانی "پارتی" بە داخەوەوابزانم دیسان لەگەڵ مەوەختیان بۆ دانیشتن نییە! هەر لەماوەی ئەم ٣ ڕۆژدا ٢ جاریان تەلیفون بۆکردم کە بەبێ دررنگ بگەریمەوە لای پەریشانی حالی بێ کەرامەت کراویان.

دیارە تاوانباری ئەم حالە پەریشانەویرای ئەوەی کە ئەوان دە سەری خەلكو شوینی کەی هەلدەسون بەڵام من خۆم بە تاوانکاری حالی پەریشان کراویوان دەزانم چونکو ئەگەر منیشوەك زۆر کەس لەوانەی کە ایستا مەیدان

---

[٨٧] ژین، ژمارە ١٥١٢، ١٩٦٠/٢/١٨.

دارو سینگ رەپیش خەری رۆژان هەر رۆژەی رەنگو لەونیکم بەخۆم گرتباو لەبەر دەرکی "قودرەت" چوکم دابدایە ایستا منیش لەبن بالی ئەم مەیدان دارانە دەمتوانی حالی برادەرانی تیکۆشەر بەو جۆرە نەبینم !! بەلاموا دەگەریمەوە بۆ لای برادەران دەبی بمرین بەلام تا ئاخر هەر ثابتو ساخ دەمینین. سەربەرزین لە برسو لە دەربەدەری ناترسین. زیاتر لە ٨ سالە مەوا لەو داماوی یە بەسەری دەبەین بەلام رۆژ بە رۆژ حورمەتمان لەناو خەلکدا زیاتر بووە وابزانم دیسان بە برسیتیو داماوی هەر دەتوانین سەر بە ناحەزی کورد دانەوینینو سەربەرز بمی نین.

تەنیا داخی سوتینەر ئەوەیە کە رەفتاری ایستای برادەرانی پارتی بەنسبەت ٢٠٠-٢٥٠ کەس. کە دەپیناو تیکۆشان بۆ کوردو کوردستان ئاوارەو دەربەدەر بوون بۆ دوا رۆژ بیرو هەستیکی ناحەزو سوتینەری "عراقی"و "ئیرانی" دەخاتە میشکانەوە.

بەلام زۆر گرینگتر لە مەسەلەی پەنابەران موضوعي پەیوەندو علاقەی دو حزبە "پارتی دیموکراتی کوردستان"و "حزبی دیموکراتی کوردستان "کە تەنانەت روون نەبۆتەوە بەلکو باسو کۆبونەوەشی بۆ نەگیراوە لەبەر چی؟ هیچ کەس بیجگە لە برایانی ناوەنی پارتی، یان باشترە بلیین مەکتەبی سیاسی نازانی.

دەی خوا گەورەیە زۆر لە میژە چارەنوسی کورد بە دەستی بەریوەبەران لە زۆر جیگا تەسلیم بە قەزاو قەدەر کراوە. زەمانو رۆژگارو دوژمن چی بەسەر ئیمەی هەژار هیناوە ملمان لە مو باریکتر بووە!! جابۆیە حالمانوا خۆشە!

مامۆستای دلسۆز

وا ئیمرۆ ساعەتی ٥ بەرەو لای برادەران دەچمە لای سلیمانیە هەروەخت برادەرانی پارتی لەو هەلویستە بەرامبەر بە تیکۆشان لە کوردستانی عیراقو پەیوەندی دەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان هاتنە خوار بفرمون پاشی دوسال هاتو چو دیمەوە. چونکو پەیوەندی زۆر قایمو نەپسی کوردستانی ئیرانو ئیرەواجبیکی تاریخیو نەتەوایەتیوە شەرەفو هەستی نیشتمان پەروەریمانە.

ساخی و سەربەرزی تان لە خودا داخوازم
بە حورمەتەوە: احمد توفیق
١٩٦٠/٥/٢٦ ئیمزا"[٨٨]

سەبارەت بە تێکۆشان لەرۆژهەڵاتی کوردستان، ئەحمەد تۆفیق هەر لەگەڵ روخاندنی رژێمی پاشایەتی لە عێراق و گەرانەوەی مەلا مستەفا بارزانی و تێکچوون و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی رژێمی شاهەنشاهی و رژێمی کۆماری لە عێراق، هاتبووە سەر ئەو باوەڕەی کە سوود لەو دەرفەتەوەربگرێت و حیزبی دیموکرات بۆ راپەڕینێکی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران ئامادە بکات. لەو رووەشەوە لە بارزانی گێڕابۆوەو جگە لە هاوکاری ماددی هێندێك چەکی سووکی لە دەمانچەو بڕنۆ لیٚوەرگرتبوو[٨٩].

(بلوریان) لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئێوارەیەکی ساردی مانگی خەزەڵوەر سواری ئەسپ بووم بەرەو رۆژئاوای مەهاباد و گوندی "دێبوکر"وەڕێ کەوتم و خۆم گەیاندە ماڵی سەید "عەبدوڵڵای مرادی" کە مجێوری مزگەوت و لێپرسراوی حیزب لە دێبوکر بوو. قادر شریف و عیزەت پور لەوێ چاوەڕوانم بوون. دوای سڵاوو چاك و خۆشی، بە دوورو درێژی لە سەر کاروباری حیزب دواین. قادر شەریف بە نهێنی و بە دوور لەچاوی سەید عەبدوڵڵا گوتی:

– ئەحمەد تۆفیق راسپاردەیەکی ناردوەو دەڵێ "بارزانی رای وایە کە ئیمە لە کوردستانی ئێران دەست بە جموجۆڵی چەکدارانە بکەین "ناوبراو لە قولی بارزانی یەوە گوتویەتی: "بەدانی بەڵینی ئوتونومی بۆ کوردستانی عێراق لە لایەن

---

[٨٨] ەرگیراوە لە: البارزانی، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٦٨-٢٦٩ .

[٨٩] بەپێی لیستی هاوکارییەکان، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم قۆناغەدا خاوەنی ٢٨ کادێری حرفەیی، پێنج ماڵە حیزبی لە شارەکانی: تاران، مهاباد، نەغەدە، ورمێ، بەغداو سولێمانی، هەروەها چوار مۆڵگەی حیزبی لە دێیەکانی: سالوکی بانە، رەفتەی مهاباد، کانی زەردی خانی لاجان، دولەنیٚ ی خانی و پیران بووە. بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٢٨٣-٢٩٠.

"کەریم قاسم"ەوە، زەمینەیەکی چەکدار بۆ راپەڕینی چەکدارانەی حیزبی دیموکڕات لە کوردستانی ژێر دەستی ئێران رەخساوە"[٩٠].

بەپێی قسەی بلوریان لەو کاتەدا ژمارەیەك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی وەکو "ئیبراهیم ئاغای عەلیار"و ژمارەیەك لە ئەندامانی پێشووی حیزبی دیموکراتو هاوڕێی پێشەواقازی محەمەدو ئەوانەی پێشتر لە کۆماری کوردستان دا بوون وەك: وەهاب بلوریان، محەمەد ئەمینی شەرەفی، سەدیقی حەیدەری، مستەفای سوڵتانیانو سەید مستەفای سەیدی، کەوتبوونە خۆو گوێیان بۆ ئەو راسپاردەیە شل کردبوو.[٩١].

لێرەوە، زۆر دەگونجێت شاڵاوە سەرتاسەرییەکەی تشرینی دووەمی ١٩٥٩و هەڵتەکاندنی تەشکیلاتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن سازمانی ئەمنییەتی رژێمی شاهەنشاهییەوە، ئۆپەراسیۆنێکی دەستپێشکەرانە بێت بۆ پوچەڵکردنەوەی هەر ئامادەکارییەك بۆ راپەڕنێکی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران.

وێڕای ئاکامەکانی ئەو پەلامارە بۆ سەر رۆحییەتی خەڵكو بەدەنەو رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هێشتا مەسەلەی خەباتی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران خولیایەکی هەمیشەیی ئەحمەد تۆفیق بوو. هەر بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ ەوە بۆی کەوتە جموجۆڵ. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی پەیوەندیگرتنی لەگەڵ ئەو شانە حیزبییانە دا کە نەکەوتبوونە بەر شاڵاوەکەی سازمانی ئەمنییەت. هەروەها هەوڵێکی زۆری دا تا لەنێو خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران دا رێکخراوێکی نهێنی بە ناوی (یەکێتیی خوێندکارانی کورد) پێکهات.

بۆوەرگرتنی سەرنجی مستەفابارزانیش لەمەڕ جوڵانەوەی چەکداری لە کوردستانی ئێران، ئەحمەد تۆفیق رۆژی ٢٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١ بە

---

[٩٠] بلوریان ، سەرچاوەی ناوبراو، ل١٨١.

[٩١] هەمان سەرچاوە، ل١٨٢.

**یاوەری: جەمیل مەردۆخی، قادرشەریف، عارف قەرەچەتانی، رەشەی قاچاخچی، سولەیمانی موعینی سەردانی مەلامستەفایان کرد لەچیای"شیرین"ی ناوچەی بارزان. شایەنی باسە مەلامستەفا وێرای ناکۆکیو ساردوسڕییەکی زۆری لەگەڵ عبدالکریم قاسم لەوکاتەدا، هێشتا هومێدی بە یەکالاکردنەوەی ئاشتیخوازانەی کێشەی نەتەوەیی کوردلەعێراقو کۆتاییهێنانی ناکۆکییەکانی خۆیو قاسم دوور لە توندوتیژیوجولانەوەی چەکداری هەبوو. هەربۆیە لایەنگری لە بیرۆکەی جولانەوەی چەکداری سەرەتا لەنێو عەشیرەتەکانی کوردستانی ئێران نیشاندا[٩٢].**

**(سەید عەلی رەحمانی) لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت گوایە ئەحمەد تۆفیق لە پایزی ساڵی ١٩٦٠ بە هیلیکۆپتەر لە پادگانی سنە دابەزیوەو ئەو دەمە سەرقاڵی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەبووەو بڕیاریش بووە گوایە لە هەوارگەی (کراویە دۆڵ) لە هەورمانی تەخت کە ناوچەیەکی سەختە کۆنگرە ببەسترێت کە ناوچەیەکە دەستی حکومەتی ئێرانی ناگاتێ، بەتایبەتی کە ئەو کاتە ئێرانوەسایلی هاتووچۆی پێشکەوتووی نەبووە[٩٣].**

**بەڕاستی سەیرە چونکە ئەگەر ئەحمەد لە پادگانی سنە بە هیلیکۆپتەر دابەزیوە، بۆچی بۆ بەستنی کۆنگرە شوێنێکی سەختیوەك کراویە دۆڵ هەڵدەبژێرێت تا ئیران دەستی نەگاتێ؟ پاشتر ئەگەر ئێران هیلیکۆپتەری هەیە لەوکاتەدا ئیدی نەبوونیوەسایل مانی چی؟ پاشان ئەو رۆژانە کەی باس لە گرتنی کۆنگرە کراوە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان؟ دوای هەموو، گەر سەید عەلی زانیویە ئەحمەد دۆستی ساواکییەکانەو بە هیلیکۆپتەر لە پادگانی سنە دابەزیوە، چۆنە بە پەرۆشەوە خۆی گەیاندوێتێ تا هاوخەباتی خۆی تازەکاتەوەو خۆی بۆ چوونە کۆنگرە بناسێنێ؟!!**

**لەراستیدا، یەکەم سەردانی ئەحمەد تۆفیق لە باشووری کوردستانەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان لە پاش سەردانەکەی مەلامستەفا بە ٢٠ رۆژو لە مانگی**

---

[٩٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیلی مەردۆخی، سلێمانی، ٢٠٠٦/٤/١٠.

[٩٣] رەحمانی، سەرچاوەی ناوبراو، ل١٧٠.

تەمووزی ١٩٦١دا بووەرێنیشاندەرو چاوساغیشیان جەمیلی مەردۆخی دۆستی سەید عەلی رەحمانی بووە. ئەحمەد تۆفیق لەم سەردانەیدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە کادیرو ئەندامو دۆستەکانی حیزب دا وەك: سولەیمانی موعینی، قادر شریف، رەشەی قاچاخچی، تۆفیقە سوور، سەعە سێتێر، قادر تەگەرانیو صالحی برای، سەرەتا چوونە خورماڵو لەوێوە بە پێ بۆ "هانەنەوە" کەدەبوایە لەگەڵ (شێخ معتصمی حیسامی) چاویان بەیەکتر بکەوتایە. پاشان جەمیلی مەردۆخ بۆ سۆراغ دەچێتە دیوی ئێرانو لە هەوارگەی (کراویە دۆڵ) چاوی بە شێخ معتصم دەکەوێتوو ابە مەسڵەحەت دەزانن ئەحمەد تۆفیقو هاورێکانی بۆ بینینی شێخ بچنە ئەو هەوارگەیە. دوای پیادە رۆیشتنی ١٨ کاژێر، ئەحمەدو هاورێیانی دەگەنە شوێنی مەبەستو سەبارەت بە کۆکرنەوەی عەشیرەتەکانو هاندانیان بۆ جولانەوە دژی رژێمی شاهەنشاهی لەگەڵ شێخ معتصم بیروراگۆرینەوە دەکەن[٩٤].

هەرحاڵ، تا ئێتا بەباشی روون نەبۆتەوە کەئەوە تەنیا کەللەرەقیو ئاکاری میللیتاریستانەو کەمفامی سیاسیی عەبدالکریم قاسم بوو، یاخود پیلانو رۆڵی سازمانی ئەمنییەتی رژێمی شاهەنشاهیش بوو، زەمینەی بۆ ئەوە رەخساند، پێش ئەوەی جولانەوەی عەشیرەتەکانی کوردستانی ئێران دەست پێبکات، هەلومەرجەکەی باشووری کوردستان بتەقێتەوە.

---

[٩٤] هەمان چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیلی مەرۆخی.

## بەشی دووەم:
## ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق
## پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول تا شەهیدکردنی

### باسی چوارەم:
### ئەحمەد تۆفیق و شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان

لە ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١و لەئەنجامی پەلاماری سەربازی حکومەتی عبدالکریم قاسم بۆ سەر خەڵکی ناڕازی کوردستان، سەرەتاکانی راپەڕینێکی چەکدارانە دەستیپێکرد کە بەسەر جوڵانەوەی سیاسی گەلی کوردستاندا سەپا بێ ئەوەی ئامادەکاری و بەرنامەڕێژی بۆ کرابێت. سەرەتایەك کە حکومەتی قاسمی تا ئەو پەڕی لەخۆبایی بوون فووتێکردو هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کەپاش چەند رۆژی دیکەو دوای کاولکردنی بارزان و پانکردنەوەی سەری مەلامستەفا ئیدی ئیرادەی گەلی کورد بەتەواوی تەسلیمی دەبێت و جگە لە ملکەچی چانسێکی دیکەی لەبەردەمدا نامێنێت. ئەو ئیرادەیەی کەتا ناوەڕاستی دوا مانگی ئەو ساڵەش لەوپەڕی ناهومێدی و بێ هیواییدا بوو. بەرگریی لە هیچ لایەکەوە دیار نەبوو. مەکتەبی سیاسی پارتی تا کۆتایی ئەو ساڵەش لە نێون خۆیاندا سەبارەت بە بڕیارێکی تێکڕایی بۆ شۆڕش و بەرگری ساخ نەببوونەوە. چونکە بەشێکی ئەندامانی هێشتا بەو هومێدە بوون قاسم بگەڕێتەوە سەر رێگای "دیموکراسی" !

ئالەم هەل و مەرجە ئاڵۆزو ناهەموارەدا، کەبێ هیوایی بەتەواوی باڵی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا کێشابوو، ئەحمەد تۆفیق و ژمارەیەك لە گەنجە خوێن گەرمەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی حیزبی دیموکرات، بڕیاریان دا بە هەموو توانایەکیانەوە کار بۆ زیندووکردنەوەی ورەی داڕووخاوی خەڵکی باشووری کوردستان بکەن و بیری بەرگری ە خەبات لەنێو جەماوەردا بڵاو بکەنەوە. لەراستیدا ئەحمەد تۆفیق کە پێشتر خولیای راپەڕینی چەکدارانەی لە

کوردستانی ئێران لەسەردابوو، دەیویست ئەم دەرفەتە لە باشووری کوردستان بقۆزنەوەو گیانی بەرگریی ببوژێننەوەو بە توندی باوەش بە جوڵانەوەکەیدا بکەن، بەچەشنێك بەرەو جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی سەرتاسەریی کە ئامانجی سەربەخۆیی تەواوی کوردستان بێت ئاراستە بکەن.

دیارە کە ئەحمەد ماڤ پەنابەری سیاسیی لە عێراقدا هەبوو. پێشتر هیوایەکی زۆریشی بە قاسمو حکومەتەکەی هەبوو. هەستی کوردستانیی و نەتەوەی رێگای نەداوەك ئێرانییەك بیربکاتەوەو هەر زوو ئەو هەستەوای لێکرد کە لەنێوان ژیانی راحەت تەڵەبیو ژیانی بەندەنو پێشمەرگایەتیی دا، ئەوی دووەمیان هەڵبژێرێت. ئەوەش زاڵبوونی بیری کوردستانیی بوو بەسەر بیری ئێرانچێتی دا، کەئەنجامی هەڵسووڕانی ناوبراو بوو لە باشووری کوردستان دا. وەك (هەژار) دەڵێت: "ببووە کوردێکی خۆماڵیو هەرکەس کوردستان لە کورد داگیر بکات لە بەرازو ئیستیعمار پیسترە"[٩٥]. بیرێکی بەو چەشنە کە پێشتر سەرنجی تودەییەکانی راکێشابوو. هەربۆیە (حیسامی)دەڵێت: " بۆم دەرکەوت عەولای ئیسحاقی کە بۆتە "ئەحمەد تۆفیق" لەگەڵ ناوگۆڕینی فیکرو بیروباوەڕیشی گۆڕاوە"[٩٦].

هەرچەندە قاسم لە ٢٣ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١دا لە کۆبوونەوەیەکی رۆژنامەوانیدا کۆتایی(یاخیی) بوونەکەی کوردی راگەیاندو لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا هێزەکانی سوپای عێراق چوونە بارزانەوە. بەڵام رووداوەکان سەلماندییان کە مەلامستەفا نەك هەر ئامادەی چەك فڕێدانو خۆ تەسلیم کردن نییە، بەڵکو کەوتۆتە رێکخستنەوەی لایەنگرانیو لە چەند پێکدادانێکیشدا گورزی توندیان لە هێزەکانی پۆلیسی عێراقو جاشەکانی حکومەتوەشاندووە. جگە لەوە هەواڵی برینداربوونی مەلامستەفای بارزانیش قسەی لێدەکراو حکومەتوەك پڕۆپاگندە بڵاوی دەکردەوە[٩٧].

---

[٩٥] هەژار ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٢٦.

[٩٦] حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی دووەم، ل ٥٦.

[٩٧] بۆ زیاتر: البارزانی، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی سێهەم، اربیل، ٢٠٠٢، بەشی یەکەمو دووەم.

ئەحمەد تۆفیق کە لەباشووری کوردستاندا پەیوەندییەکی بەرینی بە کەسایەتییە نیشتمانپەروەرو سەرۆك عەشیرەتەکانەوە هەبوو، بێ وەستان جموجۆڵێکی چالاکانەی دەستپێکرد بۆ پەیوەندیکردن بەو کەسایەتییانەو هاندانیان بۆ پشتگیریکردنی مەلامستەفاو پێشکەشکردنی یارمەتی لەپێناو هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی چەکدارانەی سەرتاسەریی دژی رژێمی دیکتاتۆری قاسم. لەو پێناوەشدا جەولەیەکی فراوانی بەناو باشووری کوردستان دا کرد. هەر لە پێنجوێنەوە بۆ شارباژێڕو لەوێوە بۆ پشدەرو بێتوینو لەوێشەوە بەرەو رەواندوزو بەرەو شەقلاوەو چیای سەفین کە مۆڵگەی ئەو هێزە نەبەزیوانە بوو کە مەحموود کاوانی فەرماندەیی دەکردن. لێرەشەوە بەرەو چیای "پێرس" هەڵگەڕاو خۆی گەیاندە لای مەلامستەفابارزانیو بە دووروودرێژی هەلو مەرجی گشتی ئەو ناوچانەی خستە بەرچاو.

لەو رووەوە (مەسعود بارزانی) دەڵێت: " لەرۆژی ١٩ ی ئازاری ١٩٦٢ دا، کاوانی گەیشتە بارەگای بارزانی... کاوانی هەلو مەرجی ستراتیژی ناوچەی هەولێری بۆ بارزانی روونکردەوە. پێش ئەو شەهید (ئەحمەد تۆفیق) ئەمینداری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاتبووە کن بارزانیو زانیاری تەواوی سەبارەت بە هەلو مەرجی ناوچەکانی سلێمانیو هەولێر خستە بەردەست. هەروەها ژمارەیەك نامەی سەرۆك عەشیرەتەکانو کادێرەکانی پارتی هێنابوون کە جەختییان لەسەر ئەوە دەکرد مەلامستەفا بەرەو ئەو ناوە بچێت. پاش هاتنی کاوانیو گوێگرتنی بارزانی بۆ قسەکانی، بڕوای بە مەسەلەی رووکردنە ئەو ناوچانە کرد کە ئەحمەد تۆفیق ئاماژەی پێدابوو. هەر بۆیە بێ وەستان پلانی داڕشت کە بەرەو سۆران بکشێت"[٩٨].

جوڵانەوەی چەکدارانەی گەلی کورد لە ناوەراستی ساڵی ١٩٦٢ داوردەوردە خەریك بوو زەبری خۆی پیشانی دوژمن دەدا. ئەحمەد تۆفیق لەوکاتەدا رۆڵی لە داهێنانی تاکتیکێکی پێشمەرگانەدا دیت. ئەویش

---

[٩٨] هەمان سەرچاوە، ل٥٧.

بۆسەدانانەوە بوو بۆ جاسوسانو خۆفۆشان لە ڕێگای لەبەرکردنی جلکی سەربازیی و پۆلیسی فەرمی حکومەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێگای شارەکانی موصلو بەغدای گرتەبەرو ئەو پێویستییانەی لەگەڵ دەرمانو زۆر کەلو پەلی پێویستی دیکە گەیاندە شۆڕشگێڕانی کورد[99].

(هەژار) لەبارەی کەسایەتیی ئەو دەمی ئەحمەد تۆفیق دا نووسیویە:
"ئەحمەد تۆفیق دەستەپیاوێکی بەلەباریکی جوان چاك، سپیلکەڵە، موی لە ڕەشیان بریقەی دەهات. قەت لەکارکردن ماندو نەدەبو. زۆر پاكو خاوێنو موڕەتەب بو. کەس بە پێ لەگەڵی دەرنەدەبرد. ڕۆژو شەو بی‌وچان بە شاخ‌و کێو هەڵگەڕابا نەفەسی تەنگ نەدەبوو، نەیدەهێشت بەردەستانی ساتێك بێکارو تەنبەڵ ڕابوێرن. لەغاردان دا پێموابو کەروێشکی لەبەر دەرناچێ، جارێك جاشێکی دیل هەڵاتبو، جاش وەك تاژی ڕای دەکرد، ماوەیەکی زۆریش دورکەوتبو. ئەحمەد کەوتە سەری، گرتی. تفەنگچی چالاك بوو، نەی دەزانی ترس چیە. هەمو گیانی هونەر بو... شەڕی بارزانی‌و قاسم گەرم ببو، ئەحمەد هاتە بەغدا پێم سەیر بو چۆن توانیویە لەو ڕێگە دژوارە خۆی دەرباز بکا. گوتی هاتوم جلك‌و دەرمان بۆ بارزانی بەرم کە هیچیان نیە. وێکەوتین جلك‌و دەرمانی زۆرمان پەیداکرد. ئێستاش نازانم چۆنی گەیاندەوە بارزان کە بەڕاستی کارێکی ئازایانە بو"[100].

ئەحمەد تۆفیق، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی‌ورەی دابەزیوی جەماوەری گەلی کوردستان‌و نیشاندانی ئەو ڕاستییەی کە ڕژێمی داگیرکەری عێراق نەیتوانیوە مل بە کورد شۆڕ بکات‌و بەرگریی گەلی کورد بەردەوامە، هەروەها وەك چاوترساندنێك بۆ ئەو کوردە نەفس نزمانەی خولیای جاشێتی لە کەللەی دابوون، بڵاوکراوەیەکی بە ناوی (دیسان بارزانی) بڵاوکردەوە، کە بۆ ئەو ڕۆژە گاریگەرییەکی زۆری هەبوو.

---

[99] چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەئوف مەلا حەسەن، سلێمانی، ٢٠٠٦/٤/١٢.
[100] هەژار ، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣٦٦-٣٨٨.

وتارەکانی (دیسان بارزانی) لە شاری سلێمانی بە نهێنی تایپ دەکران و هەر لەوێش بە رۆنیۆ ژمارەیەکی زۆری لێ کۆپی دەکراو خودی ئەحمەد تۆفیق و ئەندامانی حیزبی دیموکرات: سولەیمانی موعینی، جەمیل مەردۆخی، مەلارەحمان، مەلاسەید رەشید، رەئوف مەلا حەسەن بەشەو لەنێو شار فڕێیان دەدایە ئەو ماڵو دەڕابەی ئەو دوکانانەی مەبەستیان بوایە. (دیسان بارزانی) کەیەکەمین ژمارەی لە شوباتی ١٩٦٢ دا دەرچوو [101]، وەك بڵاوکراوەیەکی خەبەری نەك تەنیا لە شارەکانی باشووری کوردستان، بەڵکو لە ئێرانی شاهەنشاهیش بە نهێنی بڵاودەکرایەوەو رەوانەی ئەوروپاش دەکرا [102].

لە یەکەمین ژمارەی (دیسان بارزانی) دا کە لە ٦ لاپەڕ پێکهاتووە، دەڵێت:"

"دیسان بارزانی" لاپەریکی دەنگوباسی یە.

"دیسان بارزانی" نیشاندەری قارەمانیەتی ئەو سەرو دەمەی قارەمانانی کوردە.

"دیسان بارزانی" نوینەرو دەرخەری زانایی و پسپۆری مەزنی قارەمانی کورد( مصطفی بارزانی) کۆڵنەدەرە.

"دیسان بارزانی" پیمان ئەلییت بەوینەی ی ( مصطفی بارزانی ) رابین و کۆڵنەدەرانە هەموو پردی مەسلەحەتی خۆییمان لەپشتەوە بروخینین و نەبەزانەو سەربەرزانە بە وورییایی بۆ پیشەوە بچین و ئاگری راپەرینی کورد ئەوەندە پەرە پی بدەین کە ماف پی شیل کەرانی کوردی تێدا بسوتێنین.

---

[101] (دیسان بارزانی) لەنێوان شوباتی ١٩٦٢– ئابی ١٩٦٢، ٩ ژمارەی لێ دەرچووە. ٦ ژمارەیان لە نێو شاری سلێمانی و ژمارە ٧و٨ پێکەوە لە شاخ دەرچووە لگوندی "گەناو" نزیك ماوەت. ژمارە ٩ی لە گوندی"نورەدین" لای قەڵادزێ، چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

[102] از صیادیان بە تیمسار ریاست سازمان اطلاعات و امنیت کشور، شمارە: ٣٩٨٦–سری، تأریخ: ٤٢/٦/٢٣. از:

سلطانی، محمد علی، اوضاع سیاسی اجتماعی تأریخی ایل بارزان، تهران، ١٣٨٣، ص ٤٤٣.

"دیسان بارزانی" داواتان لی ئەکا مەبەزن. مەیدان بۆ دلرەشانی خۆبین بەجی مەهیلن‌وە یەکیەتیی‌و یەکگرتویی ریزی تیکۆشان‌و پێشرەوی خەبات‌و تێکۆشان دیسان زیاترو پتەوترکەین تا بەدەستیکی بەهێز لەشی تیکۆشان لە ناپاکان خاوێن کەینەوە. بۆ سەرکەوتنی یەکجاری بەسەربەرزی بە راپەرینەکەمان دوایی بدەین.

"دیسان بارزانی" داوا لە تیکۆشەران‌و چەکدارانی کورد ئەکا کە (تەلیسمی) (خولقاو) ی‌وەستانی هێزی چەکدار بە هەلپەساردراوی لە چیاکانی لیوای (سلیمانی) (هەولیر) (کەرکوك) بشکینن وە بە وینەی رابەری بەحەقی راپەرینەکەمان (مصطفی بارزانی) ئەرکی نیشتمانی‌و خەباتکاری خۆمان بەرانبەر بە نەتەوەکەمان بەجی بینین.

"دیسان بارزانی" پیمان ئەلیت ریگەی سەلماندنی ماف نەتەوەیەکی کە سەدان سالە بە دیلی ماوەتەوە هیشتا زۆری بەبەرەوەیەوە سەرەتای خەبات‌و گیان بازیمانە. داوان لی ئەکا قولتر بروانین. بەهیزتر خۆ بۆ خەبات برازینینەوەوە بەووریایی‌و زانایی سیاسی یەوە رێگەی راپەرینی چەکدارانەمان بە پتەوی بەهێزتر لە جاران بە یەکگرتویی ریزی خەباتمان لە دەوری ئالاّی شەرەف نەتەوەکەمان سەرۆکی خەباتی گشتی نەتەوەی کورد (مصطفی بارزانی) کۆکەینەوە بۆ چۆك دادان بە کوردکوژی کوردستان‌ویرانکەر عبدالکریم قاسمی دیکتاتۆر، بۆ سەلماندنی ماف پیشیل کراوی کورد بۆ سەرخستنی راپەرینە پیرۆزەکەمان بە سەرۆکایەتی(مصطفی بارزانی) قارەمان.

"دیسان بارزانی" ئەلیت: سەربەرزی بۆ چەکدارە تیکۆشەرەکان‌و خەباتکارانی نەبەزیوی کورد. شەرەفو سەربەرزی زیاتر بۆ چەکدارانی کورد کە رەشیدانە لەلیوای (موصل) لە ژیر رابەری خەبات‌و (پیشەوا) ی نەتەوەی کورد(مصطفی بارزانی) کۆلنەدەرانەو قارەمانانە ئەجەنگن بۆ کوردستان.

شانازی بە گیانی گیانبازان‌و شەهیدانی تازەی راپەرینی سەلماندنی ماف نەتەوەکەمان.

روورەشی و نەمان بۆ بەزیوانی سەرشوورکەر بۆ خائینی ناوخۆ.

تەفروتونا بی دیکتاتوریەتی عبدالکریم قاسم" [١٠٣].

پاشان "دیسان بارزانی" دێتە سەرباسی بڵاوەپێکردنی ناڕێکوپێکی خێڵە چەکدارەکانی" دەربەندی بازیان"و "دەربەندی خان"و "ئەزمەڕ"و "خەلەکان"و چۆڵکردنی مەیدانی بەرگریی لەوناوچانە بە پیلانووەك پێدنی دەرفەتێك بۆ حکومەت دەداتە قەڵەمو پەلاماری سەرتاسەری لەشکری عێراق بۆ سەر چەکدارانی لیوای (موصل ) لە بەرامبەر بێدەنگی لە لیواکانی تردا بە کارێکی خوڵقاو و نابەجێ نیشان دەدات. پاشان دێتە سەرباسی پەلامارو پێکدادانەکانی ناوچەکانی برادۆست، بەرواری باڵا، تەروانیش، چوم جهانی، عاسی و پاشان شەڕی گەلی زاوێتە کە تێیدا پێشمەرگەکانی کورد بە سەرکردایەتی مەلامستەفابارزانی سەرکەوتنێکی گەورەیان بەسەر هێزەکانی رژێمو جاشەکان بەدەستهێناو زیاتر لە هەزارکوژراو بریندارایان لێخستن [١٠٤].

گەیاندنی دەنگی شۆڕش بە میدیای جیهانی ئازادوێڕای ئەو ئابڵوقە خەبەرییەی لەلایەن رژێمی عێراقەوە لەسەری بوو، یەکێك بوو لەو ئەرکە شۆرشگێڕانەیەی کە ئەحمەد تۆفیق قارەمانانە جێبەجێیکرد. ئەویش بە قاچاخی هێنانی (دانا ئادەم شمدت) ی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمەریکایی لە لوبنانەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان. کە یەکەمین جار بوو رۆژنامەنووسێکی بیانی لە نزیکەوە بە چاوی خۆی هێرشو پەلامارە وەحشییەکانی رژێمی عێراقی بۆ سەر گوندەکانی کوردستان ببینێتو چاوی بەبەرگریی هێزی پێشمەرگەووڕەبەرزی سەرکردایەتی کورد بکەوێت. ناوبراو لەوگەشتە پەنجاونۆ رۆژییەی دا، کە لە ٤ی تەمووزەوە بۆ ١١ی ئەیلولی ١٩٦٢ ی خایاندو ٣٦ رۆژی لە چیاو شاخەکانی کوردستاندا لە گەڕان دا بوو. بەردەوام ئەو شتانەی دەیدیتن دەیکردنەوتارو بۆ رۆژنامەی (نیۆرك تایمز)ی بەناوبانگی

---

[١٠٣] دیسان بارزانی، ژمارە ١، ١٩٦٢.

[١٠٤] هەمان سەرچاوە.

ئەمەریکی دەناردن. دواتریش گەشتەکەی خۆی کردە کتێبو پاش بڵاوکردنەوەی، خەڵاتی یەکەمین کتێبی رۆژنامەیی ئەو ساڵەی پێ بەخشرا.

(عیسمەت شەریفوانلی) لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەحمەد تۆفیق لە کۆتایی بەهاری ١٩٦٢، لە بێرووت تەلیفوونی لێکردم. من لە لۆزان بوومو پێی گوتم مەلامستەفا بارزانی رایگەیاندووە کە دەکرێ سەفەرێکی بێرووت بکەم. منیشوەڵامی ئاریم داوەو قەرارو مەدارمان دانا.

لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٦٢ لە رێگەی ئیتالیاوە بەکەشتی چوومەوێندەرێ... ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ تاقمێك لە کوردەکانی بێرووت چاوەڕوانم بوون. ئەوە ئەوەڵین دیداری من لەگەڵ شەهید عەبدوڵڵای ئیسحاقی بوو. ئەوکات تەنانەت ناوی راستەقینەشم نەدەزانی. لە ئاپارتومانێکی گچکەدا کە ئیجارەی کردبوو، بوومە میوانیو بووینە دۆستو هاوڕێ... شەهید عەولای ئیسحاقی یەکێك لەو گەنجو لاوانە بوو کە رێزێکی تایبەتی بۆ کەسایەتی مستەفا بارزانی دادەناو پاش جوڵانەوەی ١٩٤٥ ی کوردستانی عێراقو یارمەتی کۆماری مەهاباد ١٩٤٥-١٩٤٦و پاشەکشیو چوونە سۆڤیەتی بە ئوستوورەی بەرخۆدانی کوردی دەزانی. لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بەرخودانی کوردستان لە مانگی ئیلوولی ١٩٦١ دەستی پێکردوەو پراژۆی ناوچەگەلی تری کوردستانیش دەبێ. هەر بەم بۆچوونەوە بە هەموو هێزو توان دەخزمەت جوڵانەوەو سەرکردایەتییەکەی بارزانی دا بوو.

مرۆیەکی نەبەز،و لایەنگری دۆستانو هەڤاڵانی بوو. نیدەزانی ترسو ماندوویی چن، جگە لە جاسووسو دوژمن، کەسی تری ناخۆش نەدەویست، پێی گوتم، بارزانی دەخوازێ لەدەرەوە بەسوودو قازانجی ئێمەو جووڵانەوە کارو خەبات بکەم. ئەوکات ئەمن سەرۆکی یەکیەتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپابووم...

من هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ بە سوودو قازانجی جووڵانەوە خەریکی کارو خەبات بووم. کۆمیتەیەکم بە نێوی ئەنجومەنی بەرگری لەماف

میللەتی کورد چێ کردبوو، کەئێستاش خەبات و تێکۆشانی هەروا بەردەوامە، کە لەوڵامی ئەحمەد تۆفیق دا سازکرا، بارزانی بڕوای بە زەرووڕەتی شی کردنەوەی دۆزی کوردی بۆ ئامریکاو بە تایبەتی دەنگدانەوەی لە چاپەمەنیدا بۆ بیروڕای گشتی ئەمەریکا هەبوو، هەر بەم هۆیەش ئەحمەد تۆفیقی ناردبووە بێرووت هەتا ڕۆژنامەنووسانی هەندەران بەرەو ڕاپەڕین و بەرخودان ڕاکێشێ.

کاک ئەحمەد لە قسەکردن و ئاخەفتن بە زمانی فەرانسەیی، بەرەی خۆی لە ئاوی دەردەکێشا. لەم بارەوە پێویستێکی بەمن نەبوو. هەر ئەم دیقەت و سەرنج و بیرو رایەشی بوون بوهۆی ئەوەی کە پێوەندایەتی لەگەڵ هەواڵنێرانی ئامریکایی و ئورووپایی چێکاو بۆلای خۆیان ڕاکێشێ. ئەحمەد تۆفیق بە نێوی مراد لە هوتیل سان جورج لە قەراغ زریا پێوەندی لەگەڵ دەگرتن.

پێش کۆتایی هاتنی مانگی حوزەیرانی ١٩٦٢ گەڕامەوە ئەورووپا. ئەحمەد تۆفیقیش چەند ڕۆژ پاشان، لە سەرەتای مانگی تەموز گەڕاوە کوردستان و لای بارزانی"[١٠٥].

شایەنی باسە(شمدت) هەر لەیەکەم دێڕی کتێبەکیدا سەپاسێکی تایبەتی ئەحمەد تۆفیق، ڕێکخەرو دروستکەری گەشتەکەی بۆ کوردستان دەکات و پاشان لە چەندین شوێنی کتێبەکەیدا لەسەر کەسایەتی ناوبراوو بیروباوەڕی دەدوێت و دەڵێت: "بە فرانسیەکی زبر قسانی دەکرد، بەڵام بێوەستان دەدواو لێی تێدەگەیشتی... ناوی نهێنی لە لوبنان (مراد) بوو... ئەحمەد تۆفیق سەرکردەی ئەو کوردانەبوو کە لەگەڵمدا بوون، گەنجێك بوو سیفەتی زۆر جوانی تێدابوو. جوامێر، خۆڕاگر، دڵچاك،و لەسەروی تێکڕای ئەوانەشەوە زیرەك.. پیاو ڕاست بڵێت، ئەم مرۆڤەم لە دڵەوە خۆشویست و پێی سەرسام بووم و هومێدی هەموو چاکەیەکی بۆ دەکەم. ئەو دڵسۆز، کارامە، هەڵسوڕو بزۆز بوو... ئەحمەد کە نەیدەزانی ماندووبوون یانی چی،وەك پیشەیەتی کەوتە پێشکەشکردنی وتارێك لەوتارە سیاسییەکانی بۆ ئەو پیاوانەی لە قەراغ چۆمەکەوە کۆببوونەوە، باسی لە

[١٠٥] مەهاباد. گۆڤاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٥٣، گەلاوێژ١٣٨٤، ل٦-٧.

کارە مەزنەکانی ژێنەراڵ بارزانی دەکرد،و ئایندەی شاراوەی کوردی دەخستە بەرچاویان گەر بێتوو پشتگیری لێبکەن... ئەو دەیویست لە دڵی گوێگرەکانیدا خۆشەویستییەکی توند بۆ بۆ نیشتمانی کورد بچەسپێنێت، هەر ئەوەش خەون و ئاینی بوو... ئەو گازندەی لە ئازاری رۆماتیزم دەکرد، لەسەر رەقێنەی قاچی چەپی لوویەك درەست ببوو کە نەدەزانرا هۆکارەکەی چییە"[١٠٦].

(شمدت) سەبارەت بە بیروباوەڕی ئەحمەد تۆفیق ئەوەمان نیشان دەدات، کەناوبراو بڕوایەکی پتەوی بەوەهەبووە کەخەباتی نەتەوایەتی کورد تاسەرکەوتن ڕاناوەستێت. ئەو رۆژەشی بەلاوە دوور نەبوو کە گەلی کورد بتوانێت دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێت کە تێکڕای پێویستییەکانی هاوڵاتیانی کورد لە خوێندنگا، بنکەی تەندروستی، پرۆسەکانی پاککردنەوە ی ئاوو چاکردنی ڕێگاو بانەکان فەراهەم بکات[١٠٧].

ئەحمەد تۆفیق پێیوابوو دڵی کوردایەتی لەو قۆناغەدا لە باشووری کوردستان لێدەداو پێویستە هەموو تواناکان بۆ سەرخستنی شۆڕش لەو پارچەیەی کوردستاندا بخرێتە گەڕ. (شمدت) لەو بارەیەوە نووسیویە"کاتێك تاریکی شەو رەوییەوەو گزنگی خۆر لە رۆژهەڵاتی ئاسمان دەرکەوت، ئەحمەد سەرنجی منی بۆ داربەروویەکی مەزن ڕاکێشا کەچوار لقی گەورەی هەبوو، لەو چوارە سیانیان ووشك بوو، تەنیا یەکێکیان ژیانی تێدا بوو، من تێبینی ئەوەم نەکرد پرسیارم لێکرد، ئەویش بۆی روونکردمەوەو گوتی:

– ئەو لقە زیندووەی دەیبینی، ئەو پارچەیەی کوردستانە لە عێراق کە بەشۆڕشەکەی بووژاوەتەوە، سێ لقەکەی دیکەی هێشتا مردوون.

ئەو مەبەستی لەوە سێ پارچە کوردییەکەی سوریاو تورکیاو ئێران بوو"[١٠٨].

هەروەها (شمدت) دەڵێت: "ئەحمەد منداڵی خۆش دەویستو هەر زوو قسەی لە گەڵیان دادەمەزراندو ساکارانە لێی دەکەوتە پرسیار:

– تۆ کورە کوردی؟

---

[١٠٦] شمدت، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٦، ١٧، ٤٠، ٤٨، ٤٩، ٢٦٤، ٣٢٨.

[١٠٧] هەمان سەرچاوە، ل ٥١.

[١٠٨] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٦.

کوڕەکەش بە پێکەنینەوە تێی دەڕوانی ووەڵامی راستی دەدایەوە:

– بەڵێ من کوردم.

ئەحمەد پرسیاری لێ دەکرد:

– سەرۆکی کورد کێیە؟

دیسان کوڕەکەوەڵامی راستی دەدایەوە:

– مستەفا بارزانی.

ئەحمەد منداڵەکەی لە باوەش دەگرتو ماچی دەکرد، ئەویش لەبەرامبەردا دەستی ئەحمەدی ماچ دەکرد[١٠٩].

(ئەحمەد قازی) دەڵێت: "ئەحمەد تۆفیق کارێکی جەسوورانەی کرد، (ئادام ئیشمیت)ی بە لوبنانو سووریادا هێنایە عیراقو جاری دووەم ئەمنیش دوو خەبەر نیگارم لە تاران را هێنا، یەکێکیان خەبەرنیگاری ئاسۆشیدپریس کە یوونانی بووو یەکی تر کە ناوی لە بیرم نەماوە. ئەوانە لەلایەن ئەو دانیشجوویانەوەوەك کاکمو ئەمیری قازی تەحویلی من دەدران. لە فڕۆکەخانەی تەورێز پیادە بووینو کاك رەسوولی فەتاحی جێبێکی هێناو هینامان لە مەرزی کوردستانی عێراق زۆر بە ئیحتیات لە چۆمی چەغەتووو تەتەهوو لە لای ساروقامیش کە خزمی خۆمانی لێبوو لیباسی رانكو چۆغەمان لەبەر کردنو بە قزڵجەدا هێنامانە لای سیاقۆڵلە لای مەنگورایەتی مەهاباد رەدمان کردن. لە گەڕانەوەش سێچوار نەوارو شتیوایان هێناوەو رۆیشتنەوە"[١١٠].

هەروەها لە درێژەی هەوڵەکانی ئەحمەد تۆفیق بۆ پەیدا کردنی دۆستو لایەنگرو پێشمەرگە بۆ شۆڕشی کوردستانو بەهێزکردنی بە خەڵکی خاوەن بڕواو رێبازی کوردایەتی، راکێشانی ئەندامەکانی رێبەرایەتی (کاژێك/ کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکسانی کورد) بوو لە شاری سلێمانی یەوە بۆ شاخو ناساندیان بە مەلامستەفابوو. دیارە پەیوەندی ئەحمەد تۆفیق بەڕێبەرانی ئەو

---

[١٠٩] هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

[١١٠] پیام کردستان، شمارە دهم، ١٠ اوت ١٠٠٥.

**ڕێکخراوە کوردستانییەوەك: حەمەی عەزیزو شێخ محەمەدی هەرسین بۆ ناوەراستی ساڵی ١٩٥٩ دەگەڕێتەوە. ئەو پەیوەندیە ئەوەندە بەهێز بوو بە چەشنێك لێپرسراوە ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقوایان دەزانی کە ئەحمەد تۆفیق دامەزرێنەری (کاژیك)ە.**

**(خلیل الحیانی) کە بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی سلێمانی بووە، لە راپۆرتێکی نهێنی دا کە سەبارەت بە کاژیك بۆ موتەسەریفی سلێمانی ناردووە، ناوی ئەحمەد تۆفیقوەك رۆشنبیرترین کەسایەتی کاژیكو دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوە دەبات. ئەو لە راپۆرتەکەیداوا باس لە ئەحمەد تۆفیق دەکات کە مرۆڤێکی جیاخوازەو لە بنەڕەتدا پیاوی ئێرانەو دەیەوێت بە پاڵپشتی ئیستیعمار دەوڵەتێکی کوردی لە تێکڕای پارچەکانی کوردستانی عێراقو ئێرانو تورکیا دابمەزرێنێت. هەرەها راپۆرتەکە باس لەوەدەکات کە ئەحمەد تۆفیق لە ساڵەکانی ٥٩–٦٠ دا، بە هاوکاری حەمەرەشید خانی بانەو شێخ لەتیفی حەفید ڕێکخراوێکی نهێنیان بەناوی (شۆڕش)[111] دامەزراندووەو چەند بڵاوکراوەو نامیلکەیەکیان بڵاوکردۆتەوە کەوێنەی پیاوێکی تێدابووە بە جلکی کوردییەوە کە ئاڵایەکی هەڵگرتووە لە رەنگەکانی سوورو سپیو سەوز پێکهاتووە"[112].**

**سەبارەت بە ئاوێزانبوونی ڕێبەرایەتی کاژیك بە شۆڕشی ئەیلول، (کاکە حەمەی عەزیز) دەڵێت: " کاتێك ئاوارەکانی کوردی رۆژهەڵات هاتبوونە سلێمانی،**

---

[111] **(حیزبی شۆڕش) لە ساڵی ١٩٥٩ لە ئێرانو لەشاری سنە، لەلایەن (شێخ نەسرەدین نەقشبەندی) یەوە دامەزراوە. ئامانجی کۆکردنەوەی تێکۆشانی سیاسی کورد بووە لە ژێر پەرچەمی شاهەنشاهیدا، ئەندامە ناسراوەکانی: سەید سەدیقی رەحمانی، مەلا عومەر صادق نگڵی، لەتیفی شێخولئیسلامی، عەلی قوتبی بێسارانی بوو. ئەم حیزبە پاشتر هەڵوەشایەوەو ئەندامەکانی تووشی راونانو گرتن بوونەوە. شایەنی باسە ئەحمەد تۆفیق هیچ پەیوەندییەکی بەم ڕێکخراوەوە نەبووە. بگرە حیزبی دیموکراتی کوردستان کاتی خۆی بەیاننامەیەکی دژ بە (حیزبی شۆڕش) دەرکردووە.**
**هەمان چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیلی مەرۆخی.**

[112] **مديرية أمن منطقة السليمانية الى: متصرف لواء السليمانية. العدد/ق. س/٩٨، الموضوع: معلومات عن جمعية سرية، التأريخ: ١٩٦٤/٨/٢٩، عن: االبوتاني، عبدالفتاح علي يحيى،ءثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية. ملاحظات تأريخيةءدراسات اولية، اربيل، ٢٠٠١، ص٥٢١–٥٢٢.**

ئێمە کۆمەڵێك گەنجو لاوی بەهەست بووینو پەیوەندیمان لە گەڵدا پەیداکردن. لە نێویاندا کاك ئەحمەد تۆفیق زۆر چالاك بوو. گەنجێکی ئازاو دڵسۆز بوو. کوردایەتییەکی چاکی دەکرد. بەڵام بە سەلیقەو مەیلی خۆی. تۆزێ مەیلەو چەپ بوو... کاتێك جوڵانەوە چەکدارانەکە روویدا، ئێمە بیری نەتەوەییمان لەسەردا بوو، دەمانویست شۆڕش بە تەنها هی شەخسو حیزبێك نەبێت، بەڵکو بەرەیەك پێکبهێنین کە تێکڕای چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستان تێکەڵ بە شۆڕش کات. کاتێك کاك ئەحمەد تۆفیق هاتبووە دەوروبەری "چوارتا" ناردی بە شوێنماندا. ئێمە چووینە تەگەران لە گەڵ شێخ محەمەدی هەرسین چاومان بە کاك ئەحمەد کەوت. ئەحمەد نامەیەکی کاك عیسمەت شەریف‌وانلی پێ بوو. زۆر لە بیروڕای ئێمەوە نزیك بوو. پاش چەند کۆبوونەوەیەك، ئەحمەد داوای لێکردم بۆ خۆم مەلامستەفا ببینمو بیروڕای لەگەڵ بگۆڕینەوە. هەر بۆیە ڕێکەوتین شێخ محەمەد هەرسین بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، منو کاك ئەحمەدیش بەرەو ناوچەی قەڵادزێ بەڕێ کەوتین. لەوێ هێندێك چەکدارە خێڵەکییەکانی پشدەر کە پێیان ئەوتن (نۆبەدار)و هەر چەند کەسێکیان سەر بە بنەماڵەیەك بوون لە میراودەلییەکان بەرەی شەڕیان لە (گەلی بێشە)چۆڵکردبوو. منو ئەحمەد کەوتینە کۆبوونەوەو هاندانیان تا بگەڕێنەوە. دوای ئەوەی بارزانی برادۆستی گرتو بەرەو "گەڵاڵە" هات، منو کاك ئەحمەد چووینە دەرگەڵەی گوندی سلێمان بەگو پەیوەست بووین بە بارزانییەوە"[113].

ئەحمەد تۆفیق لە قەڵادزێوە نامەیەکی بۆ مەلامستەفابارزانی ناردووەو دەڵێت: "

مامۆستای دڵسۆزی نەتەوەکەمان

برای گەورە مەلامستەفابارزانی

باشترین سڵاوی کوردانەتان ئاراستە دەکەم، لە قوڵایی دڵمەوە هیوای ساخیو سەلامەتیتان بۆ دەخوازم...

---

[113] چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی عەزیز، سلێمانی، ٢٠٠٦/٤/٢١.

مامۆستا:

بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەم لەرۆژی ١٩٦٢/٩/٢ دا گەیشتمە قەڵادزێو لە ١٩٦٢/٩/٣ منو شێخ حسێنو بایزئاغای بابکر ئاغاو ممند سلیم ئاغاو مینەئاغای گربداغیو کاك عەبدوڵڵای مام ئەحمەد لێپرسراوی لێژنەی محەلی پارتی لە "گردە سپیان" کۆبوونەوەیەکمان کرد،و بەپێی زانیاریو تێڕوانینی ئامادەبووان ناوەکانمان نووسین بۆ داواکردنی کۆبوونەوەی لەشکر، بەکورتی چاوبە تێکڕای ئەو جەماعەتانە کەوتو تا ٩/١٣ سەردانی ئەو ناوچانەشم کرد کە بۆم دانراوە، بەبڕوای من جەماعەتی مەحمودئاغا باشترینیان بوون... بەڵام جەماعەتی ئەحمەدئاغا -ئەحمەدی حەمەئاغا- زۆر خراپ هەڵسوکەوتیان کردو دژمانوەستان، کاتێك لیستی رەش دادەنێین پێویستە ناوی لەسەرووی لیستەکەوە دابنرێت، بەکورتی ئەو یەکێکە لە جاشەکانی داهاتوو... لەو بڕوایەدام کە ناوچەی پشدەرو میراودەلی لە(مینەئاغای گربداغیو ئەحمەدی حەمەئاغا)یان خراپتر تێدانییە، بەکورتی مینەئاغا بۆتە بەرگری کەر لەحکومەتی قاسمو هاوکاری شیوعییەکان دەکات، چونکە ئەوان لایەنگری حکومەتن.

جگە لەوانەی ناویان برا، لە نێو کورددا لە شیوعییەکانی قەڵادزێ خراپتریان تێدانییە، ئەوانە خیانەت لەشۆڕش دەکەن، لە هیچ جێگایەکی دیکەم شیوعییەکان بەو بەهێزیو زۆرییە نەدیوە، ئەوانە لە خیانەتو خوێڕیەتیوازناهێننو لە هەموو جێیەك بە ئاشکرا پرۆپاگندە دژی شۆڕشو سەرکردایەتییەکەی بڵاو دەکەنەوە، بەچەشنێك بوونەتە ماشێنێك بۆ هەڵبەستنی هەواڵی درۆ دژ بە شۆڕش...

ئەو فەوجەی کە رانیەیە چەند کاری خراپی کردوون، لە ١٩٦٢/٩/٢٣ دوو تانكو سێ ترومبیلی سەربازیو مدرەعەیەك بەمەبەستی تاڵانیو سووتاندن لە بێتوین جەولەیەکیان کردوە، کەپرەکانی دانیشتووی ناوچەکەو دێ یەکانی (تۆپاوا)و (بارەبەستە)و (گرممند)و (قورەگۆ) یان سووتاندووە، لە دێی گرممند ئافرەتێك لەترسی شەرەفی خۆی هەڵاتووەو کۆرپە شیرەخۆرەکەی لە کەپرەکەدا جێهێشتووە کە عەسکەرەکانی قاسم سووتاندویانەو کۆرپەکەشی تێدا بووە...

بەهاوکاری برایانی پارتیو شێخ حسێنو خەڵکی سەنگەسەر هێزێکمان ئامادەکردووە بۆ دەربەندو بناری چیای سیداو بۆسکێن بۆ ترساندنی دوژمن، بەڵام چارەسەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە بەرنامەتان بۆ داڕێژاوە، مەبەستم ناردنی هێزێکە لە لەشکری میراودەلییەکان لە گەڵ برایانی بارزانی بۆ پەلاماردانی ئەو فەوجە بە پاڵپشتی تۆپی ٣ عەقدە، بۆچوونەکەی بەڕێزتان باشترو پێویست ترەو خۆشتان چاکتر دەزانن... "[١١٤].

دیارە رۆڵی ئەحمەد تۆفیق تەنیا لە بواری راگەیاندنو لەشکرکۆکردنەوەو هاندانی سەرۆك عەشیرەتەکان بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشی ئەیلولدا نەوەستاوە، بەڵکو بەردەوام لە جەولەو گەڕاندا بوو بەسەر بەرەکانی شەڕو لەزۆربەی نەبەردەکانی پێشمەرگەدا بەشدارو لە شەڕە بەناوبانگەکانی نێوان شۆڕشو سوپای داگیرکەری عێراقیوەك شەڕی(پێرس) رۆڵی دیاری هەبوو.

هەژار لە زۆر جێگا باسی ئازایەتی ئەحمەد تۆفیق دەکاتو دەڵێت: "گەنجێکی هەڵکەوتەی کەموێنەی چاپووكو پڕنیشات بوو. دەم بەپێکەنینو رووخۆش، دەهاتو چۆیەکی بەردەوام دابوو. سیاتمەدارو شۆڕشیگڕێکی کەموێنە بوو، لە شەڕەکانی چیای پێرس، جەنگاوەرانی بارزانی، تاریفی رەشادەتو نەبەردیو نەبەزییان دەکرد، لە سەرماو گەرمای باکی نەبوو. جاریوایە چەند شەوو رۆژ بە زگی برسیو پای پەتی دەهاتو دەچووو شەوانە تاشەبەردی چیا دەبوونە پێخەف. نەیدەزانی ماندوویەتیو برسی بوون چن قەت کەس گلەییو گازندەی لیَ نەبیست... ئەحمەد تۆفیق زۆر ماندو بو. زوربەی کاروباری چەك کڕینو دامەزراندنو پیَ راگەیشتنی چەکدارانی لەمل بو. نەیدەکرا سەری خۆی بوخرێنیَ... پێشمەرگەکانی بارزانیو هی تریش کە دەیان ناسی. زۆر لەبەر ئازایەتییەکەی خۆشیان دەویست"[١١٥].

مسعود بارزانی لەوبارەیەوە نووسیویە: "لێرەدا کەمێك رادەوەستم تا سەبارەت بە هەڵوێستی سکرتێری حیزب ئەحمەد تۆفیقو ئازایەتییوجوامێرییو دڵسۆزیی کەموێنەی بدوێم، لێرەدا ئاماژە بە هەڵوێستێکی قارەمانانەی نائاسایی

---

[١١٤] ەرگێراوە دەقە عەرەبییەکەی. بڕوانە: البارزاني، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی سێهەم، ل٤٧٨-٤٨٠.
[١١٥] مەهاباد، هەمان ژمارە، ل٨، چێشتی مجێور، ل٣٧٣، ٣٨٨ .

ناوبراو دەکەم لە شەڕی شاخی پێرس لە ساڵی ١٩٦٣، بەپاڵپشتی گەواهی چەند قارەمانانی بەناوبانگی‌وەك شەهید عەزیز دۆڵەمەڕی‌وحاجك جەمی، ئەوانەی هەمیشە باسی هەڵوێستی پاڵەوانانەو لەخۆبووردوانەو دڵسۆزانەی ئەحمەد تۆفیقیان دەکرد، دەی چ گەواهییەك لەسەر هەڵوێستی پاڵەوانانە بەهێزترە لە گەواهی کەسانێك کە خۆیان بە پاڵەوانێتی ناوبانگیان دەرکردووە"[116].

(خدر مەرەسەنە) دەنووسێت: "هێرش بە دوای هێرشدا دەکرایە سەر پێشمەرگەو سەنگەرەکانیان بۆمباران دەکران، هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری عێراق‌و سوریا شان بەشانی یەکتر گیان‌ووزەی گەلی کورد... لەو کاتەدا دەفتەری سیاسی پارتی کە مامۆستا برایم ئەحمەد سکرتێری بوو، هێزیان نەنارد بۆ پشتیوانی بارزانی کاتێك کە ئەوان لە شەڕدابوون دژی عێراق‌و سوریا... لە چیاکانی شیرین‌و پیرس شەڕەکە بەو پەڕی خۆی گەیشتبوو... کاك ئەحمەد تۆفیقیش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لە ناوچەی شەڕەکە لە گەڵ بارزانی دا بوون‌و بەکردەوەش لە شەڕەکاندا بەشداریان دەکرد. ناوبراو پیاوێکی ئازاو نەترس بوو، کورد گوتەنی پیاوی رۆژی لێقەومان بوو"[117].

لەراپۆرتێکی ساواکدا هاتووە "لەنێو کۆمەڵێك کورددا مەلامستەفا گوتویە ئەگەر چەند کەسێکی‌وەکو سەید عەبدوڵڵای ئیسحاقی‌و مەلاباقی مەهابادیم هەبوایە تا ئیستا توانیبووم سەربەخۆیی بۆ کوردستان بێنمە دی" [118].

هەروەها لە راپۆرتێکی تردا هاتووە"عەبدوڵڵای ئیسحاقی بەناونیشانی ئەفسەری تەعلیمات لە دەزگای مەلامستەفا خەریکی تێکۆشانەو گوتاربۆ پێشمەرگەکان دەدات‌و بۆ هەرکوێ بچێت چەکداری لە گەڵ دایە"[119].

---

[116] البارزاني، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی سێهەم، ل ٣٦١.

[117] مەرەسەن، خدر، ئاوێنەی راستییەکان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٩-٥٠.

[118] چپ در ایران، شماره گزارش: ٢/٩٧٧، موضوع: پناهندگان اخیر عراقی در سردشت، تأریخ: ٤٣/٥/٢٦، ص ٢٤١.

[119] گزارش‌اطلاعات داخلی، شماره: ٣١٣/٢٨٥٤٨، تأریخ: ٤٢/٩/٢٨ در: سلطانی، ، اوضاع سیاسی اجتماعی تأریخی، ص٤٤٩.

شایەنی باسە، ئەحمەد تۆفیق بەهۆی شارەزایی و لێهاتوویییەوە، لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی ئەیلولدا، وەك نوێنەرو رازگری سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ سەفارەتەکانی دەوڵەتانی بیانیدا لە هات و چۆدابوو.

لەپایزی ساڵی ١٩٦٢ دا بە قاچاخی سەردانی ئەسفەهانی کرد تاکو بتوانێت چاوی بە کۆنسوڵی ئەمەریکی بکەوێت وهەل و مەرجی شۆڕشی کوردستانی بۆ روون بکاتەوەوسەرنج و دیدیولاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کێشەی کورد بزانێت[١٢٠].

هەروەها کاتێك رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانی ئێران و تورکیا بۆ فریاکەوتنی رژێمی عێراق و بەمەبەستی لەناوبردنی شۆڕشی کوردستان بڕیاریاندا لەهەمووڵایەکەوە گەمارۆی شۆڕش بدەن و پەلاماری سەربازی بکەنە سەر. بارزانی لە رێگای ئەحمەد تۆفیق و حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نامەیەکی ئاراستەی باڵیۆزخانەی شوورەوی کرد لەتاران. وەلامی یەکێتی شورەویش هەڕەشەو ئۆڵتیماتۆمێك بوو کە دای بەدەوڵتەکانی ئێران، تورکیا و سوریا کە هەرچی زووتر هێزەکانیان لە سنووری عێراق بکێشنەوە، دەنا دەوڵەتی شوورەوی لەبەرامبەر ئەواندا بێدەنگ نابێت. بەم چەشنە شۆڕش لە لەناوچوون رزگاری بوو. شایەنی باسە ئەحمەد تۆفیق بۆ گەیاندنی نامەکە (خدر مەرەسەنە)ی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی هەڵبژارد[١٢١].

هەروەها پرسەنامەی بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کوردستان بۆولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بۆنەی کوشتنی(جۆن کەنەدی) سەرۆکی ئەمەریکا، لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە گەیەنرایە سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران[١٢٢].

راستییەك هەیە کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە لەکاتێکدا داگیرکەرانی کوردستان ئابلۆقەیەکی ئابووری و هەمەلایەنەیان

---

[١٢٠] هەمان چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیلی مەرۆخی .

[١٢١] مەرەسەنە، سەرچاوەی ناوبراو، ل٥١-٥٢.

[١٢٢] البارزاني، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی سێهەم، ل ١٢٤.

خستبووه سەر شۆڕش‌و دۆستێکی ستراتیژی دەرەکی‌وانەبوو کەلەرووی ماددیەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکرێت، شۆڕشی کوردستان زەحمەت بوو خۆڕاگرو پایەدار بوایە گەر ئەو هاوکاری‌و یارمەتییە مادیە نەبوونایە کە ئەحمەد تۆفیق‌و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە کۆیان دەکردەوەو لە سنوورەکانی ئێرانەوە دەیانکرد بە ناوچە ئازادکراوەکانداو دەیانخستنە بەردەم پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی رووبەرووبونەوەدا.

(شەوکەتی مەلاسمایل) لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٢ خوالێخۆشبوو "ئەحمەد تۆفیق"بەبارزانی ووت: "پێشمەرگەکان زۆر بێ جل‌و بەرگن، بێ پاڵتۆو پێڵاون رێگام بدە بچم بۆ دەورووبەری ئێران بە داخوازی یان بە باربووکردن هەندێ جل‌و بەرگ‌و کالاو پێلاو بۆ پێشمەرگەکان دابین بکەم" بارزانی فەرموی باشە، برۆ. ئەحمەد تۆفیق‌وتی: بۆ ئەو مەبەستە هەندێ پارەم پێویستە بۆ ئەو رێگا دوورودرێژە کە لە زۆر شوێن ناچار ئەبم بەپارە خۆراك بکرم هەتا ئەگەمەگوندەکانی ئەودیو سنووری ئێران. بارزانی بانگی یونس عەقراوی کردو لێی پرسی"چەند پارەمان هەیە؟، ووتی: "قوربان ٢٨ دینارمان هەیە"، فەرمووی "دەباشە زۆری بدە بە ئەحمەدو بەشەکەمەکەی بۆ خۆمان دابنێ"، یونس ١٨ دیناری دابە ئەحمەدو١٠ دیناریشی هێشتەوە بۆ بارەگا. دوای ٣-٤ مانگ‌واتە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ دا ئەحمەد تۆفیق هاتەوە ١٠-١٥ بار ئێستر جل‌وبەرگ‌و پاڵتۆو گۆرەویی‌و پوزەوانەی خوریی‌و کلاووگۆرەی مەرەزو لایت‌و پاتری بۆ لایتەکان، پێڵاوی زۆریی بۆ پێشمەرگەکان هێنابوو، چۆن منالان بە جل‌و بەرگی جەژن خۆشحاڵ دەبن‌ودەگەشێنەوە ئێمەی پێشمەرگەش بگرە لەو مندالانە زیاتر بەو شتانە خۆشحاڵ بووین‌و گەشاینەوە"[١٢٣].

شایەنی باسە حکومەتی عێراق بەهەموو هێزو توانایەکییەوە کە هەوڵی سەرپێدانەواندنی هەرچی شۆڕشی باشووری کوردستانی دەدا، تا رادەیەکی زۆر بەرامبەر کۆمەك‌و پشتگیری کوردەکانی رۆژهەلات بۆ هێزی پێشمەرگە بێزاربوو،

---

[١٢٣] حسن، شوکت اسماعیل، رەنج نامە، ئەڵمانیا، ٢٠٠٠، ل١٨.

هەر بۆیە باڵوێزی عێراق لە تاران بە ڕاشکاویو بە داخێکی زۆرەو ڕەخنەی لەوە گرت کەبەشی زۆری سووتەمەنیو دەرمانو خۆراكو جلو بەرگ لە ناوچەکانی مەهابادەو سەردەشتەوە لەسنووری ئێرانەوە دێتە گوندی (سونێ)و لەوێ ڕا دەگاتە دەستی یاخیبووەکانی کورد لە باکوری عێراق، لەو بارەیەشەوە بیرخەرەوەیەکی ناڕەزایی لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا پێشکەش بەوەزارەتی دەرەوەی ئێران لە تاران کرد. هەروەها لێپرسراوی باڵای هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق،وابەستەی سەربازی سەفارەتی ئێرانی لە بەغدا ئاگادارکردەوە کە پێویستە ئێران ڕێگا لەو هاوکارییانە بگرێت کە کوردەکانی ئێران پێشکەش بە شۆڕشگێڕە کوردەکانی دەکەن لە عێراق[١٢٤].

لەراستیدا ئەحمەد تۆفیق نەك بەدرێژی ژیانی شاخو پێشمەرگایەتی، بەڵکو ئەوکاتەشی کە لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا، لەترسی تەحویلدانەوەووەك پەنابەری سیاسیی رووی لە بەغدا کرد، لە دڵسۆزیو خزمەت بە شۆڕشی کوردستان درێغی نەکردو هەر لەو پێناوەشدا سەری دانا. تەنانەت ڕۆڵی ئەحمەد تۆفیق لە ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە دەستکەوتێکی مەزن بوو بۆ کوردو شۆڕشەکەی ئاشکرایە.

(تاهیر مەلا محەمەدی) کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانو گاردی تایبەتی ئەحمەد تۆفیق بوو، لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە چاوپێکەوتنی ئەحمەد تۆفیقو "صدام حسین" کە ئەو کات جێگری سەرۆکی عێراق بوو، لەوەزارەتی دیفاعی عێراق دەکاتو دەڵێت: "سەددام گوتی: لە کەنداوی فارس، ئێران تۆنبی چکۆلەو گەورەی لە ئێمە داگیر کردووە،و لەولایەوەش یارمەتی مەلامستەفا دەکا، ئەتۆ شای ئێران لە هەموو کەس باشتر دەناسی. کاك ئەحمەد گوتی: مەلا مستەفا دوژمنی شای ئێرانە، نەك دوژمنی ئێوە،وەك ئێستام لەبیرە،

---

[١٢٤] چپ در ایران، شماره گزارش: ٨٤٤/١٢٩٤، موضوع: کمك قاچاقچیان ایرانی بشورشیان عراقی، تأریخ: ٤٢/٩/٩، ص٢١ ، شماره: ٢٣٤/٥٣٥، موضوع: اطلاعاتءاصله از مدیریت کل اداره سوم، تأریخ: ١٣٤٢/٧/٨، ص١٦٩ .

سەددام گوتی: تۆ ڕێگایەکم نیشان بدە، بالەگەڵ مەلامستەفا ڕێك کەوین. کاك ئەحمەد گوتی: ئێوە هەرچی بەناوی خودموختاری بیدەن بە مەلامستەفا، لەگەڵتان ڕێك دەکەوێ، زۆر شتی تری پێگوت کە لەبیرم نەماوە، دەی سوێند بە قەبری مەلامستەفاو قازیو کاك ئەحمەدی! سەددام لەوێ گوتی: بەقسەت دەکەم!هەر ٢١ ڕۆژ دواتر بەیانی ١١ی ئازاریان دەرکرد. لەراستیدا کاك ئەحمەد هەستاندی نەك بارزانییەکان! ڕەنگە پارتییەکان ئەوە بخوێننەوە. دەقیق ئاوە بوو، کاك ئەحمەد دەستی لە نێو دەستی سەددام نا"[١٢٥].

سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلول ڕاستییەك هەیە کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە شۆڕشەکە هەرلە سەرەتاوە لە ئەنجامی ناکۆکیو ناتەبایی نێو سەرکردایەتی پارتی، جۆرە دوو فاقییەکی سەیری پێوەدیار بوو. کە جەمسەرەکانی بریتیبوون لە سکرتارییەتو سەرۆکایەتی پارتی. وردتر ئیبراهیم ئەحمەدو مەلامستەفا. ئەو دووانە چارەی یەکتریان نەدەویستولەناخەوە رقیان لێکتربوو. هەرچی مەلامستەفایەوەك سەرۆكو ڕابەرێکی جەنگاوەر، کە داینەمۆو نوکی رمی شۆڕشەکە بوو، زۆر کەیفی بە پێوەندو حیسابو کیتابی حیزبایەتی نەدەهاتو ئامادەیی ئەوەی نەبوو سەر بۆ مەکتەبی سیاسی دانەوێنێت، کەباوەڕی پێیان نەبووو لە خۆی بە کەمتر دەزانین. مەکتەبی سیاسیش بێ ئەوەی تواناو سەنگی ڕاستەقینەی خۆیان بزانن دەیانویست مل بە مەلا مستەفا کەچ بکەنو بە گەلەکۆمەکێی حیزبایەتی لێی بەرنەوە. ئەو ململانێیەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ دا بە جۆرێك تەقییەوە کە سەرەتای جەنگێکی نێوخۆییوکوردکوژی لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەڵگیرساند. ڕووداوێکی بەو چەشنە گورزێکی گەورەی لە جوڵانەوەی نەتەوایەتی کوردوەشاند کە لە مێژووی هاوچەرخدا کەموێنەیەو ئاسەواری تراژیدیو کارەساتبارتاوییەکانی بە سەرجەم مێژووی نەتەوەکەماندا دیارەو لە ئایندەشدا بەئاسانی ناسڕێتەوە.

---

[١٢٥] وتووێژ لەگەڵ تاهیر مەلا محەمەدی، دیداری ئەحمەد تۆفیقو سەدامو بەیانی ١١ی ئازار، پیام کردستان، شمارە سیزدهم، ١٦ مهر ١٣٨٤.

**شایەنی باسە ئەحمەد تۆفیق کە بڕوایەکی پتەوی بە مەلامستەفا هەبووو خۆشی جێگای بڕوای بارزانی بوو، هەروەها لە سۆنگەی هەڵوێستو بڕوای بە شۆڕشی کوردستان، هەر لەسەرەتاوە کەوتە گێژاوی ناکۆکییەکانی نێوان مەکتەبی سیاسیومەلامستەفاوە. هەڵوێستی مەنفی مەکتەبی سیاسی لەحیزبی دیموکراتی کوردستانو ڕێگریان لە ئەندامانی بۆ چوونەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای شۆڕشدا[١٢٦]، هەروەها ساردی نواندنیان لە هاوکاری مەلامستەفا کاتێك لەژێر فشاری سەختی سوپای عێراقی داگیرکەردابوو، تێکڕای ئەوانە ئەحمەد تۆفیقی لەو گێژاو ناکۆکییەدا خستبووە بەرەی بارزانی. گەڕانو جەولەکانی ئەحمەد تۆفیق لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مەکتەب سیاسیو پەیوەندی بە کەسایەتی لێهاتووو سەرۆك عەشیرەتەکانیوەك: حەمەرەشیدخانی بانە، قادرتەگەرانی، عارف قەرەچەتانی، عەباس مامەند ئاغا، شێخ حسێنی بۆسکێن، جەمالی میرزا حەمەسەعی، فەتاح ئاغا.. هتد[١٢٧]، دوور لەویستی مەکتەب سیاسیو بە ناوی بارزانییەوە تا دەهات مەکتەب سیاسی لە ئەحمەد تیژتر دەکرد[١٢٨]. بە شێوەیەكوەك دەوترێت بەتەمای لێدانیشی بوون.وەك لە**

---

[١٢٦] ڕەفیق پشدەری لە نووسینێکیدا باس لە گرتنی دوازدە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکات لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدو مەکتەبی سیاسییەوە، هەروەها دەڵێت کە بارزانی پاسەوانی تایبەتی خۆی ناردوون بۆ ئازادکردنی ئەو گیراوانە کە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە ئەواانیش دەستبەسەرکراوون. پشدەری بە هەڵە باس لە گرتنی ئەحمەد تۆفیق دەکات لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە، شتیوا کە رووی نەداوەو هیچ بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی نییە. دواتر دەڵێت کە بارزانی گرتنی ئەو ١٢ پێشمەرگەیەی حیزبی دیموکراتی کردۆتە هۆکارێك بۆ دژایەتی مەکتەب سیاسیو لەگەل ئەندامو لێپرسراوی پارتە کوردییە ئێرانییەکان دا کۆبۆتەوەو پێی گوتوون: "ئەوە جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەدن کە ڕێگرن لە بەردەم تێکۆشانی ئێوە دژی حکومەتی ئێران". بروانە: البشدەری، رفیق، أیها الکرد تعرف علی عدوك، الاجزاو الپلاپە مع الملحق، ٢٠٠٢، ص٣٦٧– ٣٧٢.

[١٢٧] شایەنی باسە ئەحمەد تۆفیق تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەدا هەبوو. هێندێك جار ناوی کوردانەی لە منداڵە تازە لەدایك بووەکانیشیان دەنا. بۆ نموونە: چ ماردینی کچی قادر تەگەرانیو چ زەهاوی کچی جەمالی میرزا حەمە سەعی لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە ناونراون.

[١٢٨] لەنامەیەکی مەکتەب سیاسی دا کە لە ١٩٦٢/١٠/١٤ نێردراوە بۆ ئەحمەد تۆفیق هاتووە: "لەبەر ئەوەی هەڵسوکەوتت لەم ناوچانەدا بە تەواوەتی پێچەوانەی ڕێنماییەکانی جەنابی مستەفا بارزانی یە کە

**ڕاپۆرتێكی ساواكدا هاتووە: "جەلال تاڵەبانیو عومەر دەبابە فەرمانیان بە ئەندامانی پارتی داوە ئەحمەد تۆفیق بكوژن... بەڵام مەلا مستەفا گوتویە كەس مافی ئەوەی نییە ئازار بە ئەحمەد تۆفیق بگەیەنێت، چونكە ئەو كەسە ٢٢ ساڵ بۆ كورد تێدەكۆشێت"[١٢٩].**

**مام جەلال، لە چەند شوێنێك هەستی مەنفی خۆی سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق نەشاردۆتەوە. ئەو دەڵێت: "لە كانونی یەكەمی ساڵی"١٩٦١"دا لە كۆبونەوەكەی عەوالآن سەركردایەتی پارتی بەدەنگی بەشە زۆرەكە بڕیاری دروستكردنی (هێزی پێشمەرگە)و شەڕی بەرگریی، نەك شۆڕشیدا، كاك عەلی عەبدوڵڵا دژی ئەوە دەنگیداو گوتی پێویستە خەباتبكەین قاسم بێتەوە سەر ڕێی دیموكراسیو ئێمەش خەباتی سیاسی بكەین، كاك نوری ئەحمەد تەها دژ بوو چونكە گوتی شۆڕش بە سەرۆكایەتی بارزانی هەرگیز سەرناكەوێت، ئەوەش بووە هۆی زویری بارزانی، بەتایبەتی كە كاری ڕاست نەبێ (ئەحمەد تۆفیق خێرا خەبەرەكەی بۆ بردبوو"[١٣٠].**

**هەروەها لە شوێنێكی دیكەدا دەڵێت: "پاشان ئەحمەد تۆفیق بەراست زۆر كۆنەپەرست بوو ئەو سەردەمە، بەلای ئێمەوە ئەو ئەفكارانەی ئەو هەیبووەك كفروابوو! ئیتر حەقم نییە لەسەر ئێستا! مەسەلەن ئەو زۆر دژی سۆڤیەت بوو، ئەحمەد تۆفیق دژی ماركسیزم بوو، دژی هەموو هاوكارییەك بوو لەگەل حیزبی**

---

هەمیشە داوای یەكێتیو برایەتی لەنێو كوردی بەشەرەفدا دەكات، لەبەر ئەو هۆكارانە تا ماوەی دوو ڕۆژوەك داواتان كردبوو ڕێگر نابین لە مانەوەتان لە ناوچەكە، بەڵام دواتر (واتە لە ١٩٦٢/١٠/١٦) ەوە پێویستە ناوچەكە جێبهێڵیو بگەڕێنەوە بۆ ناوچەكەی خۆتان، ڕازی نەبوونتان بۆ دیتنمانو هاوكاری لە گەڵ لێپرسراوانی پارتیو پێشمەرگە لە ناوچەكە ئەوە دەردەخات كە تۆ ناتەوێت پابەند بیت بە ڕێنماییەكانی بارزانی، بەڵكو ئەتەوێت ناوی ئەو بۆ دروستكردنی گیروگرفت لە ناوچەیەكی هێمندا بەكار بهێنیت، ئەوەش خۆی لە خۆیدا دوژمنایەتییەكی ڕاستەوخۆی كوردو كوردستانو شەخسی مامۆستا بارزانییە" بڕوانە دەقە عەرەبییەكەی لە: البارزانی، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی سێهەم، ل ٧٢٠.

[١٢٩] چپ در ایران، شمارە گزارش: ١١٣٦٠/ﻫ، موضوع: عزیمت باپیریء عراق، تأریخ: ٤٤/٧/٢٨، ص٣٠٩ .

[١٣٠] گۆڤاری خاك، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٥٨، سلێمانی، ١٠ نیسان ٢٠٠٢.

کۆمونیستی عیراق‌و حیزبی تودەی ئێران، لایەنگری ئەوە بوو لەگەل ئەمەریکا هاوکاری بکەین‌و ئەو چوووەختی خۆی دانا ئادەم شمیتی هێنا لە ١٩٦٢ لە لوبنان‌و ئەوانە. کە شۆڕشیش هەڵگیرسا ئەحمەدتۆفیق بوو بە زوڕناژەنی مەلامستەفا زیددی حیزب قسەی دەکردو شتیکی دەردەکرد"دیسان بارزانی" کە هەربارزانی هەیەو هەربارزانی خەبات دەکات‌ووادەکاو ئاوادەکا... ئەحمەد تۆفیق بووبو عەبدی مەلامستەفا،وەك زوڕناژەنی ئەو بوو،وەك دەهۆڵ لێدەری ئەو بوو"[١٣١].

هەژار لە "چێشتی مجێور" دا لەوبارەیەوە نووسیویە: "دەستەی ئەحمەد تۆفیق کە لەزەمانەی قاسم دا هاتبونە دیوی عیراق، لەسنوری لای بانە گیرسابونەوە کە لە ئێران دور نەکەونەوە. پارتی بۆ تێك نەدان دەگەڵ ئێران مەنعیان کردبون، چەند کەسێکیان لی گرتبون کە تەحویلی ئێرانیان دەدەینەوە. بارزانی دور لەولاتی بادینان بو. هەر چۆنێك هاواریان گەیاندبویە، بەریان دابون. ئەحمەد دەگەڵی تێك دابون. نەشرەیەکی بە پۆلی کۆپی بەناوی (دیسان بارزانی) دەردەکرد، پارتی زۆر لەوە توڕە بون. جارێك کورێکیان بەو نەشرەوە گرتبو، ناوی (عومەر نیگڵی) لاوێکی سنەیی بو، زۆریان لێدابو، نازانم چۆن بەردرابو. بەوحاڵەش بەو هەمو ترس‌و لەرزی رێگەوە، نەشرەکانی هێنا بەغدا. لە بەغدا زۆرم بە ئەحمەد گوت: "هەرشتێ کەمترین کێشەو دوبەرەکی بنێتەوە زۆر زەرەرە". دیارە ئەویش کاری خۆی بەباشی دەزانی‌و دەیگوت: "تۆش ئەگەروەك من لەناو جەرگەی کارەکەدا بای، حەقت بەلامادا دەدا....

جا کە گەیبونە بارزانی، دیسان پارتی‌و ئەحمەد یەکتریان دەدزا، پارتی لای‌وابو ئەحمەد بوختان‌و درۆیان بۆ هەڵدەبەستێ‌و بارزانیان لیٚ تیژ دەکا. نازانم تا کویٚ راستیان دەکرد، بەلاٚم‌وەك چەند شتێکم لیٚ گێرانەوە. لە زۆر جیٚ دا حەق بە ئەحمەد بوو"[١٣٢].

---

[١٣١] ءتووێژ لە گەل مام جەلال تاڵەبانی. لە: کەریمی، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٣١٥.

[١٣٢] ل ٣٧٤-٣٧٥ .

(حەمەی عەزیز) لەو بارەیەوەگوتی: " ئەو دەم نیشتمانپەروەرانی کورد لە هەر شوێنێکی کوردستاندابووبن، هاوکاریو دۆستایەتی مەلامستەفایان پێ گرنگ بوو. چونکە بارزانیوەك رابەری شۆڕش دەناسرا. جا هەرکەسەو بەقەدەرخۆی هەوڵی نزیکیو دۆستایەتی لەگەڵ بارزانی دەدا. ئەگەر ئەحمەد تۆفیق لەخەڵکانێکی دیکەو لەپێناو خزمەتی نەتەوەکەیدا زیاتر دڵسۆزی بارزانی بوو، یاخود کە بارزانی لوتفێکی زۆرتری بە ئەحمەد دەداو زیاتر لە کوڕەکانی خۆشی دەویست، ئەوە عەبدایەتی ناگەیەنێت. ئەوەندەی من ئەحمەدم دەناسی، کابرایەك بوو خاوەن بیرو بۆچوونی تایبەت بە خۆییو سەربەخۆ بیری دەکردەوەووابەستە نەبوو. پشتگیریشی لە شۆڕشو بارزانی شتێکی سەیر نەبوو. چونك شۆڕشی ئەیلول چەترێك بوو کەتەواوی نیشتمانپەروەرانی کوردی لەسایەی خۆیدا کۆکردبۆوە دژی دوژمنانی کوردو بەکرێگیراوانی. نەك هەر لە چوار پارچەی کوردستاندا، بگرە عەجەمو عەرەبیشی تێدابوون. دوایی لەبنەڕەتدا کەسایەتی مەلامستەفا ئەوەنەبوو قبوڵی ئەوە بکات خەڵك عەبدایەتی بکەن"[١٣٣].

ئەحمەد تۆفیق کە هەر لە سەرەتاوە چەند کەسێکی نێو مەکتەب سیاسی بە "ئەم دولینگە لەپی چەپلەٚ لیدەرانە دەرمانی دەردی نەتەوەو نیشتمانەبەش خوراو ماف داگیرکراوەکەمان ناکەن. زۆر سەیر لەوانی هەر سەروئاگایان لە مەحمودی بی زەوار نیە"ناودەهێذا[١٣٤] ، لەنامەیەکیدا بۆ مەلامستەفا لە ١٩٦٤/٢/١٨ دا، سەبارەت بە توندوتیژ بوونی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا، دەڵێت: "هەست بەو تێکچوونە توندە دەکەین لەپەیوەندییەکانی نێوان بەڕێزتانو لێپرسراوانی پارتی دا، زۆر بەداخەوە کە لە چەند شوێن پێکدادان روویداوە، لەم کاتەدا تکا لە باوکی دڵسۆزمان دەکەین کە بەحیکمەتی خۆی رێگایەکی دروست بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشان ببینێتەوە بە شێوەیەك لەگەڵ بەرژەوەندی گشتییدا بێت"[١٣٥].

---

[١٣٣] هەمان چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەی عەزیز .

[١٣٤] بڕوانە نامەی ئەحمەد تۆفیق بۆ بارزانی: البارزانی، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی سێهەم، ل٢٦٣.

[١٣٥] هەمان سەرچاوە، ل٧٢٢ .

پاش تەقینەوەی ناکۆکییەکانو چوونی جەماعەتی مەکتەب سیاسی بۆ ئێران، کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە ١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی (سونێ)ی ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق بەسترا، بەتێکڕای دەنگ پشتگیری کۆنگرەی شەشەمی پارتییان کرد. لەوبارەیەوە لە خاڵی ٩ی بڕیارەکانی کۆنگرەدا هێرشێکی توند کراوەتە سەر تاقمی مەکتەب سیاسی کۆنو بەوەرگرتنی هاوکاری لە ساواکو سەنتۆ تۆمەتبار کراون [١٣٦].

## باسی پێنجەم:

## ئەحمەد تۆفیقو حیزبی دیموکراتی کوردستانو چەند سەرنجێکی مێژوویی

راستە تەقینەوەی هەلو مەرجەکەی باشووری کوردستان لە ئەیلولی ساڵی ١٩٦١و پەرەگرتنی بۆ شۆڕشێکی چەکداری، لەمپەرێکی مەزنی خستە بەردەم پیادەکردنی بیرۆکەی ئەنجامدانی یاخییبوونێکی چەکداری لەنێو عەشیرەتەکانی رۆژهەلاتی کوردستان. بەلام هاوکات ئەو شۆڕشە کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتی لە تەواوی پارچەکانی کوردستان بەگشتیو لە بەشی رۆژهەلات بەتایبەتی. کە تێکڕای چینو توێژەکانی خەڵك لەو قۆناغەدا هەر لە سنووری شوورەوەیو هەرێمی موکریانەوە تا باشووری کرماشانو ناوجەرگەی عەشیرەتەکانی کەلهوڕ، بەکردەوە هاوسۆزیو پشتگیری خۆیان بۆ شۆڕش نیشانداو سەرکەوتنیان بە تاکە رێگای رزگاریی کورد لەستەمو چەوسانەوەی نەتەوایەتیی دەزانی [١٣٧]. هەر بۆیە بەگەرمی بەپیر شۆڕشەوە چوونو لە هیچ هاوکارییەکی ماددییو مرۆیی درێغیان نەکردو بە پراکتیك رۆژهەلاتی کوردستانیان کردە قووڵایی ستراتیژی شۆڕشەکەی باشوور. راستییەکیوا کە دکۆمێنتەکانی دەزگای (ساواك) ی رژێمی شاهەنشاهی گەواهی لەسەر دەدەن.

---

[١٣٦] بڕیارەکانی ٢ هەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان، سەرماوەرزی ١٣٤٣( نوامبر١٩٦٤).

[١٣٧] بروانە: چپ در ایران، ص ٨٥، ٩١، ٩٨، ١٣٠-١٣١.

له راپۆرتێكی ساواكدا هاتووه"ناوەرۆكی زۆربەی كۆڕو دانیشتنەكانی كوردەكانی ئێران، چ ئەوانەی لە تاران دادەنیشن یاخود ئەوانەی لە كوردستانن، بریتییە لە سەركەوتنەكانی سوپای ڕزگاریخوازی كوردستان... ئەوانە دەڵێن بارزانییەكان بەڕابەری پاڵەوانی نەتەوەی كورد مەلا مستەفا بارزانی بە شانازییەوە نازناوی سوپای رزگاریخوزای كوردستانیان وەدەستهێناوەو ئەو سەركەوتنانەی كە بەسەر دوژمندا بەدییانهێناوە جێگای شانازییەكی گەورەیە بەجۆرێك سەركەوتنێكی نوێی خستۆتە سەر سەركەوتنەكانی پێشووی سەلاحەدینی ئەیوبی، هەروەها لەم ڕووەوە ژمارەیەك لە كوردەكانی سەردەشت و بانەو مەهاباد كە زۆرنیە لە كوردستانی عێراق گەڕاونەتەوە باس لەو كوردانەی توركیاو ئێران دەكەن كە چونەتە ناو شۆڕش و لەگەڵ برا كوردەكانیاندا لە عێراق دلێرانە دژی حكومەتی بەغدا دەجەنگن، هەروەها ئەوانە باس لەوە دەكەن كە ڕاكردنی سەربازانی عێراقی بۆ ناو شۆڕش بەجۆرێكی سەرسوڕهێنەر پەرەی سەندووە... ئاكارو ڕەوشتی دلێرانەی پێشمەرگە كوردە عێراقییەكان وڕەی پێشمەرگە كوردەكانی توركیاو ئێرانی بەرز كردۆتەوەو بۆیان بونەتە قوتابخانەووانەی ئازایەتی لێوەردەگرن، لەڕاستیدا ئەم قسانە بەڕادەیەكی وا كاری كردۆتە سەر خەڵكی كە هەر لەم دواییەدا ژمارەیەك لاوی مەهابادی كە زیاتر لە (١٥٠) كەسن بۆ پێشمەرگایەتی چونەتە كوردستانی عێراق، هەندێكیش هەن قسەی وا بلاودەكەنەوە كە نابێ حكومەتی ئێرانی بەهیچ شێوەیەك دژی هاوكاری كوردەكانی ئێران بۆ شۆڕشی عێراق هەڵوێست وەرگرێت، بەپێچەوانە كارێكی وا دەبێتە هۆی ئەوەی سەراپای كوردستانی ئێران ببێتە ژێلەمۆ، چونكە خوێنی قازی محەمەدو عەلی ئاغای جەوانمەردیو ئەحمەد خانی مەتین و گەیلانییەكان قوڵپ دەدەن و لە دەرفەتێك دەگەڕێن تیایدا بتەقنەوە"[١٣٨].

هەروەها(حسن ارفع) نووسیویە"لەساڵی ١٩٦١ەوە هەم كوردەكانی پارێزگای كوردستان (واتە سنە/ ن)و هەمو كوردەكانی ئازەربایجان هاوبیرو هاوسۆزی مەلا مستەفا بوون لەپێناوی وەدەستهێنانی خودموختاریدا، سەرۆك

[١٣٨] هەمان سەرچاوە، شمارە گزارش: ١٤٧٦/د-قسم ٣١١، موضوع: گفتوگو دربارە شورشیان شمال عراق ، تأریخ: ٤٢/٤/١٦، ص١٢٦.

عەشیرەتەکانو کەسایەتییە کۆنەپارێزەکان بە ڕواڵەت بێ لایەنیان لەئاستی ڕووداوەکاندا نیشاندەدا بۆ ئەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە بە خائینو دژ بە دەوڵەت لەقەڵەم نەدرێن، بەڵام ئەوانیش بەنهێنی سۆزی خۆیان بۆ خەباتی کوردەکانی عێراق دەردەبڕی... هەروەها زۆرینەی چینی ناوەڕاستو کارمەندە کوردەکانیش بزوتنەوەی مەلا مستەفاو کوردەکانی عێراقیان بە خەبات بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی دەزانیو بەدڵ لەگەڵی بوون"[١٣٩].

وەك پێشتر سەلمێنراوە،وێڕای سەختی هەلو مەرجی خەباتو باری نالەباری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوساتەوەختەدا، بەڵام ئەو حیزبە لە سایەی بیری کوردستانی شۆڕشگێڕانەو ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق دا بەگەرمی باوەشیان بە جوڵانەوەکەی باشووری کوردستاندا کردو بە هومێدی ئەوەی بیکەنە شۆڕشێکی نەتەوەیی سەرتاسەری نیشتمانی کەتەواوی کوردستان لەدەستی بێگانەی داگیرکەر بێنێتەدەر. لەو پێناوەدا زێدەتر لەوەی لێیان چاوەڕوان دەکرا بۆ شۆڕش تێکۆشان. بەڵکووەك نیشاندرا، ئەحمەد تۆفیق لەو شۆڕشەدا ڕۆڵێکی بینی کە کەم کەس لە ڕێبەرایەتی شۆڕشەکە توانییان بەهەمان لێهاتوویی‌و ئازایەتییەوە بیبینن. شایەنی باسە ئەحمەد تۆفیق ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی نزیك دەدیتو لەو ڕووەوە زۆر پەلە بوو. خەونی ئەوە بوو بەهەمان گوڕوتین شۆڕشێکی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێناوی تێکشکاندنی دابو دەزگای ڕژێمی شاهەنشاهی‌و ئازادی کوردو ڕزگاریی کوردستان هەڵگیرسێنێت. لەو پێناوەشدا ئەگەرچی بەگەرمی لەژێر دروشمی ڕانەگەیەنراوی (هەموو شتێك لە پێناو سەرخستنی شۆڕشی باشووری کوردستان دا) تێدەکۆشا، بەڵام هیچ کات لەمەسەلەی خەبات لەدژی ڕژێمی شاهەنشاهی‌و زیندووکردنەوەی چالاکییە ڕێکخراوەیی‌و نەتەوایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان غافڵ نەبوو.

ئەو پەیوەندییانەی کەلە سەرەتای شۆڕش دا بەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبوو، زیاتر بۆ هێنانی هاوکاری ماددیی بوو بۆ شۆڕشی

---

[١٣٩] أرفع، کردها. یك بررسی تأریخی سیاسی، ترجمە ازمتن انگلیزی، لندن، ١٩٦٦، ص١٠٣.

کوردستان. لەم نێوەدا ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو خودی ئەحمەد تۆفیق رۆڵی یەکەمیان لە دابینکردنو گواستنەوەی ئەو هاوکاریو پێویستییانەدا دەبینی.

(هەژار) دەڵێت: "زۆر کەس لە هەمو لاوە ئەرزاقو دەرمانو شەکرو چای دێنا، بەتایبەتی "ئەحمەد تۆفیق"بە هەوالانییەوە زۆر خزمەتی دەکرد. زۆر چالاکانە خۆی دەگەیاندە سنوری ئێرانو کەلو پەلی لازمی پەیدا دەکردو دەگەڕاوە"[١٤٠].

هەروەها لە ڕاپۆرتێکی ساواکدا باس لە چوونی ئەحمەد تۆفیق دەکات بۆ ناوچەی بانەو چۆنێتی سەردانی ناوبراو بۆ گوندەکانی نەمشیرو تاژانو چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەندین کەسیوەك: مەجیدخانی ئەحمەدیو محەمەد ئیختیارەدینو پاشان کۆکردنەوەی هاوکاریو کڕینی پێویستی بۆ شۆڕشو پاشان گەڕانەوەی بۆ خاکی عێراق نیشان دەدات[١٤١].

(ئەحمەد قازی) کەئەوکات سەرۆکی فەرهەنگی بۆکانو ئەندامی حیزبی دیموکرات بوو، دەڵێت: "زۆرتر کاری ئێمە لە ١٣٣٧ تا ١٣٤١ کۆکرنەوەی یارمەتی بۆ شۆڕشی کوردستانی عێراق بوو. ئەوان نیازیان بە هەموو شتێك بوو، لیباسو خۆراکو کەوشو کەڵاشو جاروبارە موهیماتو داروو دەرمانمان بۆ کۆدەکردەوەو دەماننارده نوقتەیەك لەشاری خانێو ئاوامان دەکردە ئەودیو"[١٤٢].

گرنگترین کەسایەتی لەرۆژهەڵاتی کوردستان کە لەودەمەدا بەقازانجی شۆڕشی کوردستان هەڵدەسوڕان: دکتۆر هاشمی شیرازی، دکتۆر ئیختیار، فریدون معتمدوەزیری، دکتۆر کەریم موشیری، غەفوری سەلیمی، مهدی تالیبی، عباس چاپچی، مەلائیبراهیم روستمی، مەلاقادر لاچینی، عومەری قازی، مەلامستەفای حەیران، سەید ئەحمەد عبدالکریم، مەلا سەید محمد، مەلاکەریم مەلا

---

[١٤٠] چێشتی مجێور، ل٤٠٤ .

[١٤١] چپ در ایران، شماره گزارش: ٣٣١/٣٦٧٤٤، موضوع: عبداالە اسحاقی، تأریخ: ٤١/١٢/٢٣، ص١٠٥.

[١٤٢] پیام کردستان، شماره دهم، ٨ اوت ٢٠٠٥.

حسن، حەسەن دەرویش، مەلامحەمەد عەلی پێشنماز، خالقی شافعی.. هتد. ئەمەو جگە لە(یەکێتی خوێندکارانی کورد) لەزانکۆی تاران، کەرۆڵێکی کارایان لە هێنانی هەواڵنێرە بیانیو کۆکردنەوەی هاوکارییەکان بۆ شۆڕشی کوردستان دەبینی.

دیارە رژێمی شاهەنشاهی ترسێکی گەورەی لەوهەڵچوونەی هەستی نەتەوایەتی کوردەکانی ئێرانو هاوبەستەگیو هاوسۆزی کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شۆڕشەکەی باشووری کوردستان لێ نیشتبوو. وەك لە راپۆرتێکی نهێنی ساواکدا هاتووە: "ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان چالاکی کاریگەرو نهێنی لەناوچەکانی بۆکان، میاندواو، مەهاباد، رەزائیە، شنۆو سەردەشت ئەنجام دەدەن، ئەو چالاکییانە رۆژ لەدوای رۆژ پەرە دەسێنێت بە چەشنێك ئەگەر بەوردی چاودێری نەکرێتو سنووری بۆ دانەنرێت لە ئایندەدا گران لەسەرمان رادەوەستێت" [١٤٣].

لەوبۆچوونەوە رژێمی شاهەنشاهیو دەزگا هەواڵگرییە بەدناوەکەی (ساواك) بەمەبەستی دوورخستنەوەی هەڕەشەی تەقینەوەی کێشەی کورد لە ئێران لەلایەكو لەپێناو لەرێلادانو لاوازکردنو جڵەوبەدەستەوەگرتنی شۆڕشەکەی باشووری کوردستان لەلایەکی ترەوە کەوتە چنینو داڕشتنی چەندین پیلانی جۆربەجۆرو گرتنە بەری چەندەها تاکتیکی جیاواز کە: بڵاوکردنەوەی تۆڕێکی جاسوسی بەرفراوان، دەستوەشاندن لە ئەندامو دۆستەچالاکەکانی حیزبی دیموکرات لە نێوخۆیوڵات، چاودێریکردنیوردی سنوورەوکان رێگەگرتن لە کاروانی قاچاخی هاوکارییە مادییەکان، میلیتاریزەکردنی شارو گوندەکانی روژهەڵاتی کوردستان، هاندانی ناکۆکییو ناتەباییو ئاگرخۆشکردن بۆ دروستکردنی دووبەرەکیو دەستەبەندی لە نێو شۆڕشی کوردستانو پارتیو حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەوڵدان بۆ قۆزتنەوەی فشاری لەشکری عێراقو

---

[١٤٣] چپ در ایران، شماره گزارش: ٩/٢٣٩، موضوع: فعالیت عناصر حزب پارت در منطقه مهاباد، تأریخ: ٤/٥/١٥.

کەموکورتی ماددیی شۆڕشی کوردستان بۆ خۆنزیککردنەوە لە باڵە جیاوازەکانی سەرکردایەتی شۆڕش‌و بەکارهێنانی نفوزی ئێران‌وەك کارتێکی فشار دژی چالاکی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان. . هتد، بەشێکی بوون.

شایەنی باسە لەساڵی ١٩٦٣دا، لە ئەنجامی شاڵاوێکی بەربڵاوی راونان‌و گرتن لەلایەن رژێمی شاهەنشاهییەوە، ژمارەیەکی زۆر لە لاوەکانی شارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ئاوارەی ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان بوون، هێندێك لەوانە ئەندامی حیزبی دیموکرات بوون‌و هێندێکی دیکەشیان لەترسا هاتبوون‌و چ پەیوەندییەکیان بە حیزب‌و سیاسەتەوە نەبوو. لەنێو ئەوانەدا کەسانێکیش هەبوون کە لەلایەن رژێمی شاهەنشاهییەوە بۆ جاسوسی‌و دووبەرەکی‌و ئاژاوەنانەوە روویان لە باشووری کوردستان کردبوو. ئەوانە پاش جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان گەرانەوە بۆ باوەشی رژێمی شاهەنشاهی.

سەرتا کۆمیتەیکی نویَ بەناوی (کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان) کە لە خودی ئەحمەد تۆفیق، سولەیمانی موعینی، سەلاحوودینی موهتەدی، سەعید کاوە، محەمەدی ئیلخانی زادە لە شاری کۆیە پێکهات‌و موسەلەی کۆکردنەوەو گەیاندنی یارمەتی‌و هاوکارییە ماددییەکانی کوردەکانی رۆژهەڵاتیان‌وەك ئەرکی پلە یەك چاو لێکردو ناوچەکانیش بەسەر ئەو ئەندامانە دابەشکران. سولەیمان بۆ ناوچەی گەورك‌و بانەو مەنگوڕی مەهاباد، سەلاحوودین لە ناوچەی بۆکان‌و سەقزو هەوشار، سەعید لە ناوچەی لاجان‌و شنۆو سندوس، محەمەدیش‌وەك بەرپرسی بەشی پێشمەرگەو خودی ئەحمەد تۆفیقیش‌وەك ئەڵقەی پەیوەندی نێوان حیزبی دیموکرات‌و شۆڕشی باشووری کوردستان.

شایەنی باسە، لەم قۆناغەدا بەهۆی ناکۆکیی نێوان ئەحمەد تۆفیق‌و لێپرسراوانی پارتی لەلایەك‌و بەهۆی نزیکی مەکتەب سیاسی پارتی لە ئێرانەوە لەلایەکی دییەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان نەیاندەتوانی بە ئاسانیی‌و ئازادیی لەسنوورەکانەوە پەیوەندی بەنێوخۆی‌وڵات بکەنەوە.

له راپۆرتێکی ساواکدا هاتووه: "وێڕای ئەوەی ئەحمەد تۆفیق دۆستی مەلامستەفایە، بەڵام لە هێندێك رووەوە ناکۆکی لەنێوان ئەحمەد تۆفیق و شۆڕشگێڕەکاندا هەیە، چونکە لەهێندێك کاتدا شۆڕشگێڕەکان ناخوازن هەنگاوێك دژی ئێران بنرێت، لەکاتێکدا ئامانجی ئەحمەد تۆفیق پەیداکردنی دەسەڵاتە لە کوردستانی ئێران و ئاژاوەنانەوەیە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا" [١٤٤].

هەروەها لە راپۆرتێکی دیکەدا هاتووە، کە جەماعەتی مەکتەب سیاسی پارتی دژی بۆچوونی ئەحمەد تۆفیقن لە ئەنجامدانی چالاکی و کاری چەکداری و پەلاماری داب و دەزگاکانی رژێمی شاهەنشاهی، لەوبارەیەوە سەلاحوودینی موهتەدیش لایەنگری مەکتەب سیاسی و دژی بۆچوونی ئەحمەد تۆفیقە .

هەروەها لە راپۆرتێکی (صیادیان) ی بەرپرسی ساواکی مەهاباد و لەزمانی (وهاب سوڵتانیان) هاتووە کە ئاوارە ئێرانییەکان لەکوردستانی عێراق هەڵگری بەرگەیەك بوون کەمۆری ئەحمەدتۆفیقی پێوە بووە و بۆ هەرکوێیەك بچوونایە ئازاد بوون، بەڵام پاش تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەحمەدتۆفیق و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وەك ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە، بە ئەحمەد تۆفیق گوتراوە مافی نییە بەرگە بە هیچ کەسێك بدات، بگرە خودی ئەحمەد تۆفیقش ئێستا بۆی نییە هاتوچۆی گوندەکان بکات[١٤٥].

شایەنی باسە، لەگەڵ ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و مەکتەب سیاسی لەلایەك و توندبوونی دوژمنایەتی مەکتەب سیاسی و ئەحمەد تۆفیق لەلایەکی ترەوە، ناکۆکیی و دووبەرەکیش لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان پەرەی گرت. بەتایبەتی بڕێك لەو لاوانەی بەو دواییە هاتبوونە باشووری کوردستان شێوازی بیرکردنەوە و کارکردن و هەڵسوڕانی ئەحمەد تۆفیق و لایەنگری ناوبراویان بۆ شۆڕش و بارزانی بەدڵ نەبوو.

---

[١٤٤] چپ در ایران، شماره گزارش: ٢٥٥/٤٦٣٦٦، موضوع: تحقيق درباره متواريان ايرانى، تأريخ: ٤٣/١٢/٢٥، ص٢٦٦.

[١٤٥] چپ در ایران، موضوع: اختلافات در حزب پارت دمكرات كردستان، تأريخ: ٤٢/٨/٩، ص١٩٤.

هێندێکیان خۆیان بەشیاوتر دەزانی بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕێبەرایەتی حیزب. هەربۆیە دەستەبەندی‌و دووبەرەکییەکانیش لەنێو حیزبی دیموکراتدا ژیایەوەو لە ژێر کاریگەریی ئەملاوئەولا، بە ساواکیشەوە، ڕووی لە تەقینەوە کردو هەوڵەکان بۆوەتاق خستنی ئەحمەد تۆفیق کەوتنەگەڕ.

دامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان)، لەکۆتایی پووشپەڕی ١٣٦٢ی هەتاوی/ ١٩٦٣ز، لەگوندی (پیرەکەپرە)ی ناوچەی بارزان، لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی‌و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوەوەك: محەمەدی ئیلخانی زادە، مەلا عومەری نگڵی، جەمیلی مەردۆخ‌و مەلا ڕەحمان ناسراو بە (ئاوارە)، بەڕێبەبەرایەتی سەلاحودینی موهتەدی، دەتوانرێت بە یەکەم هەوڵ دابنرێت بۆ دەستەبەندی‌و خۆجیاکردنەوە لە حیزبی دیموکرات‌و ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق. هەرچەندە بەشێك لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە سەرتا هەوڵەکەیان‌وادەبینی کە کۆمەڵەکەیان بۆ بەهێزکردنی سەنگی باڵی نەتەوایەتی حیزبی دیموکراتە لەبەرامبەر باڵی چەپ‌و کۆمۆنیستدا کە بەهاتنی لاوە مارکسییە تازە گەیشتووەکانی‌وەك: حەمەدمینی سیراجی، سمایلی شەریفزادە، حوسێنی مەدەنی، سەعید کوێستانی. . هتد تادەهات لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا خورتتر دەبوو.

(خدر مەرەسەنە) سەبارەت بەکۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان نووسیویە "دروست بوونی کۆمەڵەی ڕزگاری لەلایەن سەلاحی موهتەدی... کە لەبن باڵی حزبی دیموکرات قووت ببوونەوەو دژی حزبی دیموکرات کەوتنە جموجۆڵ‌و بەنێوی موخالیفە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق ئەوەی شتی خراپ بوو دەرهەق بەحزبی دیموکراتیان کرد... چونکە کۆمەڵەی ڕزگاری ئەوکات لەباری سیاسییەوە بەقازانجی کورد پێك نەهاتبوو، بەڵکو بۆ ناکۆکی‌و دووبەرەکایەتی سازکرابووو ڕەنگی سیاسی لێدرابوو، ئەوکۆمەڵەیە زیاتر لەنفووزی دەرەبەگەکان‌و... کەسانی سەر ڕژێم‌و ساواك دژ بەحزبی دیموکرات‌و میللەتی کورد کەڵکیان‌وەردەگرت.. مامۆستا زەبیحی لەم بارەوە نەخشی خراپی هەبوو.. مامۆستا برایم ئەحمەدو

**مام جەلال[١٤٦] دەوری باشیان نەبوو، لەو پەیوەندییەدا پشتیوانیان لەکۆمەڵەی بەناو رزگاری دەکرد "[١٤٧].**

**دامەزراندنی (کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٦٣ لەگوندی(زینۆی شێخی) لەلایەن: قادر شریف، حوسێنی مەدەنی، سەعید کاوە کەدواتر کەسانیوەك: مەلا ئاوارە، مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی، رەسوڵی پێشنماز، قادری قازی، حەسەن رستگار، خەلیل شەوباش،ی پێوە پەیوەست بوون، دەکرێت بە دووەم هەوڵ دابنرێت لەپێناووەتاق خستنی ئەحمەد تۆفیقو دەست بەسەراگرتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە سەرەتا لە رێگای مەلا مستەفا بارزانییەوە ویستیان ئامانجەکانیان بێننە دی. بەڵام شکستیان خوارد. چونکە مەلامستەفا تا ئەوکاتە بڕوایەکی پتەوی بە ئەحمەد تۆفیق هەبوو، ئامادەش نەبوو لە بەرامبەر نەیارە فکریی‌و حیزبییو شەخسییەکانیدا پشی بەردا. جگە لەوەی نەیارەکانی ئەحمەد خۆیان بە چەپو مارکسیست دەزانیو مەلامستەفاش لە بنەڕەتەوە عەقڵی نەیدەگرتنو حەزی پێیان نەبوو. هەربۆیە جگە لەمەکتەب سیاسی نەیاری ئەحمەد تۆفیق پەناگەیەکی دیکەیان چنگ نەکەوتو لەنیسانی ١٩٦٤دا لەگوندی مالومە نیشتەجێ بوون. بەتایبەتی دوای ئەوەی مەلامستەفا لەسەر داوای ئەحمەد تۆفیق بەناردنی چەند پێشمەرگەی بارزانی، لە زینۆی شێخی چەکی کردنو بنکەکەی تەسلیمی بە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتولایەنگرانی ئەحمەد**

---

[١٤٦] سەعید کاوە لە بیرەوەرییەکانیدا بەراشکاوی باس لەوە دەکات کە مام جەلال لە قەڵادزێ بینونی و داوای لێکردوون لەگەڵ سەلاحوددینی موهتەدی دانیشنو پێکەوە کاربکەنو پاشتر لە بارەگای خەبات داوەتی (سەرو پێی) کردوون. سەعید دەڵێت هەژاریش ئاگای لەو مەسەلەیە بووەو پێمانوابووە بۆ ئەحمەد تۆفیقی دەگێرێتەوە، هەروەها دەڵێت: جاروبار لەگەڵ کاك حوسێنی مەدەنی بە پێکەنین پێك مان دەگوت: زەحمەتە ئەو سەرو پێیەمان پێ بکەوێ" بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، ل ٨٢-٨٣.

[١٤٧] بۆ زیاتر :سەردەشتی، د. یاسین، سەرنجێك لە (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان)، مادێنە. نیو مانگییەکی سیاسیی رۆشنبیریی گشتییە گرنگی بە کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان دەدات، ژمارە ٢، ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٦.

کردەوە[148].

ئەحمەد تۆفیق لەنامەیەکیدا کە لە ١٨ی شوباتی ١٩٦٤دا بۆ مەلامستەفابارزانی نووسیوە، دەڵێت: "بەدرێژایی ئەو شەش ساڵەی دوایی نەتەوەی کوردو بەڕێزیشتان شایەتن لەسەروەی کە لەهەموو کاتوساتێکدا، لەخۆشیوناخۆشیدا، کادیرە لێهاتووەکانی کوردستانی عێراق فیکرێکی کوردانەو دڵسۆزانەیان نیشانی جەنابتان داوەو برایەکیوەفادار بوون بۆ بەڕێزتانو تا ئێستاش.

لەکوردستانی عێراقو هەروەها لەکوردستانی ئێرانیش، حیزبەکەمان حیسابی بۆ تەواوی هەنگاوە هوردو درشتەکانی خۆی کردووە کە لەبەرژەوەندی کوردو شۆڕشو ڕێنماییەکانی جەنابتاندا بێت، لەو چوارچێوەیە دەرنەچووینو هیوادراین دەریشنەچین.وە لە زۆربەی کاتو چالاکییەکاندا تاکتیکی حیزبو دەرفەتەکانی پێشمان کردوونەتە قوربانی کوردایەتیو شۆڕش.

حیزبەکەمان لەوکاتەدا کە دەبینێ دوژمنانو ناحەزانی کوردو چاوبرسییەکان یەکێك یان چەند هاوڕێیەکی حیزبمان لە خشتەدەبەنو لەو ڕێبازەیانوەردەگێڕن کە حیزبمان گرتوێتیەبەر، حیزبەکەمان هەوڵێکی بێوچان دەدا تا ئەو هاوڕێیانە بگێڕێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست، ئەگەر حیزبمان بێهومێد بوو لەوانەو نەیتوانی لەو هەوڵەیدا سوودێکیان پێبگەیەنێ، لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیو ڕێبازی حیزبمان ئەو لادەرانەی لەخۆی دوورخستۆتەوە. لەکوردستانی عێراقیش جەنابتان نەك تەنیا وەك شایەتێك، بەڵکووەك باوکێکی دڵسۆزو بایەخدار ئەو گومان لێکراوانەتان لێمان دوورخستۆتەوە. ئەوەش بەڵگەیوەفاداریمانە بۆئەوەی ریزەکانی حیزبمان خاوێن بن لە ئاژاوەچیو دزو جاسوس.

هەربۆیە ئێمە بەناوی کادێرو لێپرسراوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو لەسەر داوای تێکڕای ئەندامەکانو پێشمەرگەکانی جەبهەو بارەگاکانمانو لەسەر

---

[148] هەمان سەرچاوە .

داوای بەرپرسانو کادێرە حیزبییەکان، داوا لەبەڕێزتان دەکەین لەپێناو یەکریزیو سەلامەتی حیزبمانو بەهۆی بوونی ئەو دووبەرەکیخوازانەی کەوەك رۆژی روناك بۆمان ئاشکرابوون:

أ- ئەو جەماعەتە تەواوی چەکەکانیان لیٚ بستێنرێت کە چەکی حیزبو سوپایە، لەبەر ئەوەی نزیکەی "١٠" کەس لە برادەرانمان لە جەبهە بێچەکن یان چەکیان لە خەڵکی ناوچەکە قەرز کردووە.

ب- لێپرسینەوە لە گەڵوانەدا بکرێت کە پارەو داراییان لەلا بووە(سەعید مەلا کەریمو خدر رستمو حسن رستگارو قادر شریف).

ج- داوای گرتنی ئەو سیانە دەکەین- سەعیدی مەلا کەریم بەتاوانی دەستوەردان لە کاروباری رێبەرایەتی لایەنی کوردستانی ئێران-قادر شریف بەهۆی رۆڵی هاندەرانەو تێکدەرانەی کە چاوەڕێی خراپەی لێدەکرێت لە داهاتوودا لە کوردستانی ئێران-سەعیدی سقلی بەتۆمەتی سووکایەتیکردن بەبەها پیرۆزە میللیو نەتەوایەتییەکانی کوردو فیکرە گلاوەکەی"[149].

کۆمیتەی ساخکەرەوە، کە لەسەرەتای دامەزراندنیدا بڕیاروابوولانی کەم ساڵێك بەنهێنی هەڵسوڕێت، بەدەرکردنی بەیاننامەیەك لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٤دا بوونی خۆی راگەیاند. لەو بەیاننامەیەدا جگە لەوەی سەرجەم هاتوچۆو پەیوەندییەکانی ئەحمەد تۆفیقی بە سەفارەتەکانی بێگانەو هێنانی رۆژنانەنووسانیوەك دانا ئادەمی بۆ نێو شۆڕشی کوردستان بە جاسوسیو خیانەت بۆ ئەمەریکاو ساواك لە قەڵەم دابوو، نزیکەی ١٧-١٨ تۆمەتی دیکەیان لە: دزیکردن، بڵاوکردنەوەی بیری شۆڤێنیستی، تاك رەویی، گێرەشێوێنی، سەرپێچی لە دەستووری حیزبی، قۆرخکردنی کەرەسەو چاپەمەنی حیزب، دوورکەوتنەوە لە رێبازی دیموکراتیو پێشکەوتووخوازانەیان خستبۆپالٚ[150]،

---

[149] بڕوانە دەقە عەرەبییەکە: البارزاني، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی سێهەم، ل ٧٢١-٧٢٢.

[150] بڕوانە: بەیاننامەی (کۆمیتەی ساخکەرەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان) دەربارەی چۆنیەتی ماهیەتی حزبو ئاکارە گلاوەکانی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵلا ئیسحاقی)، ٢٧/ جۆزەردان/١٣٤٣.

بڕوانه پاشبەندی (١).

خدر مەرەسەنە کەناوی بۆ لێپرسینەوە لەو نامەیەی پێشەوەی ئەحمەد تۆفیق دا هاتووە کەبۆ مەلامستەفای ناردووە، ئەندامی کۆمیتەی ساخکەرەوە بوو. پاش چەندین ساڵ سەبارەت بەو مەسەلەیە دەڵێت: "ناکۆکییەکانی نێوان ئەحمەد تۆفیق و کۆمیتەی ساخکەرەوەو کەسانی دیکەش کە پێشتر لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق ناکۆك بوون، لەسەر ئەوەنەبوو کەکامیان باوەڕی بە مارکسیزم و لنینیزم هەیەو کامیان ناسیونالیستی بەرچاوتەنگی نەتەوەیین. . . بەشێك لەو هاوڕییانە خۆیان لە کاك ئەحمەد بەرادیکالتر دەزانی و داوای سەقامگیر بوونی دیموکراسیان دەکرد لە ریزەکانی حزبدا، بەڵام لە دوایدا کەخۆیان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت بەشێوەیەکی دیکەویستیان خۆیان بەسەر حیزبدا بسەپێنن. کەوابوو ناکۆکیەکانی نیوان ئەندامەکانی زۆرتر شەڕی دەسەڵات بوو"[١٥١].

سەبارەت بەوەی کە لەزۆر جێگا دوژمنانی ئەحمەد تۆفیق گوتویانەو نووسیویانە کە ئەحمەد لەبەرامبەر جودابیرانی خۆیدا هەموو رێگایەکی دوژمنایەتی گرتۆتەبەر، مەرەسەنە دەڵێت: "لەکاتێکدا لەگەڵ کۆمیتەی ساغکەرەوەشم کاردەکرد بەرامبەر من تێبینی خراپی نەبوو"[١٥٢].

هەروەها لەنامەیەکی ئەحمەد تۆفیق دا کەبۆ مەلامستەفای بارزانی سەبارەت (مستەفای سوڵتانیان/کەمال ئەحمەد) نووسراوە: "ئەوەندەش ئاگاداربن کە من و هاوری کانم بۆ هیندی اختلاف فکری لەسەر روتی حزب دینە خزمەتتان دیارە بۆ زۆر کاری تریش زۆر پەسەند بوو بە حورمەت زۆر رێز لە برادەران بگرن چونکو زۆر لاون و حورمەت ئەویش ئی ئێوە لەسەر روحیەیان زۆر تأثیر دەکا. بۆوەی کە بەکورتیش کە لە حەزیان خەبەرداربن. "قادر حسن" کەوتۆتە سەر بارو باوێکی خوارو نزیکی لە شیوعییەکان و بە نوسراوە شتی بۆ نوسیون. و زۆر پەلەقاژەی کرد تا هاوری کەمالیشی لە لەگە برد ایستا ناوبراویش زۆر چەپەو

---

[١٥١] سەرچاوەی ناوبراو، ل٧٥-٧٦.

[١٥٢] هەمان سەرچاوە، ل٦٣.

چەوتی بیر دەکاتەوە.

بەڵام سەرەرای ئەوەش زۆر لەباربوو لە هاوری کەمال ریزبگرن چونکو ئەو زۆر رابردو خاوینو پاکو خاوەن شەرەفە"[153].

(تاهیر) یش سەبارەت بە ئاکاری ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ کادیرانی حیزبدا دەڵێت: "زۆر جار پێکەوە دادەنیشتنو ئەمنیان لەلا دەبووم. کاك ئەحمەد دەیگوت ئەمن دادەنیشم. ئێوە حیزب باشتر بەریوە بەرنو ئیدارەی بکەن، بەڵاموەك کاك ئەحمەدیان پێ نەدەکرا. توندو تیژ بوو، بەڵام چالاك بووو زوو توڕەییەکەی دەنیشتەوەو ئەگەر کابرایەك پاکو چالاکو بەورە با داوای لێبوردنی لێ دەکردو ئیحترامی هەموو کەسی دەگرت، پرسو راشی بە کەسانی دیکە دەکرد... کاك ئەحمەد دەیکوت ئێوە چ رێگایەکتان پێ باشە ئاوا دەچینە پێشێ... قەت بێجێ لەکەس قەڵس نەدەبوو"[154].

ئاشکرایە پاش یەکالابوونەوەی ململانێو شەڕی دەسەڵاتی نێوشۆڕشی کوردستان لەهاوینی ١٩٦٤و سەرکەوتنی مەلامستەفای بارزانی بەسەر مەکتەبی سیاسی دا، ئەمجارەش شەڕی دەسەڵاتی ناو حیزبی دیموکرات بێ خوێن رژان بە قازانجی ئەحمەد تۆفیق کۆتایی هات. چ کۆمەڵەی رزگاریو چ کۆمیتەی ساخکەرەوە، کە پەناگایان مەکتەب سیاسی بوو، مەیدانیان چۆڵکردو ئەندامو رێبەرانیانوەك: سەلاحوددینی موهتەدی، محمدی ئیلخانی زادە، مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی، گەڕانەوە ئێرانو بەشێکیشیانوەك: حەسەنی رستگار، مەلا رەسوڵ، قادری قازی پەیوەندییان بە مەلامستەفاوە کردو گەڕانەوە رانییەو دانیشتن.

لەراپۆرتێکی ساواکدا باس لەوە کراوە کە چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیوەك حەسەنی رستگارو چەندی دیکە لە قەلادزێنو جیابوونەتەوەو راستەوخۆ لەگەڵ مەلامستەفا پەیوەندییان گرێداوە. هەروەها ئەوەی تێدا هاتووە کە دەنگۆی ئەوە کەوتۆتەوە کە ئەحمەد تۆفیق بە خراپی سوودی لە مەوقعییەتو

---

[153] لبارزانی، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی دووهەم، ل ٢٧٦-٢٧٧.

[154] یام کردستان، سال اول، شمارە دوازدهم، ٢٤ سپتامبر ٢٠٠٥.

حیزبوەرگرتووە. شایەنی باسە لەسەرنجی راپۆرتەکەدا هاتووە کە سەرچاوەی هەواڵەکەی ساواك پێویستە بە هەموو شێوەیەك هەوڵبدەن ئەو دەنگۆیە بڵاوبکەنەوەو لە هەموو جێیەك هەوڵبدەن ئەحمەد تۆفیق وەك خیانەتکارێك بهێننەبەرچاوی ئەندامانی حیزب[١٥٥].

دیارە ئەحمەد تۆفیق بە چاکی هەستی بەو هەوڵانەی ساواك دەکرد بۆ دەرپەراندنی وەك (هەژار) دەڵێت: "بەچاوی بەدبینی دەیروانیە زۆر لە هاوەڵەکانی ئێرانی، زۆر دەترسا کە ساواك ناردبنی "[١٥٦]. یانوەك (مەرەسەنە) لە زمانی ئەحمەد تۆفیقەوە دەڵێت: " دەستی بێگانەمان لەنێودا بوو بۆیە نەمان‌دەتوانی یەکگرتووبین. ئیشارەی بە ئاژاوەگێری چەند کەسێك لە هاورێیانی حیزبی دەکرد... نەیاندەهێشت حیزبی دیموکرات بکەوێتە سەر رەوتی خەباتی میللی دیموکراتیك‌و بە رێبازێکی نەتەوەییدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان رۆڵی شۆرشگێری خۆی ببینێت"[١٥٧].

هەروەها یەکێك لە هەوڵکانی ساواك بریتیبوو لە ناردنی کەسێك بەناوی (داریوش) کە کوردێکی کرماشانی بەخۆو چوارشانە بوو، بۆ ناو حیزبی دیموکرات تاوەك (پێشمەرگە) ماوەیەك بمێنێتەوەو لەدەرفەتێکدا کەبۆی هەڵکەوت ئەحمەد تۆفیق بکوژێت. دیارە ئەحمەد لەو رووەوە زۆروریاو خۆپارێز بوو. گومانیشی لەو داریوشە هەبوو. هەربۆیە لەو ناوچانە رای نەگرت کە خۆی سەرپەرشتیاری دەکردن، ئەوەش‌وای لە داریوش کرد پاش مانەوە بۆ ماوەیەك بێ هومێد بێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی‌و بێ ئەوەی ئامانج بپێکێت گەڕاوە ئێران[١٥٨].

---

[١٥٥] چپ در ایران، شماره گزارش: ٥٠٦٩/٤/هـ، موضوع: کمیته ناوندی یا حزب دمکرات کردستان، تأریخ: ٤٤/٣/٢٦، ص ٢٨٤.

[١٥٦] چێشتی مجێور، ل ٣٨٨ .

[١٥٧] سەرچاوەی ناوبراو، ل٣٨٨ .

[١٥٨] هەمان چاوپێکەوتن لەگەڵ رەئوف مەلا حەسەن.

بێگومان ئەحمەد تۆفیقیش هەوڵی دەدا بەدەوری خۆی سەر لەساواك تێکبداتو رەخنە بکاتە نێو ئەو دەزگایەوە. لەوبارەیەوە لە راپۆرتێکی ساواکدا هاتووە کە کەسێك بەناوی(مستەفای ئەحمەدی) ناسراو بە (ئەفەندی پێشنماز) کە دۆستو هاوکاری ئەحمەد تۆفیقەو خۆی لە ساواك نزیك کردۆتەوەووەك هاوکارێك خۆی نیشان داوە. بەڵام ساواك بۆی دەرکەوتووە کە ناوبراو بۆ هەڵخەڵەتاندنو سەرلێتێکدانی ئەو دەزگایە کاردەکات. چونکە ئەو ناوانەی کە مستەفا بە لیستێکوەك ئەندامانی نهێنی حیزبی دیموکرات بە ساواکی داون هیچیان لەو ناوچانەدا نین[١٥٩].

دیارە پێشتریش ئەحمەد تۆفیق هەوڵی لەوجۆرانەی هەبوو بۆ رەخنەکردنە ناو ساواکەوە. هەروەك ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٨ کە ئەندامێکی حیزبی بەناوی (ئەسعەدی خودایاری) چاندبوو لەساواکدا، ئەو ئەسعەدەی کە لەو رێگایەدا سەری تێداچوو، بێ ئەوەی بەڵگەی ئەوتۆ هەبن هۆکارو چیرۆکی لەناوبردنەکەیمان بە راستی بۆ روونبکاتەوە[١٦٠].

هەرحاڵ، ئەحمەد تۆفیق لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤و سەرەتای ساڵی ١٩٦٥دا هەوڵیدا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە دەستەبەندییەکانی نێو حیزب پێشتر دروستیان کردبوو. لێرەشەوە جارێکی دیکە لە سەر سنوورەکانی ئێران دەرکەوتەوە،وەك (محمد خزری) دەڵێت: "کاك ئەحمەد بێ ترس، بێ پرس‌ورا بەکاربەدەستانی شۆڕش، لەهاوینیو پایزی ساڵی ١٣٤٣دا چەندین کەڕەت، بەدەستە پێشمەرگەو کادری ناردنەوە بۆ کوردستانی ئێرانو سەری ناوچەکانیولاتیان دا. لەئاخری هاوینی ئەو ساڵەدا دوایین کۆبوونەوەی حیزبی لەمەڕ تەشکیلاتو دیاری کردنی بەرپرس بۆ بنکەکانی سنوورو ناردنەوەی کادر بۆ ناوچەکان، بۆ دەعوەتکردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی ٢، بەگشتی زۆر کاری تری

---

[١٥٩] چپ در ایران، شماره گزارش: ٤/١٨٣٢٥هـ، موضوع: مصطفی احمدي معروف به افندی (نام مستعارمرگور)، تأریخ: ٤٣/٩/٣٠، ص٢٥٥-٢٥٦.

[١٦٠] ڕوانە: بلوریان ، سەرچاوەی ناوبراو، ل١٨٥-١٨٨.

ئەنجام دابوون[١٦١].

لەراستیدا، دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەمو ژیانێکی پڕ هەورازو نشێودا، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسایەی ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق، دووهەمین کۆنگرەی خۆی لە ١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی (سونێ)ی ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق، لە کەش و هەوایەکی ساردو لە ژێر سێ دەواری گەورە کە بەئاڵای سێ رەنگی کوردستانو وێنەی پێشەوا قازی محەمەدو رابەرانی دیکەی ڕێگای کوردایەتی رازێنرابۆوە، دەستی پێکرد.

دەبێ بگوترێت کە مەسەلەی کۆنگرەی دووهەم لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا تەمو مژێکی زۆری خراوەتە سەرو بڕیارو پەیڕەوو بەڵگە دەنگ بۆ دراوەکانی لە چ شوێنێ ناخرێنە بەرچاو، (بڕوانە پاشبەندی ژمارە (٣و٤ ). ئەمەش ڕێگای بۆ نەیارانی ئەو ڕێبەرایەتییە خۆش کردووە کە رەخنەی نابەجێ لەو کۆنگرەیە بگرن و لە خۆڕا تۆمەتی نارەوای بدەنە پاڵ. کە بۆ ئاگاداری خوێنەر ئەم چەند راستییە پێویستن بخرێنە پێش چاو:

یەکەم: کۆنگرەی دووهەم بۆ یەکەم جار لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانداو لە ژێر کاریگەریی و بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی خەباتی چەکدارانەی گەلانی کوباو جەزائیرو شۆڕشی باشووری کوردستان، ڕێگای خەباتی چەکدارانەی کردۆتە ڕێباز بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردو روخاندنی رژێمی شاهەنشاهی.

دووەم: کۆنگرەی دوو بەئاشکراو بێ سڵەمینەوە پێ لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی و تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لە حیزبی تودە دادەگرێت و پێیان دەڵێت: "برامان برایەتی و چیغمان جودایەتی".

سێهەم: کۆنگرەی دووهەم پراگماتیکییانە سیاسەتی دەرەوەی حیزبی

[١٦١] خزری، محەمەد، لاپەڕەیەك لەتێکۆشانو جوڵانەوەی ساڵەکانی٤٢-٤٧ (١٩٦٣-١٩٦٨)ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سوید، ٢٠٠٣، ل٣٢.

روونکردۆتەوە کە خۆی لە خۆنەبەستنەوە بە هیچ بلۆکێك دەبینێتەوەو تەنیا قازانجی نەتەوی کوردو نەتەوەکانی ئێرانی کردۆتە ئامانج.

چوارەم: بۆ یەکەم جار لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا، کۆنگرەی دوو مەسەلەی دیموکراتیزەکردنی ئێرانی بەستۆتەوە بەوەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردو باسی حکومەتی فیدراڵی و فیدرالیزەکردنی ئێران دەکات، ئەوەی رێبەرانی ئەو حیزبە پاش چل ساڵ بەو دواییە گەڕانەوە سەری.

پێنجەم: بە پیچەوانەی ئەوەی نووسراوە گوایە کۆنگرە پێشەوا قازی محەمەدو کاربەدەستانی دەورەی کۆماری بە ئاشبەتاڵچی و خائین ناوزەد کردووە، کۆنگرەوێنەیەکی پێشەوای لەگەڵ بارزانی و شێخ مەحمودو شێخ سەعیدو چەندین شەهیدی دیکەی رێگای رزگاری کوردستان هەڵواسیبوو. بەڵام رەخنەشی ئاراستەی خەباتی ئەو قۆناغەی حیزب کردبوو، کەئەگەر لەگەڵ رەخنەکانی کۆنگرەی (سێهەمدا) کە لە رەزبەری ١٣٥٢/سیپتامبەری ١٩٧٣ بەسترا، بەراوردی بکەیت، دەگونجێت ئەوەکانی کۆنگرەی سێهەم زۆر قورستر بن، ئەوەی سێهەمویڕای هەڵاواردنی ناوی پێشەوا، کاربەدەستانی کۆمار بە: کزی، تێنەگەیشتوو، پێنەگەیشتوو، زاڵ نەبوونیان بەسەر تیۆریکی زانستی، لێ نەزان، پاشکەوتوو، بێبیروباوەڕ، سوودپەرست، بێئەزموون، ناشۆڕشگێڕ ناوبردووە.

شەشەم: بەپێچەوانەی ئەوەی گوایە بەشداربووانی کۆنگرەی دوو، تێکڕا بەویستی ئەحمەد تۆفیق بانگکراون و کەسیان نەیانتوانیوە سەربەخۆ رەفتار بکەن و بدوێن فەزایەکی دیکتاتۆری بەسەر کۆنگرەدا زاڵ بووە، (مەرەسەنە) دەڵێت: "هێنێك کارکران کە لەو کاتەدا بۆ حیزبی دیموکرات بە قازانج تەواو بوون، وەك دارشتن و پەسەندکرنی پیرەو پرۆگرامی حیزب و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەی دیموکراتیك و ریزگرتن لە دەنگدان، کەنوێنەران توانیان دەنگی خۆیان بدەن بەو کەسانەی کە خۆیان پییان باش بوون، دەتوانم بلیم تا رادەیەکیش دیاردە دیموکراسییەکان بەرچاوبوون لانی کەم دەنگەکان باش لەقەلەم دەدران"[١٦٢].

هەروەها (بایەزیدی) دەڵێت: "ئەحمەد تۆفیق لە کۆنگرەی دووەمدا دوو

[١٦٢] سەرچاوەی ناوبراو، ل٦٩.

میراتی زۆر بەنرخی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانو نەتەوەی کورد بەجێهێشتن:

أ- ... کۆنگرەی دووەم یەکدەست داخوازی ئەحمەد تۆفیق نەبوو، بەڵکو هەموو چینێك بەشداری ئەم کۆنگرەیە بوونو هەروەها کەدەبینین، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو ئۆرگانەکانی دیکەی حیزب، لەلایەنێکی تایبەت هەڵنەبژێردران، بەڵکو هەموو لایەنێك لە راستی راست بگرە تا چەپی چەپ بەشداری کۆمیتەی ناوەندی بوون کە دەتوانینبڵێین"بەرەیەك"بوو. یانی بۆ یەکەمین جار ئەحمەد تۆفیق "بەرەیەکی سیاسی کوردی"دامەزراند، ئەگەر چی ئەم بەرەیە سەری نەگرتو نەیانهێشت ئەحمەد تۆفیق کاری خۆی بەڕێوە ببات، بەلاَم جێی سەرنجە کە ئێستا یانی چل ساڵ دوای ئەحمەد تۆفیق، تازە هێندێك کەس بە پێویستی دەزانن کەبۆ نەتەوی کورد بەرەیەکی سیاسی پێك بهێنن.

ب- روونکردنەوەی چلۆنایەتی ئەندامەتیو بەشداربوون لە ئۆرگانەکانی حیزبدا. ئەحمەد تۆفیق مەرجێکی گرینگو تایبەتی بۆ ئەندامەتی حیزب هێنایە گۆڕێ کە تا ئەودەمو بگرە ئێستایش، لەبەرچاو نییەو نرخێکیوای بۆ دانانێن. لەسەر ئەم مەرجە، ئەو کەسانەی کە لەرابردووی خۆیاندا بێئابڕوو، هەتیوباز، بێئەخلاقو خراپکارو بێباوەڕو خۆفرۆش بوون، نەیاندەتوانی بە ئەندامەتی حیزب هەڵبژێردرێن. ئەحمەد تۆفیق ساڵەکانی پێشووی لەبەر چاوبوو کە ئەندامە خراپو بێئەخلاقەکان چۆنوەك رایەڵ سەرتاپای حیزبیان داپۆشیبووو ئابڕوویان بۆ حیزب نەهێشتبۆوە"[١٦٣].

هەرحاڵ، دوای بەستنی کۆنگرەی دووهەم، حیزبی دیموکراتی کوردستان چالاکتر بوو. بنکەکانی سەر سنوور تینو تاویان تێکەوتەوە.وەك لە راپۆرتێکی ساواکدا هاتووە: "ئامانجی بنەڕەتی لە بەستنی کۆنگرە بنیاتنانی چەندین بنکەیە لە ناوچەکانی نزیك کوردستانی ئێران هەر لە خانەقینەوە تا ناوچەی شکاك، تا

---

[١٦٣] بایەزیدی، سیامەند، ئەحمەد تۆفیقو ئیسماعیل قاسملۆو عەبدولڕەحمان قاسملۆ ٢٠٠٦/١/٢٦، سایتی: www. dimane. com .

لەم ڕێگایەوە چەند لایەنگر بۆخۆیان پەیدا بکەنو ڕۆژێك بێت لەکوردستانی ئێراتن هەلا بنێنەوە"[164].

هەروەها لە ڕاپۆرتێکی دیکەی ساواکدا، باس لەوە کراوە کە پاش بەستنی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات چالاکی ژێرزەمینی لەناوچە کوردییەکاندا بە ئاشکرا زیادی کردووەو گیانی ناسیونالیستی کوردی بوژاوەتەوەو شانەکانی حیزبی کەوتونەتە ئابوونە کۆکردنەوەووا چاوەڕواندەکرێت لەئایندەیەکی نزیکدا ئەو چالاکییانەی کە لەئازەربایجانی خۆرئاوا دەستی پێکردووە بەرەو ناو شارەکانو سەنتەری ئوستان بکشێت. ڕاپۆرتەکە ئەحمەد تۆفیقو سولەیمانی موعینی بە هاندەرەو فاکتەر یئەو چالاکییانە لەقەڵەم داوەو داوای کاری پێویست دەکات بۆ ڕووبەڕوو بونەوەیان[165]).

هەروەها لەراپۆرتێکی تردا هاتووە: "هەواڵی گەیشتوو دەڵێت کە سەید ڕەسوڵی دهقان کە بەشێکن لە تاقمی ئەحمەد تۆفیق بە خۆیو ٢٠ چەکدارەوە چوونەتە شاری بانەو لە نێو خەڵکدا کەوتونەتە تەبلیغاتی حیزبی، ناوبراو ریکۆردەرێکی پێیە، بە دەنگی خودی(هەژار)ی شاعیری کورد، شیعری (بەرەو موکریان)یان دەدات بە گوێدا، ئەو شیعرانە کاریگەریی قوڵیان هەبووەو خەڵکەکەیان بزواندووە"[166].

هەروەها ئەحمەد تۆفیق هەوڵیدا کە ئاگربەستی نێوان شۆڕشو حکومەتی بەغدا بقۆزێتەوەو چەند گەنجی ئەندامی حیزبیوەك: ئەمیری قازی، عەبدوڵلای موعینیوهەمزەی سیاقۆڵی لە کۆتای هاوینی ١٩٦٥ لەگەڵ خۆی بردن تاکو لەبەغداوە بۆ خوێندن ڕەوانەی ئەورووپایان بکات[167]. ئەو سەفەرەی کە تێیدا ئەحمەد تۆفیق لەلایەن پیاوانی ئەمنی ڕژێمی بەغداوە بۆ ماوەیەکی کورت گیرا.

---

[164] چپ در ایران، ص ٢٦٦.

[165] هەمان سەرچاوە، از ادره کل سوم به ریاست ساواك استان مرکزی، ص ٢٦١-٢٦٢.

[166] هەمان سەرچاوە، شمارە: ٢/١٠١، موضوع: فعالیت گروه احمد توفیق در منطقه بانه، تأریخ: ٤٥/٢/٥، ص٣٥٨.

[167] خزری، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٣٥ .

(حەمەی عەزیز) سەبارەت بەو مەسەلەیە دەڵێت: " من ئەووەختە بە نوێنەری بارزانی چووم بەغدا، بۆ قسەکردن لەگەڵ حیزبێك بەنێوی (حیزبی تەحریری ئیسلامی). رۆژێك کە لە ئوتێل (شەرق ئەلئەوسەت) هاتمەدەر، لە شارع رەشید چاوم بە ئەحمەد تۆفیق کەوت و چەند خولەکێکی کەم قسەمان کرد. دوایی بیستمەوە کە لەویّ بە هۆی پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ میسرییەکاندا گیرابوو"[١٦٨].

پەیوەندی ئەحمەد تۆفیق بە ناسرییەکان و دپلۆماتەکانی میسر لە بەغدا تا رادەیەکی زۆر ڕێی تێدەچێت، چونکە جگە لەوەی کە سەرچاوەیەکی هەواڵی ساواك ئەو پەیوەندییەی پشتڕاست کردۆتەوە، خودی ئەحمەد تۆفیقیش پێی وابوو کە دوژمنایەتی میسروولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەتایبەتی(ئێران و تورکیا)، دەتوانرێت بۆ قازانجی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان بقۆزرێتەوە.

لەو رووەوە لە نامەکەی ئەحمەد تۆفیق کە لە شوباتی ١٩٦٤ بۆ مەلامستەفای نووسیوە، دەڵێت: ئێمە رێکەوتن و لێك تێگەیشتن لەگەڵ عەبدوالناسر یان باڵی ناسری لە عێراق لە قازانجی ئایندەی کورد دەبینین، چونکو عەبدوالناسر بۆ کورد دڵسۆزە یان لێمان تێدەگات. هەروەها چونکو نیشتمانەکەمان لەژێر داگیرکاری تورکیا و ئێران و دەسەڵاتی نەتەویی عەرەبدایە کە عەبدوالناسر ئالاهەڵگرێتی و دەیەوێت ببێتە هاوسێی ئەو دوو حکومەتە(تورکیا و ئێران)، وادەبینین کە لەنێوان ئەم سێ دەسەڵاتەدا(ئەنکەرە-تاران-قاهیرە) درەنگ یان زوو پێکدادان لە نێوانیاندا روودەدات و قاهیرە کە نەتەوەییە لەلایەن تارانەوە یان ئەنکەرە کە زیاتر سەر بە بێگانەن و دوژمنایەتی خوێناوی نەتەوەیی لە نێوانیاندایە لێدەدرێت، لەنێوان ئەوانەدا چەندەها خاڵی ناکۆك و کێشەی لە چارەسەر نەهاتوو هەیە"[١٦٩].

---

[١٦٨] هەمان چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی عەزیز.

[١٦٩] بڕوانە: - البارزانی، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی سێهەم، ل ٧٢٢ .

لەراپۆرتێکی ساواکدا باس لەوە دەکات، کە ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا دەستگیر کراوەو پیاوانی عێراقی ئەویان ناسیوەو رەوانەی کوردستانیان کردۆتەوە، هەروەها دەڵێت کە سەبارەت بە چۆنێتی بەربوونی پرسیاریان لێکردووە، لەوەڵام دا گوتویە کە ٤٥ دینارم بەرتیل داوەتە بەڕێوەبەری زیندانو شەو منیان ئاودیوی دیوارەکانی زیندان کردووەو شەوم لە بەغدا لە ماڵە هاوڕێیەکی حیزبی بردۆتە سەرو بەیانی لە ڕێگای ئەوانەوە لە بەغدا گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان. هەروەها راپۆرتەکە دەڵێت کاتێك ئەحمەد گەڕاوەتەوە کوردستانو چۆتە لای بارزانی، ئەو لە گەڵی سارد بووە، چونکە لەلایەکەوە چۆنێتی راکردنەکەی ئەحمەدی لە زینداندا بە عەقڵ دا نەدەچووو پێی وابوو دەستێکی موخابەراتی رزگاری کردووەو گەیاندویەتییەوە کوردستان، لە لایەکی دیکەشەوە، ئەحمەد تۆفیق بەپێچەوانەی خواستی مەلامستەفا، کەوتۆتە جموجۆڵو تێکۆشان لە کوردستانی ئێران[170].

شایەنی باسە، ئەوکاتە ئەحمەد لەگەڵ چەند کادیری دیکەی وەك: سەید رەشیدی حوسەینی، عەبدوڵڵای قەڵاتە رەشی، سەید رەسوڵی بابی گەورە لە گوندی "شێخان" جێگیر بوون، وەك هەژار دەڵێت"هەر چەند لە هەموو بنکەکان دەرهەم بەرهەمی زۆر بو، کار زۆر بە نارێکی ئەنجام دەدرا، بەڵام ئەحمەد پیاوێکی زۆر بە زاکونو مورەتتەب بو، پێشمەرگەی ئەو دەرسیان دەخوێند، هەمیشە کاریان دەکرد، کەس زاتی نەبو لەخەت لادا، نەجاڕ با دارتاشی پێدەکرد، هەرکەس هەر سنعاتێکی هەبا دەبو بیکاو بەهرە بەشۆڕش بگەیەنێ، زۆر جار میوانی دەبومو بەو تەنزیمو رێكو پێکیەی زۆرم دڵ خۆش دەبوو"[171].

لەراپۆرتێکی ساواکدا هاتووە کە لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٥، ئەحمەد تۆفیق ویستوویەتی پەیوەندی لەگەڵ لایەنگرانی (خومەینی)دا بگرێت بە

---

[170] چپ در ایران، شماره گزارش: ٤/١٣١٠٤ه، موضوع: فعالیت حزب دیمکرات کردستان، تأریخ: ٤٤/٩/٩، ص٣١٤ .

[171] چێشتی مجێور، ل ٤٧٦ .

مەبەستی کاری هاوبەش دژی رژیمی شاهەنشاهی، بۆ ئەو مەبەستەش (سوارە سەکری) ئەندامێکی حیزبی دیموکراتو جێی بڕوای ئەحمەد تۆفیق کاری بۆ ئەوە کردووە کە دوو رۆحانی لایەنگری خومەینی لە ناوچەی نەغەدەوە بێنێتە کوردستانی عێراق تالەویٚ چاویان بە ئەحمەد بکەوێتو گفتوگۆ لەسەر پێوەندی هەردوولاو کاری هاوبەش بکەن[١٧٢].

هەروەها لە راپۆرتێکی دیکە هاتووە، کە عەولای مام سەعید لەناوچەی (تەرکەشی سەروو)، وەك نوێنەری ئەحمەد تۆفیق کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی حیزبی کردووەو پێی گوتوون"ئاغایان لەسەرتانە گرفتو کێشەکانی نێوخۆتان چارەسەر بکەنو هیچ سەردانێکی پاسگاو دابو دەزگاکانی رژیم نەکەن... ئێمە پشتیوانی لە ئەحمەد تۆفیق دەکەین... ئێمە حیزبێکی گەورەمان بەنێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەیە"[١٧٣].

شایەنی باسە، دەرکەوتنی جموجۆڵی پیشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە سەر سنوورەکانی ئێرانو ئەنجامدانی هێندێك چالاکی لەنێوچەکانی لاجانو مەنگوڕایەتی، رژێمی شاهەنشاهی داخدار کردبوو. ئەو رژێمەی کە لە رێگای ساواکو بە قۆزتنەوەی نزیك بوونەوەی لە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، راستەوخۆ بۆ بنکۆڵکردنی حیزبی دیموکراتو لێدانی سەرکردایەتییەکەی کەوتەکار. کەبەهۆی ئەو نفووزە زۆرەو تۆڕە جاسوسییە بەرفراوانەی لەناو شۆڕشدا هەیانبوو، سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێنا. راستییەکیوا کە کوردستانییبوونی سەرکردایەتی شۆڕشی دەخستە ژێر پرسیارو‌واقیعی تاڵی لاوازی رەهەندی جیۆسیاسی کوردستان لاوازی کەسایەتیو گیانی تەسلیم بوون بە قەزاو قەدەری رێبەرایەتی شۆڕشی کوردی دەسەلماند.

لەراپۆرتێکی ساواکدا هاتووە کە مەلامستەفا بارزانی پاش ئەوەی هەواڵی

---

[١٧٢] چپ در ایران، از: ٣١٤، موضوع: درباره ارتباط حزب دمکرات کردستان با احزابء دستجات دیگر ، تأریخ: ٤٦/٦/٢، ص٤٢٧.

[١٧٣] چپ در ایران، شماره گزارش: ٤٣١١، موضوع: تشکیل جلسه حزبی ، تأریخ: ٤٥/٥/٢٥، ص٣٦٥.

چالاکی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی لەسەر سنووری ئێران بیستۆتەوە، زۆر تورە بووەو گوتوویەتی بە ئەحمەد تۆفیق بڵێن لەسنوورەکانی ئێران دوورکەوێتەوەو هەر جەهەنەمێکی پێ خۆشە بچێتەوێندەرێ. ئەحمەدیش دوای ئەوە بە چەندین پێشمەرگەوە چۆتە لای مەلائەمینی بارزانی لە چیای "هەندرێن"[174].

هەروەها لەراپۆرتێکی تردا هاتووە کە چالاکییەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە ئێران، بۆتە هۆی تورەبوونی ئیدریس بارزانی. هەربۆیە کاتێك ناوبراو چاوی بە ئەحمەد تۆفیق کەوتووە لە "گەلاڵە"، بێوەستان بە قسە پەلاماری داوەو پێی گوتووە: "چەند جارمان پێ کوتی کە لەم ناوە نەبینرێیت، برۆ گۆرِتونکە، ناتوانین بەرژەوەندی شۆرِش بۆ تۆو دوو سێ نەفەری بێمایە بخەینە ژێر پێ. لەم ناوە مەمێنە دەنا فەرمان دەدەم سمێڵت بتاشن. راپۆرتەکە دەڵێت: "ئەحمەدیش زۆر بە تورەییەوە بەگژ ئیدریسدا چۆتەوەو پێی گوتووە: "تۆ کەسێکی هەرزەو بێ شعوری سیاسییت. پاشتر ئەحمەد تۆفیق نامەیەکی دوورودرێژی بۆ مەلامستەفا بارزانی نووسیوەو تێکرِای خەباتو تێکۆشانی خۆی بۆ کوردو شۆرِشو بارزانی بیرخستۆتەوەو نووسیویە: "بۆ ریش هاتووم بۆ کوردستانی ئازادکراوی عێراق، کەچیوابەداخەوە سمێڵیشمان خستەبانی". هەروەها راپۆرتەکە دەڵێت مەلامستەفا فەرمانی داوە ئەحمەد تۆفیق بۆ ناوچەی بارزان دوور بخەنەوە، ئەگەر فەرمانەکەی جێبەجێنەکرد بیگرنو بەدەستبەسەری رەوانەیکەن[175].

هەژار لەو رووەوە دەڵێت: "لەوەتا دەگەڵ ئێران نێوان خۆش ببو، حاڵی ئێمە ئێرانییەکان کەوتبوە خەتەرەوە. دەوڵەت داوای لە مەلامستەفا دەکرد کە ئێمەی تەسلیم کاتەوە... بەتایبەتی داوای ئەحمەد تەوفیقیان لێ دەکرد کە رەئیسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەو هەمیشە پێشمەرگەی بەردەستی

---

[174] هەمان سەرچاوە، تأریخ: ٦٠/٤/١٩، ص ٣٦٣ .

[175] هەمان سەرچاوە.

ئەو دەچنە ئێران‌و تەقە لەسەربازو پۆلیس دەکەن، دەبێ هەر بمان دەنەوە، کە یەکجار زۆریان زۆری هێنابو، بارزانی ناچار ئەحمەدی بەڕێکرد بۆ سنوری تورکیە (لە گوندی کانی ماسی)لە (بروارى بالاّ) بمێنێتەوەو لە سەر سنوری ئێران دوورکەوێتەوە... ئەحمەد بەراستی شێری میسری بو، دەکالان نەدەوەستا. بەڵام چەدەکەی فەرمانی بارزانی یەوای بە مەسڵەحەت زانیوە"[176].

(تاهیر) لەو بارەیەوە دەڵێت: "چووینە دێیەك بە نێوی ماوەتانی چکۆلە، نزیك حاجی عۆمەران. گوتیان مەلا مستەفا دێتە ئەوێ، ئەگەر گەیشتینە ئەوێ، کاك ئەحمەد کۆی کردینەوەو گوتی: ئەوەی من دەیڵێم پێش بینییە نەك حەقیقەت، ئەو مەلامستەفایەی ئەمن دەیناسم هیچ‌وەخت کورد تەحویل ناداتەوەو کوردکوژ نییە. . . ئەگەر دنیا بوو ئەمنیان تەحویل داوە، سەلیم ئەتۆ بە رەگبار لێم دە، تاهیر ئەتۆش لە سەرم دە. ئەوانەی دیکەی لە دەوروبەری رێگا دامەزراند. مەلامستەفا بە لاندوێرێك هات ١٠-١٥ بارزانی لەگەڵ بوو، دوو لەندوێری دیکەشی لەگەڵ بوو... مەلامستەفا گوتی، ئەحمەد !کارم پێتە. ئیشارەی بە دوور کردو گوتی: هۆو خێوەتەی لە حاجی عۆمەران دیوتە، لەوێدا سەرهەنگ ئاریانا(یا شتێکی‌وای گوت) لەوێیەو ئێران داوای تۆم لێ دەکا. لەوسەر مەرزە مەمێنە... بەخودێنی بارزان!لەبەر تۆ گوشارێك لەسەر منە، کەبە خودا ئەگەر لەسەر تۆبایە هەڵت نەدەکردو ئێستاش داوایەکت لێ دەکەم مەڵێ نا، هەستە بڕۆ لەبارزان دانیشە... کاك ئەحمەد گوتی: ئیجازەم بدە دەچمە ئوروپایە، دەخوێنم. مەلامستەفا گوتی: نا، لەوێ لەدەستم دەچی‌و دوور دەکەوێوە، ئەو باوەڕەی بەتۆم هەیە، بە لوقمانی کوڕم نییە... کاك ئەحمەد گوتی باشە بەقسەت دەکەم، بەڵام دەتوانی ١٤-١٥ رۆژم مۆڵەت بدەی... پێم‌وابێ بەهاری ١٩٦٥ بوو کاك ئەحمەد گوتی کوڕینە کۆبنەوە کارم پێتانە، ئێوە پێشمەرگەن‌و سامان‌و شەرەفی میللەتی کوردن. پارێزەری ژیان‌و شەرەفی کوردانن. ئەمنیش‌وەك ئێوە تەنیا پێشمەرگەیەکم‌و کەس لە کەس زیاتر نییە. ئێستاش هەروەك دەزانن ئەمن

---

[176] چێشتی مجێور، ل٤٩٠ .

لەسەرویستی مەلا مستەفا دەچمە"بارزان" جا رەنگە ساڵێك یان چەند ساڵم پێ بچێ. ئێوەش ئەو تفەنگەی کە لە شانتان دایە، ئی خۆتانە، ئەگەر دەچنە پاڵ پارتیو بارزانی ئیختیار بە خۆتانە، ئەگەر دادەنیشنو کاسپی دەکەن، مانیع نیم. بۆخۆتان ئازادن بەڵام بەمەرجێ کاری خوێڕیو چەوت نەکەنو خیانەت نەکەنو مەبنە داردەستی دوژمنان. تێکڕا فرمێسکمان هاتەخوار، گوتی: فشارمان بۆ هاتووەو بەدەست خۆمان نییە"[١٧٧].

لێرەدا مەسەلەیەك هەیە کە پێویستە ئاماژەی بۆبکرێت، ئەویش شوێنەونکرنی (سەدیقی هەنجیری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووهەمە. شایەنی باسە، نەیارە شەخسیی‌وحیزبییەکانی ئەحمەد تۆفیق بێ هیچ بەڵگەو لێکۆڵینەوەیەك لە نووسینو گێڕانەوەکانیدا هەوڵ دەدەن بێسەروشوێنکردنی ناوبراو بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بخەنە ئەستۆی ئەحمەد تۆفیق، بە بیانووی ئەوەی کە لە نێوان هەردووکیاندا ناکۆکی فکری هەبوو. دروست لەبانەمەڕی ١٩٦٦و چەند رۆژێکی کەم پێش شەڕە بەناوبانگەکەی (هەندرێن)، سەدیقی هەنجیریو سەعید کاوە کەئەوکات پێکەوە لەگوندی (دەربەند)ی باڵەکایەتی لەدۆڵێکدا خانوویەکیان گرتبوو تێیدا دەژیان، سەردانی گوندی (لێوژە) دەکەنو پاشان دەچنە ماڵی (خالیدی حیسامی شێواوی شاعیر لەمامە رووت. سەدیقی هەنجیری بەمەبەستی مانەوەو دیتنی مەلا مستەفا بارزانی سەعید کاوە دەنێرێتەوە دەربەندو خۆی لەماڵی حیسامی دەمێنێتەوە. لێرەوە ئیدی کەس سەدیقی هەنجیری نەدیتەوەو شوێنەون کرا.

وەك گوترا، سەدیقی هەنجیری چەند رۆژێك پێش شەڕە بەناوبانگەکەی هەندرێن لەگوندی مامە رووتو لەماڵی خالیدی حیسامی شوێنەون کرا، لەم کاتەدا ئەحمەد تۆفیق نێزیك بەمانگێك بوو لەلایەن مەلا مستەفاوە تەبعید کرابووو لەناوچەی باڵەکایەتیدا نەمابوو، تێکڕای سەرچاوەکانیش لەسەر ئەو راستییە

---

[١٧٧] پیام کردستان، شمارە دوازدهم، ٢٤ سپتامبر ٢٠٠٥ .

کۆکن، بۆ نموونە هەژار (چێشتی مجێور)دا دەڵێت: (کوردێکی سابڵاغی بەناوی (سدیق ئەنجیری) ماوەیەك بوو لەتارانەوە هاتبوە(دەربەند)... تاریفی خوێندەواریو زاناییان دەکرد، پیاوێکی هێدیو هێمنو لەسەرخۆ بوو. لەو سەردەمانەدا کەئەحمەد دوورخرابۆوە بۆ سنوری تورکیا و ئێمە لە (لێوژە) بووین، رۆژێك لەگەڵ سەعید ناوێك (کە بەچاوێك بوو) بونە میوانی بنکەکەمان. پازدە رۆژ مانەوە. رۆژانە خۆی سەعید دەچوونە دەری دێ، بۆ جەمی نیوەڕۆو شەو دەهاتنەوەو تەواو هۆگری سدیق ببوین. چەند جارێك لەمەکتەبی سیاسیەوە- کەزۆرمان لێ نزیك بوو- خەبەریان داینێ کەئێرانی ناوی ئەویان پرسیوە، بالەو نزیکە نەمێنێ. سامیو من حاشامان کردو جوابمان نەدانەوە. رۆژێك دەبوایە دوو رۆژنامەنووسو فیلم بەرداری ئەڵەمانی بێنە لامان لەلێوژە. کاك سامی بەسدیقی گوت: (ئەمرۆ مەچنە ئەو سەکۆیەی ناودارانە کەهەموو رۆژ لەوێ دادەنیشن. چونکە نازانین کێ لەگەڵ ئەو ئەڵەمانیانە دێ، لەوانەیە جاسوسی ئێرانی دەگەڵیان کەوتبێ). سەدیق لەو قسەیە ناڕەحەت بوو، گوتی: (دیارە دەتەوێ رام نەگری). ئیتر بێ خواحافیزی کردن لەگەڵ سەعیدە کوێر رۆیشتن. چوینە جێگەی رادیۆ لە (گردێم)، ببونە میوانی (خالیداغای حیسامی) گوتبووی هێلکەی هەیە چۆنی دروست کەین؟ سدیق گوتبوی: (دەچم لەو دەم چەمە پنگە دێنم، کوکی دروست ئەکەین). ئیتر ئەو روینە بوو نەهاتەوەو بێ سەرو شوێن چوو، کەس خەبەری نەزانی [١٧٨].

هەروەها لەنامەکەی (حەمەدەمینی سیراجی) کە لە٦ی ژانویە ١٩٨٩دا سەبارەت بەو رووداوە بۆ کەریمی حیسامی ناردووە، دوور خستنەوەی ئەحمەد تۆفیقی پێش رووداوی بێ سەرو شوێنکردنی سەدیق باسکردووە [١٧٩].

(سەعید کاوە)ش کە ڕۆژێك پێش دیار نەمانی سەدیق لەبانەمەڕی ١٩٦٦/١٣٤٥ چوونەتە لای خالید ئاغا، لەبیرەوەرییەکانیدا نووسیویە (کەوتینە

---

[١٧٨] چێشتی مجێور، ل ٤٩٠-٤٩١ .

[١٧٩] حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی چوارەم، ل ستۆکهوڵم، ١٩٩٠، ل ٦ .

ساڵی ١٣٤٥هـ ١٩٦٦ز، ماوەیەك بوو هیچ هەواڵو سەرو سەدایەك لەكاك عەبدوڵا (ئەحمەد تۆفیق) نەبوو. پاش پرسیار لەمو لەو بۆمان دەركەوت كە لەناوچەی باڵەكایەتی نەماوەو چۆتە مەڵبەندی بادینان لەگوندی كونەماسی (كانی ماسیە–ن) نیشتەجێیە. بڵاوبۆوە كەمەلا مستەفا ناوبراوی دوورخستۆتەوە) [١٨٠].

كاك رەئووف مەلا حەسەن كەماوەیەك بەرپرسی بنكەی (سونێ)ی حیزبی دیموكراتو ئەوكاتە لەبنكەی شێخان بوو، لەوەڵامی پرسیارێكدا كەئایا ئەحمەد تۆفیق چ دەستێكی لەو بێ سەرو شوێن كردنەی سەدیقدا هەبووە: گوتی (ناوەڵاهی كاك ئەحمەد تۆفیق ئەوكات زیاتر لەمانگێك بوو لەو ناوە دوور خرابۆوە، چەندە گورگ پەیوەندییان بەخوێنەكەی یوسفەوە هەبووە، ئەحمەدی بێ ئاگاش هەر ئەوەندە دەستی لەو كارەدا هەبووە) [١٨١].

لەو بارەیەوە (حەمەی عەزیز)یش گوتی: (من رۆڵی ئەحمەد تۆفیقم لەبێ سەرو شوێن كردنی سەدیقی هەنجیری لەكەسانی دژ بەئەحمەد بیستووە، جارێك بۆ خۆم ئەو مەوزوعەم لەگەڵ ئەحمەددا كردەوە، ئەحمەدواباسی لەمەسەلەكە دەكردوەك ئەوەی كەسێكی دۆستی لەدەست چووبێت، نەكوەك یەكێك كەخۆی دەستی لەلەنێو بردنیدا هەبووبێت) [١٨٢].

(محەمەد خزری) كە لەبیرەوەرییەكانیدا زیاتر لەخەڵكانی دیكە پەلاماری ئەحمەد تۆفیق دەداتو بێ سەرو شوێن كردنی سەدیقی هەنجیری دەخاتە ئەستۆیوی. بەڕاشكاوی لە لاپەڕە ٩٦و ٩٨ دووجار باس لەدوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق دەكات لەناوچەی باڵەكایەتی. جارێكیان لەسەر زمانی مەلا ئاوارەوە، جارێكی دیكەش لەسەر زمانی خودی سەدیقی هەنجیرییەوە دەڵێت: كەسەدیق "گوتی كاك ئەمیرو سەید رەسول نازانن كەئەحمەد لێرە نەماوەو بۆ ناوچەی بادینان تەبعید كراوە؟".

وەك یەكێك كەسەبارەت بەو مەسەلەیە زۆرم پرسیوەو سەرچاوەكانیشم بەسەر كردوونەتەوە. پێموایە ئەوەی كە (یوسفی ریزوانی/ عەبدوڵا شلێر) لەو

---

[١٨٠] سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٥٤.

[١٨١] هەمان چاوپێكەوتن لەگەڵ رئوف مەلا حەسەن.

[١٨٢] هەمان چاوپێكەوتن لەگەڵ رئوف حەمەی عەزیز.

بارەیەوە لەنامەیەکیدا بۆ کاك (عەلی کەریمی) درکاندووە، زیاتر جێگای سەرنجە ناوبراو نووسیویە:

"کاك سەدیقی ئەنجیری بەمەزلوومی لەدایك بووو بەمەزلوومی بەهۆی سازمانی ئەمنیەتی شاهەنشاهی لەعێراق بەدەستی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی عێراق (زەکی کامیل) خەڵکی ئاکرێ کەپێشمەرگەیەکی کاربەدەستی پ. د. ك بوو شەهید کراو کوژرا "[183].

شایەنی باسە، مەسەلەی کێشەو بەگژ یەکترداچوونەوەی سەدیقی هەنجیریو زەکی ئاکرەیی مەسەلەیەکی شاراوە نییەو کاتی خۆشی زۆر بڵاوە بوو. وەك ئەوەی محەمەدی خزری لەبیرەوەرییەکانیدا باسی دەکاتو ماوەیەك پێش شوێنەونکردنی سەدیق پرسیاری لەبارەوە کردووەو دەڵێت: "پرسیاری کێشەو دەمە تەقەی خۆیو زەکی ئاکرەییم لێکرد؟" گوتی:

"شتێکی زۆر گرنگ نەبوو ئێوە ئەوەتان لەکوێ زانیوەتەوە؟"

گوتم: ئێمە لەوڵات بیستمانەوە، کە لەقاوەخانەی مستەفا سولەیمانی، لەدەربەن، زەکی هاتووتە ژوور ئێوەش لێوە بوونە، گوایە زەکی قسەی بێ ئەدەبانەی کردووە، هەتا ئەو جێگایە کەگوتوویە ئێوە هەقتان نییە بێنە سەرجادەو. . پاشان ئێوەش دایگژوانێ. . . و یەکێ لەلێپرسراوانی شۆڕش کە، دەگەڵ زەکی دەبێ، دەکەوێتە بەڕیوانیو پێش دەرگیری ئێوەو زەکی دەگرێ"[184].

هەروەهاوەك محمدی خزری لە لاپەرە١١٧ی بیرەوەرییەکانیدا باس دەکات، کاتێك کاك حەمە رەسوڵی باوکی سەدیق بۆ سۆراغی کوڕەکەی هاتە باڵەکایەتیو دواتر لە (خەلان) چاوی بەمەلا مستەفا کەوت، مەلا مستەفا داوای لەئیدریس کرد بەو مەسەلەیەدا رابگاو هەروەها دڵی کاك حەمە رەسوڵی داوەو پێی گوت: "مامە ناڕەحەت مەبە ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ دۆزینەوەی ئیشاڵڵا کوڕەکەتوەدی دیتو پێك شاد ئەبنەوە".

---

[183] نامەی کاك یوسفی ریزوانی. لە: کەریمی، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٣٩٤ .

[184] خزری، سەرچاوەی ناوبراو، ل٩٧ .

هەروەها كاتێك لە جۆزەردانی ١٣٤٥/ حوزەیرانی ١٩٦٦ بەشێك لە كادێرەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستان لە (دۆڵە رەقە) كۆبوونەوەو سەبارەت بەبێ سەرو شوێن كردنی سەدیقی هەنجیری شتێكیان یاداشت كرد كەدواتر سولەیمانی موعینی تەسلیمی بارەگای بارزانی كردبوو[١٨٥]. نەك هەر ئەو لێكۆڵینەوەی كەئیدریس دەبوایە بیكاو ئەو داوایەی كۆبوونەوەی دۆڵە رەقە تائێستاش وەلامی نەهاتۆتەوە، بەڵكووردەوردە ئەو كادێرانەش ژیانیان كەوتە مەترسیو تووشی راوە دوونانو تەحویلدانەوە بوون. شایەنی باسە، لەپەنا دەستی مەلامستەفادا پیلانیش بۆ تەحویلدانەوەی خودی ئەحمەد تۆفیق بە ئێرانییەكان لە ئارادابوو. یەك لەو هەولانە نامەیەك بوو كە نێردرابوو بۆ ئەسعەد خۆشەویو داوای لێكراوە كە لە كورترین ماوەو لە نزیكترین شوێندا ئەحمەد تەسلیم بە ئێرانییەكان بكرێتەوە، ئەو پیلانەی كە لەلایەن دۆستێكی بارزانی ئەحمەد تۆفیقەوە پوچەڵكرایەوە، پاش ئەوەی بەپەلە مەلامستەفای لێ ئاگادار كردەوە. دیارە دوای بەهێزبوونی پەیوەندییەكانی دەوڵەتی شاو ساواكو شۆڕشو شالاوی راوەدوونانی پێشمەرگەو كادرەكانی بەشداربووی جولانەوە چەكدارانەكەی ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ بە رێبەرایەتی كۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموكراتی كوردستانو كوشتنی سولەیمانی موعینیو قادرشریفو خەلیل شەوباش لەلایەن سەركردایەتی شۆڕشەوە، تێكرای ئەوانە دڵی ئەحمەد تۆفیقیان رەنجاندوویان لێكرد كە هەست بەمەترسی راستەقینە لەسەر ژیانی خۆیو هاورێكانی لە كانی ماسی بكات.

( تاهیر) دەڵێت: "دوای كوژرانی سولەیمانی موعینی، رۆژێك لەگەڵ كاك ئەحمەد لەنێو باغەكەدا بووین، كاك ئەحمەد زۆر نارەحەت بوو... قەڵس بوو، گوتی: خەبەرێكی زۆر ناخۆشم پێگەیشتووە دەڵێن سولەیمانی موعینی مەلامستەفا كوشتوویەتی... گوتی سبەینێ ئامادەی رۆیشتنی بە. سبەینێ هاتمە دێی گلە سوورەی، ماڵی مام هەژاری... بەمام هەژارم گوت: هاتووم بچم

---

[١٨٥] هەمان سەرچاوە، ل ١٨٨ .

مەلامستەفا ببینمو کاغەزێکم بۆ هێناوە گوتی هەستە بابڕۆین... ڕێگەی ٢٠ دەقیقە نەدەبوو. ئەگەر چووم... دیتم لەسەر سەکۆیەکی قەدەمی لێدەدا. کاغەزەکەم زۆر گەورەبوو، بەنوکی قەلەمی لێکی کردەوەو گوتی: ڕۆلە چاوم زەعیفەو ئێستا بۆم ناخوێندرێتەوە، گوتم: ئەزبەنی کاك ئەحمەد چەند قسەی پێدا ناردووم... گوتی فەرموو، گوتم: کاك ئەحمەد گوتوویە ئەگەر سولەیمانی موعینی بەدەستوری مەلامستەفا کوژرابێ ئەمن ئەحمەدی جاران نیم بۆ مەلامستەفای ! مەلامستەفا گوتی ها... !... گوتی پێی بڵێ، دواترولآمی کاغەزەکەی دەدەمەوە"[١٨٦].

دیارە دڵرەنجاندنی ئەحمەد تۆفیق لەو هەلو مەرجەی دەگوزەراو مەترسی زۆری لەسەر ژیانیو ترسی تەحویلدانەوەی بە ساواك یان غافڵکوشتنی هۆکاری کاریگەربوون کە کانی ماسی جێبهێڵێتو بۆ بەدەستهێنانی پەنابەری سیاسیی بۆ خۆیو هاوڕێکانی ڕوو لە بەغدا بکەن. بە تایبەتی کە پاش کودەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، دەسەلآت لە بەغدا کەوتبووە دەست تاقمێکی نویێ لە حیزبی بەعسو ئەحمەد تۆفیقیش بۆ ٤ساڵ دەچوو لە کانی ماسی دانیشتبوو، کە بۆ یەکێکی بزۆزیوەك ئەو زۆر ئەستەم بوو. هەربۆیە تارادەیەك تروسکایی لە پەنابەری سیاسیی لە بەغدا بەدی دەکرد، بەتایبەتی کە پێشتر بەشێکی کادیرو ئەندامانی حیزبی دیموکرات لەوە ئاگاداریان کردبۆوە کە هەلومەرجی کارکردنو سەرلەنویێ کۆبوونەوە لەبەغدا ئاسانتر پێکدێت. هەربۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩، ئەحمەد تۆفیقو مەلا سەید ڕەشیدو چەند پێشمەرگەی پاسەوانی شەخسی کانی ماسیان جێهێشتو لە ڕێگای ئامێدییەوە چوونە دهۆكو لەوێوە بۆ موصلو بەرەو بەغدا[١٨٧].

---

[١٨٦] پیام کردستان، شمارە چواردهم، ٢٢ اکتبر ٢٠٠٥.

[١٨٧] بۆ زیاتر: هەمان سەرچاوە، شمارە سیزدهم، ١٨ اکتبر ٢٠٠٥.

**باسی شەشەم:**

**ژیانی پەنابەریی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق لە بەغداو مەرگەساتێکی مێژوویی**

پاش چوونی ئەحمەد تۆفیقو هاوڕێکانی بۆ بەغداووەرگرتنیانوەك پەنابەری سیاسیی، زۆری نەخایاند هەلو مەرجێکی نوێ لە عێراقو کوردستان بەرپا بوو. ئەویش بەهۆی گفتوگۆو ڕێکەوتنی نێوان شۆڕشی کوردستانو تازە بەدەسەلاّت گەیشتوانی عێراق کە لە ڕۆژی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ نێوەرۆکەکەی دانپیانانی حکومەتی بەغدا بوو بە مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورد لە عێراق.

(مەرەسەنە) دەڵێت: "سەبارەت بەڕاگەیاندنی ئەو بەیانە کە کۆبوونەوەیەکی گشتی لە شاری بەغدا لە گۆڕەپانی تەحریر بەبەشداری ئەحمەد حەسەن بەکر لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوەو بەڕێزان دکتۆر مەحمود عوسمان ئیدریسو مەسعود بارزانی لەلایەن شۆڕشو خەڵکی کوردستانەوە پێك هات. زیاتر لە پێنج سەد هەزار کەس لە کوردو عەرەب لەو مەیدانەدا کۆبوونەوە. . . لەو ڕۆژە مێژوویەدا ئێمەش لەگەڵ کاك ئەحمەد، مەلاسەید ڕەشیدەکان(سەقزیو سەردەشتی —ل)و چەند کەسێکی دیکە بەشداریمان لەو ڕیو ڕەسمەدا کرد، ئێمە لە هەموو کەس زیاتر پێی خۆشحاڵ بووینو هیواو ئومێدی زۆرمان بۆ پەیدا ببوو، پێمانوابوو تازە بەشێك لەگەلی کورد رزگار بووە"[١٨٨].

لەو کاتەدا ڕژێمی بەعس هەوڵی کۆکردنەوەی ئێرانییەکانی دەدا بۆ ئەوەی بەمەبەستی دژایەتیکردنی ڕژێمی شاهەنشاهیو فشارخستنە سەر ئێران سوودیان لیّوەرگریّت. بەتایبەت کەژمارەیەك لە کەسایەتییە ئێرانییەکانیوەك: تەیمور بەختیاری سەرۆکی پێشووی ساواكو ژەنەراڵ مەحمودی پەناهیانو چەندی دیکە هاتبوونە عێراقو بەو ئامانجەی کە بە هاوکاری عێراق بتوانن دەسەلاّت لە ئێران بگرنە دەست، لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا هاوکاربوون.

---

[١٨٨] سەرچاوەی ناوبراو، ل ٩٣-٩٤ .

خدرمەرەسەنە کە لەرێگای ئیستیخباراتی عێراقییەوە چاوی بە تەیموربەختیار کەوتووەو بڕیاربووە دووبارە لە زستانی ساڵی ١٩٧٠دا دانیشتنی تربکەن، باس لەوە دەکا کە ئەحمەد تۆفیق پێی گوتوە کە بە بەختیار بڵێت پێش هەر دەست بەکاربوونێك دەبێت پێشتر لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات یەکتر ببینن‌و لەسەر مەبناو ئەساسێك تەوافق بکەن، کە دوارۆژ تووشی شەڕو تێکهەڵچوون نەبن. هەروەها دەبێ لەگەڵ پارتی‌و مەلامستەفا بارزانیش کە ئێستا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ڕێککەوتوون پەیوەندی بگرێ‌و بەئەنجامێك بگەن کە نەبنە کۆسپ لەبەردەم سەرکەوتنی شۆڕش لەئێران. ئەحمەد تۆفیق لەخۆی رابینیوە چوەك رابەرێکی حیزبی دیموکرات‌و چوەك نوێنەرێکی بارزانی لە گەڵ بەختیاردا دانیشێت[189].

پاش ئەوەی مەرەسەنە ئەو راسپاردەیەی ئەحمەد تۆفیق بە بەختیار دەگەیەنێت، بەختیار گوتویە: ئێمە نە ئامادەین لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق‌و نە مەلامستەفا پەیوەندیمان هەبێت. چونکە ئەحمەد تۆفیق نۆکەری ئەمەریکایەو لەرێگای سازمانی سیاوە پەیوەندی بە سازمانی ئەمنیەتی ئێرانەوە هەیە، مەلامستەفاش‌وابەستەی ئەمەریکایەو جولانەوەکەی لەلایەن شاو ساواکەوە ڕێبەرایەتی دەکرێت، مەسەلەی کەمینەکانی ئێرانیش لەم قۆناغەدا شایەنی باسکردن نییە"[190]

ئەو هەڵوێستەی بەختیار لەسەر شەخسی ئەحمەد تۆفیق بێ‌کاریگەریی نەبوو، چونکو کاتێك دەسەڵاتدارانی بەغدا هەل‌ومەرجی پێکەوە دانیشتنی بەختیارو ئەحمەد تۆفیقیان پێکهێنا، ئەحمەد ئامادەیی کارکردنی لەگەڵ بەختیاردا نەبوو. وەك (تاهیر) دەڵێت: "کاك "ئەحمەد" یان برد کە قسەیان لەگەڵ بکا، ئەمنیش لە گەڵیان چووم، بەختیار هەستا سەرچۆك‌و گوتی: تۆ لە کوردستان‌و من لە خوزستان، ئێران دەکەینە گۆمی خوێن ! کاك ئەحمەد گوتی:

---

[189] هەمان سەرچاوە، ، ل٩٦-٩٧.

[190] هەمان سەرچاوە .

نا، من واناکەم چون تۆ لەبەر سیاسەتی گەلانی ئێران لەگەڵ شای ئێران نێوانت تێك نەچووە، ئەتۆ سەدان کوردت لە ژێرپێی ژاندارمان دا کوشتووە، تۆ مەئمووری ساواك بووی، ئەگەر زانیبام دەولەتی ئێراق لەگەڵ تۆ جەلەسەم بۆ دادەنێ، نەدەهاتم. چون سووك دەبم"[191].

لەراستیدا، مەسەلەی پەیوەندی ئەحمەد تۆفیق بە ئەمەریکاو بڵاوکردنەوەی ئەو پرۆپاگندانەی گوایە ناوبراو پیاوی دەزگای جاسووسی C. I. A یە، پێویستە ئیستیکی لەسەر بکرێت. چونکە ئەو پرۆپاگندانە لەسەرەتای شەستەکانەوە بۆ ئەحمەد تۆفیق لەلایەن شیوعیو چەپەکانو تودەکراتەکانی دەرەوە نێو حیزبی دیموکرات هەڵدەبەستران.

ئەحمەد تۆفیق هیچ کات نەیدەشاردەوە کە کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی دیموکراتیکەو بەتەنیا کێشەی چینێکی تایبەتو دیاریکراوی کۆمەڵگای کوردەواری نییەو بەگرتنەبەری ڕێگای کۆمەنیستیو ستالینیزمو خۆهەڵواسین بە بلۆکی سۆسیالیستیو بەکارکردن لەژێر باڵی مارکسیستی شۆڤێنیستی نەتەوەی فارسی حاکمو حیزبی تودە، ئیمکانی چارەسەرکردنو سەرکەوتنی نییە. ئەو هەر زوو لەوە گەیشتبوو، کە دەوڵەتی شورەوی سیاسەتو بەرنامەیەکی بۆ مامەڵەکردنو چارەسەرکردنی کێشەی کورد نییەو حیزبە کۆمۆنیستەکانیولاتە داگیرکەرەکانی کوردستانوابەستەی شورەوینو لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی شورەویدا هەڵدەسوڕێنو بۆ کێشەی کورد خێرێك نادەنەوە. ئەو هەر لە ساڵی ١٩٦٢ ئەو بۆچوونەی خۆی بە(شمدت) ڕاگەیاندووە. سەبارت بە تێڕوانینەکان لەسەر ئەحمەد تۆفیق لەو کاتەدا شمدت دەڵێت: "لەو ڕۆژانەدا دەسەڵاتی ئێرانی لەو باوەڕەدا بوو کە(ئەحمەد) لەگەڵ شیوعیەکان کاردەکات. ئەحمەد سەبارت بەوە دەیگوت:

-بەڵام ئەوانە هەمیشە لە تاریکیدان...

ئەو بە سەرسوڕمانیشەوە دەیگوت"شیوعیەکان لە هەمان کاتدا من بە

---

[191] پیام کردستان، شمارە سیزدهم، ١٨ اکتبر ٢٠٠٥ .

سیخوڕێکی ئەمەریکی دەزانن"[192].

دیارە هەر لە ساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانییەوە، جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لە ئەنجامی پرۆپاگەندەی داگیرکەرانی کوردو بەرژەوەندی زلهێزەکان، لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە بەتایبەتی ئەمەریکا، مۆری کۆمەنیستی لێدرابووو لە ڕیزی چەپو نۆکەرانی شورەویدا حیسابی بۆ دەکرا. مەلامستەفای بارزانی بە مەلای سوور ناودەبرا، ئەو بۆچوونە شێواوەی کە زۆرترین زیانی بە کێشەی کورد گەیاندووەو هەر دڵسۆزو کوردپەروەرێکی ئازار داوە. بەتایبەت لەبلۆکی سۆسیالسیتی بۆ کورد نەك هەر ڕەنگ، بەڵکو دەنگێکی پێویست بە قازانجی کورد نەبوو.

لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە ئەمەریکایی بوونی ئەحمەد تۆفیق، (حەمەی عەزیز) گوتی: "ئەوە قسەیەکی بێبنەماو هەڵبەستراوە، هەرگیز ڕاست نییە، ئەگەر ئەحمەدوەك کوردێك هەستی بە بەرپرسیارێتی کردبێت،وەك سیاسییەك پەیوەندی بە دەوڵەتێك لە دەوڵەتانەوە کردبێت، بۆ موچەو جاسووسی نەبووە، بەڵکو بۆ خزمەت بووە، دواتر ئەو هەل‌و مەرجەی ئەودەمی بەغدا نە ڕێگای بە ئەحمەدو نە بەمەحمود دەداوەك پیاوێکی C. I. A هەڵسوڕێت، ئەحمەد کوڕێکی دڵ سافو ڕاستگۆ بوو. خاوەنی هیچ سامانو پارەو پولێکیش نەبوو. دەست پاكو داوێن پاك بوو. ئەگەروەك سەرۆك حیزبێك لە لوبنان یان لە شوێنێکی تر سەردانی یەکێك لە سەفارەتەکانی کردووە، یان یەکێکی بینیوە، ئەوە تەنیا بۆ خزمەتی نەتەوەکەی بووە. وەك شەخسی خۆم شتێکم نە بینیوەو نە بیستووە کە بەڵگەیەك بێت بۆ سەلماندنی ئەو پرۆپاگندانە"[193].

(سەلاحی موهتەدی)یش لە دیمانەیەکیدا بەودواییە کە سایتی (dimane) لە بەرواری ٥/١٠/٢٠٠٦دا لەگەڵی سازداوە دەڵێت: "سەرکردایەتی دوای ئەحمەد تۆفیق لەنێو حیزبی دێموکراتدا هەمیشە ئەحمەد تۆفیق یان بەوە

---

[192] سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٧٩ .

[193] هەمان چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەی عەزیز .

تاوانباردەکرد کە پیاوی ئەمەریکابووە. من بەڵگەم بۆ ئەوە هەیە کە ئەو قسەوانییە، کە ئەحمەد تۆفیق هات، مەرحوم مەلا مستەفا نامەی بۆ هەرپێنج دەوڵەتی گەورە نووسیبوو. ئەحمەد تۆفیق گوتی دەوڵەتەکانی دیکە خۆم خەڵکم هەیە بۆ ئەوەی نامەکانیان بۆ بنێرم، بەڵام هی ئەمەریکاو ئینگلیزم نییە. ئەگەر ئێوەوەك خوێندکاری کورد کارئاسانیمان بۆ بکەن ئەو نامانەمان بۆ بگەیەنن باش دەبێ. ئێمە بۆ ئەو نامانە چووینە لای دکتۆر ئیسماعیلی ئەردەلان... من خۆم نامەکانم دان بە دکتۆر ئیسمایلی ئەردەلان".

(سەعیدکاوە) لە بیرەوەرییەکانیداباس لە نهێنی نامەیەك دەکات کە شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان بۆ ئەحمەد تۆفیقی نووسیوە، لەنامەکەدا هاتووە: "تۆ لەو سنورانە نزیکی بەڵکو بتوانی لەنزیکەوە ئەمریکایەکان تێبگەیەنیو پێیان بڵێی: کورد کۆمۆنیست نیەو میللەتێکی فەقیرو هەژارو لێ قەوماوە. بەڵکو دڵیان نەرم بێو یاریدەمان بدەنو لەو زوڵمو زۆریە رزگارمان بێ"[194]. هەر بۆیە سەعید کاوە دەڵێت کە ئەحمەد تۆفیق لەسەر داوای خودانی بارزانو بە پرسو رای مەلامستەفا بارزانی لەگەڵ ئەمەریکییەکان پەیوەندی گرتووە.

هەرحاڵ، ئەحمەد تۆفیق لەبەغدا هەمیشە لە هاتوچۆدابوو. لەلایەکەوە چەند کۆنەپێشمەرگەی کۆکردبوونەوەو چەکی بۆوەرگرتبوونو لە یەکێك لە سەربازخانەکانی بەغدا بەناوی خۆئامادەکردن بۆجەنگی پارتیزانی لەنێوخۆی ئێران مەشقی پێدەکردن، لەلایەکی تریشەوە لە رێگای لقی پێنجی پارتییەوە لەبەغدا، لەگەڵ مەلامستەفابارزانی پەیوەندی دامەزراندبۆوەو لەگەڵ قادر تەگەرانیش شەوانە بە نهێنی یەکتریان دەدیتو لەسەر کارو بەرنامەی ئایندە تێکۆشانیان هەبوو. چونکە هاوەڵانی ئەحمەد، لەکوردستانیش، لە گوندی(بۆڵێ) ی ناوچەی ناودەشتی بناری قەندیل، بنکەیان بۆ هێندێك لە پێشمەرگەکان کردبۆوەو لەژێر چاودێری دەسەڵاتی باشووری کوردستان دا بوون[195].

---

[194] سەرچاوەی ناوبراو، ل١٠٣.

[195] هەمان چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیل مەردۆخی .

(مەرەسەنە) دەڵێت: "لەو سەردەمەدا لقی پێنجی پارتی هاتە بەغداو لەسەر شەقامی ئەبونەواس بارەگای کردەوە، ئێمەش لەگەڵ کاک ئەحمەدو سەید رەشیدەکان جارجارە بەدزییەوە هاتوچۆمان دەکردن. ئەوجار ئەحمەد نامەو راسپاردەکانی خۆی لەرێگای لقی پێنجی پارتییەوە دەگەیاندە دەستی بارزانیو کاک ئیدریس"[196].

شایەنی باسە هەلو مەرجی گشتی عێراق بەگشتیو بەغدا بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧١ دا تارادەیەك ئاوەڵە بوو، لەو کاتەدا جارێکی دیکە تودەییەکان لەبەغدا دەرکەوتنەوەو ئەمجارە باشتر لە جاران لە هاتوچۆدابوون، بەتایبەتی کەرژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی بەعس، خۆی بە چەپو سۆسیالیستو دۆستی شورەوی دەزانیو دروشمی بریقەدارو گەورەی سەبارەت بە دژایەتی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم هەڵبڕیبوو.

چەند کەس لە کوردەکانی نێو حیزبی تودەوەك: د. عبدالرحمن قاسملوو کەریمی حیسامی پاش ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ لە ئەڵمان کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرکردایەتی تازەی حیزبەکەیاندا (ئیرەجی ئەسکەندەریو هاوەڵانی) کردبووو لەلایەن ئەوانەوە رێبازیان بۆ دیاری کرا، بڕیاریاندا سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بەغداو لەگەڵ ئەندامە پەرتەوازە ماویستەکان، لەرێگای حەمەدمینی سیراجییەوە پەیوەندی بگرنو حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر رێبازە تودەییە شورەویخوازانەکەی پێشووی دەورانی موسەدیقی دابمەزرێننەوە[197]. دیارە ئەوانە لەئەنجامدانی ئەرکەکەیان تارادەیەکی باش سەرکەوتوو بوون و پاش گەڕانەوە لە (کۆیە) کۆبوونەوەیەکیان لە ١٩٧١/٦/٢١دا بەبەشداری ٣٢ کەس بەناوی کۆنفرانسی سێهەم پێکهێناو جڵەوی حیزبی دیموکراتیان گرتە دەستووشەی (ئێران)یان کە لە کۆنگرەی دووهەمدا لابرابوو کردەوە پاشکۆی حیزب. ئەم کۆنفرانسە کۆمیتەیەکی نێوەندی هەڵبژارد کەلە

---

[196] سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٩٤.

[197] بۆ زیاتر: حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی سێهەم، ل ١٨٨-١٨٩.

کەریم حیسامی، حەمەدمینی سیراجی، حەسەنی رستگار، عبدالرحمن قاسملو، عبداللەی حسن زادەو یوسفی ریزوانیو هێمنی شاعیرو چەند کەسی دیکە پێکدەهاتنو د. عبدالرحمن قاسملۆش وەك سکرتێری حیزب دیاری کرا[198].

له رۆژنامەی ( کوردستان)دا نووسراوە"کۆنفرانس رێگای خەباتی گەلی کوردی لە کوردستانی ئێران روون کردەوەو نەتەوەکەمانی لەو سەرلێ شێواویو کوێرە رێیانە رزگارکرد کە لەساڵەکانی دوایی دا هێندێ لادەرو گێرەشێوێنو خۆپەرست تووشیان کردبوو"[199].

دیارە مەبەست لە لادەرو گێرەشێوێنو خۆپەرست، ئەحمەد تۆفیق بوو. لەگەڵ ئەوەش بۆرۆی سیاسی تازە دامەزراوی کۆنفرانسی سێهەم لە ١٩٧١/٨/٥ بڕیاری دا حەمەدمینی سیراجیو عەبدوڵلای حەسەن زادە بنێرێتە لای ناوبراو تاوەك ئەندامێك لەگەڵ حیزبی دیموکراتی تازە بنیاتنراوە کاربکات، مەسەلەیەکیوا کە هەر لە بنەڕەتەوە بۆ ئەحمەد تۆفیق شتێکی قبوڵنەکراو بوو، چونکە نزیکەی تەواوی رێبەرایەتی ئەو حیزبە مێژوویەکی درێژی ناکۆکیو ململانێو ناتەبایی فیکرییو شەخسییو شەڕی دەسەڵاتیان هەبوو لەگەڵ ناوبراودا. هەربۆیە نەك هەر ئامادە نەبوو کاریان لەگەڵ بکات، بەڵکو نە کۆنفرانسو نە رێبەرایەتییەکەشی قبووڵ بوو. لەوەش زیاتر چەند بەیاننامەیەکی توندی لەسەر بڵاوکردنەوە[200].

(عبدالله حسن زادە) دەڵێت ئەحمەد تۆفیق مەرجی بۆ کارکردن لەگەل ئەواندا ئەوەبووە کە چەند جاسووسێك هەن لە نێو رێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی سێهەم، کە دەبێت تەسلیم بەو بکرێن. شایەنی باسەوێڕای ئەوەی حسن زادە لە کتێبەکەیدا سەرسوڕمانی خۆی لەو داوایەی ئەحمەد تۆفیق دەردەبڕێتو بە (سادسیم)ی ناودەبات[201]، کەچی پاش ٤٠لاپەڕە بۆخۆی بە

---

[198] بۆ زیاتر: حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی چوارەم، ل ٢٧-٢٨.

[199] کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان( ئێران)، ژمارە ١٧، ژوئیني ١٩٧٢ .

[200] حیسامی ، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی چوارەم، ل٢٩.

[201] سەرچاوەی ناوبراو، ل٧١-٧٢ .

بەڵگەوە باسی جاسووسیی یەکێك لە ئەندامانی ئەو ڕێبەرایەتییەمان بۆ دەکات، کاتێك باس لە سەردانی سکرتێری یەکەمی سەفارەتی شورەوی لە بەغدا دەکاتو دەڵێت: "کوڕە خۆ بێ ئەوەی بەخۆم بزانم بەزیادی خێرم نەکرد. بوومە پیاوی K. G. B!"[202].

لەراستیدا، ئەحمەد تۆفیق ببووە کۆسپو گرفتێکی جیددی لەبەردەم ڕێبەرایەتی د. قاسملوو هاوکارانی، ئەوانەی لە ڕۆژنامەی کوردستان دا رایانگەیاند"عبدالله اسحاقی(احمد توفیق ) لەبەر زۆر کردەوەیوا کە لەگەڵ ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێك ناکەوێو لەبەر جوڵانەوەی دژی حیزبی، لەحیزبی دیموکراتی کوردستان(ئێران) دەرکرا"[203].

ڕۆژی ٢٥ی نیسانی ٢٠٠٦، لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی، (کاکەحەمەی مەلا کەریم) سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق گوتی: لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٢دا، ئەحمەد تۆفیقم دەدیت، کاتێك سەردانی کۆڕی زانیاری کوردی لە بەغدا دەکرد. دیارە ئەو زیاتر بۆ سەردانی کتێبخانەی کۆڕ دەهاتو کتێبی دەخواستو دەیبرد دەیخوێندەوەو پاشتر دەیگەڕانەوە. ئەوسا ئێمە بە حوکمی بیروباوەڕی سیاسیونزیکایەتیمان لە باڵی عبدالرحمن قاسملوو ئەو شتانەی لەسەر کاك ئەحمەد دەگوتران، زۆر خۆمان لێ نێزیك نەدەکردەوە. بەڵام ئەو کاتیشوەك گەنجێکی هەست ناسکم ئەهاتە پێش چاو. داوای شتێکی لێ کردین بۆی بکەین، بەداخەوە نەمانتوانی. ئەو دەیویست ئێمە داوا لە عەزیز شەریف بکەین کە ئەو کاتوەزیری داد بوو، کە لە عێراق نەمێنێتەوەو ڕێگای بدەن بچێتە دەرەوە. لەوە دەچوو هەستی بە مەترسیی کردبێتو بۆنی ئەوەی کردبێت کە گیانی لە مەترسیدایە. دواتر زۆری نەخایاند هەواڵی گرتنو بێسەروشوێنکردنیمان بیست. بەشێك لەو کتێبانەش کە ئەحمەد بە مەبەستی خوێندنەوە لە کتێبخانەی کۆڕ بردبوونی، بە گرتنو فەوتاندنی ناوبراو، فەوتانو نەگەڕانەوە.

---

[202] هەمان سەرچاوە، ل١١٢-١١٦ .

[203] ژمارە ١٢، ژانویە ١٩٧٢.

دیاره گرتن‌و کوشتنی ئه‌حمه‌د تۆفیق له‌لایه‌ن به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ئه‌منی عام‌و به‌ڕێوه‌به‌ره‌ خوێن ڕێژه‌که‌ی (نازم گوزار)، ڕووداوێکه‌ تا ئێستا لێکۆڵینه‌وه‌ی‌وردی له‌سه‌ر نه‌کراوه‌ووورده‌کارییه‌کانی هێشتا ڕوون نین، ئه‌وی هه‌یه‌ ته‌نیا بۆچوون‌و قسه‌ی جۆراو جۆره‌. دیاره‌ بۆ ڕووداوی له‌و چه‌شنه‌ زیاتر گومان ده‌خرێته‌ سه‌ر نه‌یاره‌ شه‌خسی‌و حیزبییه‌کانی ناوبراوو ئه‌وانه‌ی نه‌مان‌و کوشتنی ئه‌حمه‌د تۆفیقیان بۆ به‌قازانج شکایه‌وه‌. هه‌ربۆیه‌وێڕای دیاریی ئه‌و لایه‌نه‌ی که‌ کاره‌که‌ی کردووه‌، که‌سانێك هه‌بوون بیٚ بوونی به‌ڵگه‌یه‌کی ڕوون، ئه‌وساو ئێستاش ئۆباڵی ئه‌و گرتن‌و له‌ناوبردنه‌ ده‌خه‌نه‌ ئه‌ستۆی قاسملوو هاوکارانی. به‌تایبه‌تی له‌پاش کوشتنی ئه‌حمه‌د تۆفیق ئه‌وانه‌ نه‌ بۆخۆیان‌و نه‌هانی که‌سانی دیکه‌شیان داوه‌ که‌ لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی بێلایه‌نانه‌ له‌و که‌سایه‌تییه‌و چۆنێتی له‌ناوبردنه‌که‌ی بکات‌و به‌گشتی هه‌وڵی سڕینه‌وه‌و هێندێك جاریش به‌دناوکردنی ناوبراویان داوه‌.

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هه‌ن که‌ هه‌ر ده‌ستێکی قاسملوو سه‌رکردایه‌تی ئه‌وده‌می حیزبی دیموکرات به‌ قه‌تعی له‌ مه‌سه‌له‌ی گرتن‌و له‌نێوبردنی ئه‌حمه‌د تۆفیق دا ڕه‌تده‌که‌نه‌وه‌و باس له‌وه‌ ده‌که‌ن که‌ حیزب‌و سه‌رکردایه‌تییه‌که‌ی ئه‌و کاته‌ هه‌وڵی جیددیان بۆ سۆراغکردن‌و ڕزگارکردنی ئه‌حمه‌د داوه‌. به‌ڵام‌واپێده‌چێت که‌ ئه‌و ڕێبه‌رایه‌تییه‌ ئه‌گه‌ر له‌ناوبردنی ناوبراویشیان پێخۆش نه‌بووبێت بایه‌خێکی ئه‌وتۆیان به‌مه‌سه‌له‌ی بیٚسه‌روشوێنکردنه‌ نه‌دابیٚ.

بۆ نموونه‌، ڕۆژنامه‌ی (صوت الاكراد) ی زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کورد له‌ لوبنان، که‌ سه‌رکرده‌که‌ی خۆی به‌ موخابه‌راتی عێراق فرۆشتبوو، ڕاست له‌ سه‌روبه‌ندی گرتن‌و بیٚسه‌روشوێنکردنی ئه‌حمه‌د تۆفیق دا، بابه‌تێکی له‌سه‌ر ناوبراو بڵاوکردبۆوه‌و به‌ که‌سێکی گومانلێکراوی ناوده‌بات. ڕۆژنامه‌ی (کوردستان) که‌ ئه‌و ده‌م له‌ به‌غداو زمانی باڵی قاسملوو ڕێبه‌رایه‌تی کۆنفرانسی سێهه‌می حیزبی دیموکرات بوو، وه‌ڵامی (صوت الاكراد) ده‌داته‌وه‌و دان به‌ گومانلێکراوی ئه‌حمه‌د تۆفیق دا ده‌نێت‌و ده‌ڵێت: "ئه‌و ده‌سته‌ ئۆپۆرتۆنیسته‌ی که‌ ئه‌و باسی ده‌کا، هیچ پێوه‌ندێکی به‌ حیزبی ئێمه‌وه‌ نیه‌و جێگای سه‌رسوڕمانه‌

که نووسەرانی (صوت الاكراد) ڕۆژنامەی "کوردستان" ناخوێننەوە تا بزانن کە لە ژمارە ١٢ی "کوردستان"دا سەردەستەی ئەو گومانلێکراوانەی کە ئەو باسیان دەکا لە حیزب دەرکراوە"[٢٠٤].

هەروەها کاتێك ڕێبەرایەتی نوێ لە ١٩٧٣/٩/٢٢، بەبەشداری ٤٩ کەس کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی لە بەغدا کردەوە، ئەحمەد تۆفیق نزیکەی پێنج مانگ بوو بەدەستی جەلادەکانی بەعس‌و لە ژێر شکەنجەدا گیانی سپاردبوو، کەچی مەسەلەی بانگهێشتنی ناوبراو بۆ کۆنگرە بە مەبەستی دادگاییکردن زۆربەی قسەوباسەکانی دانیشتنی کۆنگرەی پێکدەهێنا. هێرشی توندی د. قاسملو بۆ سەر کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق‌و ناوبردنی بە دیکتاتۆرو سەرەڕۆ‌و گلەیی توندی لە ئامادەبووان کە پێشتر لەگەڵ ناوبراو کاریان کردووە‌و ڕێگەیان لێ نەگرتووە. مەسەلەیەکی‌وا کە حەسەنی ڕستگاری لە قاسملو ڕاستکردەوە‌و پێی گوت: قوربان جەنابت دەبێ گلەیی لە خۆت بکەی کە نەتتوانیوە بەربەرەکانی لەگەڵدا بکەی‌و مەیدانت بە جێهێشتبووو هەڵاتبوویە دەرەوەی‌وڵات"[٢٠٥].

ڕێبەرایەتی نوێ بە نەمانی ئەحمەد تۆفیق تەواو یەك لابوونەوە‌و پێوەندیشیان لەگەڵ حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی تا دەهات توندو تۆڵتر دەبوو، کە بە نێوەندی حیزبی تودە‌و لەڕێگای د. قاسملوو عبدالخالق سامەراییەوە لە لایەن هەردوولاوە سەرۆکاری دەکرا، بەقەولی مامۆستا حەسەن زادە"بەکورتی دەورانی هەڵدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(ئێران)بوو"[٢٠٦].

لەلایەکی دیکەوە، حیزبی بەعس لە پاش ڕێکەوتنی ئازار هەوڵی خۆدزینەوەی لە جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ڕێکەوتنەکە دەداو خەریکی پیلان داڕشتن بوو بۆ لاوازکردنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، جا چ لە ڕێگای

---

[٢٠٤] ژمارە ٢٠، ئۆکتۆبەری ١٩٧٢.
[٢٠٥] هەرەسەنە، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١١٣-١١٤.
[٢٠٦] سەرچاوەی ناوبراو، ل ٨٥-٨٦.

هەوڵە تیرۆرستییەکان بۆ کوشتنی مەلامستەفاو ئیدریس، یاخود لە ڕێگای کڕینی ئەندامو کەسایەتییە ناودارو دەسەڵاتدارەکانی ناو پارتیو ڕەخنەکردن بۆ نێو دەزگای پاراستنو چەندەها هەوڵی دیکە، لەوانە لە نێوبردنو لێدانی ئەو کەسایەتییە هەڵسوڕاوانەی کە لە بەغدابوونو سوودێکیان بۆ حیزبی بەعس نەبوو، بەڵکو چاوەڕێی ئەوەشیان لێدەکرا، لەکاتی تێکچوونی پەیوەندییەکانو هەڵگیرسانەوەی شەڕ، بەزیانی بەعس هەڵسوڕێن.

(کاک حەمە غەریب قادر تەگەرانی) لەوبارەیەوە گوتی: "لەبیرم دێت شەوێکیان باوکم زۆر پەشۆکاو بوو، ترسێکی گەورەی لێ نیشتبوو، چونکە نازم گوزار بانگی کردبوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی عامو لەوێ دەقی ئۆرجیناڵی تەواوی ئەو نامانەی خستبۆ بەردەست، کەباوکم بە خەتی کەمالی برام بە نهێنی بۆ مەلا مستەفا بارزانی دەنووسی. دوای ئەوە زۆری نەخایاند کە باوکمو کەمالو زۆربەی پیاوو لایەنگرەکانیانی گیرانو بێسەرو شوێن کران". بێگومان ئەحمەد تۆفیق کە لەگەڵ قادر تەگەرانی دۆستو هاوڕێ بوونو لەو پەیوەندییەدا هاوکاربوون، دوور نییە هەمان مەسەلە نەکرابێتە بیانووی گیرانی.

ئەحمەد تۆفیق کە لەسەرەتای پایزی ساڵی ١٩٧٢دا لەلایەن پیاوانی ئەمنی عێراقەوە گیرا، نزیکەی هەشت مانگ لە زیندانی (ئەبو غرێب) لە ژێر لێکۆڵینەوەو شکەنجەدا هێشتیانەوە، ئەو جگە لە تاهیری گاردی کەسی دیکەی لە گەڵدا نەبوو، تاهیر درێژەی ئەو لێکۆڵینەوەو شکەنجەدانەی لەوتوویژێکدا باسکردووەو دەڵێت: "لە زیندانی قەسری نیهایە... تا کاک ئەحمەد مرد پێکەوە بووین، هیچ کەسی دیکەمان لەگەڵ نەبوو. دیوەکانیش ٢میتر لە ٢میتردابوون... لەدیوەکەی چاویان کەکردینەوە هەموو گیانمان بە لێدان شینو ڕەش ببۆوە. ئەحمەد زۆر لەمن خراپتر بوو. پرسیم کە بۆوا نارەحەتیو نەفەست نایە؟گوتی یەك نەفەر لەسەر سینگم دانیشتووە قورسایی ئەو کە نازانم ئینسان بوو یا بەرد بوو، ئەمنی کوشت. پاش مانگێك کەمتر کاك ئەحمەدیان برد. دوایە کە هێنایانەوە حاڵی زۆر خراپ بووو خێراخێرا هەناسەی دەکێشا. گریانم بۆی دەهات... لێم پرسی چییان

لێکردی، گوتی: کوشتیانم ! هەرچی ئەمن لەگەڵ خۆم لە بەغدا کردوومە ئەویان لیّ پرسیوم ! گوتیان تۆ هاوکاری مەلامستەفات کردوە. گوتم: نەمکردووە، پێشتر کردوومەو دەبیّ بیکەمو من پەناهەندەی سیاسیم ووەزیفەشە، دژی شای ئێران بم، نەك دژی ئێوە... ئەوەی ئێوە لەگەڵ ئەمنی دەکەن تاتارو هیتلێریش نەیکردووە... یەکیان گوتی: ئەحمەد تۆ زۆر زمانت درێژە ئێرە لای مەلا مستەفا نییە"[٢٠٧].

(تاهیر) لەوتووێژەکەیدا بەدرێژی باس لە شکەنجەدانی ئەحمەد تۆفیق و خۆی دەکات کە چۆن نینۆکەکانی قاچیان دەرهێناون، دواتر دێتە سەر چوونی (سەعدون غێدانو عبدالخالق سامەڕایی) بۆلای ئەحمەد تۆفیق، چۆن داوای ئەوەیان لە ئەحمەد کردووە گەروتار دژی مەلامستەفا بنوویسێت ئازادی دەکەن. تاهیر دەڵێت: ئەحمەد تۆفیق" گوتی: ئێستاش بڵێن لەسەر شای بنووسە. هیچیشم نەدەنیّ دەینووسم بەڵام قامکەکانیشم بدەم لەسەر مەلامستەفا ئەوەی داوای لێدەکەم نایینووسم... ئەوە لەمن بەدوورە ! ئەوانەی ئەهلی کەیفن ئەوانەیدەتوانن، ئەمن ناتوانم. ئەمن نانی میللەتی کوردم خواردووە، چاویشم بە نانی ئەوان پشکوتووە، قەولیشم بەوان داوە کەلەسەر ئەوان بمرم خیانەتیان پیّ ناکەم... ئەمن چەندەی لەو زیندانەی دابم ئیحترامم دەمێنی بەڵام ئەگەر بێم مەقالەیەکی بۆ ئێوە بنووسم دەبم بە پووشی بەر رۆژی. ئەوەندەو کار بە منە تا مەقالەکەی دەنووسمو ئیمزای دەکەم. دواتر دەڵێن ئیمزای عەبدوڵڵا ئیسحاقی یە. پاشان فڕێم دەدەنە دەریّو لە دنیاش ئابرووم نامێنیّ. لێرەدا دەبمو ئەرزیشم زۆر زیاترە... هەر شتێکی بیڵێن بەقسەتان دەکەم، بەڵام بەدژی میللەتی کورد لە عێراق یا تورکیا، سووریاو ئێرانیش نە بە عەمەلو قسە هیچ شتێك ناکەم... من مردن هەڵدەبژێرم نەك ژینی خوێڕیانەو سەرشۆڕی. بۆ ماڵی دنیاو تەمەنو نان، شەرەفو عیزەتی ئینسانیو کوردی لە ژێر پیّ نانێم"[٢٠٨].

---

[٢٠٧] پیام کردستان، شماره چواردهم، ٢٢ اکتبر ٢٠٠٥.

[٢٠٨] هەمان سەرچاوە.

سەبارەت بە مەرگی ئەحمەد تۆفیق، تاهیر دەڵێت: "سێ‌چوار جاریان ئەشکەنجە کردەوە... جارێکی دیکە شەوێك پێکەوە بردیانین... لەگەڵ کاك ئەحمەد هاتینەوە دیوەکان. گوتم: کاك ئەحمەد ! چۆنی؟ چیان لێ پرسی ؟گوتی: ئەمن هەموو سەفحەکانم ئیمزا کردووە، هەر سەفحەی ئیعدامێکە، ١٥ سەفحەیە. بۆخۆم خوێندوومەتەوە.. بەو پەروەندەیەی کەلە دادگایە بۆم سازکراوە، ئەگەر بڵێم مەلاییکەتم، بە شەیتان دەردەچم. گوتم: مەتەهەم بەچی کراوی ؟ گوتی: کۆمەك بە مەلا مستەفا بارزانی‌و هێنانی خەبەر نیگاری خەبەرگوزاری ڕۆیتێرز– دانا ئادام ئیشمیت–و خیانەت بە عێراق‌و گوتی هەرچی کردوومەو گوتوومە بە بەعسییەکان گەیشتۆتەوە... دواتر کاك ئەحمەد هیچی نەدەخوارد ئەوە هەشتەم مانگەو کاك ئەحمەد سەروبەندی گیان دەرچوونی بوو. شەوێکی گوتی: تاهیروەرە دانیشە. ئەمڕۆ سەیرە چاك چاك بوومەوە. هیچ جێگایەکم نایەشێ. جێگایەکم بۆ ڕاخە. بۆم ڕاخست، دەستم لە لاقی دا ساردو عادی بوو، گوتی: ماڵتە ئەو دەرکەیەی لەو کابرایانە بکەوە، دێنە ژووری !! گوتم کاکە! ئەوە تۆ قسان دەپڕوچکێنی. ئاخر ئەو دەرکە لە دەرێ ڕا داخراوە. گوتی: ئەگەروایە لاقت‌وەبن سەرم بدە، بن سەرم نەوییە. لاقم بۆ درێژ کردو گوتی: زۆر خۆشە. هەر هێندەی پێ نەچوو، چاوەکانی‌وێك ناو هەناسەی نەماو شەهید بوو، هەرچی بانگم کرد هیچ دەنگی نەهات. لاقم لەبن سەری دەرهێناولەسەر پەتۆکەم داناو ملم نا لەگریان، یەك بە خۆم بە دەنگی بەرز دەستم بە گریان کرد... ئەوە بەهاری ١٩٧٣ی زایینی بوو... تەرمی کاك ئەحمەدیان بردو نازانم چی بەسەرهات‌و چیان لێکرد"[٢٠٩].

ئەحمەد تۆفیق چون بە رەبەنی مابۆوەو ژنی نەهێنابوو، پاش مەرگی کەسی لەپاش بەجێ نەما، لە ژیانیدا زۆر کەس پێیان خۆش بوو خزمایەتی لەگەڵ دا بکەن[٢١٠]، بەڵام ئەحمەد بڕیاری هاوسەرگیری هەمیشەیی لەگەڵ‌وڵاتەکەی

---

[٢٠٩] هەمان سەرچاوە .

[٢١٠] یەك لەوانە کوێخا عومەری ئەسریلانکی بوو کە کچێکی شۆخ‌وسوار چاك‌و لێوشاوەی هەبوو. هەروەها ئەحمەد ئاغای دێرەلوکی‌و چەندین کەسانی دیکە کە قارەمانیی‌و کەسایەتیی ئەحمەد تۆفیقیان بە دڵدا چووبوو.

دابوو، وەك(شمیدت) دەڵێت: "ئەو باسی ئەو كچانەی دەكرد لە پراگ چاوی پێیان كەوتبووو گوتی:

– لەراستیدا من یەك خۆشەویستم هەیە، ئەویش خۆشەویستی ولاَتەكەمە"[211].

(مەرەسەنە) سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئەحمەد تۆفیق دەڵێت: "لەراستیدا ئەحمەد تۆفیق بە هەموو عەیبێكەوە كە هەیبوو[212]، مرۆڤێكی نەتەوە پەرستو ئازاو نەترسو ماندوونەناس بوو. هەرچی لەدەست هاتبا بۆ رزگاری گەلی كورد دەیكرد، دژایەتی هەموو بیروبۆچوونێكی ئەو كەسانەی دەكرد كە حیزبی دیموكراتیان بەولاوبەولادا گرێدەدا... ئەو پێییوابوو كە گەلی كورد لەدۆستایەتی لە گەڵ ئۆردوگای سۆسیالسیتیو بەرەی كۆمۆنیزم لە جیهاندا زیانی پێگەیشتووە، زۆرتر لایەنگری لە سیاسەتو هەڵوێستی ئەمەریكا دەكردو پێیوابوو كورد دەبێ بە پشتیوانی ئەمەریكاو رۆژئاوا درێژە بە خەباتی خۆی بداو لەدوا رۆژیشدا هەر ئەمەریكا دەبێتە پشتیوانی راستەقینەی خەباتی رزگاریخوازی خەڵكی كوردستان"[213].

---

[211] سەرچاوەی ناوبراو، ل١٧٩.

[212] كەمو كورتییەكانی ئەحمەد تۆفیق وەك لەسەرچاوەكاندا دەتوانرێت هەڵبهێنجرێت ئەوەبووە: كابرایەكی دڵناسك بوو، بەخێرایی توڕە دەبوو، كاتی توڕەبوون قسەی توندو رەقی ئاراستەی بەرامبەری دەكرد، دەیویست هەمووكەس وەك خۆی بزۆزو نەترسو هەڵسوڕ بێتوخاوەخاو كەللەیی دەكرد، هێندێكیش سەرەڕۆو سەرچڵ بوو.

[213] سەرچاوەی ناوبراو. ل ١٠١-١٠٢.

# پاشبەند

## پاشبەندی ژمارە (١)

**بەیاننامەی (کۆمیتەی ساخکەرەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان) دەربارەی چۆنیەتی ماهیەتی حزبو ئاکارە گلاّوەکانی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵلا ئیسحاقی)**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان کە حیزبێکی میللیو دیموکراتیە بنەڕەتی لەسەر شانی زوربەی خەڵکی کوردستانە وە ڕیشەی قوڵو مێژوویی لەناو جەرگەی نەتەوەکەماندا بنج بەست بووە بۆ وەدی هێنانی رزگاریو سەربەخۆیی پێکهاتووەو دامەزرێنەری جمهوری میللیو دیموکراتی کوردستانە کە حورمەتو پرستشیکی گشتی جیهانی بەخۆیەوە گرتووە وە تا ئێستا لەپێناوی رەوتو رێبازی ناوەرۆکە پێشکەوتووە مێژووییەکەیدا بەهەزاران رۆڵەی نەبەزو شەرافەتمەند گیانی شیرین و تەمەنی لاویەتیان بەختکردوەو بوونەتە قوربانی نەتەوەو نیشتمانەکەیان:.**

**هەرچەندە دامودەزگای کۆنەپەرستانو داگیرکەران بەپشتیوانی راستەوخۆی ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ تێکدانی ڕیزی حیزبو کە ئالاّ هەڵگری ئامانجی بەرزی نەتەوەکەمانە هەوڵو تەقەلایەکی بێ وێنەیان داوە: بەلاّم بیروباوەڕی راستەقینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای بەکارهێنانی تاکتیکو ئامۆژگاریەکانی لەناو جەرگەی خەڵکی کوردستاندا رۆژ بەڕۆژ پتەو ترو بەهێز تر شەقامی پانو بەرینی تێکۆشانی بڕیوە وە لەهەموو هەلوکاتێکی ناسکدا بەئەرکی مێژوویی خۆی هەستاوە هەر ئەوە بوو کە لەبەرهەمی ئەو خەباتو تێکۆشانە دەرفەتێکی هەرە لەبارو واقیعی لە ساڵەکانی ٣٥-٣٧ بو حیزبمان خوڵقا بەم جۆرە:**

**<u>بەنیسبەتی ناوخۆ</u>**

**١. گەلەکەمان بەهۆی ستەمی نەتەوایەتی وە بێ بەشی لەتەواوی پێویستی مرۆڤایەتیو چەوسانەوەی هەمە چەشنەیی هەستی هاتە جۆش وە بەعیشقو عەلاقەیەکی گەرمەوە پێشوازی لەبزوتنەوەی رزگاریخوازانەدا دەکرد هەروا رێکخراوەکانی حیزبمان رێكو پێك پەرە گرتوو تر لەجاران زوربەی**

مەڵبەندەكانی نشتیمانی گرتەوە وەدامودەزگای حكومەتی تاران بەو هەموو هێزەوە لەبەرامبەر بزوتنەوەی نەتەوەو حیزبمان دۆش دامابوو.

بەنیسبەتی گشتی ئێران

٢. ئا لەم حەلەدا نەتەوەكانی فارس‌و ئازەرو كەمایەتیەكانی تر بەهۆی زاڵ بوونی دامودەزگای (ساواك) و پەیمانی شەڕاوی سەنتۆ كەوتبوونە ژێر توندترین باری ئازارو بەندو كوشتوبڕی لێ وەتەنگ هاتبوو وە بەهیوایەكی زۆر چاویان بریوە بزوتنەوەی نەتەوەكەمان كە ببێتە سەرچاوەی جووڵانەوەی گشتی لەسەر تاسەری ئێراندا.

بەنیسبەتی جیهان

٣. مەسەلەی مێژوویی نەتەوەی كوردو هەڵكەوتی تەبیعی كوردستان كە بڕبڕەی پشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەلایەكەوە و لەلایەكی ترەوە بەهۆی زاڵ بوونی ئیمپریالیزم و نۆكەرانی وێڕای قوت بوونەوەی  پەیمانی شەڕاوی سینتۆ كە گەورەترین مەترسی بۆ بەرەی میللەتان وەهەروەها بزوتنەوەی رزگاری خوازانەیان پێكهێنابوو سەرنجی گشی وڵاتانی دیموكراتی‌و هەروا كوردو كۆمەڵەكانی پێشكەوتەی جیهانی راكێشا بەجۆرێك لە كە لەهەموو ڕۆژنامەو رادیۆكانی عالەمدا خرایە پێش چاو دەنگی دایەوە:

لەو سەر دەمەدا دوو (٢) مەسەلەی مێژوویی هەرەگرنگ بۆ حیزبمان هاتە گۆڕێ:

یەكەم كۆنگرە: دووەم راپەڕین

لەمەڕ كۆنگرەوە كۆمیتەی ناوەندی لەسەر داخوازی وەپێشنیازی زوربەی ئەندامانی پێشكەوتووی كۆڕی خەبات لەنەورۆزی (١٣٣٨)دا بەئیتفاقی كۆمیتەی ئەیالەتی بریاری قەتعیان دا بۆ بەستنی كۆنگرە لە پوشپەڕی (١٣٣٨)دا نوێنەرانی كۆمیتەكانی حیزب بۆ هاوبەشی لەكۆنگرە هەڵبژێردران وەجێگای تایبەتی دیاری كرا:

لەبارەی راپەڕین: جولانەوەی رزگاریخوازانەی میللەتان لەجیهاندا بەتایبەتی لەئاسیاو ئەفریقیا لەدژی ئیرتیجاع و ئیستعمار تەئسیرێکی قوولی کردە سەر بەهێزتر بوونی هەستی بزواوی نەتەوەکەمان بۆ راپەڕینی ئازایانە:

ئەوەبوو لەهەندێك مەڵبەندەکانی نشتیماندا وەکو سوما . برادۆست . شپیران وە هەروەها جوانڕۆییەکان چەکدارانە دژی داگیرکەران راپەڕین تەنانەت لەرۆژنامەکانی جیهانی وەهەتا ئێرانیشدا دەنگی دایەوە:

کادرەکان بەئەرکی ویجدانی حیزبیان زانی کە ئەوی مەسەلەیە گرنگە بخەنە بەرچاوی ناوەندی بۆ کەڵك وەرگرتن و پێ هەستانی: کۆمیتەی ناوەندیش لەپووشپەڕی (١٣٣٦)دا لەڕووی لێکۆڵینەوەو بەرژەوەندی وەزعی گشتی ئێرانو بەتایبەتی کوردستان وەهەروەها وەزعی گشتی جیهانی هاتە سەر ئەو ڕایە کە بەهەموو هێزو تواناییەکەوە هەوڵوتەقەلا بدرێ بۆ کەڵك وەرگرتن لەو هەلە هەڵکەوتو بەنرخە: بەم جۆرە دەستکرا بەدانانی نەخشەو پیلان لەهەر بارێکەوە وە بڕیار درا کە بۆ وەرگرتنی نەزەری گشتی جیهانی هەروا راکێشانی سەرنجی گەلانی ئازادیخواز (٢) کەس بنێردرێنە دەرەوە ئەوە بوو (ئەحمەد تۆفیق) بەنیوەی مسئول وەرەحمانی قاسملۆ بەنیوەی مشاویر رەوانە کران:

<u>ئەو مەئموریەتە کە پێویست بوو زۆر گورجوگۆڵانە ئەنجام بدرێ (١٣) مانگی خایاند</u> وە لەو ماوە دورودرێژەدا (ئەحمەد تۆفیق) نەك هەر ئەرکە پێ سپێردراوەکانی بەجێ نەگەیاند بەڵکو بەپێچەوانەوە دەستی دایە ئەو کردەوە گلاو تاوانباریانە:

١. لادانی لەڕەوت و رێبازی حیزبایەتی وە هەروا لەخۆدا نواندنی حیزب لەبەرچاوی هەموو کۆڕو کۆمەڵە دیموکراتیەکانی هەندەران:

٢. چاندنی تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکایەتیو بەدزمانیو فیتنە گیری لەنێو رێکخراوە سیاسیەکاندا وە راگەیاندنەوەی ئەو کردەوە ناپەسندانە بەکۆمیتەی ناوەندی حیزبمان:

٣. رەفتار کردی ناڕەواو دوژمنانەی دور لەشێوەی حیزبایەتی دەگەڵ (رەحمانی قاسملو) بەم جۆرە بەکۆڵێك تاوانباریەوە گەڕایەوە:

ئەو کردەوەو ئاکارانە بوونە هۆی نزم بوونەوەی حورمەتو ناوبانگی حیزبمان لەبەر چاو گشتی دەرەوە هەر وەکو بوونە هۆی بەجێ نەگەیاندنی ئەو کارانەی خرابوونە ئەستۆی:

لە مانگی گەلاوێژی (١٣٣٧)دا لەسەر ئەو کردەوەو ئاکارە ناجوامێرانە لەلایەن هەندێك لە هەوالآنی کۆمیتەی ناوەندیەوە (ئەحمەد تۆفیق) بانگ کرا بۆ لێپرسینەوەو موحاسەبە کردن بەڵام بۆ خۆشاردنەوەو هەڵاتن لەبەردەمی لێکۆڵینەوەی تاوانباریەتی دەورێکی پڕ لەشەیتە (کانگستر) بازانەی بەشێوەی هەڵلاوبگر گیرا هەر لەو دەمەی دابوو کە بەبۆنەی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە کۆماری عێراق پێکهات "بانگی هاوبەشیەتی نشتیمانیو برایەتی کوردو عەرەب بەرز کرایەوە بۆیە هاوالآنی حیزبمان بەپێویستیان زانی کە (ئەحمەد تۆفیقی) تاوانبار لەژێر چاودێریو مسئوولیەتی هاواڵێکی تردا بنێرنە کوردستان بۆ لێ گێڕانەوەی هاوڕێیانی دیاری کراو وە پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوە هەروەها سەرێکیش لەکۆماری عێراق بدەن بۆ ئەوەی لەو دەرفەتە هەڵکەوتە سەبارەت بەمەبەستی باس لەسەر کراوی سەرو کەڵك وەربگیرێ لێرەدا پێویستە روونی بکەینەوە کە مەبەست لەناردنی (ئەحمەد تۆفیق) تەنیا لەبەر شارەزایی بوە بەڵام بەداخەوە لەنیوەی رێگادا هاواڵی مسئول لەلایان دوژمنەوە دەستگیر کرا (ئەحمەد تۆفیق) مانەوەی بەتەنیایی خۆی بەدەرفەت زانیو یەکسەر بەهەڵەداوان چوو بۆ کۆماری عێراق وەلەوی لەژێر ناوی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوتە هەڵوێستی گێرەشێوێنیو تێکدەرانە وەدەست تێوەردانی نالەبارانەوە هەستان بەپێچەوانەی هەر جۆرە یاساو رێبازی حیزبایەتی وە چاندنی تۆی دووبەرەکایەتیو فیتنە گێڕی لەنێوان رێکخراو و کۆمەڵە سیاسیەکانی عێراقو هەروا پیاوانی سەر بەخۆی کورد لەکوردستانی عێراق بەتایبەتی دەورێکی پڕ لەسوورو ئاگربارانەی بەرامبەر بەپارتی دیموکەراتی کوردستان دەگێرا" ئەوە بوو دەستی کردە نانەوەی ئاژاوەو گێرەشێوینی لەنێوان ئەندامانی پارتی وەهەروا زورنای ناو و ناتۆری بەم جۆرە لێرەدا دەی وت:

پارتی بورژوازیە!!ناتوانێ ئامانجەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستان بێنێتە دی!! پارتی کمۆنیستە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جوورنایەتەوە!! پارتی دەگەل ناصر رێك کەوتووە... هتد!! پیاوە سەربەخۆیەکانی کوردیش بەکرێ گیراون!! دیموکراتیەکانیش لەمبدأ لایان داوە: مەبەستی ئەو تاوانبارە لەرێکخستنی ئەو بەندو باوانە تەنیاو تەنیا هاندانی کۆماری (٢٥)ی گەلاوێژ بوو لەدژی هەموو ئەحزابە سیاسیەکانی عێراق بەتێکڕای وەپارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی: هەروا گۆڕینی نەزەری گشتی کۆمەڵە پێشکەوتوەکانی جیهانی بەرامبەر جووڵانەوەی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان دیارە ئەو کردەوە ناپیاوانە یارمەتیەکی گرنگە بۆ هێزەکانی کۆنەپەرستو ئیمپریالیزم لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا: لەسەر ئەو کردەوە چەوتو چەوێڵانە چەند گوزارشتێك درایەوە بەکۆمیتەی ناوەندی حیزب بەم جۆرە:

أ . لەیەکەمی مانگی خەکەلیێوەی (٣٨)دا راپۆرتێکی دورو درێژ لەلایان هاواڵێکی حیزبەوە پێشکەش بەکۆمیتەی ناوەندی کرا هاوالآن بەهاودەنگی بەنوسراوەیەکی بەرین تاوانباریان ئاگادار کرد کە دەست لەو تاوانانە هەڵبگرێ وە بەرەو رێبازی حیزب بگەڕێتەوە تەنانەت لەنوسراوەیەکی دۆستانەی حیزبیشدا داوا لەبارزانی کرا کە بەرهەڵستی جووڵانەوەی ئەم تاوانبارە بکات بەلاّم نوسراوەکە بەر لەوەی بگاتە بارزانی کەوتە دەست تاوانبار (ئەحمەد تۆفیق) وە لەنێوی برد:

ب . لەمانگی بانەمەڕی (٣٨)دا هەواڵێکی مشاویری کۆمیتەی ئەیالەتی لەلایان کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە نێردرایە بەغدا بۆ گێڕانەوەی تاوانبار بەلاّم ئەو جارەش سەرپێچی کرد.

ج . لەمانگی جۆزەردانی (٣٨)دا تا رەزەبەری هەمانساڵ (٦) نوسراوەی دیکەی لەلایان کۆمیتەی ناوەندیەوە بۆ نوسراوەکە بەزووترین کات بگەڕێتەوە وەدەست لەهەڵوێستی تاوانباریو سەرپێچی لەدەستووراتی حیزبی هەڵبگرێ دەنا بەپێی یاسای حیزب غیابا سزا دەدرێ دیسان تاوانبار فرمانی حیزبی خستە پشتگوێ ئەوە بوو لەنوسرای دواییدا سەلبی مەسئولیەتی لێکرا.

پێویستە ئەوەش بزانرێ کە ماوەیەك پێش سەلبی مەسئولییەتی وەسایلی چاپەمەنی حیزبی فراند وە بەتەنیایی نەشریاتی لەسەر بیروباوەڕی لا دەرانە بەنێوی حیزبەوە بڵاو دەکردەوە هەروەها بەدەست تێوەردان لەکاروباری کۆمیتەکانی نزیك سنوور "وەبڵاوکردنەوەی نهێنیەکانی حیزب وە ئیعترافاتی خائینانەی (اسماعیل قاسملو)" لەکاتی گیرانی کە بەرهەمی تەئسیراتی ناحەزانەی تاوانبار (ئەحمەد تۆفیق) بوو سەرئەنجامی پەلاماری دڕاندانەی (١١)ی خەزڵوەری ١٣٣٨ی بۆ سەر حیزبمان پێکهێنا ئەوەبوو لەئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانە بەسەدان هاوەڵی پێگەیشتووی کۆڕی خەباتی حیزبمان وێڕای زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خرانە بەندیخانەکانی دەوڵەتی زۆرداری تارانەوە بێ مەحکەمەو دادگای قانوونی کەوتنە ژێر ئەشکەنجەو ئازارو چەرمەسەریوە هەروا چەندان ئەندامی بەدیمەنی حیزب و لاوی نیشتیمان پەروەر ئاوارەی هەندەران بوون کە لەوانە نزیکەی (١٥٠) رۆڵەی قاڵ بووی مەیدانی تێکۆشان لە کوردستانی عێراق شاری (سلێمانی) کۆبوونەوە لەوێدا بەهۆی هەڵکەوتی لەباری کۆماری وەهەستی بەتینی هاونەتەوەکەمان شەرایەتو هەلێك پێکهات کە هاوەڵان توانیان بکەونە خۆ بۆ چارەسەری گیرگرفتەکانیان لەبەر ئەوە کۆمیتەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی حیزب پێکهات وەدەستی کرد بەم ڕیزە کارانە:

١. ئیقداماتی ڕێکوپێك وەکو دەرکردنی بەیان " ئورگانی حیزب نووسینو بڵاوکردنەوەی مەقالات لەرۆژنامەکانی هەندەراندا" تیلگرافاتی اعتراز بۆ سازمانی میللەل وەباڵوێزخانەکانی ئێرانو...

٢. دانانی نەخشەو پیلان بۆ پڕکردنەوەی سەنگەرەکانی حیزب وەبەجێ هێنانی بڕیارەکانی پێشووی حیزب.

٣. رەنگدانەوەی ئەو بزوتنەوەیەی لەهەندەران بوو بەهۆی هێمن بوونەوەی باری گرژی سەر نەتەوەکەمان هەروا کەم کردنەوەی حوکم و ئازاردانی گرتوەکانمان لەبەندیخانەدا.

دیسان تاوانبار (ئەحمەد تۆفیق) کەوتە تەقلا بۆ تێکدانی ئەو بنچینەیە بەکەڵك وەرگرتن لەبەزیوو مەسڵەحەت پەرستان هەروا بەیارمەتی سازمانی ئەمنی عێراق کە پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵدا بەستبو بەرهەمی ئەو کردەوە خائنانە بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەو لێك بچڕانی هاوڕییان هەر یەکەو بەجۆرێك.

دوا بەدوای پەرتەوازەیی و دەربەدەری برادەرانمان (کۆمیتەی کاتی) کەوتە هەوڵو تەقەلادان بۆ ئەوەی (ئەحمەد تۆفیق) بهێننە بەردەمی لێکۆڵینەوەو پرسیار بەپێی توانا حورمەت و گیانی حیزبە پێشڕەوەکەمان لەکەڵبەی خوێناوی ئەو گورگە هارە بپارێزێت بەهەر قیمەتو هەوڵێك بوو تاوانبار سازکرا بۆ ئەوەی بێتە کۆڕی کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوەو حساب دەگەڵ کردنی" لەرۆژی دیاری کراو کۆبوونەوە دەستی پێکرد دوای (٨) رۆژ درێژە پێ دانو بەو کۆبوونەوەیە تاوانبار (ئەحمەد تۆفیق) بەمەرگە مەلەو پەلەقاژە کردنی بۆ هەڵاتن و خۆدزینەوە لەبەردەمی لێ پرسینەوەی مێژوویی هیچ چارەسەرێکی بۆ تەقلەبازیو خۆڵنگدان نەمایەوە بێجگە لەوەی کە سەر شۆڕ بکات وەچاوی پڕ لەخیانەتو تاوانباری لەعەرزی بێ دەنگی ببڕێ واستعفای لەهەموو مەسئولییەتێکی کە بەخۆیەوە دەبینی!! بەدەست خەتی خۆی تەقدیم کرد کە ئێستا لەلامانە وا لەخوارەوە ئەیخەینە بەر چاو:

"هاورێیانی بەرێز بەرێوەبەرانی کاتی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان "

وێرای سڵاو و حورمەت سەرەڕای ئەوەی کە دەزانم دەبوایە زۆر بەدرێژی لەو نوسراوەدا بدوابامو نوسیبام بەڵام چونکو چکاوەکەم بەزار بۆتان باس کرد ئیتر بەپێویستم زانی لێرەش لەسەری نەڕۆم دیارە درێژەی ئەو نوسراوە لەدوایی دا بەدرێژی پێشکەشی دەکەم.

هەلوەهەوایەکی کەوا ئێستا دەنێو هاورێیان دا خولقاوە لەپێشدا بەزۆر بونانەوە بەرامبەر من: بەهەموو لاو سەرێکەوە لێکم داوەتەوە (قۆناخی) ئەرکی چۆڵ کردنی (کورسی)و مەسئولییەتی خستۆتە سەر ئەستۆم وا بەدوای دوازدە ساڵ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ماوەیەك لەکەنار دادەنیشم تاکوبونەوەی بەڕاستو بەرزی (کۆنگرە) حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم جۆرە لەو جۆرە لەو بەروارەدا پێشکەش دەکەم: دیسان سڵاو و حورمەت.

هاورێتان عبدلله اسحاقی

١١ی بانەمەڕی ١٣٤٠

جێگای سەرنجە کە بزانین خەیانەتکار (ئەحمەد تۆفیق) ئەو دەرچوون‌و گۆشەنشینەی بردە سەر!! دەبێ بڵێین نەخێر "بەڵکو دوای چەند ڕۆژێك لەبەسەرچوونی کاتی استعفاکەی دەستی کردەوە بەڕیزە ئاکارێکی ئەوتۆ کە لاپەڕەی مێژوویی ڕەشی خیانەتکاران لەبەخۆوە گرتنی ئەو کردەوانەی شەر دەکات:

پاش ئەوەی خەیانەتکار (ئەحمەد تۆفیق)بۆی دەرکەوت کە تەواوی کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکان هەروا زۆربەی ئەندامانی حیزبمان هەستیان بەو ئاکارە تاوانباریانەی کردوە وە لەنێو ریزەکانی پێگەیشتووی خەڵکدا بێجگە لەتف‌و نەعلەت چی دیکەی بۆ نەماوەتەوە ئەوجا ڕاستەو خۆ خۆی هاویشتە باوەشی قیبلەگای لەمێژینەی ئیمپریالیزم ئەوەبوو بەهۆی چەند زۆڵە کوڕێکی سەر بەئەمەریکایان دەگەڵ (ویلیام ئیگلتن) بەڕێوەبەری دەرەوە (٢)ی دەزگای جاسوسی ئەمەریکا لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاست پەیوەندی بەست وە بۆ ریزە ئیتصالاّێکی جاسووسی خۆی گەیاندە مەنتیقەی هەورامان‌و مەریوان وەدەگەڵ (ش.م. ح.) کە شاو دەزگاکانی بەتایبەتی ئەمریکایەکان حیسابی لەسەر دەکێشن کەوتە گفت‌وگۆ تا بەهۆی وەرگرتنی گەلێکی خیانەت لەناوبراو پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکاییەکان سازبکەن دوو (٢) ڕۆژ درێژەکێشانی وتووێژ لەو بارەیەوە بڕیاردرا (ش. م. ع) بەتەدارەکاتی پێویستی هەڵبەستی وە نەتیجەکەی بەهۆی پۆستەی تاران . بەغداوە لەئەحمەد تۆفیق مەعلوم بکاتەوە: لەسەر ئەو بڕیارە خیانەتکارە گەیشتە بەغداوە (ش.م.ع.) بۆ قسەو باسی پێ سپێردراوی خائین بۆ شوێنەکانی دیاری کراوە ڕۆیشتە تاران ئەمریکاییەکان بۆ ئەوەی باشتر بتوانن ئەو خائینە بگرنە باوەشی وایان بەباش زانی لەنزیکەوە ببینن جا بەر ئەوە لەتارانەوە بە نوسراوی پێویست ئاگادار کرا (ئەحمەد تۆفیق)ی خائین کەوتە ڕێگاو هاتە سلێمانی وە لێرەوە خۆی گەیاندە شاری (سنە) وە هەر لەوێد لەگەڵ نێو براو بەماشێنی تایبەتی چوونە تاران: (ویلیام ئگلتن) بۆ چاوپێکەوتنی خائین (ئەحمەد تۆفیق) لەشیرازەوە هاتە تاران بەهاوبەشی (٢) کەس لەئەندامانی

باڵوێزخانەی ئەمەریکا بەنێوی (گیڤ) وە (ریسك) لەدەروەی باڵوێزخانە جێگای تایبەتی بۆ کردبوونەوە دیاریکراو (خائین ئەحمەد تۆفیق) لەم کۆبوونەوەیەدا کە بەمەسئولیەتی (ریسك) پێکهاتبوو بەتەواوی خۆی لەباوەشی دەزگای جاسوسی ئەمەریکا هاویشت وە بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستە تەعلیماتی تایبەتیyان دانا وە نوختەی ئیتصالاتیان (مسیو زەکیان) رەئیس خیریەی ئیسرائل لەتاران بوو ئەمریکاییەکان ئەو دەم وایان بەباش زانی کە لەلایەن خۆیانەوە (محەمەد رەزا شا) ئاگاداری ئەو مەسەل بکەن ئەوەبوو لەدواییدا لەجەلسەیەکی تایبەتی: (سوپە هود عەلەوی کیا) رەئیسی ئیدارەی دووهەمی سیاسیەکە راستەوخۆ لەژێر چاودێری (حەمە رەزا شا)دایە بەشدار کرا: (ش. م. ح) بۆ ئەوەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لەدوا رۆژدا توشی گیروگرفت نەبێ شا وە رەئیسی ستادی ئەرتەش (ساواك)ی ئاگاداری ئەو وەسیلەیە گەریەگرد وە نەتیجەی بیروڕای ئەوانی بە خائین (ئەحمەد تۆفیق) راگەیاندوە بەپێویستی دەزانین کەبەپێی ئەرکی ویجدانی وەئینسانیەت روونی بکەینەوە کە خائین (ئەحمەد تۆفیق) لەژێر نێوی مەسڵەحەتی کوردا (ش.م.ح) تەفرەدابوو:

سەبارەت بەو جەریانە (گیڤ) چووە بۆ ئەمەریکا زۆری پێ نەچوو (ریسك)ش بەدوایدا رۆیشتەوە.

خائن (ئەحمەد تۆفیق) پاش بەجێ هێنانی ئەرکەکانی پێسپێردراوی لەسەرەتای شۆڕشی کوردستانی عێراقدا لەلایان دەزگای جاسوسی ئەمریکاوە ئەمری پێ کرا بۆ وەرگرتنی تەعلیماتی جاسوسی هەروەها پەیوەندی بە(مەرکەزی سەرپەرشتی کەری دەزگای ساواك)ی ئەمریکا لەرۆژهەلاتی ناوەڕا ست بچێتە (لوبنان):

بەو جۆرە گوایە خائین (ئەحمەد تۆفیق) بۆ مەسڵەحەتی!! شۆڕش چۆتە (لوبنان) بەڵام ناوبراو لەپێناوی بەئەنجام گەیاندنی ویستەکانی دەزگای جاسوسیدا ئەندامەتی رەسمی وەمەوقیعیەتی تایبەتی بۆ دیاری کرا هەروەها کارتی تایبەتی بۆ شوێنەکانی پێویست درایە کە ئێستاش لەلایەتی:

لەکاتی گەڕانەوەی بۆی دانرا کە هەواڵدەری (نیویۆرك تایمز) (دانا شمیت) کە عزویەکی بەرزی دەزگای جاسوسی ئەمریکایە بێ پاسپۆرت لەڕێگای سوریاوە بیهێنیتە ناو شۆڕشی کوردستانی عێراق ئەوە بوو پێکەوە ماوەی مانگێك لەنێو سەنگەرەکانی شۆرش گێڕاندا خولانەوە دوای ئەنجامدانی فەرمانەکانیان (دانا شمیت) بێ بەرگری پرسیاری کاربەدەستانی ئێران خۆی گەیاندەوە مەرکەزی . پایەگای نیزامی (خانێ) وە بەفڕۆکە (طیارە)ی تایبەتی یەکسەر چووە تاران:

ئەو هەواڵدەرە لەبلاوکردنەوەی هەواڵەکانیدا لەمەڕ شۆڕشی کورد دەربارەی خائین (ئەحمەد تۆفیق) لەژێر وێنەکەیەوە زۆر بەئابوتابەوە مەدحی لێ دەکا وە نووسیویەتی لاوی ئازا. دڵسۆزی کورد کوڕی عەلی خانی!!

خائنی خۆفرۆش بێجگە لەو دۆلارانە کە لەسوریاو بەغدا گۆڕیویەتیوە ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بووین لەتاران‌و تەورێزیش (٦٠/١٠٠) شەست هەزارو سەد دۆلاری بۆ کراوە بەئەسکەناس بەم جۆرە:

لەپووش پەڕی ١٣٤٢دا بەهۆی (د. ع.)ەوە (١١/١٠٠) یازدە هەزارو سەد دۆلار بەهۆی (ف. ق.)ەوە (٥٠٠٠) پێنج هەزار دۆلار بەهۆی (م. ر.)ەوە بەهەشت جار (٠٠٠/ ٤٤) چلوچوار هەزار دۆلار کە هەموو دەکاتە (٤٨٠/٠٠) چەوار سەدو هەشتا هەزارو شەش سەد تمەن:

تێ بینی: ئەم کەسانەی کە ئەم پارەیان بۆ خائینی گەل فرۆش گۆڕیوەتەوە هەموو دڵسۆزو بەشەرەفن تا ئەم بەیانە بلاودەکرێتەوە ئاگاداری کردوەی خیانەتکارانەی (ئەحمەد تۆفیق) نین:

بەم جۆرە ئەو خائینە ویستویەتی وە دەیەوێ:

١. دەژێر نێو حورمەت‌و پەرستشی بەرزی حیزبیدا ئەرکی (کۆمەڵی شۆرش)ی گۆڕکراوی سوپەهود بەختیار لەهەر بارێکەوە جێ بەجێ بکات.

٢. هاوکاری‌و یارمەتیدانی بیروباوەڕی رەگەز پەرستی (شۆڤینیەت) بۆ وەدیهێنانی ئامانجی دوژمنانی گەلەکەمان هەروەها کوێرکردنەوەی رەوت‌و رێبازی دیموکراتیەت‌و پێشەکوتوانە لە کوردستاندا.

٣. بێجگە لەپەلامارە دڕندانەکەی (١١)ی خەزەڵوەری (١٣٣٨) بۆ سەر حیزبمان ئەو خائنە تا ئێستا سەدان ئەندامی دڵسۆزو بەجەرگی هەریەکە بەشێوەیەك لەمەیدانی تێکۆشان دەرپەڕاندووە هەروەها بەمەرجی ئەساسی بنچینەیی داناوە کە هەواڵانی زیندانمان ئازاد نەکرێن. بۆ ئەوەی بتوانی بەئاسانی ئەسپی سەرکێشی بێ هەوساری خۆی لەمەیدانی خیانەتکاراندا تاوبدات.

٤. پارەیەکی ئەستوور کە لەساڵەکانی (٣٧-٣٨)دا بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەڵگەی یارمەتی کۆکرایەوە کە بریتی بوو لە (٦٠٠٠) شەش هەزار دیناری عێراقی = (١٢٠/٠٠٠) سەدو بیست هەزار تمەن لەو پوولە تەنیا (٣٦٠) سێ سەدو شەست دینار = (٧/٢٠٠) حەوت هەزارو دووسەد تمەن وەدەست حیزبمان کەوت باقیەکەی خائن (ئەحمەد تۆفیق) وەك هەژدیها هەڵی لووشی سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو پوولە کە لەکوردستانی ئێران لەم ساڵانەدا بەنێوی شۆڕش کۆکراوەتەوە تا ئەو جێگەی ئێمە ئاگادارین لە ١٠٪ ی لەلایان خائن (ئەحمەد تۆفیق)ەوە بەشۆڕشگێران نەدراوە:

لێرەدا بەپێویست دەزانین سەر لەنوێ کورتەی کردوەو ئاکارە گڵاوەکانی خائن (ئەحمەد تۆفیق = عەبدوڵڵای ئیسحاقی) بخەینەوە بەرچاوی گشتی:

١. بەجێ نەگەیاندنی ئەرکی پێ سپێردراوی حیزبی لەدەرەوە وە خۆخڵافاندنی بۆ ماوەی (١٣) مانگ.

٢. گێڕانی دەوری گێرەشێوێنی لەنێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکانی دەرەوەدا کە بوو بەهۆی نزم بوونەوەی حورمەتو پەرستشی حیزبمان.

٣. سەرپێچی لەدەستورو فەرمانی حیزب بۆ گەڕانەوەی کە بە (٦) مانگ نوسراو پێی ڕاگەییندرا.

٤. فڕاندنی کەرەسە (وەسایل)ی چاپەمەنی وەبڵاوکردنەوەی نەشریات لەسەر بیرو بڕوای لادەرانەی فەردی بەنێوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە.

٥. دەربڕینی نەهێنیەکانی حیزب وە تەئسیری کردەوە نالەبارەکانی لەسەر روحیە مەعنویاتی (ئیسماعیلی قاسملو) کە بوو بەهۆی پەلاماردانی بەرینی ساڵی (١٣٣٨)ی دوژمن بۆ سەر حیزبمان.

٦. تێکەڵاوی پەیوەندی دەگەل ئەمنی عێراق وە پەرتەوازەکردنیهاوڕێیانی حیزب بەشێوەی تەبعیدو خۆشاردنەوەو خۆ بەدەستەوەدان بەحکومەتی ئێران.

٧. استعفا کردنی لەمەسئولییەتی حیزب و تێهەڵچوونەوەو دەست پێکردنەوە بەئاکاری ناپەسەند و لادەرانە بەپێچەوانەی ئیستعفاکە.

٨. خۆ فرۆشتن‌و تەسلیم بوونی بەدام‌و دەزگای جاسوسی ئەمەریکا.

٩. گێرەشێوێنی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق‌و پارتی دیموکراتی سوریە وە دەرچوونی بەیاننامەی ئەو دوو حیزبە لەسەر خەیانەتکار (ئەحمەد تۆفیق).

١٠. خۆ نواندنی بەدۆلاری ئەمریکا وە دزینی پارەیەکی ئەستوری حیزب.

١١. لادان لە جەوهەرو ماهییەتی حیزبەوە بەجێ هێنانی ئەرکی (کۆمەڵی شۆڕش)ی گۆڕ کراوی (سوپەهود بەختیار) لەژێر نێوو حورمەت‌و پەرستشی حیزبدا.

١٢. نانەوەی ئاژاوەو پێکهێنانی دوودڵی لەنێوان هێزەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی عێراقدا کە ناوبراو دەستێکی باڵای هەیە لەقووڵ کردنی ئەو ناکۆکیە.

١٣. گێرەشێوێنی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان وە مەلا مستەفا بارزانی‌و چاندنی تۆی دووبەرەکی لەنێوانیاندا بەچەشنێك کە زیانێکی گەورەی هەیە بۆ شۆڕشە پیرۆزەکەی کوردستانی عێراق.

هاونیشتیمانانی خۆشەویست. دڵسۆزانی هەمیشەیی گەلە بەشخوراوەکەمان ئەندامانی بەشەرەف‌و پێگەیشتووی (حیزبی دیموکراتی کوردستان) ئەوا حیزبە پێشڕەوەکەمان پێ دەنێتە تەمەنی (١٩) ساڵیەوە وێڕای دەوروزەمان بەسەر ڕێبازی مێژوویی خۆیدا بەرەوپێش دەڕوات "لەبەردەمی خەبات‌و تێکۆشانی تاقە پێشڕەوەکەمان دوژمنانی خوێن مژ بەدرێژایی ئەو تەمەنەی بە (١٠) دەیان پیلان‌و پڕ لەهەست‌و بڕوا پیرۆزەمان کوێر بکەنەوە" بەڵام قارەمانانی پێگەیشتوی ئەو شۆڕشە وە پاوانی خەباتکەرو شۆڕشگێڕی نیشتمان پەروەر زۆر چالاکانەو ژیرانە دە پێناوی پاراستنی دا تێکۆشاون وە هەرگیز تەسلیم نەبوون‌و نابن.

لاپەڕە خوێناویەکانی مێژووی نەتەوەکەمان شاهیدی دەرەوەی ئەو هەڵمەتو خۆ بەختکردنەن کە لەپێش هەموویانەوە وێنەی پێشەنگی کاروانی ڕێگای سەربەستی شەهیدی نەمرمان پێشەوا (قازی محەمەد) دەخاتە بەر چاو کە نەمامی (مردن بۆ ژیان) لەئاسۆیەکی دوا ڕۆژدا بۆ ڕزگاری گەلەکەمان ئاوەدێر دەکات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەرەنگاری دەگەڵ ڕۆژانی ڕەشو تەماویدا قۆناخی دورودرێژی خۆی بڕیوە وە بەپشتیوانی شەبەقی بیروبڕوای ڕاستەقینە بەسەر ناهەمواریەکانیدا تێ پەڕیوە وە لەهەنگاوی بەرەوپێشچوونی لەبۆتەی تێکۆشاندا قاڵ بوە هۆشیارانەو ژیرانە نەزەرو فەلسەفەی دوژمنانی گۆڕ کردووە.

پاش ئەوەی دوژمن بۆی روون بوەوە کە نەتەوەی کورد بەتایبەتی ڕێڕەوانی حیزبە پێشڕەوەکەی پلەی پێگەیشتنو زانستی گەیشتۆتە رادەیەکی ئەوتۆ کە بەهیچ داو تەڵەکەیەکی دەرەوە ئەو بڕوا پیرۆزەی کە شارەگی لەمێژینەی لەنێو جەرگەی زۆربەی خەڵکی کوردستاندا کوتاوە قابیلی هەڵکەندنو لەنێو بردن نیە هاتە سەر ئەو رایە کە بەهەر جۆرێك بێ خەیانەتکارێکی وەك (ئەحمەد تۆفیق) لەنێو ریزی حیزبدا بەکرێ بگرێ بەڵکو لەو ڕێگەیەوە بتوانێ ئامانجە پیسو پەڵۆخەکەی وەدی بێنێو هەر درێژە نێوی کوردایەتیو حیزبایەتیدا هەستی پاکو خاوێنی نەتەوایەتیمان بنج بڕو شوێنە ون بکات.

بەڵام دیسانەوە دوژمنانی کورد سەری خۆیان دا لەبەرد بەخەیاڵێکی خاوەوە خۆیان ماندووکرد ئەو پوولو پارەو دۆلارەیان بەفیڕۆدا "دەبێ بڵێین وەك قومارچی دۆڕاو بەهەناسە ساردیو داخ لەدڵی دەستەو ئەژنۆ کەوتنە گۆڕێ هەروا خائینی نیشتیمان فرۆش (ئەحمەد تۆفیق)یش بێجگە لەسەرشۆڕی چی دی بۆ نەمایەوە هەر وەکو دەبینین لەنێو تەواوی کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکانی جیهان بەتایبەتی ئەحزابە دیموکراتیەکانی کوردستاندا ئابرو و شەرەفی تکاو نەما" هەروەکوە شەیتان بۆ هەتا هەتایە بەلەعنەتکرا.

بۆیە کۆمیتەی ساغ کەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان داوا لەهەموو ئەحزابو نەتەوە ئازادیخوازەکانی جیهانو بەتایبەتی خەڵکی دڵسۆزی کوردستان

دەكات كە بەهیچ جۆرێك بڕوا و اعتماد نەكەنە سەر ئەو بەیانو ڕۆژنامانەی كە لەلایەن (ئەحمەد تۆفیق)و كلكەكانی وەكو فایەق ئەمین (سلیمان مەعینی) كە شەریكی تاوانەكانی ناوبراوە لەساڵەكانی پێشوو ئێستابەنێوی حیزبەوە دەردەچن تاكو بەهەوڵو تەقەلای دڵسۆزانەی (كۆمیتەی ساخكەرەوەی حیزبی دیموكەراتی كوردستان) بەبەستنی كۆنگرەو هەڵبژاردنی قانوونی كۆمیتەی مەركەزی بۆ حیزب پێكدێتەوە چونكە تەنیا و تەنیا هەر ئەوە جەنایەتكارە كە چەند ساڵە لەژێر نێوی: حیزب . سكرتێر. مەكتەبی سیاسی. كۆمیتەی مەركەزی. نوێنەری كورد... هتد چارەنووسی حیزبمان دەپێناوی بنیات ومەسڵەحەتی فەردی وە ئاواتی ئاغاكانی بەرەو هەڵدێرگە بردوە.

جووتیاران. كرێكاران. رووناكبیران. مامۆستایان. پیشەوەران. عەشیرەتە نیشتمان پەروەرەكان لەو هەلە بەنرخو مێژووییەدا كە پەردەی خەیانەت و جنایەت لەسەر رووی رەشی (ئەحمەد تۆفیق) عبد الله ئیسحاقی هەڵدەدرێتەوە وەرن یەك بگرن هاوقەول و پەیمان لەسەر شەرەفو كەرامەتی رابردوی حیزبمان دەستبدەینە یەكتر بۆ یەكیەتی و هاوكاری و خەباتی تێكڕایی بۆ رون كردنەوەی ئەو سەرچاوە مێژووییەمان كە حیزبی دیموكراتی كوردستانە.

پاش بڵاوكردنەوەی ئەو بەیانە هەر كەسێك پەیوەندی مستەقیم یا غەیری مستقیم بەجنایەتكار (ئەحمەد تۆفیق= عبد الله ئیسحاقی) بكات بەلادەرە لەڕێبازی راستەقینەی كوردایەتی وەدەرچوو لە قانوونی حیزبایەتی دەدرێتە قەڵەم.

سەركەوتن بۆ حیزبە مێژووییەكەمان حیزبی دیموكراتی كوردستان تاقە ئاڵاهەڵگری ئامانجی بەرزو دروشمی تایبەتی گەلەكەمان.

پتەوو بەهێز تربێ ریزی حیزبمان دەپێناوی یەكگرتنەوەو یەكیەتی راستەقینە.

شانازی بۆ شەهیدە قارەمانەكانی رێگای ئازادی و رزگاری كوردستان.

سەركەوتوو بێ بزوتنەوەی نەتەوەكانی ئێران بۆ ئازادیو دیموكراتی دژی ئێرتیجاعو ئیمپریالیزم. پەرە گرتوو تر بێ جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی

نەتەوەكانی جیهان دەپێناوی ئازادی و رزگاری بۆ گورکردنی كەلاكی كەوتووی ئیستعمارو ئیمپریالیزم.

سەرشۆڕی بۆ خائینانی رەوتوڕێبازی نەتەوەو حیزبمان.

سەركەوتو بێ شۆڕشی پیرۆزی كورد لە كوردستانی عێراق بەڕابەری پارتی دیموكراتی كوردستان.

كۆمیتەی ساخ كەرەوەی حیزبی
دیموكراتی كوردستان

٢٧/جۆزەردان/ ١٣٤٣

## پاشبەندی ژمارە (٢)

### بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لادان و سەرشێواوی چەند خۆپەرستی ناجوامێر بە بەناوی (کۆمیتەی ساخ کەرەوە)

ئەمساڵ لە ٢٥ی خەرمانانی ١٣٤٣ میللەتی کورد بە تایبەت تێکۆشەرانی ڕێگای ژیانەوەی نەتەوایەتی کورد و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان جەژنێکی مەزنیان تێپەڕاند و لە زۆر جێگادا لەو ڕۆژە جەژنیان گێڕا،لەو ڕۆژەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان پێی نایە بیستەمین ساڵی تەمەنی پڕ شانازی خۆی لەتەواوی ئەو ماوەیەدا هەموو کۆششی خۆی لە ڕێگای خەبات و فیداکاری لە پێناوی ئازادی میللەتی کورد و رزگاریی نیشتمانی خۆشەویست کوردستان بەخەرج داوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە لە ماوەی ١٩ ساڵی رابردوودا بەردەوام و بێ هیچ پشوودانێك لە ڕێگای یەکڕیزی و یەکێتی خەڵکی کوردستان و لە پێناو جەنگ و بەرگریی لە بەرامبەر دوژمنان تێکۆشانی زۆری هەبووە و لە پێناو ئەو کۆسپانەی کە لەبەر دەم ڕێگای نەتەوەیی کوردا بوون تێکۆشاوە.لە هەموو دەرفەت و ئیمکاناتێك بۆ یەکخستنی ریزەکانی تێکۆشانی گەلی کورد سوودی وەرگرتووە و بە باشترین شێوە ئاستی زانیاری سیاسیی گشتیی بردۆتە سەرێ و یادەوەرییەکانی تێکۆشانی گەلی لەدڵی میللەتدا بە پارێزراویی و زیندوویی هێشتۆتەوە.لە ئەنجامی کارە پڕ فیداکارییەکانی حیزبە کە پەیوەندی نەپچڕاوی لەگەڵ کۆمەلانی خەڵکدا پەیدا کردووە بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی کە هەوڵ و کۆششی خۆی لە گەڵ ڕاپەڕین و شۆڕشی میللەتی کورددا هاوجووت کردوە و پێوەی پەیوەست بووە بە تەواوی شانازییەوە لە نێو دڵی جەماوەردا شوێنی خۆی کردۆتەوە.ئەمجارە بەشی زۆری کادرەکانی سیاسەتی دەرەوە و پرۆپاگندە لەنێو بەرێوەبەرانی رۆژنامەکانی جیهان و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە وئاگادارییەکانی بەباشترین شێوە ئەنجامداوە .ئازایەتی و چاونەترسی کەسایەتی بە توانامان کاك عیسمەت شەریف وانلی سکرتێری (کۆمیتەی

بەرگریی لە مافەکانی گەلی کورد) و سکرتێری (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە بەیروت لە ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) شایەنی ئافەرینە.

لەئاکامی خۆنەویستی و فیداکاری نوێنەری لێهاتووی ئێمە کاک ئەحمەد تۆفیق(ع-١) بوو کە بۆ یەکەمین جار ڕێگا بۆ هەواڵنێران و ڕۆژنامەوانانی جیهان کرایەوە و لە ئەنجامی ئەو خۆنەویستییەی ئەحمەد تۆفیقە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیشتۆتە ئەو شوێن و پایەیە .کۆشش و تەقەلای ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەم ١٩ ساڵەدا لەگەڵ شاڵاو و پەلاماری بەردەوامی دوژمن ڕوو بە ڕوو بووە و دەیان جار بەمەبەستی دەستەبەرکردنی چەند کەسی ئازای سەربەحیزبمان شاڵاویان هێناوە بەڵام ئایا بە کۆمەڵ گرتن و ئازار و شکەنجە خەڵکانی ئێمە کۆتاییان هاتووە.

لەساڵی ١٣٢٦ چل و نۆ کەسیان لە ئەندامانی دەستەبژێری حیزبەکەمان لە سێدارەدا.بەڵام دوژمن بەم چەشنە دەستی لە جەنگ لەگەڵ میللەتی ئێمە نەکێشاوەتەوە ئەمجارەیان دەستی داوەتە حیزبسازی و دەستەبەندی و هەر ڕۆژەی بە ناونیشانێکی جیاواز گورز لە یەکڕیزی حیزبەکەمان دەوەشێنێ.

لەسەر کێلی گۆڕستانی دوژمن ئەو بەشەی کەلە جەنگدا لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان تێکشکاوە بەم شێوەیە ناودەبرێت:

حیزبی پانئێرانست،حیزبی سادات،سعادت ملی، کۆمیتەی تنورش، دەستەبەندی ڕەحمانی قاسملو و خیانەت و خۆفرۆشی ئیسماعیلی قاسملو،دەستەبەندی ئەو شوێنکەوتە شکستخواردووە،واتە هاشمی حوسێن زادە(قادر حسن)، ئەو مرۆڤە ناکام و تازەکارە کە هێشتا دەمی بۆنی شیری لێ دێت واتە سەلاحەددینی ئیلخانی زادەی موهتەدی (مستەفا) (م. ب. س) مەلا ئەبوبەکرە شەلەی فەلسەفی،کێلی مەزاری تازە داڕێژراو بەناوی (کۆمیتەی ساخ کەرەوە) کە دوا سەرکەشیی و خیانەتەکانی (قادر شەریف)ە ،نووسراوەی سەر کێلی مەزاری ئەو سەگوەڕەی دوایی و ڕەنگڕێژی ئەو کارە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی ڕاونراوە کە خودی خۆی پەروەردەی دەستی (سەنتۆ) و ساواکە.

ئەمە بەشێکە لەو نووسراوەی بەیاننامەکەی ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی لەشکری شۆڕشی کوردستان و کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری ١٩٦٤/٧/٧ پێیان ڕادەگەیەنین" بەتەواوی بۆ کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان روون بووە(م.س) ی دەرکراو و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە پەیوەندییان بە بێگانەوە هەبووە و هەیە هەموو مانگێك بڕی پەنجا هەزار دینار (دە ملیۆن ریال) لە بێگانە بۆ دوژمنایەتی گەلی کورد وەرئەگرن" ئەمە بەشێك لە بەیاننامەکەی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابوری تێکۆشانی گەلی کوردە.

بەڵێ بێگانە لە پێناوی بەم لاو ئەولابردن و پەرتکرنی ریزەکانی حیزبەکەمان ئەو پارە و پاداشتانەی داوەتە ئیبراهیم ئەحمەد و ناوبراویش ئەو پارانەی لەلایەن خۆیەوە بەناوی هاوکاری !! داوەتە سەلاحەددین و مەلا ئەبوبەکرەشەلە و قادر شریف و چەند کەسی دیکە لە هەڵخەڵتاوان و لادەران.

لەدواین قۆناغدا ئەو پارانە دراونەتە ئەندامانی داوێنپاکی!! کۆمیتەی ساخ کەرەوە، بەڵام ئەوان نەیانتوانی کە بەو پارەیە لە نێوشارەکاندا بەژیانی پڕ زەوق و خۆشگوزەرانی ڕابوێرن،بەڵکو پارەکەیان داوەتە کەوشی توند وتۆڵ و سووکەڵە تا بەهۆیەوە لەبەردەم توڕەیی و غەزەبی میللەت و لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان هەڵبێن و گیانی خۆیان نەجات دەدەن،ئایا ئەوانە بە یەکجاریی ڕۆیشتن مەگەر لە کوردستاندا سۆراخ خوازان لایەنێك هەیە پەنایان بدات .ئەوانە لە لایەن جەماوەرەوە چەك کراون،سەرشۆڕ و سەرگەردان و وێڵ و شەرمەزارن. بەهەر لایەکدا بچن سەرئەنجام ڕۆژێك دێت گرفتاری میللەت و ئەندامە تێکۆشەرەکانی ئەم گەلە دەبن.

کۆمیتەی ساخ کەرەوە لەسەفەری خۆی بەرەو مەزاری مەرگ بەرگێکی رەشی لە ژیانی خۆی جێهێشت بەتایبەت مامۆستای "دانا" و"دوربین" و"لێوەشاوە" واتە قادر شریف و شەش کەس لە هاوکارانی هاوشێوەی خۆی کە چەندێ لەوانە هەڵخەڵەتابوون و پاشتر لە ڕێگای نووسینی نەفرەتنامە لەم

کۆمیتەیە و ڕوورەشی قادرە کوێر و سەعیدە کوێر و مەلا شەلە بەرەو دادگای دادپەروەری ڕێبەرایەتی تێکۆشانی میللەتەکەمان واتە حیزبی دیموکراتی کوردستان گەڕانەوە و ئەوەش بەشێك لە نووسینی یەکێك لەئەندامانی کۆمیتەی ساخ کەرەوەیە کە لەخوارەوە دەیخەینە بەرچاوی هاونیشتمانانی خۆشەویست بەتایبەت ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

ئەو بەم شێوەیەی نووسیوە"... لەمنتان پرسیار فەرمووە تا بیروباوەڕی خۆم دەربارەی ئەو لایەنە لە کۆمیتەی ساخ کەرەوەتان پێرابگەیەنم وا لەخوارەوە وەلامی پرسیارەکەتان دەدرێتەوە.

١- بەڵێ من ئەندام بووم لە کۆمیتەی ساخ کەرەوەدا...! بەلام ئەم کۆمیتەیە بەدەست نەخۆشی جیاوازی بیروباوەڕەوە گرفتارە چونکە راستگۆیی و پاکی کەمتر تێدا دەبینرێت هەربۆیە پاش ماوەیەك هەڵوەشایەوە(انا لله وانا الیه راجعون).

٢ – سەبارەت بەو بەیاننامەیەی کەلەلایەن کۆمیتەی ساخ کەرەوە نووسراوە پێویستە بڵێم کە نێوەرۆکەکەی دوور لە راستی و دروستی دەزانم هەر بۆیە خۆم لە بلاوکردنەوە ی پاراست و بەشێکم سوتاند چونکە ئەو هەوالانەی تێیدا هاتبوو کەسێك نووسیبووی(مەبەستی قادر شەریفە) کە ئەومان وەك کەسێکی راستگۆو پاك نەهاتەبەرچاو بە ئێوە و هەموو هاوڕێیانی حیزبی رادەگەیەنین کە پێویستە ئەو بەیاننامەیە وەك مەسەلەیەکی کینە و مەبەستی نووسەرەکەی چاولێبکەن(مەبەستی قادر شەریفە) نەك وەك بەیاننامەیەکی حیزبی بە تایبەت ئەوەی دەربارەی کاك ئەحمەد تۆفیق نووسراوە.ئیمزای نووسەر..." لەبەدبەختی نووسەر بەیاننامەی هەمان نووسراوی ئەم برادەرە پەشیمانە ئێستا لەبەردەست حیزبدایە.

حیزب لەبنەڕەتەوە بە پێوستی نازانێت تا دەربارەی بەرگی ڕەشی ئەو ڕوورەشانە واتە قادر شەریف و مەلائەبوبەکرەشەلە شتێك بڵێت چونکە بێئابڕوویی و درۆ و ریاکاریی ئەوانە لە رووخساریان بەتەواوی ئاشکرایە و

بەکورتی کاتێك دەبێت دەرکەوێت کە تەواوی قسەکانیان دژ و پێچەوانەن و بەوچەشنە خۆیان وەلامی درۆکانی خۆیان داوەتەوە.شالاوێك کە بۆ سەر ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن ئەم دەستڕشانەوە دەبینرێت پەلاماری ناجوامێرانەیە بۆ سەر سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان هاوڕێی چاونەترس و بێباك کاك ئەحمەد تۆفیق(عبدالله اسحاقی).

میللەتی کورد نەك تەنیا لەکوردستانی رۆژهەلات بەڵکو لەبەشەکانی دیکەی کوردستانیش شانازی بەم مرۆڤە ئازا و تێکۆشەرەوە دەکات کە بەئەندازەی تەواوی تەمەنی حیزب فیداکاریی و لێهاتوویی و خۆنەویستیی و پاکیی و راستگۆیی نیشان داوە و هەمیشە لەریزی پێشەوەی خەباتدا لەگەڵ تێکڕای مرۆڤە دلێر و تێکۆشەرەکانی حیزبمان هەنگاوی ناوە ئەوش مایەی شانازی حیزبمانە.ناوی ئەم هاوڕێ دلێرە لە ریزی رابەرانی تێکۆشەری حیزبەکەماندایە کە بەشێك لەوانە تا ئێستا لە زیندانداندان و گەنجێکی زێڕینیان لە مێژووی تێکۆشانی حیزب و میللەتی کورد پێکهێناوە.

کاك عیسمەت شەریف وانلی کەمایەی شانازی میللەتی کوردە لە نامەیەکیدا کە بەناوی رابەری تێکۆشانی هەموو کورد نووسیویە:"...بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەو جەنابە کاك ئەحمەد تۆفیق هاتە بێروت و ئێمە دوای ئەوە هەردووکمان گەیشتینە بێروت لە بەرواری ١٤ی حوزەیران(پووشپەڕ) ی ١٩٦٢ گفتووگۆ و کاری گرنگمان ئەنجامدا.لەراستیدا کاك ئەحمەد تۆفیق لە هاوکاریکردنی لێپرسراوانی پارتی سوریە و ئازادیی میللەتی کورد لە سوریا و لبنان چالاکی کاریگەر وبەرچاوی هەبووە.کاك ئەحمەد تۆفیق لە سوریا چەند کاری ئازایانەی کردن لەوانە بانگەوازێکی ئەو بەڕێزە بۆ رێکخراوی نێودەوڵەتی و هەروەها چاپکردنی بلاوکراوە جۆربەجۆرەکان وەکو(دیسان بارزانی و چاپکردنی سەرلەنوێی دوا ژمارە رۆژنامەی"خەبات") و بلاوکردنەوەیان لە نێو هەواڵنامەکان و هەروەها پەیوەندییگرتنی ژیرانە و بەسوودی شۆڕش لەگەڵ رۆژنامەنیگارانی جیهانی .بۆ بانگەوازەکەی ئەو بەڕێزە بۆ رێکخراوی

نێونەتەوەیی کە بە زمانی عەرەبی چاپیکردبوو لەراستیدازۆر پاراو و سەرنج ڕاکێش بوو کە هەڵبەتە خودی کاك ئەحمەد تۆفیق لەنێو بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردنەوە و یەك کۆپیشی لەوانە بۆ ئێمە ناردۆتە ئەوروپا ئێمەش پێکەوە لەوێ لەگەڵ کاك فریاد ڕەواندوزی وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و ئەڵەمانی و بڵاومانکردەوە پێویستە عەرزتان کەم کە ئەم بانگەوازە کاریگەرییەکی زۆر چاکی هەبوو شوێنێکی ریك و پێکی لە بۆچوونی جیهانی لە دەرەوە هەبوو کاریگەرە موسبەتەکانی ئەم بانگەوازە تا ئەو شوێنە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە ئیستگەکانی ڕادیۆیی جیهان بڵاویانکردەوە و لە زۆربەی شوێنە جیاوازەکانی دنیا لێی ئاگادار بوون.

کاك ئەحمەد بەردەوام وك سەربازێکی نەترس و بێباك لەم ڕێگایەدا چاوی لە گەنجێتی و خۆشگوزەرانی خۆی پۆشیوە و بێ هیچ کەمترین لادان بەکارەکانی هەستاوە ناوبراو یەك لە ئەندامە هەرە چالاك و ئازاکانە کە هەمیشە شان بەشانی هاوڕێ ئەحمەد تۆفیق کە لە ڕاستیدا لەو پێناوەدا ڕەنجیان کێشاوە و ئەرکی نەتەوایەتی خۆی لە چوارچێوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا لەگەڵ ناوبراودا بەجێهێناوە کە تێکڕا مایەی شانازی میللەتی کوردە.هەر برایەکی کورد بەچاوێکی دڵسۆزانە ونەتەوەییانە بڕوانێتە ژیانی ڕابردووی هەڵسوڕێنەرە چالاك و گیان بازە شەڕەفمەندەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان .بۆی دەردەکەوێت کە ئەم ئەفرادە شەڕەفمەندانە کەسانێکن کە لە دامێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا پەروەردە بوون و لە هەموو کات و شوێنێکدا بەوپەڕی شانازیی و سەربڵندییەوە بەرەو پیری مەرگ و لەناوچوونی خۆیان بوونەتەوە تاکو هەستی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لەنێو میللەتی کورددا بەزیندوویی بهێڵنەوە.قادرە کوێر و مەلا شەلە لەدامێنی گڵاوی بەرگی ڕەشی خۆیان هێرشیان کردۆتە سەر هەڤاڵی ئازا و خەباتگێڕمان کاك فایەق ئەمین (سولەیمانی موعینی) کە لە سەرتاسەری ژیانی خۆیدا بە دڵسۆزیی و تەواو پاکی و ڕاستگۆییەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا گیانبازیی کردووە هاوڕێیانی حیزبی زۆر باش ناوبراو دەناسن و ئەو ئەندامێکی چالاکی حیزبمانە.

لەبەر ئەوە میللەتی کوردی خۆشەویست بەتایبەت ئەندامانی یەکگرتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕواننە ئەم ئاگادارییەی خوارەوە:

١- ئەندامانی کۆمیتەی ساخ کەرەوە بریتین لە: ١-قادر شەریف(هاشم اقل گلاب) ٢-مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی گەرماوی(مەلا شەلە) ٣-سەعیدی مەلا کەریم(سەعیدە کوێر) ٤- سەید حوسێنی مەدەنی ٥-عەبدوڵڵا سەدیق ٦-مەلا ئەحمەدی شەڵماشی(مەلا ئاوارە) کە بە ئێوەیان دەناسێنین.

٢- لەبەرواری یەکی خاکە لێوەی ١٣٤٣ وە بە پێی پێداگریی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و بەرەزامەندی رابەری خەباتی تێکڕای کورد و بە بەیاننامەی رەسمی "قادر شەریف و سەعیدە کوێر لە حیزب دەرکران و هەموو لایەك لەو بارەیەوە ئاگادار کراونەتەوە.

٣- مەلا ئەبوبەکرە شەلە لەبەر وەی کە ئەندامی حیزبی ئێمە نییە تەنیا پێدانی ناونیشانی خائین و خۆفرۆش و شوێنکەوتەی بەسە.

٤-لە پلنیۆمی کۆمیتەی ناوەندی بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و هەڵسوڕێنەرانی حیزب بڕیار درا کە سەید حوسێنی مەدەنی و عەبدوڵڵا سەدیق بە تۆمەتی دەستەبەندی و شوێنکەوتەیی و بوونە ئامرازی دەستی چەند کەسی ناشایستە لە ریزی کەسانی باش وەلابنرێن.

٥-لەم رێگایەوە مەلا ئەحمەدی شەڵماشی ئاگاداردەکەینەوە کە لە بەرواری دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەوە تا سێ مانگی دیکە ئەگەر لە کردەوەی خۆی پەشیمان بێتەوە و پەنا بۆ بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان بێنێت سزای ئەو تەنیا دەرکردن دەبێت لە حیزب و بەم شێوەیە بە هەمووانی رادەگەیەنین"ئەوانەی خوازیاری گەڕانەوەن حیزب سزایەکی کەمتریان بۆ لەبەرچاو دەگرێت.

٦-باقی دیکەی ئەندامانی کۆمیتەی بەناو ساخ کەرەوە کە گەڕاونەتەوە هێندێك نامەیان نووسیوە ئەگەر دەتوانن لە گەیشتن بە ئامانجی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ ئەندامانی یەکگرتووی حیزب هەنگاو هەڵێنن و بەو رێگایەدا وەفادار دەمێنن دەتوانن دووبارە بگەڕێنەوە بارەگای بەخشندەی حیزب.

لەم ڕێگایەدا ئاگادارتان دەکەینەوە کە قادر شەریف (هاشم اقل گلاب) و سەعیدی مەلا کەریم کە هەردووکیان لەوانەن لەخواییەوە کوێر و نابینان هەروەها ئەو مرۆڤە فێڵبازە واتە مەلا ئەبوبەکرەشەلەی هەڵاتوو مقدارێکی زۆریان پارە و چەکی حیزب دزیوە هەربۆیە ناوبراوان بە تەواوی هاونیشتمانان بە تایبەت ئەندامانی حیزب دەناسێنین و خوازیارین ئەو سێ کەسە خەتابارەیان لە هەرکوێ دەستکەوت بێ وەستان دەستگیریان کەن و تەسلیم بە دەرگای دادپەروەری حیزبی دیموکراتی کوردستان یان بکەنەوە.

پەندێکی ناسراوە "ئەگەر کەسێك مرد چەندە خراپ و پیسیش بێت نابێت نەفرەتی لێبکرێت چونکە بۆ مردووان ڕەحمەت چاکترە" لێرەوە ئەگەر چی کۆمیتەی ساغ کەرەوە مردووە بەڵام لە ئەنجامی پێداگریی ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە لە بەرواری ١٣٤٣/٥/٢٤ (١٩٦٤/٨/١٥-ل) پێکهات تا بەم هۆیەوە دوا کار و هەواڵی ژمارەیەك لادەر لە حیزبمان کە لە واقیعییەت دوور کەوتونەوە بە جەماوەر بناسێنین و بزانن کە شوێنکەوتەیی لە حیزبی مەدا کە(ساواك)لە ڕێگای ئیبراهیم ئەحمەدی هەڵاتوو هێناویەتە بوون خەڵکی لێ ئاگاداربکەینەوە.بەڵکو ژیانی نەنگین و نەفرەت ئەنگیزی ئەم شوێنکەوتانە و تێکڕای ئەو دەستانەی پێشتر خراونەتە ژێرگڵ بتوانێت وانەیەکی باش بداتە ناحەزان و دوژمنان کە لە تاریکییدا تیغی ژەنگاویی و داپۆشراوی خۆیان لە پێناو دژایەتی لە گەڵ حیزبەکەماندا تیژ دەکەنەوە.

لێگەڕێ هەمیشە لە ئازاردا بمێنن کەسانێك لە ڕاستیی بێ ئاگا بمێنن

هەر شەکاوە بێت ئاڵای خەبات و تێکۆشانی ریزی یەکگرتوویی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

شەرەف و شانازیی و دڵسۆزیی بۆ ئەندامانی وەفادارو دڵسۆزی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

مردن و ڕوورەشیی بۆ دوژمنانی میللەتی کورد و ناحەزانی یەکڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

**سەرکەوتوو بێت خەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد. بژی کورد .بژی کوردستان.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**تێبینی: ئەمە وەرگێڕدراوی دەقە فارسییەکەیەتی کە لە (چپ در ایران)دا بڵاوکراوەتەوە.**

## پاشبەندی ژمارە (٣)

### یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیی ودیموکرات

### بەیان نامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

I

دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ی هەتاوی بەرامبەری نوامبەری ١٩٦٤ لەژێر سێبەری ئالآی شۆڕشگێڕانە دروشمی یەکێتی. خەبات. سەربەخۆ و دیموکراتی لەنێوان لوتکەکانی چیای زاگرۆس دەستی پێ کرد. لەسەرەتادا نوێنەرانی کۆنگرە پاش خوێندنەوەی سرودی "ئەی رەقیب هەر ماوە کورد زمان" بۆ بیرەوەری رۆژانی دییلی کۆیلیەتی هەڤالانی کە لەکۆتو زنجیری ئیستعماری نۆکەرەکانی شاو حکومەتی تاراندا یەخسیرن. لەگەڵ بردنی نێوی یەکیان رەشاشو تفەنگی پێشمەرگە قارەمانەکان دڵو دەرونی سوتاوی دۆڵو چیاکان دەزرنگانەوە بەرابردووی خوێناوی بەربەرەکانی پر لەشانازی ح. د. ک. وەبیر خستنەوە.

نوێنەرانی کۆنگرە کە هەرکامیان لەجێگایە. لەژێر مەترسی گوللە وە سەرنێزەی دوژمن. بەهەزار زەحمەتو کوێرەوەری خۆیان دەرباز کردبوو بە"نێو" یەکتریان نەدەناسی لهجەو بەرگو پشتیان یەك نەبوو بەلأم هەموو تێکڕا زمان و ئاواتو دڵو دەرونیان یەك بوو. ئەو کۆنگرەیە، لەمێژووی خەباتی کوردستان بۆ هەوەڵین جار، بەشێوەیەکی تایبەتیو نەهێنی بەگورجوگۆڵیو ژیریو سەرەبەرزی دوور لەچاوی پیسوگلآوی حکومەتە بەکرێ گیراوەکانی رۆژهەلأتی ناوەڕاست پێك هات.

بەداخەوە پێویستە بڵێین هێندێك لەهەڤالان لەبەندیخانەدا بوونو بەشێك لەنوێنەران لەبەر فشارو کۆسپەی دوژمنان نەیانتوانی لەکۆنگرەدا بەشدار بن.

سەرەتای وتووێژی دەستوری کۆنگرە بە "تەلاوەتی ئایەتی انا فتحنا لك" لەلایەن مامۆستایەکی ئاینی خەباتکەرو کۆڵ نەدەر دەستی پێ کردو لەپاشان

یەکێك لەهەڤاڵانی بەڕێوەبەر مێژووی ١٩ ساڵ خەباتی خوێناوی‌و پڕ لەئازارو جەزرەبەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەراپۆرتێکی هەموو لایەو بەرین پێشکەش بەنوێنەرانی کۆنگرە کرد:

رابردووی ح. د. ك. لەکاتی جمهوری کوردستان

لەو رۆژەوە کە ئاڵای خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێچراوە دوژمنی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی تری ئێرانیانی داروەستی شاو ئیستعمار توانایی هەوەڵی دامەزراندداو کەم فامی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌وزۆرداری لەسەر سنگ‌و ملی ئەوکاتی حیزب بۆ راکێشاندنی کۆمەڵی وەرزێرانو جوتیاران‌و رەنجبەران تری لادێکان کە ئوردوی بنچینەی‌شۆڕش ئەژمێردرێن‌و هەروەها هێنانە سەر کاری دەرەبەگ‌و فئودالەکان بەشداربونیان لەناو کۆمیتەی ناوەندی حیزبداو زاڵ بوونیان لەسەر جوتیارو "رەعیەت" باعس بوونە حیزب‌و نەتەوەکەمان لەمەڕ رێکوپێکی بناخەی شۆڕش رێگای بێ بیری‌و نالەباری‌و لالوتی بگرێتە بەر.

سەرانی ح.د.ك. لەساڵی ١٣٢٥ دا ئۆردوی شۆڕگێڕی وەرزێرو جوتیار بێ بەری بوون لەسەر بناخەی کۆمەڵایەتی پێی خۆی نەچەقاند بوو. هۆیەکانی بنچینەیی ئەو "کایە" بەدۆڕاندنی هەلو هەڵکەوتی زۆر مێژوویی‌و پڕ دەسکەوت دەچوە سەرتاڵی‌و بێ تەجروبەیەیی بەڕێوەبەران‌و پەروەردەو قاڵ نەبونیان لەناو کورەی خەباتی بەردەوامی حیزبایەتی بوو.

هەڕەشەوگوڕەشەی شاو ئەربابەکانی لەلایەکەوە "قەول‌و قەراری" چڵکاو خۆرو نۆکەرەکانی بەدفەڕی ئیستعمار لەلایەکی تر شوێنە ونکەی "لەڕابەرانی" حیزب کردبوو. بەسەر سوڕماوی‌و داماوی خۆیان تەسلیم بەسیاسەتێکی "قەزاوقەدەر" کرد.

ئەو بابەتە راست کە ئەگەر یارمەتی...و "پیشتوان" لەناودا نەبایە حکوومەتی خوێڕی‌و چڵکاو خۆری تاران بەدوو دڵی لەگەڵ ئیمپریالیزم زووتر لەوەش هێرش و شاڵاوی بۆ سەر جمهوری کوردستان و ح. د. ك. ئەهێنا.

سەرانی ح. د. ك. نەتەنیا لەو هەل‌و دەرفەتە گرینگە بۆ رێکووپێکی ناوخۆ پتەوی دەوڵەت و قایم کردنی بناخەی لەشکری چەکدارو هێزی پێشمەرگە

سوودیان وەرنەگرت بەڵکو لەسەر سەنیری خاترجەمی پاڵیان دابووە وە پێیان وابوو کە بێشکەی شۆڕش هەتاهەتایسە ئەبێ بەدەست وان رابژێ.

لەلایەکی ترەوە رابەرانی "لای تر" بەهۆی راوێژەکەرە نەزانەکانیان وایان ئەزانی کە ئەو کۆڕپە ساوایە پێی هەڵگرتووە. فامی کراوەتەوەو ئەتوانی ماف‌وژیری خۆی بپارێزێ. بێ‌خەبەر لەوەی کە ئەوە مەلۆتەکەیە لەبێشکەدا تاسابوو.

هەروەکی خۆشیان لەکاتی پێوستی پشتگیری پشتیان لەومەلۆتکە تاساوە کردو خۆیان خستە خەوی کەروێشکی.

بەبەرچاوخستنی ئەوبابەتانەی سەرەوە پێویستە بەداخەوە ئیقراربکەین، پێش ئەوەی کەدوژمنی خوێڕی ئامادەگی پەیدا بکاو توانای تێکشکاندنی گەلی کوردی هەبێ سەرانی حیزب‌و کاربەدەستانی جمهوری کوردستان مەیدانیان بۆ هەڵکوتانەسەر نەتەوەی کورد لەناو دەوڵەت‌و حیزبدا خۆش کردو هورەیان بۆ قەڵشاندن‌و تێکدانی خۆمان سازکردبوو. تاگەیشتە ڕادەیەك کەدەستەوئەژنۆ لەدوژمن ڕامابووین کەچیمان بەسەر دەهێنێ‌و کەی دووچاری چەرمەسەری‌و چارەڕەشی ئەبین!!.

لەکۆنگرەدا لێك دراوە کەکەم‌وکورتی خەباتی حزب لەڕابردوو ودەوری حکومەت ئەوە بوو کەسەرانی ح.د.ك لەنێوان بەربەرەکانی "پارلمانتریزم"و " شۆڕشی چەکدارانە" دامابوون. لەلایەکەوە لە "مجلس شورای ئێرانی" نوێنەری هەبوو کەلە "تریبون" نەك بۆهەڵگیرساندن‌و خۆش کردنی ئاگری شۆڕش لەناودڵ‌و مێشکی خەڵکی وەرنەگرت بەڵکو. زیاتر لەمەڕ تەئسیرو نفوسی خەباتی پارلمانی حزبەکانی تاران بۆ دامرکاندنی بڵێسەی شۆڕش جاروبار ڕاوێژ دەکرا.

تەواوی ئەوچەك‌وچۆلانەی کەدەبوایە لەخزمەتی شۆڕش بەکارهێندرابایەو بۆ پارستنی حکوومەت‌و گیان‌و ماڵی نەتەوەکەمان هەڵسوڕابایە، لەڕۆژی پێویست دا بێ‌سوودو کەڵك کەوتە دەست"حکوومەتی تاران" دوژمن‌و داگیرکەری ولاتمان.

دیارە حزب لەسەرەتای کاردا لەکاتی خۆی دەیتوانی کەهەردوولای خەبات یانی پارلمانی‌و چەکداری وێگرا بگرێتەپێش‌و بەژیری‌و وریایی لەتەواوی هەل‌و

فرسەتە پێشهاتوەکان سوود وەربگرێت و فریونەخوا. بەڵام لەپێش ئەوکارەدا ح.د.ك ئەبوایە لەشێکی ساخ و بیروڕاوێژێکی تەواوشارەزا وتی بینینی گرنگی لەمەڕ نەتەوەی خۆی ودوژمنەکانی هەبا.

لەدونیای ئەوڕۆدا مرۆڤ دەکرێت هەم "خودای" بوێ هەم "خورما" بەڵام لەپێش ئەو ئاواتەدا لەسەری پێویست و فەرزە کەخۆی بناسێ و خوداوخورماش بناسێ تابەتامی" شیرینی خورما" خۆی لێنەگۆڕێ و بەهەڵەنەچێ بەبردنی ناوی"خودا" خۆی تەفروتونا و خەڵکیش بەفریونەبا.

کورتی و کەم وکوڕی گەورەی خەباتی ح. د. ك ئەوەبوو کەلەخەباتی چەکدارانەی "سمکو" و" قەدەم خێر" وهتد... دەرس وسەرمەشقی وەرنەگرت. شێوەی زیندوو نەمری ئەو قارەمانانەی ڕێگای ڕزگاری و خەباتی بێ کەڵك و سوود هێشتەوە.

لەمەڕ تەسلیم بە دوژمن و هاتنەوەی سوپای داگیرکەر.

هەروەها کۆنگرە هاتەسەرباسی کشانەوەو تەسلیمی بیلا قەیدوشەرتی حکومەتەکانی کوردستان و ئازربایجان کەکاتی خۆی حزبی دیموکراتی قوام السلگنە لەگەڵ زۆر لەکاربەدەستان و خاوەن بیروباوەڕیی فراوانی حیزبی لەتاران "قەرارو مەداریان" بەستبوو وە بەچوونی قوام السلگنە بوو مۆسکۆو کۆبوونەوە لەگەڵ ستالین و دەوروبەرەکەی ئەوی ڕۆژێ بەدەلیلی داتا ڕاو برینی خەڵکیان بەوە سارێژ دەکرد کەگوایا ژێرپێ خستنی چارەنووس و ڕەنج وکوێرەوەری نەتەوەکانی کورد و ئازربایجان بۆتە قوربانی و بەلاگەردانی ئازادی گەلی چین.

لەولاشەوە حزبی تودەی ئێران و دەستەکانی میللی تر کە پێشوو بە زمان و قەڵەم و قەول و قەرار پشتیوانیان لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی دوو نەتەوەی کورد و ئازربایجان کردبوو تەنانەت بە جولانەوەی ئازادی ئێرانیان ناودەبرد ویستیان بەو دەلیلە پڕوپوچانە خۆحەشاردەن وەك کەوەکە سەریان لەبەفر گرتبوو لەشیان بەدەرەوە بوو دەیانەویست ئەوڕاستیە بشارنەوە کە لەو کاتەدا تەواوی هێزی ڕەش و بەدفەڕی شا– ئەمپریالیزم و دوژمنە سوێندخۆرەکان کلکیان لێك بەستبوو لەتارانەوە "بەدڵنیایی" ڕوویان کردە کوردستان.

... و چەپەڵ کە زۆربەی بەرهەمی خەباتی نەتەوەکانی ئێرانیان بێسوودو کەڵك هێشتەوەو غەدرو دوژمنایەتیەکی گرنگیان لەگەڵ حزبو نەتەوەی خۆیان کرد. بەداخەوە دەری بڕین وەختێك لەگەریشانی هاتنە خوار کەئاولەئاش بڕابوو. وکودەتای ١٨ی مورداد سەرکەوت هەر ئەو دەمەش ئەیانتوانی بەژیریو وریای هێزو تاقەتی خەباتی خڕکەنەوە بەگۆڕنی هەڵوێست دەست بەپەلاماردان بۆ سەر دوژمن بکەن بەڵام ئەو وەختیش هەرچەند بەڕێوەبەرانی ح.د.ك لەگەڵ گەلێك لەکادرەکانی حیزبی تودەی ئێران بەهۆی کۆکردنەوەی ئەسنادو بەڵگەی حیزبی بۆ نیشاندانی نادروستی ڕێگای ڕابردوو دۆزینەوەی ڕێبازێکی ڕووناك لەسەر ئەو دروشمانە:

١–تەقەلا بۆ هێنانە سەرکاری حکومەتی میللی دکتۆر مصەدەق

٢–ڕەواو وەڕوخستنەوەی میللی بوونی نەوت

٣–بێلایەنی ئێرانی بەکۆمیتەی ناوەندی ح.ت ئێران پێشنیارکرا .بەڵام پێشنیارەکەیان لەژێر پێی هاوێشت . هەروەها پێشنیاری بەڕێوەبەرانو هەڤاڵانی ح.د.ك لەمەڕ گۆڕینو گواستنەوەی تەکنیكو تاکتیکی حیزبی لەوەوپاش. یانی تێکەڵکردنی ڕێگای خەباتی چەکدارانە لەگەڵ ڕێگای خەباتی شەقامیو پەرلەمانی. بەتایبەتی لەولاتی کوردستانو" ناوچەی فارس" وەپاش گوێخراو ئەیانەویست سەرلەنوێ کوێرە ڕێگای پڕ لەهەڵەو گێرەشێوێنی کۆنیان بۆ ح.د.ك برنگێنەوە. لەو کاتەدابوو کەمەسئولانو ڕابەرانی حیزب لەشوگیانی ح.د.ك یان لەو ڕابەرانە جوێ کردەوە ڕێبازێکی تازەو نوێیان وەبەرچاوی خەڵك خستوو بەگوێی ح.ت ئێرانیان ڕاگەیاند کە:

"برامان برایەتیو چیغمان جودایەتی".

<u>ح.د.ك و سیاسەتی دەرەوە.</u>

کۆنگرە بڕیاری دا ح.د.ك ئەبێ بەباشیو ژیریو گورجوگۆڵی لەو تەنگوچەڵەمەی سیاسیو ئابوری ئێرانو لەهەڵوێستو وەزعی تایبەتی نەتەوەی کورد لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەگەڵ حکومەتە نیشتمانییەکانی

بێلایەن. لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی گێتی. پێویستە کەڵكو سوود وەرگرێو لەوهەلوفرسەتە مەزنە بۆ ڕزگاری نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی تری ئێران لەهیچ فیداکاریو گیان بازیەك درێغی نەکات.

لەسەر ح.د.ك فەرزو پێویستە کەبە گوێرەی هەڵوێستی تایبەتی خۆی. شارییەکی خەباتی چەکدارانەو ڕزگارکەرانە بۆ ئێرانو نەتەوەکانی بدۆزێتەوەو بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەهاوکاریو هاوخەباتی حیزبو دەستە سیاسیەکانی تری ئێران رەغەمەڵی بینی.

<u>ح.د.ك و شۆڕش</u>

کۆنگرە بۆی ڕوون بووەوە کەپێش گرتنی ڕێگای خەباتی پەرلەمانتالیزمو "هەڵبەزدابەزی شەقامی" بێجگە لەوە کەخەڵکی ئێران زیاتر دوچاری" سەرکوتی"و " ملکەچیو شلوشەکەتیو سەرشۆڕی" بکات (بەخیانەتێکی مسەلەم بەنەتەوەکانی دەژمێردرێت) سوودو کەڵکی نییە.

کۆنگرە سەلماندی کەڕێگای خەباتی ڕاستەقینە. ڕێگای ڕزگاری نەتەوایەتی. خەباتی چەکدارانەو شۆڕشگێڕانەیە دژی ئیستعمارو چڵکاوخۆرانی (شاو حکومەتی تاران)و تەفروتونا کردنی بناغەی هەیئەتی حاکمەی ئێران (سەرمایەداریو دەرەبەگی گەورە).

بەڵێ تەنیا ڕێگای خەباتی چەکدارانەو شۆڕشگێڕانەی خوێناویە کەلەسەر بیروڕاوێژێکی نوێو تێبینێکی ژیرانە ئەتوانێ تەنگوچەڵەمەو چارەڕەشی حیزبایەتی لەناو خەڵکی ئێران بنەڕەت بکات.

یەکێتیەکی ئەوتۆ پتەو نیشتیمانی بۆ ڕزگاری نەتەوەکانی ئێران تەنیا لەناو کورەی ئاگری شۆڕشدا وەدی دێت. کۆنگرە بڕیاریدا کەلەسەر شانی ڕابەرانی ح.د.ك فەرزو پێویستە کەهەرچی لەتوانایاندایە بەتەواوی هێزو بیروڕاوێژی حیزبایەتی بۆ گەیشتن بەئامانجی مەزنی نەتەوەکانی ئێران یانی تێكوپێکدانو ڕوخاندنی ڕژێمی بۆگەنیوی شایەتیو هەڵوەشاندنو لەناو بردنی

یاسا ڕەشەکانی هەیئەتی حاکمەی تاران‌و شاخ‌و لك‌وپۆپەکانی لەسەرانسەری ئێران. ئەبێ لەتەواوی حیزب‌و دەستە سیاسیەکانی پێشکەوتوی ئێران بگێڕێتەوەو داوا بکات کەبۆ گەیشتن بەئامانجی گشتی کوێرەڕێگای خەباتی پەرلەمانتالیزم (کەتەواوی جەماوەر لیٚ ماندوبون‌و پیٚی وەستاون) تورهەڵدەن‌و ڕوو لەڕێگای نویٚی شۆڕشگێڕانەی ح.د.ك بکەن. بەدڵ‌وەدەرونێکی خاوێن‌و بەبیرو هەستێکی تازە دەستی یەکێتی‌و خەبات بدەنە دەست ح.د.ك لەمەڕ وەدیهێنانی یەکێتیەکی پتەوی نیشتیمانی بۆ ئازادی ئێران‌و ڕزگاری نەتەوەکانی.

تەجروبەی شۆڕش لەکوباو جەزائیرو گەلێك جێگای تر بەباشی وەدەری خست کەڕێگای سەرکەوتنی شۆڕش بەهاندان‌و ڕێکخستنی چینی جوتیارو وەرزێرو کێشانی وان بۆژێر ئالآی خەباتی چەك‌و چەکدارانە لەچیاو دەشت‌و کێوو پەیوەندی لەگەڵ چینە زەحمەتکێشەکان‌و بەشخوراوەکانی نەتەوایەتی لەشارەکان شۆڕش سەرناکەویٚ‌و دەبەزێت. ئومێدو هیوا بەستن بەخەباتی سەرشەقامی خەتایەکی گەورەو ڕەنج بەخەسارییەکی زۆری پێوەیە.

هەروەها پێوستە بزانرێت کەخووڕەوشتی حیزبێکی سیاسی نەك لەڕووی گفت‌وگوفتار بەڵکو لەمەیدانی کردەوەدا نیشان ئەدرێت. لەئێران ماوەی خەباتی خوێناوی گەلی ئێران دژی ئیستعمارو شاو نۆکەرەکانی ڕێگای پەرلەمانتالیزم تەنیاوتەنیا بەڕێگای خەبات ئەژمێردرا چ بۆ "جەبهەی میللی"و چ بۆ "ح. ت" ئێران وەچ بۆ حیزب‌و دەستە سیاسیەکانی تر. لەو ڕێگایەدا تەنیا" جەبهەی میللی" بەڕابەرایەتی موصەدەق توانی بەقەول‌وقەراری خۆی عەمەل بکات‌و بیروباوەڕی خۆی وەدی بهێنیٚ بەسەر ئەو ڕێگەیەدا بەحکومەت بگاو نەوتی میللی بکا هەروەها ئیستعمارو شاو هەیئەتی حاکمەی تاران وەهانکەهانك بخاو نیوە گیانی بکات."جەبهەی میللی" گەرچی بۆماوەیەك توانی گەلێك کاری شۆڕشگێڕانە بکات بەڵام توانایی ڕاگرتن‌و پاراستنی ئەو هەنگاوە بەرزو شۆڕشگێڕانەی حکومەتی میللی دکتۆر مصەدەق نەبوو.

گەورەترین کۆسپ‌و بەرهەڵستی لەم بابەتەوە دوبەرەکی‌و ناکۆکی لادانی بەڕێوەبەرانی ح.ت ئێران لەگەڵ جولآنەوەی ئازربایجان‌و ئەوانیش لەحەیاتی بەربەستی لەپەلاماری ئەو دوژمنە هاوبەشی بکەن‌و ئەم لەپشتی جەبهە

زەرەباتی یەوە بەشێوەی تێکدەرانەو سابوتاژ لەدوژمن بدەن خۆیان خستبوە گوێی گاو چونەناو خەونی سەرەمەرگەوە بەو مانایە متەقیان لەخۆیان بڕیو هەتا بەناوی ناڕەزایی بیروباوەڕی " شۆڕشگێڕانەو دیموکراتیانەیان" دەرنەبڕی ئابەو جۆرە لەودەمەوە تائێستا شاو ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانو دوژمنانی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێرانیان بەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکانی ئێراندا (.) قوام السلگنە بەڕیشی موبارەکی هاوپەیمانەکانو مۆسکۆ- تاران پێدەکەنی.

خوڕەوشتی سەرۆکو سەرانی ئەو جۆرە حیزبانە لەمەڕ "ئەودست ئەودەست کردن" بۆ وەشاندنی زەربەو "خۆگونجاندن"و "خۆدەرخستن" لەکاتی هەڵکەوتی شۆڕشگێڕانە لەپاشەڕۆژەکانی داهاتودا یانی ڕۆژانی ڕەشو تەنگانەی" کودەتای ٢٨ مرداد"دا ڕوناکترو ئاشکراتر وەدی هات.

<u>نەخشی شۆڕشگێڕی پێشەوا بارزانی</u>

پێویستە بزانین کەهەر لەو کاتانەدا بوو کەقەومی بارزان لەکوردستانی گەرمیان بەڕابەرایەتی پێشەوا بارزانی مستەفا لەقۆناغی خەباتی چەکدارانەی خۆیان بۆناو کوردستانی کوێستان گواستبۆوە پاش ئەوەی کەتەجروبەی خوێناویو پڕ لەشانازی ئەوان دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزو حکومەتی شای بۆگەنیو- تۆپیوی عێراق لەکاتی پێویستو تەنگانە ح.د.ك بەکاری نەهێنا. بارزانیان بێئەوەی چەك دانێن بەسەر بەرزیو ژیریو گورجوگۆڵی دەستیان بەکشانەوەیەکی چەکدارانەی شۆڕشگێڕی بۆلای یەکێتی شورەوی کرد کەنەتەنیا چەكو تەواوی هێزی حکومەتەکانی ئێرانو عێراقو تورکیاو فڕوفێڵی ئیستعمار نەیتوانی بەرهەڵستیان بکات بەڵکو گشت پسپۆڕەکانی سیاسیو جەنگی دوونیا لەدۆستو دوژمن لەمەڕ بەرزی بیروڕاوێژی چەکدارانەو شۆڕشگێڕانەی بارزانیانو پێشەوا مستەفا بارزانی کۆڵنەدەر سەریان تێدا سووڕماوە.

بەوهۆیەوە نەتەنیا ئابڕو شەرەفی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کوردیان کڕیوە بەڵکو دەرسێکی مەزنی مرۆڤایەتیو بەرهەڵستو سەربەرزی بوو، بۆهەموو تێکۆشەرانی خەبات کەری گێتی.

ئەو کردەوە شازو پڕ لەقارەمانێتیە بۆتە ئاڵای سەربەخۆیی بیروباوەڕی نەتەوەی کوردو بەو پەندە قووڵو جوامێرانەیە نەتەوەی کوردی بەدونیای ڕاگەیاند کە: " پۆلێکی سیاسیو چەکداری یەکگرتوو، ژیرو پتەو لەژێر سێبەری بیروڕاوێژی مرۆڤێکی فیکریو جەنگی ئەو توانی نەتەنیا لەگەڵ لەشکرێکی پڕچەکو چۆڵی دەوڵەتێك بەربەرەکانی بکاتو ڕوسوورو سەربەرز سەرکەوێت. بەڵکو توانای ڕوخاندنو تێکدانی ئەو حکومەتانەشی هەیە کەبە هەموو چەكوچۆڵو تفاقو پارەیەك لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی ئیستعماریش یارمەتی بکرێن.

بەڵام زۆر لەسەرۆكو ڕابەرانی ئەحزابو دەستە سیاسیەکان کەلەمەڕ بەهەڵەچوون لەسەر بیروباوەڕی ناوخۆوە لادان لەڕێبازی کردەوەو عەمەلی شۆڕشگێڕانەو چەکدارانەو لەڕۆژو کاتی تەنگانەو پێویستدا دەستەو ئەژنۆ لەدوژمن ڕادەمێنن. داماوو کەساسو "بەستەزمان"و "حەپەساو" و خۆیان بۆ گەلو حیزب بێکەڵكو سوود دەهێڵنەوە لێرەدا، پێویستە بەسەربەرزیەوە بڵێن کەزۆربەی ئەو هەڤاڵانەی کەلەماوەی حەڤدەساڵی ژیانی ڕابردووی حیزبمان خاوەن بیروڕاوێژێکی ژیروپتەو، خاوەن مەسئولیەتو ئەركو خاوەن قەڵەمو دڵودەرونێکی خاوێنی مرۆڤایەتیو کوردایەتی بوون. لەماوەی ئەو ١٩ساڵەی خەباتدا. بیروکردەوەی سەرۆکی فیکری بارزانیان لەیاد نەکرد. هەر ئەوانەی ئاڵای: یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیو دیموکراتیان لەدەست دوژمن ڕفاندو کۆڵان بەکۆڵان. شاربەشارو پایتەخت بەپایتەخت لەسەر شانوشەپیلکی خوێناوی خۆیان ڕاگرتو پاراستیان تاگەیاندیانە سەر لوتکەی شاخەکانی زاگرۆسو لەناو دڵوهەناوی دووهەمین کۆنگرەی ح.د.ك بەرزیان کردەوە.

لەناو نوێنەرانی کۆنگرەدا. کەم نەبوون ئەوانەی کەلە زیندانو ڕەشەچاڵەکانی تاران وەك" قزڵ قەڵا" و "لەشکری دووی زەرهی" و "قەصری قاجار" جەزرەبەو ئەشکەنجەو چەرمەسەریان کێشابوو هەزاران کۆسپو کوێرەوەریو هەڕەشەوگوڕەشەی دوژمن سەربەرزیو ژیریو بیروباوەڕی مرۆڤایەتیو کوردایەتی وانی تێك شکاندبوو.

**لادانی کۆمیتەچیەکانی حیزبی تودەی ئێران.**

هەروەها لەکۆنگرەدا کەم نەبوون ئەو نوێنەرانەی کەبەبیرو کردەوەی خۆیان شاهیدی زیندوی لادانو بەهەڵە چوونی سەرانو ڕابەرانی حیزبی تودەی ئێران لەدەوری هاتنە سەرکاری حکومەتی ڕەشی" ڕەزم ئارا" و بەربەرەکانی لەگەڵ دروشمی "میللی کردنی نەوت" و تورهەڵدانی نفوزی ئابوریو سیاسی ئیستعمار ئینگلیز لەنێوان "دکتور محمد مصدق" و هاوڕێو هاوخەباتەکانی وی لە" جەبهەی میللی" یان دەکرد. وەلەکاتی تەنگانەو گرنگی مێژوویو نەتەوایەتیدا بەدروشمی چەوتو چەپەڵو نالەبار ئاوایان بەکورگەی ئاشی دوژمنانی سوێندخۆری نەتەوەکانی ئێراندا دەکرد.

لەکاتی گرنگدا کەدکتۆر مصەدەق بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ میلیتاریزمو دیکتاتۆری لەتەواوی حیزبو دەستەکانی سیاسی لەناو "مەجلیسی شورای میللی" دا داوای دەکرد کەهەموو لەڕێگای خەباتی نیشتیمانی یەك بگرن. زۆربەی سەرانی ئەو حیزبە لەباتی تێکەڵبوونو خۆتێکێشان لەخەباتی گشتی نەتەوەکانی ئێران گوێیان بۆ زرمەوهوڕی چەکمەی دیکتاتۆری " ڕەزم ئارا" شل کردبوو. هەر ئەو لادانە ڕابەرانی ح.ت ئێران لەکۆنگرەی ٢ هەمی حیزبی تودە بەکەموکورتی بڕیاری لەسەر درابوو بو بەهۆی هەڵوێستێکی چەوتو نەوایەتی ئێران، بەسەرۆکایەتی موصەدەق بوو ئەو حیزبەی کەچەندییەتی کۆمەڵایەتییەکی باشی پێك هێنابوو. بەڵام لەمەڕ چۆنیەتی شۆڕشگێڕانەی حیزبی داماو کەساس کەوتبوو و لەڕۆژی تەنگانەو پێویستدا شعوروفامی دیتنەوەی ئەو ".... ئاڵقەزنجیرەی کەبە هۆی وەدەست هێنانی ئەو. تەواوی لەشی زنجیرەکە ڕادەکێشرێت..." نەیان بوو.

**مەسەلەی جوتیارو گیروگرفتی ئەرزی.**

کۆنگرەی لەسەر وەزعی ڕەشو ناکۆكو ژیانی نالەباری جوتیارو توێژە زەحمەتکێشەکانی لادێ بڕیاریدا کەگۆڕانی ژیانی تاڵو پڕ لەنەگبەتی ئەوان پێویستە بەبیروڕاوێژێکی تێبینانەی زانستی چارەبکرێت.

زەوی‌وزارو ئاووبەرهەم. بەبێ هێزی باسكو كوێرەوەری جوتیارو ئارەقەی نێوچاوانی وی. هیچ كەڵكو سوودێكی لێ وەرناگیرێ، "دەرەبەگی" كەنیشانەی پاش كەوتویی‌و چارەڕەشی ئەبێ لەبنەڕەت ڕا هەڵقەندرێت ڕیفۆرمی (ڕواڵەت) ئەرزی كەنێوی "اصلاحاتی ئەرزی" لەنێو ئێراندا كراوەتە ڕاوێژوباو.

شێوەیەكی "ئاڵۆز" و تێكدان‌و هەڵوەشاندنی پەیوەندی زاڵمانەی نێوانی "ئەرباب" و "ڕەعیەت" لەئێراندا بەدەست تاقمێكی ناڕازی‌و ئیصلاح خواز پێشنیاركرا بۆ دامركاندنی دەماری خەباتی شۆڕشگێڕانە لەناو جوتیاران‌و زەحمەتكێشانی لادێكانی ئێران. فئودالیزم‌و دەرەبەگی گەورە كەلە ئێران پاڵی‌وەپاڵی حكومەتی شاو ئیستعمار داوە وەختەتێك ژیان‌و ئاغایەتی خۆی لەمەترسی‌دا دیت دەستی بەفڕوفێڵ‌و بەرهەڵست كرد تاگەیشتە ڕادەیەك كەبە یارمەتی شاو ئیستعمارو بێ‌هێزی خەڵك توانی ئەرك‌و تەقەلای ئەو تاقمەیەی كەڵك‌و سوود بكاو لەزۆربەی جێگاكان نەتەنیا لەشوێنی داندراوی خۆی لای‌دا بەڵكو بۆ سەركوت كردن‌و ئاژاوە نانەوە (لە–ناوخان‌و دەرەبەگەكانی قەشقایی‌و بوێر احمدی‌و مەسەنی لەفارس)و دووبەرەكی‌و تەفرەقەی سیاسی (لەناو خان‌و دەرەبەگەكانی كوردستان)و هەروەها بۆ سەرخستن‌و لاواندنەوەی دەرەبەگەكانی (ژوالفقاری لەزەنگان) نەخشەی شەیتانی خۆی عەمەلی بكات بێ‌ئەوەی كەتوێژی جوتیار بەئاواتی خۆی بگات. لەهەندێ جێگا كەزۆر بەكەم‌وكورتی بەشێوەیەكی وەپاش كەوتوو پارچەزەوییەكیان بەسەر جوتیاردا دابەش كردووە لەبەرئەوە كەخۆی ئازاد نی‌یەو لەژێر سێبەری حكومەتێكی دڵسۆزو نیشتیمانی‌دا نی‌یە هیچ دواڕۆژێكی ئەمین‌و ئاراوم‌و بەختیارو كامەران شك نابات.

شێوەیەكی شۆڕشگێڕانە دابەش كردنی زەوی زارو لەبەین بردنی پەیوەندی زاڵمانەی "ئەرباب" و "ڕەعیەت" كەبۆ ح.د.ك لەپێشدایە بەلێكدانەوەیەكی قووڵ ووتی بینێكی نەتەوایەتی بەستراوەتەوە بەڕزگاری سەرزەمینی كوردستان لەدەست داگیركەرو چەوسێنەرو گەڕانەوەی زەوی‌وزار بەخاوەنی ئەسڵی كە ٩٠٪ دانیشتوانی كوردستان پێك دەهێنن‌و ئەو لە ٩٠٪ ڕەگ‌و پێست‌و لەش‌و خوێن‌و ئێسكی حیزبی دیموكراتی كوردستان یان پێكەوە ناوە.

کۆنگره دەری بڕی کەتەنیا حزبێکی شۆڕشگێڕ بەهۆی دامەزراندنی حکومەتێکی دیمکراتی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی ئەتوانێ ئاساری زوڵم‌وزۆرداری کەهەزاران ساڵە باوە لەبین ببا جوتیار وەرزێری کورد خاوەن زەوی‌وزارو سەربەخۆو ئازادو بەختیار بکات.

ئاغاوەت‌و عەشیرەتە نیشتیمان پەروەرەکان پێویستە تاگەیشتن بەحکومەتێکی دیموکراتی‌و نیشتیمانی کورد. هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بەرێوو شوێنی سیاسی‌و ئابوری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکردەوەو کردار لەئاست چینی زەحمەتکێش‌و کوێرەوەری کێشی دێهات ڕووناك بکەنەوەو خۆیان نەکەنە داردەست‌و وەرگێڕکەی حکومەتی بۆگەنی شاو ئیستعماری رزیوی بێگانە.

حزبی دیموکراتی کوردستان لەجیاتی "اصلاحاتی ئەرزی" بی‌جێ‌و ڕێشا"شۆڕشی ئەرزی" یانی ڕزگاری یەکجاری‌و پتەوی خودی جوتیارو سەرزەمینی بن پێ‌ی جوتیارو گشت دانیشتوانی کوردستان دەخاتە بەرچاو. هەروەکی ئەوڕێبازە لەپرۆگرام (مەرامنامە)ی حزبماندا بەجۆری خوارەوە دەنوسێت:

"...حزبی ئێمە سوودی‌خۆی لەوەدا دەزانی کەلەڕێگای خەبات‌و ڕزگاری‌کوردستان لەخان‌و خاوەن مڵکەکانی بەشەرەف‌و کورد پەروەر بگیرێتەوە کەپشتی "حکوومەتی تاران" بەتەواوی بەردەن‌و بەدڵێکی خاوێن‌و بیروباوەڕی کوردانەوە خۆیان لەباوەشی دایکی نیشتیمان‌و ڕێبازی کوردایەتی بهاوێژن‌و پاڵ‌و پاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبی ڕزگارکەرو شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد بدەن‌و دەستی خەباتی ئەندامانی حیزب لەدەست گرن‌و بۆ ڕوخاندنی ئیستعمارو " حکومەتی تاران" لەکوردستان‌و سەرتاسەری ئێران هاوخەباتی حیزبمان بن جابۆیە ح.د.ك لەمەڕ ئیصلاحاتی ئەرزی لەکوردستان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی‌و زانستی کوردانە هەنگاو هەڵدەهێنێ.

ح.د.ك لەسەر ئەو بیروباوەڕەیە کەزەوی‌وزارو کشتوکاڵ‌و داروەدەوەن‌و ئاووکانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردەو مافی ڕەنیوهێنان‌و دابەشینی ئەرز

بەتايبەتى لەمافە تايبەتيە هەرەگرنگەكانى حكومەتى ديموكراتى كوردە كەبەهۆى بەڕێوەبەرانى ح.د.ك وە وەدىدێت.

ئەوكاتەيە كەحاكمەيەتى نەتەوايەتىو حيزبى ديموكراتى كوردستان بەشێوەيەكى دادپەروەرانە ئەرزو ئاو وزەوىوزارو دارودارستان دا دەبەشێت.(مادەى ٣٩- بەندى نۆهەم - بەشى شەشەم).

لەمەڕ ناوەنديەتى حيزب.

كۆنگرە دەرى بڕى كەبەهۆى فشارو گرتنو بڕينو نەبوونى هەلوفرسەت ح.د.ك نەيتوانيوە كۆنگرە پێك بێنێتو خاوەن مەركەزييەتێكى قانونى هەڵبژاردەى كۆنگرە يانى كۆميتەى ناوەندىو خاوەن قانونو ياساى حيزبى يانى پرۆگرام ببێت. هەر بەو بۆنەيەشەوە ح.د.ك دوچارى گەلێك لادانو بەهەڵەداچوونو گێرەشێوێنى ئەندامانو هێندێك لەكادرەكانى خۆى بوە: "چەپ گەرى" و"ڕاست گەرى" سەردەمانێك ناكۆكىو نالەبارى لەناو حيزب خستبۆوە. ڕابەرانى حزب هەر گيروگرفتو دەرچوون لەشوێنى خۆيانو بەندنەبوون لەجێگايەكى تايبەتىو هەروەها دەربازبوونى هەندێك لەهەڤاڵانى ڕابەر بۆ ناوچەى ترو گواستنەوەى قۆناغى خەبات. جاروبار بۆتە هۆى شێوەيەكى كارى فەردى.

بێجگە لەكەموكوڕى سازمانىو گيانولەشى حزب لەلايەن دوژمنانى جۆربەجۆرو ڕەنگ بەڕەنگ. وەبەرشاڵاو لێدان دراوە لەلايەك ئيستعمارو حكومەتى ((شا)) بۆ تێكشكاندنى لەشى ح.د.ك زۆربەى فشارى دڕندانەى خۆى لەڕێگاى جەزرەبەى زيندانو كوشتنو بڕينو جاسوسىو .... بەتەواوى هێزە ڕەشەكانى خۆيان ويستويانە لەشى حيزبى ئێمە زامارو بريندارو درماوى بكەن.

لەلايەكى ترەوە دوژمنانى بيروباوەڕى حيزبى بەپڕوپاگەندەو درۆودەلەسەو كڕينو بەهەڵەبردنى هەندێك ناسراوى ڕووڕەش كەوەختى خۆى بە"گرنتيك" سەرى خۆيان بۆ خزمەتى سازمانى" ئەمنيەت" شۆڕكردەوە. وەلەكاتێكدا هەم لەتورەكەيان دەخواردو هەم لەئاخوڕ .وەگەلێك كارەساتى ديكە. ويستويانە گيانى حيزبى ئێمە دووچارى مەترسىو ئازارو عەزاب بكەن. وەبۆ

تێکدانی ڕیزی حزب لەهیچ گێرەشێوێنیەکی چەوت‌وچەپەڵ کۆتاهی‌و درێغیان نەکردوە.

ئەو دوو چەشنە دوژمنانە گەرچی لەدوولاو لەلایەن دووتاقمی ناجۆر لەگیان‌ولەشی حزب بەردرابوون بەڵام مەبەست‌و ئامانجی هەردوکیان لەناوبردن‌و کوژاندنەوەی ئاگری خەباتی ح.د.ك بووە. کەئەو ئاواتەی خۆیان دەبەنە بن گڵ‌و ژێر قەبری.

کۆنگرە بڕیاری" لێبورین‌و بەخشینی" ئەو تاقمە کوردپەروەرانەی دەربڕی کەهەست‌و دڵ‌ودەرونی بیروباوەڕی کوردایەتیان پاك ماوەتەوە. بێجگە لەوکەسانەی کەبە جاسوسی‌و خیانەت دەستیان ئاڵودە کردوە. ڕێگای گەڕانەوەو لێبورین بۆ ئەو دەستە کوردپەروەرانە کراوەتەوە کەپاش دەربڕینی پەشیمانی‌و هۆی بەهەڵەچونیان لەکارەساتەکانی ڕابردوو بەدڵ‌ودەرونێکی خاوێن‌و بیروباوەڕێکی تازە خۆیان لەباوەشی ح.د.ك باوێژنەوە.

**مەسەلەی نەتەوایەتی**

کۆنگرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی‌و بەرژەوەندانەو تێبینێکی زانستی دوا، نەتەوەگەری‌و زوڵم‌وزۆرداری نەتەوەیەکی بەدەسەڵات‌و لەسەرحوکم بەسەر نەتەوەکانی تری ئێران (کەلەمەڕ سەرزەمین‌و عەرد هاوبەشێکی گرنگیان هەیەو هەرکامیان خاوەن زمان‌و مێژوو خوڕەوشت‌و لیباس‌و ئاکارو سوننەتی تایبەتین) لەمێژ زەمانەوە لە"ئێران" باو بەردەوام بووە. "انقلابی مشروگیت" تەنیا مەبەستی تێکدان‌و سەرنوخونکردنی پاشایەتی قاجار نەبوو، بەڵکو هەڵوەشاندنی دەسەڵات‌و زۆرداری حکومەتی "مەرکەزی" یانی ئاغایەتی نەتەوەی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی‌تری خستە بەرچاو، بەڵکو داوای هاوبەشێکی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی لەناو حکومەتی تاران دا دەکرد، (بۆ ڕێك‌وپێك خستنی حکوومەتێکی دیموکراتی‌و برایەتی هەموو نەتەوەکان لەمەڕ کاروباری سیاسی‌و جەنگی‌و...هتد) هەروەها سەربەخۆیی‌نەتەوەو قەومەکانی "ئێران" کەبریتی‌یە لە"ایالت‌و ولایت" بوون. بەشێوەیەکی گرنگ خرایە ناو قاڵبی

قانونەوە بەناوی "قانونی اساسی ئێران" هەروەها مەبەست لەمافی هێنانە سەرکاری " ئەنجومەنی ایالتی‌و ولایتی" لە قانونی ئەساسی کەبەرهەمی خوێناوی "انقلابی مشروگیت"بوو، وەدیهێنانی ئەو ئاواتە مەزنەی سەرەوە بوو کە لەناو دەوڵەتەکانی ئەوروپادا بە AUTODETERMINATION, AUTONOMIE لەقەڵەم دراوە.

پاش لەناوچوونی بەرهەم‌و سەمەری "انقلابی مشروگیت" بەتایبەتی دوای کۆتای١٢٩٩ هێنانە سەرتەختی پاشایەتی ڕەزاخان بەدەست ئیستعمار، نەتەنیا نەتەوەکانی کوردو ئازربایجان‌و عەرەب. بەڵکو خودی نەتەوەی "فارس" کەبناغەی زۆرداری‌و دیکتاتۆری پاشایەتی لەتاران لەسەر سنگی ئەو دامەزراوە، نەتەوەکانی تری دەچەوساندەوە، دوچاری ڕوڕەشی‌و کەساسی‌و زوڵم‌و زۆری کرد.

شاو هەیئەتی حاکمەی تاران کەچڵکاوخۆرو نۆکەری ئیستعمارن، نەك گوێی خۆیان بۆلەکار خستن‌و وەدیهێنانی ئەو بەشە گرنگەی "قانونی ئەساسی" شل کردوە، بەڵکو بەتەواوی هێزی ڕەش‌و فروفێڵ لەهیچ بووختان‌و ساختەچیەتی‌و گێرەشێوێنی لەم بارەوە گوناهی ناکەن.

ڕوودانی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کوردستان‌و ئازربایجان لەساڵانی ٢٤-١٣٢٥ . بێزاریان نیشان دان وەدەربڕینی هەست‌وقینی نەتەوەکان دژیدیکتاتۆری شاو حکومەتی تاران بوو.

بۆ یەکەمین جار لەئازربایجان‌و کوردستان بەگوێرەی "قانونی ئەساسی" دەستیان کرد بەوەکارخستنی "ئەنجومەنی ایالتی ولایتی" وە وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بە مانای AUTONOMIE (ئۆتۆنۆمی).

بەڵام، هەموو شاهیدبووین کەحکومەتی شاو ئیستعمار بۆ پارستنی تالان‌و خوێن مژی خۆیان. چ بەزم‌و ڕەزمێکی خوێناوی‌و دڕندانەیان گێڕا، وەحازر نەبوون مافێکی نەتەوایەتی کەدەیان ساڵ لەمەوبەر بەهێزی چەکدارانەو شۆڕش‌و گەلەکانی ئێران قانوونی کرابوو، مەبەستی مافی (اتونومی-خودمختاری) بەشکرایی‌و ڕووناکی تێدا گونجاندرابوو، بێننە دی.

پێویسته سەرنج بدرێت کەحکومەتی شاو ئیستعمار، نەك تەنیا لەم بابەتەوە، بەڵکو بۆبەشەکانی تریش لە "قانونی ئەساسی"نرخی بەرزەگایەکیشی بۆ قایل نەبوون.

وەختایەك حکومەتی میللی مصەدەق بۆ پاراستنی مافی گەلو حکومەتی خۆی (بەگوێرەی "قانونی ئەساسی" کە دەڵێ " شا حەقی نیە حکوومەت بکا. بەڵکو تەنیا حەقی شایەتی هەیە.وەسەرۆك وەزیر لەبەرامبەر مەجلیسو قانون دا لێپرسراوە وەمەسئولیەتی هەیە. شایەتی مەقامێکی تەشریفایەتیەو تەواوی وەزیران لەبەرامبەر سەرۆك وەزیردا مەسئولن نەك لە موقابل شادا..") بیروباوەڕو کردەوەی خۆی بەدەرخست. هەموو دونیا شاهیدبوون کەئیستعمارو شا چڵکاوخۆرەکانی کارەساتێکی خوێناویو چەوتوچەپەڵیان بەسەر حکومەتی میللیدکتۆر مصدق و گەلی ئێران هێنا.

جالێرەدا بەباشیو گرنگی ڕوون دەبێتەوە کە: هێنانەسەرکاری حکومەتێکی دیموکراتی لەئێران بەستراوەتەوە بە وەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی ئێران وەئەو دوو مافە لێك ناپسێندرێتەوە.

ئەگەر هاتوو بەچاوێکی زانستیو کۆمەڵایەتی لەو بابەتە بڕوانین بەباشی دەرئەکەوێ کەپاش دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتووی نەتەوایەتیو دیموکراتی لەئێران، فەرزو پێویستە کەتەواوی ئەو هەرێمو بەشانەی ئێران بەکوردو فارسو ئازربایجانیو عەرەب بەگوێرەی هەڵوێستو وەزعی تایبەتی نەتەوایەتی: –(کەبریتییە لە: هاوبەشی زمانیو مێژوویی هاوبەشی ژیانی ئابوریو کۆمەڵایەتی– هاوبەشی سەرزەمینوعەرد – هاوبەشیئاکارو سوننەتو کارو خەباتی نەتەوایەتی...)ئەی مافی حوکم دانانو حوکم کردنی ناوخۆیی– مافی دانانی یاساکانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو..هتد – بەسەربەستیو سەربەخۆیی نەتەوایەتی وەدی بێت.

